ئومەر مەعروف بەرزنجی

تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

مەحموود خانی دزلی

شۆڕشگێڕی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

منتدى إقرأ الثقافي
للكتب (كوردي - عربي - فارسي)
www.iqra.ahlamontada.com

عومەر مەعروف بەرزنجی

مەحموود خانی دزڵی
شۆڕشگێڕی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

چاپی دووەم

چاپێکی زیادەو بژارکراو

کاوەی ئەنوەر بەگی مەحموودخانی دزڵی
ئەرکی چاپکردنی لەئەستۆ گرتووە

2000

- ناوی کتێب: مەحموود خانی دزڵی
- بابەت: مێژوویی.. 284 لاپەڕە.
- نووسینی: عومەر مەعروف بەرزنجی
- چاپی یەکەم: کۆمپیوتەری ئەپڵ – هەولێر 1997 .
- چاپی دووەم: سەنتەری کۆمپیوتەری شەبەنگ – سلێمانی 2000 .
- سەرپەرشتی چاپ: ئاراس عەبدولقادر مەعروف بەرزنجی.
- چاپخانە: نووسینگەی ئازاد بۆ چاپەمەنی.
- ژمارەی سپاردن: 196ی ساڵی 2000.
- 500 دانەی لێ چاپکراوە.

پێشکەش:

- پێشکەشە بەگیانی پاکی خوالێخۆشبوو (مەعروف ئەحمەد بەرزنجی) ی باوکم کەدۆستێکی نزیکی خانی دزلّیو شێخی نەمری بەردەقارەمان بوو.
- بەگیانی پاکی رووناکبیرو یاساناسی خوالێخۆشبوو (عوسمان مەعروف بەرزنجی) ی کاکم کەدەر لەسەرەتای نووسینمەوە ساڵی (١٩٥٩) یەکەم هاندەری نووسینم بوو.

نووسەر

شەرتە تا رۆژی قیامەت دەست لەئەژنۆ بەرنەدەم
سەر لەقورِ نێم بۆ سیادەت بەم دڵەی غەمناکەوە
بۆ دوو مەحموودخان ئەمیری سەرحەدی رۆم‌و عەجەم
بوونە ئەسحابی قورِەش و چوونە سلکی چاکەوە

حەملی
ئەحمەد بەگی ساحێبقران
1936/11/12 – 1878

سەرەتایەك بۆ چاپی دووەمی بژارکراو

سەرەتای نووسین وبیرکردنەوە لەم باسە مێژووییە دەگەڕێتەوە بۆنەورووبەری ساڵی ١٩٧٢ کە بۆ یەکەم جار[١]

بەناونیشانی (مەحمود خانی دزڵی ولاپەڕەیەك لە مێژووی کورد) [٢] بابەتێکی مێژووییم لەسێ لاپەڕەی قەبارە گەورەی گۆڤارێکی کوردیدا سەبارەت بە هەندێ لایەنی ژیان و چمکێکی خەبات ورەنج وتەقەلای شۆڕە سواری دلێرو گەورە پیاوی ناوچەی (دزڵی)و(هەورامان) خواڵێ خۆشبوو (مەحمود خانی دزڵی) بڵاوکردەوە.

ئەو کورتە باسە تایبەتی یەبەپێی تواناو مەودای ئەو ڕۆژگارەو دەست کەوتنی زانیاری و سەرچاوەی باوەڕپێکراو تاڕادەیەك تولێی ببێتە ڕۆشنایی یەك و هۆی تەکاندنی هەندێ تەپ و تۆزی ڕۆژگار لەمێژووی ئەو سەردەمە جەنجاڵەی نەتەوەی کورددا. لەهەمان کاتدا بووە جێی متمانەو مایەی پەسەند کردنی خوێندەواران و مێژوو نووسە ناودارەکانی کورد تەنانەت لەنووسینی بابەتە مێژوویی یەکانی دواتردا وەك سەرچاوەیەکی ڕوون مامەڵەی

لەگەڵدا کرا،[٣] سەرباری ئەمانەیش زانای مێژوونووس دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد لەبیبلیۆگرافیای بابەتە مێژوویی‌یەکاندا تۆماری کردووە.[٤] دیارە کەرەستەی بنەڕەتی و بناوانی سەرچاوەی ئەو کورتە باسە وەك لەپەراوێزی بابەتی ناو گۆڤارەکەدا سەرنجی بۆ راکێشراوە لەکاتی خۆیدا زۆربەیانم لەخواڵێخۆشبوو (مەعروف ئەحمەد بەرزنجی)[٥] باوکم وەرگرتبوو، کەدۆستێکی نزیکی شێخی نەمری بەردە قارەمان و مەحموود خانی دزڵی بوودو لەپاڵ چەند سەرچاوەیەکی دەست کەوتووی ئەوکاتەداو بەهەموویان ئەو باسەی لێ پێکهات و بەنەوازشەوە جێی راستەقینەی خۆی گرت.

بابەتی ناوبراو هێندەی لەوزەو توانستی گۆڤارێکدا بووبێ توانیبوی تاڕادەیەك پەل بهاوێژێ و چەردەیەك لەژیان و هەڵسووڕانی بخاتە بەرچاو، بەڵام دیارە بەهۆی کزی سەرچاوەو مەودای دیاریکراوی گۆڤارەکەوە لەتوانایدا نەبوو کەبەشێوەیەکی گشتلایی و سەرتاپاگیری لەخانی دزڵی بدوێ و بەبەڵگەی مێژوویی دروستەوە کارەکە بگاتە ئەنجام.

دوای بڵاوبوونەوەی ئەو باسە تایبەتی‌یە خولیای رەخساندنی دەرفەت و هەلێکی لەباربووم بەمەبەستی درێژەپێدانی ئەو کارە مێژوویی‌یەو بەهەناسەو لێدوانێکی قوڵتر کرۆکی تێکۆشان و سەربوردەی ژیانی تایبەتی و بارودۆخی سەرجەم بزوتنەوەو راپەڕین و دۆست و ناحەزانی ئەم گەورە پیاوە لەبیرکراوەی مێژووی نەتەوایەتیمان تۆمار بکەم و نووکی قەلەم بژەنە هەڵسوکەوت و تێکرا بەرنامەی ژیان و جووڵانەوەکانی لەهەردوو بەشی کوردستانی گەورەدا.

دیارە مایەی داخێکی نەبراوەیە کەئەم ویست و خواست و ئارەزووە رستێك تەگەرەو بەرهەڵست بوونە هۆی دواکەوتنی و ماوەیەکی زۆر مایەوە، لەپێش هەموویانەوە کزی و دەست نەکەوتنی سەرچاوەی رۆشنی مێژوویی و (دۆکومێنت)[٦]ی پێویست تابتوانرێ لەبەر رۆشنایی ئەو سەرچاوانەدا بەرگێکی زانستی مێژوویی بەبالای باسەکەدا بڕێت، چونکە دەمێکە ئەو

راستییە براوەتەوە کەهەموو لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی دروستو تاوتووکردنی بابەتەکانیئاتاجی سەرچاوەی بی خەوشو بەڵگەی پێویستن.

ئەم خولیاو تاسەو چاوەڕوانییە بێ پشتیوان مایەوە تاساڵی ١٩٩٢کەدووبەرگی کتێبێکی قەبارە گەورەم کەوتە بەردەست بەناونیشانی (شێخ مەحموودی قارەمانو دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان)[٧] کەشاعیرو نووسەر (محەمەد رەسول هاوار) نووسیویێتیو لەشاری لەندەن بەچاپی گەیاندووەو لەدووتوێی کتێبەکەیدا توانیویێتی کەهەندێ لەبەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا جێ بکاتەوەو لەبەر تیشکی ئەو زانیارییانەدا سەرە دەزووی ڕووداوەکان بدۆزێتەوەو بەم کارەیشی خزمەتێکی فرەی بەکتێبخانەی کوردی گەیاندووە.

دوای خوێندنەوەو بەسەر کردنەوەی تێکڕای لاپەڕەکانی هەردوو بەرگی ئەم کتێبە مێژوویییەئێستێکم بەرامبەری کردو سەرنجمدا کەلاپەڕەکانی ئەم کتێبە بەشێکی ئاواتە دێرینەکانمی سەبارەت بەلایەنی (دۆکومێنت) هێناوەتەدی. چونکە هەندی لەبەڵگەنامەو یادداشتو سۆراخە تایبەتییەکانی نووسەر پەیوەندییەکی سەرو مڕو پێکەوە لکاویان بەژیانو تێکۆشانی (خانی دزڵی)یەوە هەیەو لە هەر جێگایەکدا ئینگلیزە داگیرکارەکان لەشێخ مەحموودی بەرزنجی دوابن یەکسەر ناوی (مەحموودخانی دزڵی) هاتووە.

سەرەڕای ئەم سەرچاوەیەش لەم سالانەی دواییەدا زانای مێژوو نووس دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد زنجیرەیەك باسی مێژوویی موتوربە کراو بەبەڵگەنامەی هەمە جۆر لەگۆڤارەکانی (ڕەنگینو رۆشنبیری نوێو بەیان)دا بلاو کردەوە کەپەیوەندییەکی توندو تۆڵیان بەکرۆکی مەبەستەکانمەوە هەبوو، ئەمە جگە لە نووسینەکانی ئەم دواییەی مامۆستایان (مەلا جەمیلی رۆژ بەیانیو دکتۆر موکەرەم تاڵەبانیو دکتۆر فوئاد حمە خورشید)(٨)و چەند کەسێکی تر کەکەمو زۆر سوودیان بەباسەکەمان گەیاندووە.

بەم پێیە سەرلەنوێ ئەو خولیایەی پێشووم گەشایەوەو سەرباری ئەم سەرچاوە بەنرخانە جارێکی تر بەگوڕو تین و تاوێکی کاراتر کەوتمەوە کێو ماڵی بناوان و سەرچاوەو بابەتە مێژوویی یەکان بەزمانی کوردی و عەرەبی و فارسی و ئینگلیزی، سەرباری ئەمانەیش بەپشتیوانی ڕۆژنامەو گۆڤارو چاپەمەنی یەکانی ئەو سەردەمەو دانیشتن و سۆراخی بەردەوام توانیم لەماوەیەکی دیاری کراودا لێکۆڵینەوەیکی مێژوویی بەئەنجام بگەیەنم.

دوای ڕستێك تەگەرەو قۆرتی ناچاری سالی ١٩٩٧ ئەم کتێبە بۆیەکەم جار بەناونیشانی (مەحموود خانی دزلی-شۆڕشگێری نیو سەدەی ڕۆژهەلاتی کوردستان) چاپکراو بریتی بوو لەدوانزە بەشی سەرەکی و لەقەبارەی ١٢٦ لاپەڕەدا بلاوکرایەوە، بەلام بەداخەوە بەژمارەیەکی کەم چاپ کراو نەگەیشتە دەست زۆربەی خوێندەوارانی کورد، بەلام لەگەڵ ئەوەیشدا نووسەران و شارەزایانی ئەم بوارە بەگەرمی یەوە پێشوازی یان لی کردو لەڕۆژنامەو گۆڤارەکان و بەنامەی تایبەتی بەسەرکرایەوەو وەك بابەتێکی سەنگین خرایە بەرچاو.

لەبەرکەمی ژمارەی چاپکراوو نەمانی بەزوویی لەکتێبخانەکاندا خوێندەواران وێڵی کتێبەکە بوون و بەردەوام سۆراخیان دەکرد، هەر ئەم هۆیەش بوو کە ماوەیەك لەمەوبەر برای بەڕێز (کاوەی ئەنوەر بەگی مەحموود خانی دزلی) کەئەرکی چاپی یەکەمی کتێبەکەی لەئەستۆ گرتبوو، بەجەختەوە ڕووی لێنام بۆ چاپکردنەوەی سەرلەنوێی کتێبەکە، بەو هۆیەی کەلەکتێبخانەکاندا نەماوەو لەگەڵ لاوە سۆراخی دەکەن، منیش داواکەیم پەسەند کرد بەو مەرجەی کەدەستکاری یەکی بنەڕەتی بکرێ و دوای بژارو تەتەڵەو پەرەپێدان و گۆڕانکاری یەکی فرەلایەن چاپێکی نوێی بکرێتەوە، دیارە لەدوای چاپی یەکەمی کتێبەکەوە کۆمەڵێ زانیاری تر دەستگیر بوون و هەندێ بابەت و بەڵگەنامەی مێژووی بەسوود بلاوکراونەتەوە، بۆیە لەماوەیەکی

کورتدا بژارێکی سەرتاپاگێڕی کتێبەکەم کردو سێ بەشی سەرەکی پێویستم خستە پاڵو لەگەڵ دەستکاری زۆربەی بەشەکانی ترو دوای پۆشتە کردنەوەو مشتومالْ کردنی سەرجەم بابەتەکان بەبەرگو شێوەو کاڵایەکی بەپێز ترەوە بۆ دووەم جار خرایەوە ژێر چاپو لەکۆتایی کتێبەکەیشدا بەشێکی تایبەتی تەرخانە بۆ ئەو بابەتانەی کەسەبارەت بەچاپی یەکەمی کتێبەکە لەرۆژنامەو گۆڤارەکاندا بلاوکراونەتەوە. لێرەدا پێویستە ئەوەیش بڵێم کەلەگەڵ ئەوەکانی خانی دزلّیدا لەمێژەوە ئاشنای یەکترینو (کاوەی ئەنوەربەگی) کورە زای هەموو ئامادەیی‌یەکی نیشاندا بۆ هاوکاری سەرلەنوێ چاپکردنەوەی بەمەبەستی پڕ کردنەوەی ئەو کەلەبەرەی کەلەمێژووی هاوچەرخی کوردیدا دیارەو بۆ شایی‌یەکەی مایەی رامانو نیگەرانی‌یە، چونکە تائێستا لەهەندێ باسی لاوەکیو پچڕ پچڕی ئەم کتێبو ئەو وتار شتێکی سەربەخۆی لەبارەیەوە نەنووسراوەو کەناور لەدەوری پڕ شکۆیی بدرێتەوەو وەك زۆر شتی تر خزێنراوەتە خانەی تاریکستانی مێژووی هاوچەرخەوە کەئەمەیش خەوشێکی گەورەیەو لەئەستۆی روناکبیرو نووسەرانی ئەم بوارەیە، سەیریش لەوەدایە کەنووسەرو سیاسیو گەریدەکانی بیانی لەنووسەرانی کورد زیاتر بایەخیان بەدلسۆزیو رەنجو خەباتی ئەم شەخسی‌یەتە داوەو تەنانەت لەیادداشتە چاپکراوو راپۆرتە نهێنی‌یەکانیاندا بەرۆلەیەکی نەگۆڕی کورد پەروەرو جەربەزەو دوژمنێکی دێرینی داگیرکارانیان داناوەو ئەوەیان نەشاردۆتەوە کەخانی دزلّی لەبێشکەی دارەوە تا بێشکەی خاك تۆزقاڵێك لەرێ لادان لەبەرنامەی ژیانیدا نەبووەو پڕ بەپڕی راستیو دلسۆزی خۆی بەقوربانی ئەم خاکە پیرۆزە کردووە.(٩)

ئێمەش لەم چاپە نوێو بژار کراوەدا بەهیوایین کارەکەمان بێتەمایەی رەزامەندیو چمکێکی مێژووی خەباتی نەتەوایەتی کوردمان لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا تۆمار کردبێ.

سەرچاوەو پەراویزەکان:

(١)کەدەلیین بۆ یەکەم جار مەبەست لەوەیە کەتائەو کاتە هیچ باس و لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتی وەك باسێکی سەربەخۆ بۆ (مەحموود خانی دزلّی) تەرخان نەکرا بوو.

(٢)عومەر مەعروف بەرزنجی، گۆڤاری رۆژی کوردستان، ژ٤ س٢، حوزەیرانی ١٩٧٣.

(٣)بۆ نمونە بروانە: العشائر الكردية، ترجمه وتعليق فؤاد حمة خورشيد، مطبعة الحوادث، بغداد، ١٩٧٩، ص١٦.

(٤)کەمال مەزهەر ئەحمەد (دکتۆر)، مێژوو، چاپخانەی (دار افاق عربیه)، بەغداد، ١٩٨٣، ل٢٩٢.

(٥)مەعروف ئەحمەد بەرزنجی: باوکی نووسەری ئەم کتێبەیە، ساڵی ١٩٠٥ لەئاوایی بەرزنجە لەدایك بووە، سەرلەئێوارەی ٥ی مایسی ساڵی ١٩٧٠ لەشاری سلێمانی کۆچی دوایی کردووە، خوالێخۆشبوو ئاشناو دۆستێکی نزیك و بەئەمەکی شێخ مەحمودی حەفیدزادەی بەرزنجی و مەحموود خانی دزلّی بووەو شارەزایی‌یەکی تەواوی لەڕووداوو کارەساتەکانی ئەو سەردەمە هەبوو، جگە لەمەیش خوێندەوارێکی بەئاگای رۆژگاری خۆی بوو، لەزمانی فارسی‌دا شارەزا بوو، سنگی بریتی بوو لەتۆمارێکی‌شیعری شاعیرە چاکەکانی کورد.

(٦)بەداخەوە دۆکومێنت لەلای ئێمە هیچ سەنگ و بایەخێکی نی‌یەو پارێزگاری نەکراوە، لەم بارەیەوە دەتوانین مامۆستا عەبدولرەقیب یوسف وەك تەنیا باڵ بەخەمخۆری مەسەلەکە بزانین، هەرچەندە لەلایەن ئەزان و تازەپیاکەوتووەکانەوە بەرەنگاری دەکرێ، مامۆستا (مەحموودی مەلا عیزەت)یش کارێکی سەنگینی بەئەنجام گەیاند بۆ کۆکردنەوەو پاراستن و چاپکردنی دۆکومێنتەکانی سەردەمی دەولەتی‌جمهوری کوردستان، بۆ ئەمەیش بروانە: دەولەتی‌جمهوری کوردستان، نامەو دۆکومێنت، بەرگی یەکەم، سوید،ئازاری ١٩٩٢، بەرگی دووەم، ١٩٩٥.

(٧)ئەم کتێبەی نووسەر لەدووبەرگی قەبارە گەورەدایەو بەرگی یەکەم، ١٩٩٢، بەرگی دووەم،١٩٩٥

بایەخی گەورەی ئەم کتێبە لەوەدایە کەبەزۆری پشتی بەستووە بەبەڵگەنامەو راپۆرت و گفتوگۆ لەگەڵ کەسانی ناسراوی وەك خوالێ خۆشبوو شێخ باباعەلی شێخ مەحموودو زۆری تریش.

(٨)دکتۆر موکەرەم تاڵەبانی لەم ساڵانەی دوایی‌یەدا چەند باسێکی مێژوویی و سەربوردو یادداشتی تایبەتی بڵاوکردەوە کەدەبنە سەرچاوەی روونی نووسینەوەی مێژوو بەتایبەتی بابەتی 'مەحمود خانی دزلّی-م چۆن ناسی)و(چمکێك لەژیانی جافەرسانی هەورامان) کەلەگۆڤاری (رەنگین)دا بڵاوی کردنەوە.

(٩)بۆ ئەم راستی بروانە: العشائر الكردية، ترجمة وتعليق فؤاد حمه خورشيد، مطبعة الحوادث، بغداد، ١٩٧٩، ص١٥،١٦.

وتەی بنەماڵە

کاوەی ئەنوەر بەگی مەحموود خانی دزڵی

کورد وەك نەتەوەیەکی پەرەوازەو چوار مێخە کراوی رۆژهەڵات لەبەرەبەیانی مێژووی ژیان و سەرهەڵدانییەوە لاپەڕەکانیسەرڕێژن لەکەسانی جوامێرو خەباتکارو خاوەن پایەو دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و بوارە گەشەکانی ژیان و زنجیرەیەکی نەپساوی شۆڕش و راپەڕین و جۆشدانی خەبات، بەڵام چونکە رۆژگار لەگەڵیدا نەگونجاوەو بەدرێژایی مێژوو نوقمی مەینەتی و سەرگەردانی کراوەو بۆی نەلواوە کەبەشێوەیەکی دروست و بەپێی بەرنامەیەکی داڕێژراو لاپەڕە رۆشنەکانی مێژووی ژیانی تۆمار بکات و ئەڵقەی خەباتی خوێناوی و ڕایەڵەکانی پێکەوە بلکێنن. بەم هۆیەوە لاپەڕەکانی گومناو کراون و بیرچوونەتەوەو زۆر جاریش شێوێندراون و ناوو سەربووردەیان لەسەر نەخشە سڕاونەتەوە.

لەنیوەی یەکەمی ئەم سەدەیەدا خوالێ خۆشبوو (مەحموود خانی دزلی) باپیرم کەسەرداری هەورامان‌و یەکێك بووە لەو رۆڵە دلێرانەی کەلەسەردەمی جەنگی یەکەمی جیهانی‌یەوە تائەوساتەی بەدەستی دوژمنانی دێرینی کورد ژەهری دەرخوارد دراو سەری هەمیشەیی نایەوە نمونەیەکی رەزاسوکی گەردن کەشی دەسەڵات‌و دڵسۆزی‌و قوربانی‌دان بووە، زنجیرەی خەبات‌و راپەرین‌و بەرهەڵستکاری لەباشوورو رۆژهەڵاتی کوردستاندا لەبەڵگەنامەکانی بەریتانیادا تۆمار کراون‌و باشترین شایەتی سەردەمن.

مایەی نیگەرانی‌یە کەئەم قارەمان‌و خزمەتگوزارە بەدیمەنە بەپێی پێویست ورازی بوونی ویژدان‌و بەمەبەستی پۆشتەکردنەوەی لاپەرەکانی مێژوو ئاوڕی هۆشمەندانەی لێنەدراوەتەوەو لەنەزانینەوە هەندێ جار هەوڵ وتەقەللاو رەنجی چەند سالەی لێزەوت دەکرێ‌و مافی رەوای نادرێتێ، تەنانەت لەم رۆژگارە نوێ‌یەو سەردەمی شنەی ئازادی‌و بوژاندنەوەی گیانی نەتەوەیی‌دا جاروبار دەبیستین‌و دەبینین کەهەندێك لەبەرپرسانی سیاسی‌و کاربەدەستانی کورد رێیان دەکەوێتە مەڵبەندو زێدو مەئوای خانی دزلی‌و بەدرێژی‌و پانی ناوچەی هەورامان دێن‌و دەچن‌و پەنجەی ستایش دەکەنە کەسانێك کە لەرۆژگاری خۆیاندا تەنانەت بنەماڵەو دراوسێ‌کانیشیان بەباشی نەیان ناسیون، لەکاتێکدا کە ئارشیفی دەزگا جۆربەجۆرەکانی بەریتانیاو کۆشکی شاهانەی عیراق‌و شوێنەکانی‌تر سەر رێژن لەبەڵگەی ئازایی‌و نیشتمانپەروەری خانی دزلی، بۆیە ئێمە وەك بنەماڵەی (خانی دزلی) دەمێکە بەئەلهاو خوشنودی‌یەوە چاوەروانی قەڵەمێکی بە برشت ودلسۆزبوین کە بتوانێ تالی رووداوەکان

کۆبکاتەوەو باسێکی مێژوویی هاوچەرخ بخاتە بەردەم رۆڵەکانی کوردو بۆشایی‌یەکی سەرنج ڕاکێش لەم بوارەدا پڕبکاتەوە.

دیارە ئەم چاوەڕوانی‌یە بەری گرت‌و مامۆستا (عومەر مەعروف بەرزنجی) کەلەدەمێکەوە دۆستی نزیکی بنەماڵەکەمانە ئاگاداری کردین کەبەپێی توانا‌و دەسکەوتنی بەڵگەو ڕەخساندنی دەرفەت باسێکی تایبەتی ئامادەکردووەو پێویستی بەهاوکاری‌و دەستگیرۆیی چاپ‌و بلاوکردنەوە هەیە؛ ئێمەش بەخۆشحاڵی‌یەوە بەرەو پیری چوین‌و هەوڵ‌و ماندووبوونەکەیمان بەقەدرو سەنگینی‌یەوە وەرگرت‌و بەش بەحاڵی خۆم لەگەڵ ئەوەشدا کەرستێك گرفت‌و تەگەرە لەبەردەممدا قوت کرابونەوە بەشانازی‌یەوە ئەرکی چاپ‌و بلاوکردنەوەم لەئەستۆ گرت، ئەم کارەش ناگەرێتەوەبۆ ئەو مەبەستە تایبەتی‌یەی کەبریتی‌یە لەتۆمارێکی سەرتاپاگێری مێژووی ژیان‌و دەسەلات‌و خەباتی (خانی‌دزڵی) باپیرم،بەڵکو هۆکەی بۆ ئەو سەرچاوە بێ خەوشە دەگەرێتەوە کەئەم کتێبە لاپەرەیەکی ڕۆشنی نەتەوەی کوردەو پێویستە بەو پەری نوازشەوە بلاوبکرێتەوەو بەزیندوویی بمێنێتەوەو ئەڵقە ونبوەکانی ڕابوردوو سەرلەنوێ بژاربکرێت‌و بهۆنرێتەوە، بەم بۆنەیەوە جارێکی تر دەیڵێمەوە کەئەرکو ماندووبوونەکەی مامۆستای نووسەر لەسەرچاوانەو خۆشحاڵین کەدیاری‌یەکی بەئەمەکی خەبات‌وڕاپەڕین‌و دڵسۆزی بەشێوەی کتێبێکی خنجیلانەو سەربەخۆ دەخرێتە کتێبخانەی کوردی‌یەوە.

بەشی یەکەم

ئاوڕدانەوەیەکی مێژوویی

بەشی یەکەم

ئاوردانەوەیەکی مێژوویی

مێژوو وەك زانست و پشکنین و هەوڵدان بۆ تۆمارکردنی ڕووداوەکانی نەتەوەو پەند لێوەرگرتن و توێژینەوەیان بەپێی نەخشەو پلان و بەرنامەیەکی داڕێژراو لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا بایەخێکی فرەی بەخۆوە گرتووەو بووەتە جێی تێڕوانین و بەسەرکردنەوە، لەم ڕێگەیەوە گەلێ شتی شاراوەی بەنرخ و کۆن و قوژبنی ڕۆژانی دێرین ڕۆشن دەکات و بەچەشنی کەرەستەیەکی سەنگین و بەهادار دەبێتە مایەی شانازی ڕۆڵەکانی نەتەوەو بگرە ئاوێنەیەکی بالانمای پێشکەوتن و خەملاندنی کاروباری ژیانە لەڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ژیاری و بەنرخترین هەوێنی نەبزرکاوی مێشکی ئادەمیزادە.

گەلانی بەرێ کەوتووی کاروانی شارستانی و پێشکەوتن و بەخۆداهاتوو دەمێکە ئاوڕیان لەمێژووی دوورو نزیکی خۆیان داوەتەوەو کەوتوونەتە کێوماڵ و تۆمارو بژارو هەڵسەنگاندن و نرخ برین، بەڵام لێرەدا دەپرسین ئاخۆ(مێژوو بۆی کراوە کەلەگەڵ ژیانی گەلی کورد تاوەکو ئەمڕۆ بگونجێ و بەچ

جۆرێك توانیوێتی سەرگورشتەی ئەم گەلە لەقەڵەم بداتو چ وێنەیەكی بۆ گرتووە؟)[1]

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارەو بەمەبەستی زیاتر رۆچوونو بەپێی ئەو كەرەستەو زانیاریو شوێنەوارو سەرچاوانەی لەبەردەستدانو نووسراونەتەوە دەتوانین بەبێ سڵەمینەوەو گوێپێدانی هیچ تەگەرەیەك، رایەكی دروستو دوور لەسۆزیكی هەڵچووی تایبەتی دەربڕینو یەكسەر بڵێین كەمێژووی راستەقینەی تۆماركراوی ئەم نەتەوەیە بەراستەوخۆ بەگوێرەی ڕیڕەوو بەرنامەیەكی گونجاو لەگەڵ قۆناخەكانی ژیانی كورددا نەهاتووەو زۆرجاریش تەمو مژو پەردەیەكی لێڵ باڵی بەسەر چمكێكی مێژووی كۆنو هاوچەرخی نەتەوەدا كێشاوەو تەنانەت هەندێ بەسەرهاتو رووداوی رۆژانی نزیكیش لەسربوونو شێواندن قوتاریان نەبووەو خزێنراونەتە گۆشە تاریكەكانی لەبیربردنو كەلاخستنو وێنەیەكی نەخشاوی كۆمەڵگای كوردەواری نیشان نەدراوەو ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ رستێك هۆی تایبەتیو گشتی.

راستە لەقۆناخەكانی بەراییو سەرەتای هۆشو خوێندەواریدا دڵسۆزانی وەك (شەرەفخانی بدلیسیو ئەمین زەكی بەگو حسێن حوزنی موكریانیو حسێن ناظمو ساڵح قەفتان)و لەم نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمەیشدا نووسەرانی وەك(رەفیق حیلمیو عەلائەدین سەجادیو مەلا جەمیلی رۆژبەیانیو دكتۆر كەمال مەزهەرئەحمەدو دكتۆر جەمال نەبەزو دكتۆر ئەحمەد عوسمان ئەبوبەكرو دكتۆر جەمال رەشیدو دكتۆر جەبار قادرو دكتۆر فوئاد حەمە خورشیدو عەبدولرەقیب یوسفو نەوشیروان مستەفاو زبیر بیلال ئیسماعیل)و كەسانیتر لەم بارەیەوە رەنجی فەرهادانەیان داوەو جێدەستیان بەئاسانی دەناسرێتەوە، بەڵام مێژووی نەتەوەیەكی لەتو پەت كراوو چوارمێخەكراوی ژێردەستەی وەكو كورد كەلەهەموو قۆناخەكانی مێژووی

دێرین و هاوچەرخیدا داگیرکاران بەگیان و دڵ و بەنەخشەو بەرنامەی دیاریکراو هەوڵی لیخنکردنی سەرچاوەی بەسەرهاتەکانیان داوەو تاڵە دەزووی نێوانیان پچڕاندووە، پاک کردنەوەو نووسین و دەرخستنی رووی گەش و تۆمارکردنی مێژوویەکی سەرتاپاگیری قەڵەمی بەبڕشتی زیاتر دەوێ. ساڵی ١٩١٣ (دکتۆر عەبدوڵڵا جەودەت)[٢] لەگۆڤاری (رۆژی کورد)[٣]دا دەپرسێت و دەڵێ(ئایا کورد مێژووی هەیە؟)[٤]هەرخۆیشی وەڵام دەداتەوەو دەڵێ: (بەتەنیا شەرەفنامەیەک میللەت ناتوانێ شەرەفی مێژووی بپارێزێ).

چونکە جێگەی نکوڵی نییە کەکورد وەک نەتەوەیەکی دێرینی رۆژهەڵات خاوەنی رابردوویەکی سەرزێڕی خەبات و راچەنین و بڕواو هیوایەو بەگوێرەی باروودۆخی رۆژگاریش چەند لاپەرەیەکی بەخوێن و فرمێسک و ئێسک و پرووسکی شەهیدانی گومناو رووباری خوێن نەخشاندووە، بەدرێژایی مێژووش سەرباری شکست و هەڵەنگوتن بەباوەڕی نەگۆڕو هیوای بەردەوامەوە رووی لەئاسۆی سەرفرازی کردووە.

دەمێکە کورد خاکە پیرۆزەکەی بەپلانی ئیمپریالیزمی جیهانی لەت وپەتکراوەو هەر پارچەیەکی بووە بەپێخۆری دەوڵەتیکی درندەی چاوسووری دڵ پڕلەقین، راستتر لە(دوای جەنگی چاڵدێرانی ١٥١٤ی نێوان دووئیمپراتۆرییەتە رەشەکەی عوسمانی و سەفەوی هێڵی دابەشکردنی بۆ کێشراوەو لەساڵی١٦٣٩دا بەپێی پەیمانی- ئەرزرۆم-ی نێوانیان کوردستان بەشێوەیەکی رەسمی لەت و پەت کرا، دیارە ئەم سنوورانەی ئەمڕۆش بەرهەمی ئەوپەیمانە نهێنی و پلانە گڵاوەی ئیمپریالیزمی ئینگلیزی و فەرەنسایە کەلەساڵی ١٩١٦دا لەنێوان ئینگلیزو فەرەنسەدا بۆ دابەشکردنی میراتی پیاوە نەخۆشەکەی تورکیا بەستراوەو دواتریش رووسەکان خۆیان تێ ڕۆکرد کەبەپێی پەیمانی – سایکس پیکۆ-ی بەدناو ناسراوە. کەواتە رەنگ ڕێژ و

ئەندازیارو بنیادنەرو تەلبەندکەری ئەوسنوورانەی ئەمڕۆ ئیمپریالیزم بووەو جێبەجێکەرو پاسەوانیشی هەر ئەو رژێمە ئەڵقە لەگوێو دەسەندە خۆرانەی ئیمپریالیزم بوونو پارێزەرانی ئەمرۆیشی لەهەرلایەك بنو هەرناوێك لەخۆیان بنێن ئەو گەراتررووکاوەی ئیمپریالیزمن کەناو بەناو بەرگی کوردی لەبەرنەکەنو رەنگی پێشکەوتنخوازی لەخۆیان هەڵدەسوون) [٥]، جانەتەوەیەکی پەژمرنەی وەك کورد کەهەستی بەودابرانو ستەمو لێقەوماوییە کردبێ لەوزەو توانایدانەبووە کەسستی تەنگی پێهەڵچنێو رۆژگار برواو ئومیدی بڕاکێنێ، بۆیە بەدرێژایی مێژووی ژیانی لەهەمو پارچە لەتوپەتکراوەکانی کوردستانی گەورەدا شۆرشو راپەرینو رازی نەبوون بەو ژیانە تاڵەی کەهەیە بەرنامەی هەمیشەیی رۆڵەکانی بووەو ئەم بزوتنەوانە زنجیرەیەکی توندو تۆڵو نەپساویان پێکهیناوە،راستە ئەم راپەرینو شۆرشو جۆشدانە شۆرشگیرانەیە هەریەکەیان بەپلانو کۆمەکی داگیرکارانو ئیمپریالیزمی جیهانیو ناوبەناویش بەپاڵپشتی خۆفرۆشانی ناوخۆ سەرکوت کراونو نەهێلراوە کەگوڵی هیوایان بگەشێتەوەو بگەنە خواستی رەوایان؛ بۆ ئەم مەبەستە دەتوانین راپەرینو شۆرشەکانی (شەمزینانو ئاراراتو وانو بایەزیدو بارزانو شێخ مەحمودی حەفید زادەو سمکۆی شوکاكو مەحمود خانی دزڵیو سەردار رەشیدی ئەردەلان)و لەبارچوونی میرنشینەکانی(ئەردەلانو بابانو سۆرانو بادینان) بەبەلگەی ئەم بۆچوونە دابنێین. بەلام لەهەمان کاتدا ئەوەیش راستە کەبەهۆی گڕوتینی ئەم هەستە نەتەوایەتییەوە کورد توانیویەتی بەسەربەرزیو گەردن کەشیبوونی خۆی بسەلمێنێو شوناسنامەی نەتەوەیی بزر نەکات.

***

لەکوردستانی بەزۆر بەستراو بەئێرانەوە یان بەواتایەکی راستتر رۆژهەلاتی کوردستان لەنیوەی یەکەمی ئەم سەدەیەوە بڵێسەی ئاگری شۆڕش و راپەڕین و خەباتی نەپساو زەوی‌یە پان و بەرینەکەی گرتەوەو سەرەک عەشیرەت و رێکخراوە سیاسی و شۆڕشگێرە نەبەردەکان هەریەکەو لەشوێنێك بارگەو بنەی داگیرکارانیان پێچایەوەو خەرمانیان کردن بەسووتووە. من لێرەدا نامەوێ نووکی قەڵەم بژەنمە سەرجەم شۆڕشەکانی رۆژهەلاتی کوردستان و لەسەرەتای سەرهەڵدان و بنەتای شکست و پەرەوازەبوونیان بدوێم و لێیان بکۆڵمەوە، بەلام ئەوەندە دەڵێم کەئەم بەشەی کوردستان لەمێژە مەڵبەندی بزووتنەوەو کاری شۆڕشگێرانەبووە، لەولاتی- شوکاکی بناری- زۆزان- شەخسی‌یەتێکی بەدیمەن و شۆڕشگێرێکی لێهاتووی وەك (سمایل خانی شوکاك)[1] لەرۆژگاری جەنگی یەکەمی جیهانی‌یەوە ناووشۆرەت و دەنگی شۆڕشی گەیشتە سەرجەم ناوچەکانی کوردستان و سەرکردایەتی شۆڕشێکی دلێرانەی کردو ماوەیەکی زۆر حوکم و دەسەلاتی ئێرانی هینابووە لەرزین و هەژان و دواجار بەنامەردانە خوێنی ئالی رژا،(لەپایزی١٩٣١یشدا کاتێك شیخ مەحمودی حەفید زادە لەناوچەی سلێمانی ژیلەمۆی دامرکاوەی شۆڕشی گەشاندەوە ئالەم کاتەدا کوردەکانی هەرێمی هەمەدانیش بەسەرۆکایەتی-جافەرسان-ی سەرۆکی هەورامان ئالای شۆڕشیان دژی حکومەتی دیکتاتۆری رەزا شا هەڵکرد، کوردەکان مەردانە پەلاماری لەشکری ئیرانیان‌داو دۆلەکانی-هەورامان-یان بەلاشەی ئەفسەرو سەربازی ئێرانی پڕکردەوە)[2].

(لەسالانی ١٩٤١-١٩٤٤دا حەمەرەشیدخانی بانە ناوچەکانی بانەو سەردەشت و سەقزی گرتە ژێر دەسەلاتی خۆی، سەرئەنجام ئەرتەشی ئێران بەهاندانی ئینگلیزەکان و یارمەتی هەندێ عەشایەری کورد هێزەکەی خانیان لەکەلخان شکاندو بەناچاری پەنای بۆ عیراق برد)[8] وحکومەتی تاران

دەسەڵاتی خۆی بەسەر ناوچەکاندا سەپاندەوە.(لەبەهاری١٩٤٣دا تیرەو تیلەکانی ناوچەی ورمێ بەسەرکردایەتی عومەرخانی شەریفی، زیرۆبەگی بەهادۆری، رەشید بەگی جیهانگیری، تەها بەگی هەرکی، بەهەندێ داخوازی عەشایەری و نەتەوایەتی یەوە دێهاتی ناوچەکەیان گرتە ژێر دەست و تابلووقەی شاری -ورمێ-یان دا تارووسەکان کەوتنە ناوبژی و لەگەڵ -تاران-دا یەکیان خستنەوە)[9] هەروەهاله(١٦ی ئەیلوول١٩٤٢دا کۆمەڵەی ژێ-کاف دامەزرێنرا بەدروشمە نەتەوایەتی یە مێژوویی یەکەیەوە- رزگارکردنی کوردستانی گەورە- هاتە سەرشانۆی سیاسی کوردستان، لەدوایی دا هەرلەشوێنەواری ئەم ریکخراوە- حیزبی دیموکراتی کوردستان- دامەزرێنرا)[10] ئەمە جگەلەشۆرش و راپەرینەکانی ناوچەکانی مەریوان و دزلی و هەورامان و سنەو حەسەناوا و شوێنەکانی تر کەبەسەرکردایەتی (مەحمود خانی دزلی و مەحمود خانی کانی سانان و سەردار رەشیدی ئەردەلان)بووە کەهەریەکەیان بۆ ساڵانیکی دوورودرێژ هەر رۆژەی لەشوێن و پێدەشت و لاپاڵێکەوە رژێمی ئێرانیان هەراسان کردبوو، لەئەنجامی ئەم هەڵمەت و پەلاماردانەدا زۆرجار دەسەڵاتدارانی ئێران دوای بەکارهینانی ئەوپەری توندو تیژی و سیاسەتی تالان و قڕکردن بەناچاری داوای رێککەوتنی لێکردوون و تابتوانێ لەورێگەیەوە ئەم هەستە نەتەوایەتی یە خەفە بکات و شوێنەکانی تر نەگرێتەوە.

نامەی دەسەڵاتدارانی ئینگلیز و فەرماندەکانیان و کاربەدەستانی ئێران سەبارەت بەبارودۆخی ئەوسەردەمە باشترین بەڵگەی زیندووە سەبارەت بەکاریگەرێتی ئەو شۆرشانەو لێرەدا تەنیا نامەی فەرماندەیەکی ئینگلیزەکان دەخەینە بەرچاو: ئەفسەری ئینگلیزی- میجەر روس-لەنامەیەکی دا کەلەمانگی ئابی سالی ١٩١٩دا بۆ کاربەدەستانی وڵاتەکەی ناردووە تیایدا دەڵێ: (ئەگەر ئینگلیز بەتوندی لەگەڵ کوردەکانی ئێراندا نەجوڵێتەوە کوردەکان حکومەتی

ئێران دەرووخێنن و داوای کردووە کەبەرهەڵستی ئەم شۆڕش و ڕاپەڕینانە بکرێت)[11] دیارە ئەم نامەیەی- مێجەر ڕوس-و دەیان نامەی‌دواتر لەئەنجامی ئەوبزوتنەوە دلێرانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە بەفەرماندەیی(سمایل خانی سمکۆو مەحمودخانی دزلی و مەحمود خانی کانی سانان و سەردار ڕشیدی ئەردەڵان و جافەر سانی هەورامان و حەمە ڕەشید خانی بانە)و زۆری تریش.

***

ئێمە لەم کتێبەداو لەدووتویی بەشەکانیدا دەمانەوێ لەیەکێك لەوشۆڕشگێڕانە بدوێین کەلەڕۆژهەڵاتی کوردستان‌دا شەخسی‌یەتیکی ناسراوو بەدیمەن بووە کەئەویش خوالێخۆشبوو(مەحمود خانی دزلی)یە.

چونکە مەحمود خانی دزلی بۆماوەی نیوسەدە لەڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان‌دا کاراترین دەوری بینی و دواجاریش بەرووسووری ژیانی بەجێهێشت وچووەریزی نەمرانەوە.

مەحمودخانی دزلی وەك سەرۆك عەشیرەت وخاوەن هەستێکی پیرۆزو رەوشتیکی نەبەردانە لەرۆژگاریکی جەنجالی پر لەتەم و مژی ئەم نەتەوەیەدا چاوی کردووەتەوەو بەردەوام ستەم و زەبروزەنگی (قاجاری‌یەکان)[12] و (رەزاخانی مازەندەران)[13] و (حەمە)[14]ی کوڕی و فروفێڵی ئینگلیزەکانی بینیوە، بۆیە لەسەرەتای هۆش و بیرکردنەوەیەوە بەچەشنی رۆڵەیەکی لەخۆبوردوو بەخۆی و عەشیرەت و بنەماڵەو جەنگاوەرەکانی‌یەوە وەك هێزێکی بەرهەڵستکاری نەترس و خاوەن بڕوا بەرەورووی دوژمن و ناحەزانی نەتەوەکەی وەستاوەو لەم ڕێگایەشدا زنجیرەیەك ئازارو ئەشکەنجەو نەبوونی و بەرداو بەردو راونان و ئاوارەیی و کونجی زیندانەکانی ئێران و عیراق و هیندستانی بینیوە، بەڵام ئەمانە نەبوونە بەرهەڵست و نەیان توانیوە هێلی راستی لێبگۆرن و هەڵوێستی مەردانەی لەق بکەن، بەپێچەوانەوە خۆی و جەنگاوەرە دلێرەکانی

بووبوونە چقڵێکی تیژو چەقیوونە ناوچاوو دڵو دەروونـی فـەرمان ڕەوایـانی دوژمنی گەل.

خـانی دزڵـی وەك شەخسـی یەتێکی بەهەڵوێسـت و دەرکـەوتووی ناوچەکـە لەدوبـەرەدا سـەرقاڵی خـەبات و جـەنگین بـوو، لەلایەکـەوە دژی سـتەمی کۆلۆنیـالیزمی ئینگلـیزی لـەعیراق داو لەلایـەکی ترەوە بەرانبـەر سیاسـەتی کۆنەپەرستانەی دەسەڵاتدارانی ئێران وەستابوو.

گەربەوردی لەژیان و هەلسورانی خانی دزلی بکۆڵینەوە ئەو ڕاستی یە بەدی دەکەین کەخەبات و تێکۆشانی لەمێژووی هاوچەرخی کورددا ڕستێك دیاردەو خاسی یەتی نوێی پێوە لکاوەو لەپێش خانی دزڵی یەوە بەدی نەکراوە:

- مەحمودخانی دزڵی یەکەم فەرماندەی ڕاپەڕیوی کوردە لەسەرتاپا مێژووی ئەم نەتەوەیەدا کەلەپاڵ خەباتی خوێناوی دا دژی ستەمکارانی ئێران بەگەرمی و ئەوپەڕی لەخۆبوردنەوە بـەهانای (شـێخ مـەحمو دی حـەفید زادە)وەهـاتووەو گەیشتووەتە دەشت و بنارو لاپاڵ و چیا سەرکەشـەکانی باشووری کوردستان. لەمایسـی١٩١٩بەدواوە کەشـاری سـلێمانی ڕزگـارکرد تادەوروبـەری جـەنگی ئاوباریکی ساڵی١٩٣١لەسلێمانی و قەرە هەنجیرو دەربەندی بازیان و شارەزوورو هەڵەبجەو خورماڵ و بەرزنجەو پێنجوین و عەبابەیلێ و ناوچەکانی تر جەنگاوەو لەبەشێکی تری کوردستانی گـەورەدا هەڵسـووڕاوە، دیـارە ئـەم هەڵوێسـت و بیرکردنەوەیە لەهەستێکی قووڵی نەتەوایەتی یەوە چەکەرەی کردووەو بـاوەڕی نەگۆڕی بەیەك پارچەیی کوردستان بووەو سنووری دەستکردی داگیرکـارانی پێشێلکردووە.

- خـانی دزڵـی لەپێشرەوی ئەوسەرکردانەدابووە کەزیرەکانـە پـەی بەجـەنگی پارتیزانی بردووەو بـەرێکاو چارەسـەرێکی دروسـتی زانیـوە بـۆ بـێزارکردن و پرزەبران و لەپەلوو پۆخستنی هێزەکانی دوژمن، ئەوەتا لـەکاتێکدا کەلەجەنگی بەرەیی(دەربـەندی بازیـان)داو لـەپاڵ سوپاکەی شیخی بـەردەقارەماندا بـەهۆی نابەرانبـەری هێزەکـان و هـەندێ هەڵـەی جەنگی و سـەربازی یەوە شکست دێنـن، خانی دزڵی لەهەڵەوخاڵە خراپەکانی جەنگی بـەرەیی تێدەگات و بەپـێی توانـاو

مەودای ئەورۆژگارە پشت دەکاتە جەنگی بەرەیی و لەشێوەی جەنگی پارتیزانی‌دا لەناوچە جیاوازەکانی ئێران و عیراق‌دا دوژمنانی پەریشان کردووەو ئەم راستی‌یانەیش لەراپۆرتە نهێنی‌یەکانی ئینگلیزەکان‌دا بەئاشکرا دیارن:

- خانی دزلّی یەکەم سەرەك عەشیرەت و فەرماندەی کوردە لەقۆناخێکی دیاریکراوی مێژوویی‌دا کەلەپاڵ خەبات و هاوکاری شێخی‌نەمری بەردە قارەمان‌دا سەرجەم ئەرك و پێویستی و مەسرەفی جەنگی لەسەر خۆی بێ‌وبەچەشنی کارو ئەرکێکی پیرۆزی نەتەوایەتی مامەڵەی کردبێ. لێرەدا راست وایە کەوتەی شایەتێکی سەردەم تۆماربکەین کە(ئەحمەد خواجا)یەو سەبارەت بەسالی ١٩٢٤ دەڵێ:(پاش نیوەڕۆ لەدزلّی گەرامەوەو شەولەپارەزان بووم وتیان لەشکری مەحمودخان ئیمڕۆ لێرەدا رابورد، لەپێش گەیشتنەوەی ئێمەدا مەحمودخان و لەشکرەکەی گەیشتبوونە کانی ساردو کارەساتی بینراوەکانم بۆ مەلیك گێڕایەوە- لێرەدا مەبەستی شیخ مەحموودە-فەرموی دیوی خۆمە، پاش دوو رۆژیش حەمە رەشید بەگی وەیسە لەسەر راسپاردەی خانی دزلّی بەلەشکرەوە گەیشتەکانی ساردو لەشکری هەورامی ١٢٠٠چەکدار لەبن دارو دەوەنی کانی ساردا بڵاوبوونەوە، لەسەرفەرمانی مەلیك بۆ مەحموود خان و حەمە رەشید بەگ هەریەکەیان ١٠٠لیرەی زێڕم بۆ بردن، حەمەرەشید بەگ بەکەمی زانی و وەرێگرت، بەلام مەحمودخان پاش وەرنەگرتنی وتی: لەباتی ئەوەی ئێمە بەبارقرانی ئێرانی بهێنین بۆ شێخ مەحمود ئەولیرەمان دەداتێ یەك لیرەی هەڵگرت و ماچی کردو ٩٩لیرەکەی دایەوە دەستم و وتی ئایا دەبێ بەگیرفانی بۆش هاتبم؟)[١٠] دیارە ئەم شایەتی‌یەی ئەحمەد خواجا وەك چوری شیر ئەو راستی‌یە دەسەلمێنێ کەمە بەست و کرۆکی هەڵسوورانی خانی دزلّی سەرەتا و بنەتاکەی بۆ خزمەتی کوردو خاکە لەت و پەت کراوەکەی بۆوە ئێمەیش لەبەشەکانی ئەم کتێبەدا چەپکێ تیشك و رۆشنایی دەخەینە سەر ژیان و مێژووی ئەم گەورە پیاوەی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم.

سەرچاوەو پەراوێزەکانی بەشی یەکەم:

١)دکتۆر ئەحمەد عوسمان، دەفتەری کوردەواری (گۆڤار)، بەرگی یەکەم، کانوونی دووەمی ١٩٧٠، ل٨٥.

٢)دکتۆر عەبدوڵڵا جەودەت لەئەیلولی سالی ١٨٩٦دا لەشاری (عەرەبکیر)لەباکووری کوردستان لەبنەماڵەیەکی ناودار کەبە(عومەر ئۆغلۆلەری)ناودەبرا لەدایک بووە، لەکانوونی دووەمی سالی١٩٢٥دا واتا مانگێك پێش راپەڕینە مەزنەکەی شێخ سەعیدی پیران رۆژنامەکانی تورکیا بەتایبەتی رۆژنامەی (ئەخشام)بە(بیرکردنەوە لەدامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ تاوانبار کرا).

دکتۆر عەبدوڵڵا جەودەت سالی ١٩٣٢کۆچی دوایی کردووە.

(بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەم رووناکبیرە گەورەیە بڕوانە بابەتێکی دکتۆر جەبار قادر-گۆڤاری کاروان ژ٢٧-هەولێر، ١٩٨٥.

٣)رۆژی کورد(گۆڤار)،ژ١، سالی١٩١٣.

٤)دکتۆر جەبار قادر لەباسێکی گرنگیدا بەناونیشانی(روناکبیری کورد عەبدوڵڵا جەودەت) لەم بارەیەوە دەڵێ: (مەبەستی کتێبی مێژووە کەسەبارەت بەکورد نوسرابێ و لاپەرەکانی مێژووی کوردی روون کردبێتەوە)بۆ ئەمەیش بڕوانە: گۆڤاری کاروان، ژ٢٧، هەولێر، ١٩٨٥.

٥)ئازاد مستەفا، مامۆستای کورد(گۆڤار)، ژ١٧،١٨،بەهارو هاوینی ١٩٩٣،ل٢٤(ئەم پەرەگرافە دوای هەندێك کورت کردنەوە وەرگیراوە).

(پێویستە لێرەدا ئەوەش بڵێین کەچاڵدیران دۆڵێکە لەنزیك شاری تەورێزەوە،تیایدا گەورەترین شەر لەنێوان فارسە سەفەویەکان و عوسمانییەکاندا رووی‌داو لەئەنجامیشدا عوسمانی‌یەکان سەرکەوتن وشەرەکەیش هەربەناوی ئەو دۆڵەوە ناونراوە) بۆئەم زانیارییە بڕوانە:

مەحمود مەلا عیزەت،کۆماری میللی مەهاباد، ١٩٨٤، ل٣٠.

٦)سمایل خانی شوکاك (سمکۆ)کوری محەمەد ئاغای شوکاکی‌یە، سالی ١٨٧٥لەدایك بووە، لەبنەرەتدا لەتیرەکانی (میلانی)ن و لەدیاربەکرەوە هاتوونەتە رۆژهەلاتی کوردستان، لەسەرەتای جەنگی یەکەمی جیهانی‌یەوە ناوبانگی دەرکردووە، حکومەتی ئێرانی قاجاری و

تورکیای کەمال‌و عێراق زۆر هەوڵیان داوە کەئەم قارەمانە لەناوبەرن بەڵام لەشکری کوردستان بەفەرماندەی سمایل خان کوشتارێکی زۆری لەهەر سێ‌دەوڵەتەکە کردووە. رەزا شاو کەمال ئەتاتورك بەبیستنی ناوی سمایل خان ترسیان لێ‌دەنیشت، ناچار ئەتاتورك لەسەرەتادا خۆی بەدۆستی نیشان دەدا تاکۆتایی شەڕی تورکیاو یۆنان هات‌و دوایی کەوتە تەقەللادان بۆ لەناوبردنی. ئاواتی سمایل خان رزگارکردنی کوردستان بوو، بۆیە لەشوباتی ١٩٢٣دا دیدەنی شێخ مەحموودی حەفید زادەی کرد لەسلێمانی‌و ئەم هاتنەیشی سەبارەت بەدروستکردنی حکومەتی کوردستانی گەورە بوو، ئەم قارەمانە لەتەمموزی ١٩٢٢دا دەسەڵاتی گەیشتە ناوچەکانی (شاهین قەڵا)و (سەقز)و پەیوەندی لەگەڵ ناوچەکانی (هەورامان)و (مەریوان)دا پتەوکرد. لەنیسانی ١٩٣٠دا بەپلانی رەزا شا لەشاری شنۆ شەهید کرا، لەنێوان سمایل خانی سمکۆو خانی دزلی‌دا دۆستایەتی یەکی بەتین هەبووە. هەرچەندە لەشکریان تیکەڵ نەبووەو پیکەوە نەجەنگاون، دیارە یەکێك لەهۆیەکانی دەگەڕێتەوە بۆ نووری ناوچەی دانیشتنی هەردوولایان.

٧)دکتۆر موکەرەم تاڵەبانی، رەنگین(گۆڤار)، ژ٥٣،سالی ١٩٩٣،(چمکێك لەژیانی جافەرسانی هەورامان).

٨)مەحمود مەلا عیزەت، کوردستانی نوێ(رۆژنامە)، ژ٥٩٢،رۆژی ١٩٩٤/١/٢٠

(لێرەدا پێویستە ئەوراستی‌یە پێشچاوبخەین کەحەمەرەشید خانی بانە ماوەیەکی دوورودرێژ لەخەباتی خوێناوی‌دا بووە دژی فەرمان رەوایانی ئیران‌و چەندین جار بەرووی سوپای ئێران‌دا هەڵپژاوە، لەسەردەمی دەوڵەتی جمهوری کوردستان‌دا لەلێپرسراوە سەربازی‌یە بەدەسەڵاتەکانی کۆمارەکە بووە، پلەی ژەنەراڵی‌پێدراوەو ناوچەیەکی گرنگ‌و هێزێکی ریکخراوو بەئومێدی سەرکردە دەکرد. چەندین نامەی سەربازی‌و سیاسی‌و کاروباری ئیداری پارێزراوەکە لەو سەردەمەدا ناردوویەتی بۆ فەرماندەکانی کۆمار، یان لەفەرماندەکانەوە بۆ حەمە رەشیدخان نێرراوە، بەراستی کاك مەحموودی مەلا عیزەت کارێکی دڵسۆزانەی بەئەنجام گەیاند کەدرای ماندووبوونێکی زۆر لەونامەو دۆکۆمینتانەی کۆکردەوەو لەکتێبێکی تایبەتی‌دا بەچاپی گەیاندن، بۆئەمیش بڕوانە:

مەلا مەحمود عیزەت، دەوڵەتی جمهوری کوردستان، بەرگی یەکەم، سوید، ١٩٩٢.

(١٠،٩)کوردستانی نوێ(رۆژنامە)هەمان ژمارەی پیشوو.

11)Gavan S.S Kurdistsan divived Nation Of The Middle East, London, 1958, P33

١٢)حوكمی قاجاری لەساڵی ١٧٩٤ی زایینی بەئاغا محەمەد خانی قاجار دەستی پێکردووە، ساڵی١٩٢٥بەهێنانە خوارەوەی شا ئەحمەد کۆتایی بەبنەماڵەی قاجارییەکان هات و بنەماڵەی پەهلەوی شوێنی گرت.

١٣)رەزاخان ساڵی ١٩٢١بەپلەی عەقید توانی ببێتە سەرەك وەزیرانی ئێران، دوای چوار ساڵ واتا ساڵی ١٩٢٥شا ئەحمەد میرزای لەسەر کورسی پاشایەتی داگرت و بووبەئیمپراتۆری ئێران، ساڵی ١٩٤١لەگەرمەی جەنگی دووەمی جیهانیدا هەڵات و بەشکستی لەئێران شاربەدەرکرا.

١٤)حەمە رەزا شا ساڵی ١٩٤١لەشوێنی رەزاخانی باوکی دانیشت، سەعات دەوچارەکی رۆژی شەممەی ١٩٧٩/١/١٦بەچاوی فرمێسکاوی و دڵی شکستەوە ئێرانی بەجێهێشت و بەرەو میسر کەوتە رێ، رۆژی ١٩٨٠/٧/٢٧لەمیسرکۆچی دوایی کردو دوای ئەوەی کەماوەی ٣٨ساڵ گەلانی ئێرانی چەوساندەوە.

١٥)ئەحمەد خواجا، چیم دی، بەرگی دووەم، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، ١٩٧٠، ل٨٥.

***

بەشی دووەم

بەرکولێ لەژیانی مەحموود خانی دزلی

بەشی دووەم

بەرکولێ لەژیانی مەحموود خانی دزڵی

مەحموود خانی دزڵی کوڕی (عەزیزخان)ی کوڕی (بارام بەگ)ە و دایکی ناوی (پیرۆزە)یەو کچی (حەسەن سوڵتان)[1]ی گەورەی هەورامان بووە، دایکی بە بنەماڵە دەچێتەوە سەر شێخانی عەبابەیلی..

مەحموود خان سالی ١٨٧٠ی زایینی[2] لە ئاوایی (دزڵی)[3] ناوچەی (هەورامانی تەخت)[4] لەدایك بووە، دوای ئەوەی (عەزیزخان)ی باوکی کە یەکێك بووە لە سەردارە دەست رۆیشتووەکانی هەورامان کۆچی دوایی دەکات، مەحموود خانی کوری دەبێتە جێنشینو لەئەنجامی توانستو لێهاتوویی‌دا دەسەڵاتی فراوانی بەسەر ناوچەی دزڵیو دەوروبەری هەوراماندا بڵاو دەکاتەوەو بەچەشتی گەورە پیاوێکی ئەو سەردەمەی کوردو سەرۆك عەشیرەتێکی بەدەسەڵاتی رۆژهەڵاتی کوردستان دەناسرێ.

خانی دزڵی لەژیانیدا چەند هاوسەرێکی خواستووە کە دواترینیان (نازیف خان)[٥]ی (مەحمود خدر)ی سەرداری هەمەوەند بووەو لەسەرجەم هاوسەرەکانی پانزە کورو شەش کچی بووەو زۆربەیان کۆچی دوایی کردووەو هەندێکیشیان ماون[٦].

ئەم سەردارە لەئەنجامی تێکۆشانو گیانی بەرهەڵستکاریدا چەندین جارو لەساڵانی جیاوازدا دەربەدەر کراوەو خراوەتە گرتوخانەکانی (هندستان، سنە، قەسری قاجار، هنێدی، رومادی، سلێمانی، کەرکووک، بەغداد)و زۆر جاریش بەدەست بەسەری رەهەندەی شارەکانی ئێرانو عیراق کراوە.

دکتۆر موکەرەم تالەبانی لەنووسینو بیرەوەرییەکی زیرەکانەدا بەناونیشانی (مەحموود خانی دزڵی -م چۆن ناسی)[٧] بەکورتی لەو رۆژانە دەدوێ کە خانی دزڵی لەکەرکووک بەندکراوەو دەڵێ (چوار دیواری بەندیخانە وای لەمەحموود خان کردبوو کە رۆژتا ئێوارە چاو ببڕێتە دەرگا ئاسنەکەی بەڵکو یەکێك دەنگوباسی ماڵو منداڵەکانی بۆ بهێنێت، بەڵام ئێوارە بەبێ هیوایی دەگەڕایەوە سەر نوێنە شڕەکانیو سەری دەنایەوە، بەڕاستی نائومێدیو بێ کەسیو دەست کورتی وادەکات کە رۆژێکی بەندیخانە بەساڵێك بڕوات، بەڵام دەبێ وەك هەموو بەندییەك رۆژی خەتێك لەدیوارە رەشەکە بکێشێت تا دەگاتە دوو هەزارو هەشت سەدو هەشتا، ئێوارە کەیلەکەی هەڵدەگرتو بۆ کەوچکە شۆربا نا پوختەکەی بەندیخانە ریزی دەگرتو تفێکی وەکوو تفەکەی -کیسرای مەدائن-ی لە بەختی خۆی دەکردو شۆرباکەی هەڵدەقوڕان: هەشت ساڵ کۆتایی هات بەڵام ستەمکاری دەرهەق بەخانی دزڵی هێشتا کۆتایی نەهاتبوو، هەورامان لەخان قەدەغەیە، رۆژی بەربوون کە لە دەرگای بەندیخانە سەری دەرهێنا چاوی بەقەڵای کەرکووك کەوتو وەك فیلمێکی سینەمایی ئەو رۆژەی هاتە پێشچاو کە لەکەڵ گۆیژە سەری دەرهێناو نوارییە شاری سلێمانی

داگیرکراوو بەسەدان سیلاح شۆڕی پەستەك لەبەر چاوەڕوانی فەرمانی خانیاز نەکردو بەسەدان ئەسپ سمکۆڵانیان بوو بۆ هێرش بردنو ڕزگارکردنی شاری دڵگیری سلێمانی، هۆشیکی هاتەوەو تاس بردیەوە کە ئێرە گۆیژە نییەو تەنیا حەمە سەعید چاوەڕوانی دەکات، دەبێ دەست بەسەربێ، بەڵام کێ داڵدەی خانێکی لێقەوماو دەدات، بڕیاریدا ڕوو بکاتە تەکیەی تاڵە بانی، ئەگەر وەك خانێکیش داڵدەی نەدات خۆ وەکوو دەروێشێك جێی دەکەنەوە، بەڵام مەحموود خان وەکوو خانی دزڵێ پیشوازی لێکرا نەك لەتەکیەو خانەقا بەڵکو لەهەموو ماڵێكو لەدڵی هەموو ئینسانێکی بەویژدان جێگای خانی دزڵی دەبێتەوە)(۸) هەروەها دکتۆر لەو یادداشتنامەیەدا درێژە بە باسەکەی دەداتو وەسفی خانی دزڵی بەم شێوەیە دەکات (مەحموود خان پیاوێکی بالابەرزی چوارشانەی ڕووپانی سووروو سپی بوو، جووتە سمێڵێکی درێژو ڕیشك بەڵام ماندوویەتی -ئیچ قەڵا- و هەشت ساڵی بەندیخانەی کەرکووکو بێکەسیو دەستکورتی هەندێك شێوەی گۆڕی بوو، سمێڵەکانی بۆزو قورسی باری ژیانیش هەندێ پشتی کۆم کردبوو، پیاوێکی کەم دوو، مەندو بەویقار، ئاهە درێژەکانی لەناوو دوکەڵی ئیرگەلەکەیدا ون دەکرد بۆئەوەی کەس هەست بەسۆزی نەکات)(۹).

خانی دزڵی پیاوێکی دڵتەڕو قسە خۆشو بێ فیزو تا بڵێی نان بدەو بەخشندە بووەو لەسەردەمی دەسەڵاتیدا دزڵیو ئاواییەکانی دەوروبەری بوو بوونە پەناوداڵدەی ئەو کەسانەی کە لەدەست ڕژێمە داگیرکارەکان هەڵاتوونو لەو مەڵبەندەدا حەساونەتەوەو لە بەشێکی تایبەتی ئەم کتێبەدا فراوانتر دێینەوەسەری.

خانی دزڵی چەندین جار بەخۆیو بنەماڵەو جەنگاوەرەکانییەوە بەرەو ڕووی ڕژێمی قاجاریو ڕەزا شاو حەمەی کوڕی بووەتەوەو لەباشووری

کوردستانیشدا شکستی بەدارودەستەی ئیمپریالیزمی ئینگلیزی هێناوەو بەڵگەکانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیاو وەزارەتی موستەعمەرات سەلمێنەری ئەم وتەیەن.

خانی دزڵی پەیوەندی‌یەکی بەتین و دانەبراوو برایانەی لەگەڵ (شێخ مەحموودی حەفیدزادەی بەرزنجی)دا هەبووەو تەنانەت نووسەرو مێژوو نووسی ئەمر (رەفیق حیلمی) لەیادداشتەکانی‌دا (خانی دزڵی بەباڵوانی شۆڕشی یەکەمی شێخ مەحموود داناوە)[10] و لەدوای جەنگی دەربەندی بازیان و لەسەرداواکاری ئینگلیزەکان خانی دزڵی گیراو نێرراوە بۆ تاران و بەغداو لەوێوە بۆ هیندستان.

لەمانگی تشرینی یەکەمی سالی ١٩٢٢داو بەبۆنەی گەرانەوەی شێخی بەردەقارەمانەوە لەدەست بەسەری بەخۆی و هەندێ لە کورو ئامۆزاوکەسانی بنەماڵەکەی زیارەتی شێخ مەحموودیان کردووەو رۆژنامەی (بانگی کوردستان)ی ئەو سەردەمە بەشانازی و وەفاوە ئەم هەواڵەیان بڵاوکردووەتەوە[11].

ئەحمەد خواجا لەچاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ (عەبدولرەقیب یوسف)دا سازی کردبوو دەڵێت (مەحمود خان بۆ راپەراندنی کاروباری تایبەتی و جەنگی ئەنجوومەنیکی لەکوێخاو دەم راستی گوندەکانی ژێر دەسەلاتی پێکهێنابوو، هەموو کاتێکیش لەلای ئامادەبوون و بریتی بوون لە حەوت کەس و سەرۆکەکەیان ناوی -کوێخا زۆراب- بوو، خانی دزڵی راوێژی پێ دەکردن و گەر کارێکی نائاسایی رووی بدایە جێی متمانەو پرس و راوێژبوون و بە زوویی فرمانەکانی خانی دزڵی‌یان بە ئەنجام دەگەیاند)[12].

خانی دزڵی بەپێی سیاسەتو بارودۆخی ئەو رۆژگارەو بەمەبەستی بەرهەڵست کردنی ئینگلیزەکان پەیوەندی لەگەڵ کەمالی‌یەکاندا بەستووەو

نامەی تایبەتی بۆ مستەفاکەمال ناردووە بەڵام دواتر کە لە مەبەستیان گەیشتووە لێیان کشاوەتەوەو لەبەشێکی تایبەتی ئەم کتێبەدا زیاتر لەسەر ئەم مەسەلەیە دەدوێین.

خانی دزڵی دۆستی خۆشەویستی (سمکۆی شوکاك)و (سەردار رەشیدی ئەردەڵان)و (حەمە رەشی خانی بانە) بووەو لەباشووری کوردستاندا کەسانی وەك (کەریم بەگی فەتاح بەگی هەمەوەند)و (سەید محەمەدی جەباری)و (شێخانی تالەبان)[13] و (کەسنەزان)[14] لەگەڵ خانی دزڵیدا پەیوەندییان بەتین بووە. بەڵام لەرووی ئاینییەوە پەیوەست بووە بە (شێخ نەجمەدینی بیارە، ١٨٦٢، ١٩١٨)[15] و تەنانەت دوو خوشکی خانی دزڵی بەردوا خێزانی شێخی ناوبراو بوون.

بەپێی پرسو گەڕانو سۆراخی بەردەوامان گەیشتینە ئەو راستییەی کە خانی دزڵی لەسەر داوای دەستەیەك لە نیشتمان پەروەرو روناکبیرانی کورد بووە بە ئەندامی پارتی هیوا[16].

لەساڵی ١٩٤٠ لەکاتێکدا خواڵێخۆشبوو (مستەفا بارزانی) بەدەست بەسەری بۆ شاری سلێمانی دوور دەخرێتەوە، لەهەمان کاتدا (مەحموود خانی دزڵی)ش لەسلێمانی دەست بەسەر دەبێو هەردوکیان ماوەیەك لەسلێمانی دەمێننەوە، رۆژی ١٢ی تەمموزی ١٩٤٣ مستەفا بارزانی هەڵ بۆ دەرەخسێو بەیارمەتی خواڵێخۆشبوو (شێخ لەتیفی حەفیدزادە-١٩١٧-١٩٧٢/٥/١٢) خۆی دەرباز دەکاتو بەرێگای (پێنجوین، بانە، سەردەشت، پەسوێ، لاجان، ناوەدەشت، سیلکە، سرێشمە)دا بەماوەی هەفتەیەك دەگاتەوە لانەی باوو باپیرانی، پاش سێ رۆژ واتا لەرۆژی ١٥ی تەمووزی ١٩٤٣دا خواڵێخۆشبوو شێخ بابە عەلی شێخ مەحمودی حەفیدزادە رێگای دەرچوون بۆ خانی دزڵی ئاسان دەکاتو بەهۆی دڵسۆزەکانییەوە لەرێگەی شارەزووری سوورێنەوە

دەگاتەوە ئاوایی دزلیو بەمەڵبەندی لەدایك بوونو ژیانی شاد دەبێتەوەو سەرلەنوێ پشکۆی راپەرینو تێکۆشان دەگەشێنێتەوە.

لەسەرەتای سالی ١٩٤٦دا خانی دزلی روودەکاتە گوندی (هانەی قول)[١٧] و لە ئەشکەوتی (وشکەناو) کە بە ئەشکەوتی (مەحموودخان)یش ناسراوە دەمێنێتەوە، پاش ماوەیەك حکومەتی (حەمە رەزا شا)ی ئێران داوای دانیشتنو وتو وێژی لێ دەکاتو بەومەبەستەی کە بگەنە ئەنجامێکو گیرگرفتی ناوچەکە بەشێوەیەکی ئاشتییانەو بێشەڕو شۆڕ ببڕێننەوە، (خانی دزلی)ش بەپیر ئەم داوایە دەچێتو بەڵام بەفێڵو تەلەکەبازی کە هەمیشە بەرنامەی کارو هەڵسووڕانی فەرمان رەوایانی ئێران بووەو لەبەهاری سالی ١٩٤٦دا بەدەستی ئەفسەرێکی ئێرانی لەگەڵ (ملە خۆرد)[١٨] کە دەکەوێتە سنووری ئیرانو عیراقەوە دەرمان خواردەکرێو دوای نۆ رۆژ بەو رووداوە پڕ لەناسۆرە کۆچی دوایی دەکات[١٩].

بەم شێوە مەرگەساتە لاپەڕەی ژیانی پڕلەدڵسۆزیو مەردایەتی پێچرایەوەو لەکاتی کۆچ کردنیدا فەرمان رەوایانی ئێران داوای تەرمەکەیان کردەوە، بەڵام شێخ مەحموودی حەفیدزادە کاربەدەستانی (خورمال)ی ئاگادارکردەوە کە وەڵامی ئەم داوایە نەدەنەوەو دوایی بەجۆرێکی شایستەو قەدرزانین لەگوندی (هانەی قوول) بەخاکی ئازیزی کوردستان دەسپێردرێو سەری هەمیشەیی دەنێتەوە دوای ئەوەی کەنیوسەدە کاراترین دەوری شۆڕشگێڕی لەسەرشانۆی سیاسەتو کوردایەتی بینی.

ناوابیریەکانی مەحموود خانی دزلی

مەحموود خانی دزلی وەك سەرەك عەشیرەتیکی بەدەسەڵاتو گەورە پیاوێکی ناوچەکە جگە لە (دزلی) کە مەڵبەندی لەدایك بوونو ژیانو خەباتو

جێی دانیشتنی بووە، هەندێ گوندو ئاوایی تریشی هەبووەو لەژێر سایەو فەرماندەیی خۆیدا بوون وەك:

١-نژمار: نزیك (کانی دینار)ەو ماوەی پێنج کیلۆمەتر لە (مەریوان)ەوە دوورە.

٢-دەری: دەکەوێتە ناوچەی (مەریوان)و نزیك (پردی گاران)ە.

٣-شارانی: نزیك گوندی (نژمار)ە.

٤-مرگ: لەنێوان (شارانی)و (نژمار)دایە.

٥-زملکە: بەرانبەر بە (دەربەند دزڵی)یە[20].

٦-دەرەناخی: هاوشانی (زملکە)یەو بەرانبەر (دەربەند دزڵی)یە.

هاوینەهەوارەکانی دەوروبەری دزڵی

١-هانەسابە: دوای ئەوەی کە بۆ جاری دووەم لەشەوی ٣١٢ی مانگی مارتی ساڵی ١٩٢٣دا بەفەرمانی شێخ مەحموود سلێمانی چۆڵکرا، زۆربەی خێزانو کەسو کاری شێخی ئەمر روویان کردە دزڵیو ماوەیەك لەم هاوینەهەوارەدا مانەوە.

٢-سیاکۆڵە: هاوینە هەواری تایبەتی شێخی ئەمر بووەو ئێستاش شوێنی کەپرەکانی ماوە[21].

٣-ماوەزە: هاوینەهەواری تایبەتی مەحموودخانی دزڵی بووە.

٤-مەیدان
٥-سەردانی

ئەم دوو هاوینەهەوارەیش دەکەونە ناوچەی دزڵییەوە.



بارام بەگی دزڵی
حبیب الله بەگ
محەمەد عەلی بەگ
جان الله بەگ
عەزیزخان
قادر بەگ
محەمەد ئەمین بەگ
عەلی محەمەد خان
محەمەد رەشید بەگ
محەمەد ساڵح بەگ
مەحموود خانی دزڵی
عەبدوڵلا خان
بورهان
جەمال
جەمیل
کاوە
ئەدهەم
مادح
عیزەت
حەمە ئەمین بەگ
حەمە
ئەمیر
ئەحمەد
عەبدولکەریم
عەزیز
خەلیل
کەمال
خسرو
فیصل
محەمەد
ئەنوەر
منصور
رەنج
رۆژ
رێبوار
کۆساڵان
میرخان
بەختیار
کاوە
ئاریان
کاوان
ئاری
ئارێز
منصور
رەفعەت
سەردار
مەجید
لوقمان
ئەرکان
عەرەسو

سەرچاوەو پەراوێزەكانی بەشی دووەم:

(١)لەهەورامانداو دووكەس بەنازناوی (سوڵتان)ەوە بەگەورە ناسراون. یەكەمیان (حەسەن سوڵتانی كوڕی حەمە سولتان)ە كە بەسەرشامیاندا حوكمران بوو، ئەم حەسەن سوڵتانە باوكی دایكی مەحموودخانی دزلییە، لەڕۆژی (٥) ذی العقدەی ساڵی ١٢٨٤دا لەلایەن (معتمد الدولە) وە كوژراوە چونكە كڕنووشی بۆ نەبردووە، دواتر كوڕەكانی چەند جارێك بەرانبەر بە (معتمد الدولە) وەستاون. دووەمیان حەمەسەعید سولتانی كوڕی عوسمان سولتانی فەرمان ڕەوای هەورامانی لهۆن بوو، حەمە سەعید سوڵتان باوكی جافەرسانی هەورامانە.

لەلایەكی ترەوە خەڵكی هەورامان بنەچەكەی خۆیان دەبەنەوە سەر (بەهمەنی كوڕی ئەسفەندیار)و دەڵێن (لەسەردەمی دەسەڵاتی ئەسكەندەری كوڕی فیلەقوس بەسەر ئێراندا ئەوەندەی لەتوانایدا هەبوو شازادەو داروودەستەی سەربە پاشاكانی كەیانی زەلیل‌و زەبوون كردوو هیندێكی لەو چیایە بەند دەكردن بۆیە ئەم كێوە بەزیندانی ئەسكەندەر بەناوبانگە).

بۆ ئەم زانیاریانە بڕوانە (عبدالقادر كوڕی ڕوستەمی بابان، ڕەوشی كوردان، وەرگێرانی لە فارسییەوە كەریمی حیسامی، ناوەندی چاپو ڕازاندنەوەی مەنسور، ١٩٩١، ل٧٨.

(٢)ئەم مێژووی لەدایك بوونە بۆ یەكەم جار لەلایەن نووسەری ئەم كتێبەوە ساڵی ١٩٧٣ تۆماركراوەو لەدوای ئەو باسە مێژوویییە هەركەسێ لەباسەكانیدا تۆماری كردبێ لەوسەرچاوەیەی وەرگرتووە، دكتۆر فوئاد حەمە خورشید وەك زاناو پسپۆڕێك لەكتێبە وەرگێڕاوەكەیدا پەنجەی بۆ ئەم باسەی نووسەر ڕاكێشاوە، (العشائر الكردیە) ترجمە وتعلیق فؤاد حمە خورشید، بغداد، مطبعة الحوادث، ١٩٧٩، ص١٦) بەڵام بەداخەوە نووسەرێكی دوور وڵات ئەم مێژووەی لەكتێبە گەورەكەیدا تۆمار كردووەو بەبێ ناوبردنی سەرچاوەكەی بۆ باسەكەی نووسەری ئەم كتێبە كە یەكەم سەرچاوەیە بڕوانە: عومەر مەعروف بەرزنجی، گۆڤاری ڕۆژی كوردستان، ژ٤ س٢، حوزەیرانی ١٩٧٣ (بابەتی مەحموودخانی دزلی‌و لاپەڕەیەك لەمێژووی كورد).

(٣)ناوایی دزلی دەكەوێتە نێوان سنوری ئێران‌و عیراقەوە لەسەرچاوەی زەڵمەوە ماوەی دوو سەعات دوورەو نزیك گوندی هانەی قوڵە.

(٤)دانیشتوانی هەورامان بەشێوەیەكی گشتی دەكرێت بەدوو بەشەوە، یەكەمیان (هەورامانی تەخت) كە دەكەوێتە ڕۆژهەڵاتی ڕیزە چیای هەورامان‌و ئێستا سەر بە ئێرانەو بەشێكە لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان. دووەمیان (هەورامانی لهۆن) كە دەكەوێتە ڕۆژئاوای زنجیرەچیایی هەورامان‌و ئێستا سەر بەعیراقەو بەشێكە لەباشووری كوردستان.

(٥)خانی دزلێ لەژیانیدا چەند هاوسەرێکی خواستووە (خاتوو زیبا، خاتوو فاتمە، خاتوو مریەم، خاتوو زینەت، خاتوو لەرەنگیز) نازیف خان) ئەمەی دوایی یان واتا (نازیف خان) لەپێشدا خێزانی پاڵەوانی شۆڕشی شێخ مەحموود خواڵێخۆشبوو (کەریم بەگی فەتاح بەگی هەمەوەند) بووەو دوای شەهیدکردنی کەریم بەگ خانی دزلێ خواستوویەتیو دوو کوڕو کچێکی لێ بووە، کوڕەکان ئەنوەر بەگو مەجید بەگ لەگەڵ ئەجیبە خانم کە خێزانی خواڵێخۆشبوو (شێخ ئەمینی شێخ عەلائەدینی نەقشبەندی) بووە وە ئێستا لەژیاندایە.

(٦)خانی دزلی لەسەرجەم هاوسەرەکانی ئەم کوڕانەی هەبووە:

عەبدوڵڵا خان، حەمە ئەمین بەگ، عەبدولکەریم، عەزیز، خەلیل، محەمەد، ئەنوەر، مەنصور، رەفعەت، سەردار، مەجید.

ئەمانیش ناوی کچەکانێتی:

عەینە، سوڵتانێ، ئامین، عاصم، حنیفە، ئەجیبە

(٩،٨،٧)دکتۆر موکەڕەم تاڵەبانی، گۆڤاری رەنگین، ژ ٥٢ سالی ١٩٩٣.

(١٠)رەفیق حیلمی، یادداشت، بەرگی یەکەم، بەشی دووەم، بەغداد، چاپخانەی مەعاریف، ١٩٥٦.

(١١)رۆژی کوردستان، ژ ١١، س١، هەینی، ٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٢ بەناونیشانی (جەنابی مەحموود خانی دزلی) بڵاوکراوە تەوەو ئێمەش وەك بەڵگەیەکی مێژوویی لەبەشی بەڵگەنامەکاندا وینەی ئەو ژمارەیەمان بڵاوکردووەتەوە.

(١٢)مامۆستای خواڵخۆشبوو ئەحمەد خواجا لەمێوارەی ١٩٩٤/٧/٦داو کە تەمەنی ئەوکاتەی ٩١ ساڵ بوو لەچاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ مامۆستا (عەبدولرەقیب یوسف)دا ئەم باسانەی وتوومو مامۆستا (عەبدولرەقیب) بەمەبەستی هاوکاری دەقی چاوپێکەوتنەکەی بەدەستخەتی خۆی پێشکەش کردین.

(١٣)پەیوەندی نێوان سەرۆکو سانەکانی هەورامانی ئەم دیوو ئەو دیو لەگەڵ شێخانی تاڵەبانو تەکیە بەناوبانگەکەی لەگەرێتەوە بۆ سەردەمیکی دێرین، بەڵام لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا ئەم پەیوەندییە زیاتر پەرەی سەندووەو تەنانەت جافەرسانی لهۆنو مەحموود خانی دزلی لەزۆر بۆنەی خۆشیو ناخۆشیدا رێیان کەوتووەتە تەکیەی تاڵەبانی لە کەرکووکو یەکێك لەوانەی کە بەتەواوی لەگەڵیاندا تێکەڵ بووە بنەماڵەی خواڵێخۆشبوو (شێخ جەمالی تاڵەبانی) بووە. دکتۆر موکەرەم تالەبانی لەم ساڵانەی دواییەدا چەمکێکی مێژووی ئەم تیکەڵاوییەی بڵاوکردەوە.

(١٤)شیخانی کە سنەزان وەك شێخ عەبدولقادری شێخ کەریمو شێخ حسێنی کوری شێخ رەزای شێخ فەتاحی کرپچنەو زۆری تریش لەدەوروبەری جەنگی مێژوویی (دەربەندی

بازیان)دا پەیوەندی‌یان بەتێن بووەو تەنانەت لەدوای ئەم جەنگە روویان کردووەتە ناوچەکانی مەریوان‌و دزلێ‌و لەم شوێنانەدا حەساونەتەوە.

(١٥)شێخ نەجمەدین برای شێخ عەلائەدینی نەقشبەندی‌یەو پەیوەندی‌یەکی رۆحی لەگەڵ خانی دزلێ‌دا بووەو دەماودەم دەی گێڕنەوە.

(١٦)پەیوەندی کردنی خانی دزلێ بەپارتی (هیوا) وەو بوون بە ئەندامی ئەو پارتە سیاسی‌یە لەکاتی خۆیدا لەروناکبیری گەورە خوالێخۆشبوو (عەبدوللا جەوهەر ١٩٢٠-١٩٨٢/٦/١)م بیستووە لەم دوایی‌یەشدا شریتێکم کەوتە دەست کە لە رۆژی ١٩٨٤/٦/٢٦دا عەبدولرەقیب یوسف گفتوگۆیەکی لەگەڵ شێخ ئەمینی نەقشبەندی‌دا سازکردووەو بۆ ماوەی سەعاتێك شێخ ئەمین سەبارەت بە هەندێ لایەنی خانی دزلێ دواوەو باسی مەسەلەی ئەندامێتی پارتی هیوای کردووەو دەڵێ کە لەزمانی (مەحمود خەفاف)ی بیستووە.

(١٧)هانەی قووڵ دەکەوێتە پشت خورماڵەوەو هاوشانی (یالان پێ)و (زەڵم)ە.

(١٨)شێخ لەتیف شێخ مەحموود لە شیعرێکی‌دا بەبۆنەی کۆچی دوایی سەرداری کورد شێخ مەحمودی نەمرەوە ناوی کەلی (ملە خۆرد)ی هێناوە:

سورکیو، ملەخۆرد، هەتا زمناکۆ
تا رۆژی مەحشەر بکەن باوکەڕۆ

(١٩)لەوکاتەدا لەخورماڵ کەسی لێ نابێ یان زاتی ئەوەیان نەبووە کە بچن بەهانایەوەو هیچ پزیشکێکی فریاناکەوێت، بەڵام (کەریمەفەندی) ناوێك کە برین پێچێکی خورماڵ دەبێ دەگاتە لای‌و تێ‌دەگا کە ژەهری دراوەتێ‌و چەند دەرزی‌یەکی لێ دەداتێو بەڵام چاری نابێ‌و دوای نۆ رۆژ کۆچی دوایی دەکات.

(٢٠)شێخ لەتیف حەفید لەشیعرێکی‌دا ناوی دەربەند دزلێ هێناوە:

جـــــا فرمیسك بۆکێ بچێ بەهاوار
مەحموود خان دەعوەت بکات لەبەهار
ئـــــەی دەربەند دزلێ‌و سیاکۆو دزلێ
کـــــێ تیا هەلسووری بکا سەرچلێ

(٢١)لەو سیاکۆلەیەدا بووە کە (شێخ سەلام١٨٩٢م-١٩٥٩/٣/٣)ی شاعیر لەلایەن شێخی نەمرەوە هەشت مانگ بەندکراوەو دوایی کە شێخ هاتووەتەوە سلێمانی بەرەڵڵای کردووە، بۆ ئەمەش بڕوانە:

دیوانی سەلام، چاپخانەی تەمەدون، بەغداد، ١٩٥٨، ل١٤، چاپی یەکەم بەپێشەکی، دکتۆر مارف خەزنەدارو بەسەرپەرشتی نووسەرو رۆژنامەنووسی چالاك جەمال خەزنەدار.

بەشی سێیەم

بزوتنەوەکانی خانی دزڵی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

بەشی سێیەم

بزووتنەوەکانی خانی دزلی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان

بنەماڵەی(بارام بەگ) ی دزلی سەر بە هەورامانی تەخت وەك بنەماڵەیەکی دەست ڕۆیشتووی خاوەن سامانو دەسەلاتو زەویو زار، لە هەمان کاتدا شۆڕشگێرو بە تواناو جەنگاوەرو نموونەی بەرهەلستکاری بوون. (بارام بەگ) لە ڕۆژگاری زەبروزەنگی (قاجار) ی یەکاندا چەند جارێك لەگەل دەسەلاتدارانی ئێراندا بە یەکدا هەلپڕژاونو سوپای داگیرکاری ئێرانیان لە پەلوپۆ خستووە، تەنانەت (ناسرەدین شای قاجار ١٨٤٨- ١٨٩٨) (١) بەم جموجولانەی (بارام بەگ) و تیرەو بنەماڵەکەی شپرزە بووەو ماوەیەکی زۆر خۆیو سوپاکەی بە دامرکاندنەوەی ئەو بزوتنەوانەوە خەریك کردووە. ئەم هەلوێستو بەرەنگاری‌یە لە سەردەمی (عەزیز خان) ی کوڕیدا بەردەوام بووە، بەلام لە کاتێکدا کە (مەحمود خان) ی کوڕی (عەزیزخان) ی دزلی جلەوی فەرمان ڕەوایی ودەسەلاتی تیرەو بنەماڵەکەی دەگرێتە دەستو بە دووچاوی سەرنج لە ستەمی قاجاری‌یەکانو دواتر زەبروزەنگی (ڕەزا شا) و(حەمە) ی کوڕی ورد دەبێتەوە، ئەم هەستە شۆڕشگێڕانەیە دەچێتە مەودایەکی فراوانتر و بە پێی بەرنامەو

بۆچوونی له بارتر مامه‌ڵه له‌گه‌ڵ رژێمه داگیرکاره‌کانی ئێراندا ده‌کاتو وه‌ك هێزێکی به تواناو به‌رهه‌ڵستکار ده‌وری نیشتمانیو نه‌ته‌وایه‌تی له ناوچه‌که‌دا ده‌بینێ.

گه‌ر له مێژووی ژیانو رۆژگاری خانی دزڵی ورد بینه‌وه و چاوێکیش به هه‌ندێ سه‌رچاوه‌ی مێژوویی‌دا بگێڕینو سۆراخی ئه‌و بارودۆخه جه‌نجاڵه‌ی رۆژهه‌ڵاتی کوردستان بکه‌ین ده‌گه‌ینه ئه‌و ئه‌نجامه‌ی که داگیرکارانی ئێران به هه‌موو جۆری پلانی توانه‌وه‌و سه‌رکوتکردنیان داناوه‌و له به‌رانبه‌ریشدا شۆڕشگێڕانی کورد به‌ره‌و روویان وه‌ستاون، یه‌کێکی وه‌کوو خانی دزڵی له سه‌ره‌تای وه‌رگرتنی ده‌سه‌ڵاتی تیره‌که‌یه‌وه هه‌رده‌م دژی سیاسه‌تی چه‌وساندنه‌وه‌و ملهوری پاشایانی ئێران بووه. چه‌ندین جار (قاجار) ی‌یه‌کانو ره‌زا شا له‌شکریان سازداوه‌و ویستوویانه که تواناو هێزو برستی ئه‌م سه‌رداره نه‌هێڵنو له‌لانه‌ی باووباپیرانی ده‌ریان په‌رێنن، به‌ڵام زۆر جار شکستی و هه‌ناوکه‌وتن به‌شی ئه‌م سوپایانه بووه‌و نه‌یان توانیوه بگه‌نه مه‌به‌ستو مه‌رامی خۆیان، هه‌رچه‌نده به‌ر هێرش و په‌لامارو له‌شکرسازدانه هیمنی‌یان له ناوچه‌که‌دا بڕیوه‌و زیانیان به زۆربه‌ی دانیشتوانی ئاوایی‌یه‌کان گه‌یاندووه.

ئێمه له‌م کتێبه‌دا به نیازین که به پێی توانستو مه‌ودای ده‌ستکه‌وتنی زانیاری پێویستو به‌ڵگه‌ی مێژوویی چه‌پکێ تیشکو رۆشنایی بخه‌ینه سه‌ر هه‌ندێ له‌و بزوتنه‌وه‌و جموجوڵانه‌ی که خانی دزڵی فه‌رمانده‌یی کردووه‌و له‌گه‌ڵ سوپاو له‌شکری داگیرکارو خۆفرۆشاندا که‌وتووه‌ته جه‌نگه‌وه. به‌ڵام ئامانه‌وی ئه‌و لافه لێبده‌ین که توانیومانه له هه‌موو بزوتنه‌وه‌و هه‌ڵسوڕانه‌کانی بدوێین، چونکه نه‌بوونی سه‌رچاوه‌ی نووسراوو به‌ڵگه‌نامه‌ی دروست ئه‌م ئامانجه پیرۆزه‌ی به‌دی نه‌هێناوینو هه‌ندێ رووداوو بزوتنه‌وه‌ی هه‌روا به داخراوی‌و کلۆم کراوی ماونه‌ته‌وه، به‌هه‌ر حاڵ ئه‌وه‌ی له فه‌وتان قوتاریان

بووبیو دەست ئیمە کەوتبی لە سەر لاپەڕەکانی ئەم کتێبە تۆماریان دەکەینو وەك بابەتو کێشەیەکی مێژوویی قسەیان لەسەر دەکەین.

(ساڵی ١٩٢٦ لە زۆربەی ناوچە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا راپەڕینو جووڵانەوەی چەکداری جۆشی سەند، تیرەکانی بانەو سەقزو سەردەشتو شوێنەکانی تر دەستیان دایە راپەڕین وژمارەیەکی زۆر لە سەربازگەو بارگەو بنەی دەوڵەتیان سووتاند.

لە ناوچەکانی باشووریش تیرەکانی (هەورامانو مەریوان) بە سەرکردایەتی (مەحمود خانی دزلی) و (مەحمود خانی کانی سانان) و(جافەرسانی هەورامان) پەیامی راپەڕینیان گەیاندو هەر لەو کاتەدا پەیوەندییان بە (سالارالدولە) وە کردو بۆ ماوەیەکی زۆر ناوچەکانیان جەنجاڵ کردو لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتیان دەرهێناو لەم ماوەیەشدا شێخی بەردەقارەمان لە ناوچەی مەریوان بووە) (٢).

لە دیسەمبەری ساڵی ١٩٣٠دا حکومەتی رەزا شا بەو مەبەستەی کە چەکی عەشایەرەکان کۆبکاتەوەو جموجوڵیان نەمێڵێو داوای لە سەرەك ئێلو تیرەکانی سەرجەم ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد کە لە ماوەیەکی دیاریکراودا چەکو پێویستی جەنگ تەسلیم بە حکومەت بکەن، بەڵام مەحمود خانی دزلیو جافەرسانی هەورامانی لهۆن بەو داواکارییە قایل نەبوونوبەرەو رووی وەستانەوە، بەم هۆیەوە (رەزا شا) گەورەترین هێزی کۆکردەوە لە سوپاو هەندێ لە عەشایەرو داروبەستەکانیو لەنیوەشەوداو بە شێوەیەکی کوتو پڕ پەلاماری دەوروبەری دزلیو دەربەندە بەناوبانگەکەیان داو پاش شەڕێکی قورسی نابەرانبەری لەچەکو ژمارەدا مەحمودخان ئاوایی دزلیو دەوروبەری چۆڵکردو گەیشتە سنووری عیراقو لە ناوچەکانی هەورامانی لهۆندا ماوەیەك مایەوە. ئەم هێرشو پەلامارەی (رەزا شا) هێند سامناکو فراوان بووە و بایەخیان پێداوە هاتوون لە سەر بەردی مەڕمەڕ لە هەیوانی مزگەوتی جامیعەی

شاری سنە خۆسازدانو بەیاننامەو ئەنجامی ئەو شەڕەیان بەزمانی فارسی هەڵکەندووەو تائیستاش وەك خۆی ماوە.

ئیمەش لیرەدا دەقی ئەو نووسینە فارسی‌یە بە زمانی کوردی تۆماردەکەینو وینە فارسی‌یەکەیشی لە پاشکۆی بەڵگەنامەدا وەك خۆی بڵاودەکەینەوە[٢]، نووسینە هەڵکەندراوە فارسی‌یەکە بەم جۆرەیە:

(بە ناوی پیرۆزی بەندەی نالی حەزرەت شاهەنشاهی پەهلەوی، موڵکو سەڵتەنەتی ئاوایی دزڵی کە لە ناو کۆمەلە شاخیکی سەختدایەو ریی تیپەڕینی ئەو ئاوایی‌یەش کەوتووەتە نیوان دوو دەربەندی ئەسلو سەختو بەردەلان کە پیی دەوتریت- دەربەندی کلوێو دەربەندی دزڵی- چوار تووله ریی سەختیشی هەیە کە ناسراون بە-مەلا خۆرو کەماجارو کاوێو پیرۆستەم- ئەم دیٌیە لەژیر تەسەروفو دەسەلاتی مەحمودخانی کوری عەزیز بەگی هەورامی‌دا بوو کە لە تایەفەی بارام بەگی‌یە. ئەم شوینە لە بەرسەختیو نارەحەتی ناوچەکەوە لە بلاوبوونەوەو دەرکەوتنی ئەستیرەی درەخشانی پەهلەوی یاخی بووبوونو هەر بەم شیوەیە مابوونەوەو بەپیی فەرمانو خواستی پیرۆزی بەندەی گەورەو حەزرەتی پیرۆزی شەهریار کە گیانمان فیدای بیت تیپی سەربەخۆو تایبەتی کوردستان کە لە دوو کەتیبەی پیادەو سوارەی پالەوانو یەك وەحدەی تۆپخانەو یەك کەتیبەی پر چەکی شمشیر کە بەشیکیان وەك پاسەوانی سەربازی لە دەربەندەکەدا بوونو هیزەکانی تریش لەگەڵ عەشیرەتی مەریوانیو بەشیك لە عەشیرەتی هەورامی شەوی ٢٤ی دیاه هیرشیان کردە سەر ئاوایی دزڵیو لە ماوەی شەش سەعاتدا هەموو جیگا سەختو شوینە بەرزەکان لە چنگ شەرخوازو یاخی‌بووەکان دەرهینراو نیوەرۆی ٢٤ سەرکەوتوانە چوونە ناو دزڵی، ئەو سەرەك عەشیرەتو کەسە ناودارانەی لەم شەڕەدا بەشداری‌یان کرد بریتی بوون لە: سەرهەنگ مەحموود خان ئەمین فەرماندەی تیپو هیزی موهاجیر، سوڵتان حسین خانی فەرماندەی هیزی پیادە، سولتان حبیب فەخرەدین خان نائیبی یەکەمی فەتح، خان کلانتری، نائیبی یەکەم کەریم ئاغا میهرداد،نائیبی دووەم سەید هاشم خانی شوجاعی، نائیبی دووەم عەلی خانی مشکین نام، نائیبی سێیەم ئەحمەد خان قائیمی،

عەشایەری سولتان مەحمود خانی کانی‌سانانی سەرۆك عەشیرەتو ئەمنیەی مەریوان، بیگ نائیبی حکومەتی مەریوان کەیخسرەو بەگو ئەحمەد بەگی بالك، نائیبی ئەوەل عەین خان کەریمی فەرماندەی هێز، نائیبی یەکەمی طبیب ضیاءالدین خان پریا، نائیبی دووەم حەسەن خانی یەزدان سەنا، نائیبی دووەم بەهادین خان طبرسی، نائیبی سێیەم سەید ئەحمەد خان زرین میهر، عەشایەری حاجی محەممەد، ساڵح سولتان محەمەد خان کرئابادی، محەمەد عەلی بەگی تفلی، حەسەن بەگی رەزایی، محەمەد شەفیعی هەورامی، عەلی محەمەد بەگی بەهرام ئابادی، محەمەد بەگی رەزایی) (٤).

١٣٠٩ شەمسی که دەکاته ١٩٣٠ زایینی

گەر لەم پەیاننامەی حکوومەتی(رەزا شا) ورد ببینەوەو چاوێك بەوهەموو سەرکردەو سەرەك عەشیرەتانەدا بگێڕین کەبۆئەم پەلاماردانە کۆکراونەتەوە نیشانەی بەهێزی ورەو توانـاو ئازایـەتی مـەحمود خـانی دزڵـیو عەشـیرەتە چاونەترسەکەی دەگەیەنێ، لەلایەکیترەوە لەناوەرۆکی پەیاننامەکەدا سیمای دەوریکی کۆنی کۆمەڵگای کوردەواری بەدی دەکەین کەبەدرێژایی مێژووی وەك سیبەری خۆی لێی جیانەبووەتەوە ئەویش بریتی‌یە لەکۆمەڵەو بەشداری چەند عەشیرەتو کەسانی ناودارو سەنگینی ناوچەکەو شان بەشانی ئەرتەشی ئێرانی خۆیان بۆ ئەم مەبەستە سازداوە، ئەوەتا کەسیکی وەك (مەحمود خانی کانی سانان) کەچەندین جار رووبەرووی رژێمی ئێرانی بووەتەوەو لەم رێگایەدا ناسۆرو سزاو ئاوارەیی بینیوەو یەکێك بووە لەمرۆڤە ژیرەکانی سەردەمی خۆیو پشتیوانو خۆشەویستی شێخی نەمربووە، تەنانەت پێش ئەم رووداوەو دواتریش لەگەڵ مەحمود خانی دزڵیدا بەرانبەر بەرژێمی ئێران وەستاون، کەچی دەردی کوشندەی تیرەگەرێتیو مەسەلەی دەسەڵاتو موڵكو زەوی زارو پاشکەوتویی باری سیاسیو کۆمەڵایەتی وای کردووە کەبکەوێتە هەڵەیەکی

مێژوویی‌یەوە، نەك هەرئەمەیش بەڵكو یەكێكی وەكوو(حەمە عەلی بەگی تفلی كەبەشداری ئەم هێرشەی كردووە خزمی نزیكی مەحمود خانی دزڵی بووە.

پێویستە لێرەدا ئەوەیش بۆ مێژوو تۆمار بكەین كەلەهەمان كاتدا(جافەرسانی هەورامانی لهۆن) بەخۆیو جەنگاوەرەكانی‌یەوە بەرەو رووی سوپای ئێران وەستاو پاش جەنگێكی سەخت لە(شمشێرە)لەگەڵ هێزی نیرراوی كرماشان كەبەسەركردایەتی كۆلۆنیل(رزم ئارا)بوو توانی كەزیانێكی زۆریان پێبگەیەنێ، بەڵام دواتر سنووری بڕیو رووی كردە هەورامانی عیراق.

لەكاتێكدا مەحمود خانی دزڵی گەیشتە ئاوایی‌یەكانی هەورامانی لهۆنو پاش ماوەیەك كەوتە دەست حكومەتی عیراقو هێنرایە شاری سلیمانی، دەست بەجێ (رەزا شا)داوای لەدەسەڵاتدارانی عیراق كرد كەخانی دزڵی تەسلیم بەئێران بكرێتەوە، بەڵام حكومەتی عیراق بەوبیانووەی كەخانی دزڵی لەعێراقیشدا ئاوانبارەو تەسلیم بەئێران ناكرێتەوە تاحوكمی تەواوی خۆی وەرنەگرێ. لە عیراقدا چەند ساڵێكی بەبەندیو دەست بەسەری تێپەراندوو رەهەندەی شاران كرا، لەم كاتەدا خوالێخۆشبوو_(شێخ عەلائەدینی بیارە)هەوڵێكی زۆری بۆداو (سەید مەزهەر)[٥]ی نوینەری تایبەتی خۆی ناردە لای مەلیك فەیسەلی یەكەم بەومەبەستەی كەگیانی پارێزراو بێت و تەسلیم بەئێران نەكرێتەوە.

لەلایەكی ترەوە لەوكاتەدا كەخانی دزڵی لەشاری سلێمانی بووە خوالێخۆشبوو (شیخ حسێنی شێخ عەبدولقادری شێخ كەریمی كەسنەزان)[٦] لەرۆژی ١٩٣١/٩/٢٠دا بەناوی(حەفیدی پیری كەسنەزان)ەوە نامەیەكی پرلەسۆزو وەفاو دڵسۆزانەی بۆ موتەصەریفی ئەو سەردەمەی شاری سلێمانی دەنێرێو لەنامەكەدا بۆی روون دەكاتەوە كەمەحمود خانی دزڵی یەكێكە

لەسەرداره ئاودارەکانی ئاوچەی هەورامانو شایانی قەدر زانینەو داوایش دەکات کەبەکەفالەت لەبەندیخانە بهێنرێتە دەرەوە[٧].

دیارە ئەم هەڵویستەی (شیخ حسێنی کەسنەزان) لەورۆژگارە جەنجاڵەدا نیشانەی جوامێریو بەتەنگەوە هاتنی دەگەیەنێ بەرانبەر بەمێژووی کوردو سەردارە دلێرەکانی.

خانی دزلی دوای زیندانیو دەربەدەری سالی ١٩٤٣دەگاتەوە ئاوایی دزلیو ئەمجارەیان لەگەڵ مەحمود خانی کانی ساناندا رێك دەکەونەوەو(سەرلەنوێ خانی دزلی بەهاوکاری خانی کانی سانان لەسالی ١٩٤٤دا هیرشیکی بەربلاو دەکەنە سەر هیزی دەولەت)[٨] بەلأم پاش ماوەیەك مەحمود خانی کانی سانان نەخۆش دەکەویت، بەلأم خانی دزلی وەك هێزێکی خاوەن ورەی بەرهەلستکار دەمێنیتەوە تائەوکاتەی کەبە فروفێلی کاربەدەستانی ئیران دەرمان خوارد دەکریو تۆماری ژیانی دەپێچرێتەوەو دەچێتە لاپەرە نەمرەکانی مێژووی کوردەوە.

سەرچاوەو پەراوێزەکانی بەشی سێیەم:

١)سەبارەت بەشەڕو شۆڕەکانی (بارام بەگ)ی باپیری مەحمود خانی دزڵی سەرچاوەیەکی نووسراوی ئەوتۆ لەبەردەستدا نییە، یان گەر بشبێت دەست نیمە نەکەوتووە، بەڵام ئەم کورتە زانیارییانەم لەخوالێخۆشبوو(شێخ ئەمینی شیخ عەلائەدینی بیارە) بیستووە کەلەگفتوگۆیەکدا لەگەڵ (عەبدولڕەقیب یوسف)دا سازی کردوەو رۆژی١٩٨٤/٦/٢٦لەسەر شریت تۆمارکراوە، شیخ ئەمین دەڵێ:(لەم ماوەیەدا کتێبێکی فارسیم دەستکەوت بەناونیشانی -رجال نالی ایران- واتا پیاوە ناودارەکانی ئیران‌و باسی شەڕەکانی بارام بەگی دزڵی تیدایە بەتایبەت لەرۆژگاری- ناسرەدین شای قاجاردا. ئەوەی شایانی باسە(شیخ ئەمینی نەقشبەندی)زاوای مەحمود خانی دزڵی‌یە.

٢)حسن ارفع، کرد هاویك بررسی تاریخی‌و سیاسی، ل١٦(ئەم کتێبە لەبنەرەتدا بەزمانی ئینگلیزی دانراوەو دواتر وەرگێڕاوەتە سەر زمانی فارسی.

٣)دەقی ئەم بەیاننامە فارسی‌یە لەپاشکۆی بەڵگەنامەکاندا بلاوکراوەتەوە.

٤)ئەم بەیاننامە فارسی‌یەم لە(کاوەی کوری ئەنوەربەگی مەحمودخانی دزڵی) وەرگرت کەبۆ ئەم مەبستە سەفەری شاری سنەی کرد.

٥)سەید مەزهەر لەئێراندا بەسەید مەزهەری عەلەوی‌و لەعیراقدا بەسەید مەزهەری حوسێنی ناسراوە، کوڕی سەید عەبدولکەریمی کوڕی حاجی سەید عەبدولسەمەدی کوڕی سەید عیسای سەربەتایەفەی (عەبدال سەمەدی)یەو لەتیرەی پیرخدری شاهۆیە، سالی١٣٢٠ی کۆچی لەدێی (چاوڕێلکان)ی نزیکی سنە لەدایك بووە، ماوەیەکی زۆر خەتیبی خانەقای بیارەو نووسەری تایبەتی شێخ عەلادین بووە، سەید مەزهەر لەشیعردا دەستی هەبووەو کۆمەلە شیعرێکی کوردی‌و فارسی هەیەو لەگۆڤاری(دەنگی گێتی تازە)دا چەند شیعرێکی بۆ بلاوکراوەتەوە؛ سەید مەزهەر لەسەرەتای شیعرێکی‌دا دەڵێت:

دەنگی گێتی تازە دێت گوێ بگرە کوردە نۆرەتە

رەنــــگی تازەت وەرگرە ئەمرۆکە رۆژی فرسەتە

٦)شیخ حسێنی شێخ عەبدولقادری شێخ کەریمی کەسنەزان، سالی ١٨٨٣ی زایینی لەدایك بووەو سالی ١٩٣٨کۆچی دوایی کردووە، شێخ حسێن براگەورەی شێخ عەبدولکەریمی کرپچنەیەو یەکێك بوە لەناودارە ئایینی‌یەکانی شێخانی بەرزنجەو بەچەند

بەشی چوارەم

مەحمود خانی دزڵی و شێخی نەمری بەردە قارەمان

بەشی چوارەم

مەحموود خانیدزڵیو شێخی نەمری بەردە قارەمان

دۆستایەتی و برایەتی و بڕوا بەیەك بوونو هاوكاری كردن لەنێوان (مەلیكی باشووری كوردستان شێخ مەحمودی حەفیدزادەی بەرزنجی)(١) و (میر مەحمودخانی دزڵی سەرداری هەورامانی تەخت) لە لاپەڕەكانی مێژووی دووروو نزیكی ئەم نەتەوەیەدا دیاردەیەكی دانسقەو تایبەتیو دووبارە نەكراوەیە، چونكە بەدەگمەن دۆستایەتییەكی درێژخایەنو هەتا سەر لەمێژووی ژیانی فەرماندەو سەرەك ئێلەكانی كوردو سەردارەكانیدا پلەیەكی بەرچاو روونی بڕیبێ. بەڵام لەیەكەم راپەڕینی شێخی بەردەقارەمانەوە تائەو رۆژەی بەرچاوی تاریك كراو وازی لەسیاسەتو شۆڕش پێ هێنراو دوور خرایەوە بۆ باشووری عێراقو شۆڕشی كوردایەتی خەفەكرا مەحمود خانی دزڵی بەبێ لادانو پاشە كشەوبڕانو لەگەڵیدا بووەو تەماعو فرووفێڵو پلانی داڕێژراوی داگیركاران بەقەدەر تۆسقاڵێك لەكێوی ورەو دڵسۆزی نەڕووشاندووەو پشتی شێخی نەمری بەرنەداوە. ئەم راستییەش جگە لەوەی وەك چوری شیر ئاشكراو ئاشاردرێنەوە، لەبەیاننامەو دۆكومێنتەكانی ئارشیفی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیاو وەزارەتی فڕۆكەوانیو یادداشتی گەورە ئەفسەرو لێپرسراوانی

بەریتانیشدا باس کراون و ئارادەیەکی باش دانیان بەم یەکێتی و هاوکاری یەداناوەو خانی دزلی یان بەدوژمنێکی سەرسەختی خۆیان زانیوەو بۆیان نەکەوتووەتەداوی هەڵخەڵەتاندن و دەست بەردار بوون لەکاری نیشتمانی و نەتەوایەتی و هەموو هەوڵ و تەقەلایەکیان لەم بوارەدا بەفیڕۆ رۆیشتووەو بێ ئەنجام ماوەتەوە. چونکە لەو سەردەمەدا پوازو ئەلقە لەگوێکانی داگیرکاری کوردستان کەم نەبوون کەوەك درکێك چەقیبوونە ناوجەرگی شۆڕشی کوردەوە، ئێمەیش لەم چەند لاپەڕەیەداو بەپێی ماوەو توانست لەم بەشداری وقوربانی دانە ئەدوێین بۆ ئەوەی مێژووی هاوچەرخی کوردی سەرلەنوێ یادی بکاتەوە.

حکومەتی یەکەمی شێخ مەحمود

لەئەنجامی رووداوو کارەساتەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی دا ئینگلیزەکان توانیان دەسەڵاتی سیاسی و فەرمان رەوایی و سەربازی خۆیان بەسەر زەوی یە پانوپۆڕە بەپیتەکەی عیراق دا بسەپێنن و بەهاوکاری نێوان دەوڵەتە هاوپەیمانەکان دوا گورزی سەختیان سرەوانە بناگوێی ئیمپراتۆری یەتە شلۆقەکەی (عوسمانی)(٢) و بەو مەبەستەی کەلە نەخشەی مێژووی دوای جەنگدا سیماو شوێنەواریان بسڕنەوەو دەسگاو یاسایەکی نوێ بەئەنجام بگەیەنن. هەر لەسەرەتاوە ئینگلیزەکان بەدوو چاوی تیژی سەرنج و بیرکردنەوە کەوتنە رامان و وردبوونەوەو سۆراخ کردن سەبارەت بەبارودۆخی ئەو رۆژگارەو پاشەرۆژی ئەم وڵاتە. پاش ماوەیەکی کورت گۆرانکاریەکانی ئەو سەردەمە وایان پێویست دەکرد کە بەو پەری وریایی یەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم بارو دۆخەدا بکەن و چارەسەرێك بۆ باشووری کوردستان بدۆزنەوەو شەخسی یەتێکی لەبارو خاوەن پایەو دەسەلات بۆ بەڕێوەبردنی ناوچەی سلێمانی و دەوروبەری

دەستنیشان بکەن و لەم ڕێگەیەشەوە بتوانن کەتارانەیەك خۆیان لەگرفت و کارەدژوارەکانی ناوچەکە رزگار بکەن و سنوورێکیش بۆ پروپاگەندەی تورکەکان دابنێن.

دیارە لەو رۆژگارەداو دوای شەڕی (شوعەیبە)[3] شێخ مەحموودی حەفید زادە لەهەموو شەخسییەتێکی ئەو سەردەمە زیاتر ناوو شۆرەتی لەسەر زبان بوو، بەم جۆرە دوای لێکدانەوەو هەڵسەنگاندنی لایەنەکانی ئەم مەسەلە گرنگە لەنێوان لێپرسراوانی ئینگلیزدا، جێگری حوکمداری گشتی مەملەکەتی بەریتانیا لە عیراقدا (ئارنۆلد ویڵسن Arnold Wilson)[4] لەمانگی تشرینی دووەمی سالی ١٩١٨ی زایینیدا (مێجەر نۆیل Major Noel)[5]ی راسپارد کەپەلە لەم مەسەلەیەدا بکات و ئەوەی بڕیاردراوە بەجێی بهێنێ، بەم پێیە (لە ١٩١٨/١١/١٦دا حاکمی سیاسی ئینگلیز لەناوچەی کەرکوکدا، میجەرنۆیل هاتووەتە سلیمانی و لە ١٩١٨/١١/١٧داو لەئاهەنگێکی جەماوەری سلێمانیدا گوتاری داوەو ئاشکرا وتویەتی–بەفەرمایشتی حاکمی گشتی بەریتانیا لەعیراقدا مژدەتان دەدەمێ ئیدی سەربەخۆن و شێخ مەحمود حوکمداری کوردستانە)[6] ودواتریش لە (١٩١٨/١٢/١دا ویڵسن چووەتە دیدەنی سلێمانی و لەگەڵ شێخ مەحمودو چل سەر خێڵی کوردستان–هەروەها چەند سەرخێڵێکی رۆژهەڵاتی کوردستان کۆبووەتەوەو هەردوولا بەڵگەنامەی دڵنیاییان مۆرکردووە.)[7] ولەهەمان کاتدا (مێجەر نۆیل بوو بەراوێژکاری مەدەنی و دانلیس بەراوێژکاری سەربازی.)[8]

بەم رووداوە ناوچەکە جموجولێکی هەست پێکراوی بەخۆیەوە بینی و ژیانی ناوچەکە کەوتە گەڕ، چونکە ئەم وەرچەرخانە مێژووییە رووداوێکی گرنگی نەتەوایەتی بوو سەبارەت بەبارودۆخی ئەو رۆژگارەی باشووری کوردستان و

(هەر لەم ساڵانەدا زمانی کوردی بۆ یەکەمجار بوو بەزمانێکی رەسمی لەکارو باری ناوخۆدا)[٩]

(ئەم حوکمداری‌یە بەفەرمانی وێلسن-کەسنووری لەزێی گەورە تا دیالە بووەو کەرکوك‌و کفری لێ دەرهاوێژراوە، مێجەر نۆیل راویژکاری حوکمداربووە، حکومەتیکی بێ کابینەی وەزارەت، بێ بوودجەی ساڵانەو گشتی، بێ بەرنامەیەکی دیار بۆ گۆرینی باری سیاسی‌و ئابووری‌و رۆشنبیری‌و کۆمەڵایەتی بووە، ئەوی لێ‌ی دیارە وەك نووسراوێکی رەسمی حوکمدار دەبێژێت- نەشری عیلم‌و فونوون‌و تەرویجی ئەحکامی شەریعەت‌و خیلافەت‌و موحافەزەی ئایینی ئیسلامی‌یە لەژێر حیمایەی دەوڵەتی بەریتانیا، هەروەها دەزگایەکی بچووکی موتەصەریفی‌یەتی کوردو لەشکرێکی بچووکی-لیڤی- لەکوردان‌و بەسەرپەرشتی ئەفسەرانی ئینگلیز پێك هاتووەو کارگێرو کارمەندەکان لەتورك‌و هاوتایان پاك کراونەتەوەو کوردی بووە بەزمانی رەسمی دەزگاکان‌و حوکومداری کوردستانیش مووچەیەکی ١٥ هەزار روپیەیی بۆ براوەتەوە)[١٠] بەلام لەگەڵ ئەم بارەناتەواوەیشدا کوردەکان بەخۆشحاڵیەوە پیشوازیان لێکردو بووە مایەی شادمانی‌و رێزلێگرتنی حوکومەتەکە، لەلایەکی ترەوە (ئینگلیز زۆر ترساوە لەبەهێزگرتن‌و پەرەسەندنی حوکمداری یەکە، بۆیە گەرماو گەرم دەستی داوەتە پلان‌و گێچەڵ پێ‌کردن‌و لەسەرەتای مانگی شوباتی ١٩١٩دا کەوتووەتە جێبەجێ کردنیان بۆ هەڵگێرانەوەی حوکمداری‌یەکەو چەسپاندنی دەسەڵاتی سیاسی‌و سەربازی داگیرخوازانەی خۆرئاوایی لەکوردستاندا.)[١١]

بەگوێرەی بینین‌و بۆ چوونی زۆربەی ئەو نووسەرو سیاسی‌و گەریدەو مێژوو نووسانەی کوردو بیانی کەسەبارەت بەم قۆناغە تایبەتی‌یەی نەتەوەی کوردیان نووسیوەو بەتایبەتی ئەوانەی لەنزیکەوە ئاگاداری ئەو حوکمداری‌یە

کەم خایەنە بوون زۆربەیان لەسەر ئەو باوەڕە یەك دەگرنەوە کە (مێجەر نۆیل) وەك سیاسەت مەدارێکی بەتواناو شارەزایەکی ناوچەکە ویستویەتی کەبەهێمنی و دوور لەهەڵەشەیی و چاو سوورکردنەوە لەگەڵ بارو دۆخەکەدا بگونجێ و تەنانەت (زۆر ڕێزی شێخ مەحمودی دەگرت و هیچی بەبێ پرسی ئەو نەدەکرد، هەر ئەویش بوو کەلە ٢٧ی تشرینی یەکەمی سالی ١٩١٩دا یادداشتێکی دابە وێلسن-وتیایدا وتی: ماوەی چوار سەد ساڵە کورد گیرۆدەی دەستی تورکەو هەموو هەوڵێك دراوە کەوەکو گەلێك نەهێلدرێ و بتوێنرێتەوە.)[١٢]

ئەم حوکمدارییە زۆری نەخایاند کە ئینگلیزەکان لەو ڕاستییە گەیشتن کەناتوانن شێخی نەمر دەستەمۆ بکەن و وەك هەندێکی تر ڕای کێشنە ژێر دەسەلاتی خۆیان و بۆبەرژەوەندی یەکانی ئەوان هەلسوڕێ و ئەو مافەکەم و کورتەیان بەکورد ڕەوا نەبینیوەو کەوتنە چنینی داوی فروفێڵ و هەوڵدان بۆ کەم کردنەوەی سنووری دەسەلاتی شێخ و هەلگێڕانەوەی هەندی تیرەو دەستەو تاقمی ناوچەکەو (لەم پیناوەدا)، لەلایەکەوە لە ١٩١٩/١١/١دا بەبیانووی گەشت کردن بەباکوری کوردستاندا-مێجەرنۆیل-ی نەرمی لەحوکمداری کوردستان دوور خستەوەو لەنیوەی شوباتی ١٩١٩دا -میجەر سۆن-ی توندو تیژو ناشنای کوردو کوردستانی لەشوێن دانا، سۆن لە ١٩١٩/٤/٢٤دا گەیشتە سلێمانی و سلاوی لەحوکمداری کوردستان نەکردوو بایەخی پێنەدا، بۆ ئەوە ڕاسپێردرابوو کەناونیشان و دەسەلاتی حوکمداری کوردستان سووك و تەسك بکات، هەڵبەت بەدامەزراندنی ئەوێ وەك حاکمی سیاسی، نەك ڕاوێژکار وەك نۆیل، دوو دەسەلاتی دژوار لەسلێمانیدا هەڵ کەوت)[١٣]

(میجەرسۆن)[١٤] وەك دوژمنێکی نەگریس و داخ لەدڵ سەیری کورد فەرمانڕەوایەتی شێخی نەمری دەکردو لەهیچ کاروبارێکی سیاسی و ئیداریدا

پیکەوە نەدەگونجان، دیارە بەم ئالو گۆڕو وەرچەرخاندنە باشووری کوردستان بەگشتیو ناوچەی سلیمانی بەتایبەتی بێ ئارامی رووی تێکردوو شپرزەیی بەرەنگو روویەوە دیاربوو، ئەوەتا لێپرسراوە ئینگلیزەکان خۆیان سەبارەت بەم پلانو ئاژاوەیە دەڵێن : (ئینگلیز لەمێژەوە لەوە گەیشتبوکەبەهێز بوونی شێخ مەحمودو فرە بوونی دەسەڵاتەکانی دەبنە مەترسییەکی زۆر بۆیە نوێنەرانی ئینگلیز فەرمانیان دا کە هەندێ لەدەسەڵاتو توانستەکانی بقرتێننو قارسی بکەن، ئەوە خێلە کوردی ئازای -جاف-یان لەدەسەڵاتی شێخ دابڕی، بەونیازەش لە نزیکەوە مامەڵەی تایبەتی لەگەڵ شێخ بکرێت ئینگلیزەکان یەکێکیان وەك یاریدەدەری ئەفسەری سیاسی لەهەڵەبجەدا قووت کردەوە، دابڕینو هەڵوێرانی جاف جەزرەبەیەکی کاریگەر بوو لەدەسەڵاتی شێخ درا)[١٥] بەم جۆرە (ئەو رەنگە زەردو سوورانەی کەداگیرکاری ئەو رۆژە خۆی پێ رازاندبووەوە دەرکەوت کەدیو جامەی ئینگلیزی راوچی بوو کوردی لەکەو بوارا پێ راو دەکرد.)[١٦]

شێخی ئەمر وەك سەرکردەیەکی کورد پەروەرو چاو نەترس بەگومانەوە لەهەڵسو کەوتو رەفتارەکانی (میجەرسۆن) ورد دەبووەوە بێزاریو وەرس بوون لەهەموو لایەکەوە دەمارەکانی هێنابووە هەژانو جەستەی دەرزی ئاژن کردبوو، بۆیە بەدوای چارەسەرێکدا دەگەڕا تا بتوانێ جڵەوی فەرمانڕەوایەتی لەدەست نەسەنرێو گورزێکی سەختیش بسرەوێنێتە دوژمنانی نەتەوەکەی. لەلایەکی ترەوە پێویستە ئەو راستییە ون نەکەین کە (یەکێك لەسیفەتەکانی خەباتی رزگاریخوازی کورد بەسەرۆکایەتی شێخ مەحمود ئەوەبوو کە بەپێچەوانەی بزوتنەوەو راپەڕینەکانی تری کوردی کەپێشتر یان لەو سەردەمەدا بوو توانی کەلەچوار چێوەیەکی تەسکی ناوچەیی خۆی دەربهاوێژیو هەرلەو کاتەوە کەتێکەڵ بەکۆڕی ژیانی سیاسیبوو بەو پەڕی

گەیشتە لوتکە، میّجەر سۆن هیچی لەو داخوازییانەی لە حکومەتەکەی شێخ مەحمودەوە پێدەگەیشت جێبەجێی نەدەکردو نەیشیدەهێشت کەس بۆ زیارەتی گڵکۆی کاك ئەحمەدی شێخ بچێت. بە شەویش هاتووچۆی لە شارەکەدا قەدەغەکردبوو، هەروەکو خەڵکەکە لە ژێر دەستی ئەوانداب‌و ئەوان ئاغاو کوردیش نۆکەر، بە هۆی تێکچوونی وەزعو نارەزایی گەل بەرانبەر بە کردارەکانی ئینگلیز، نارەزایی دەربڕینی ئەمانە هەمووی شێوەیەکی گشتی وەرگرت، کاتێك ئینگلیز زانی وەزعی سلێمانی تێکچووە لیوایەك سەربازی بە چەکی هەمەجۆرەوە هینایە سلێمانیو لە نزیك شاخی گۆیژەوە خێوەتیان هەڵدا، شێخ مەحموود کاتێك زانی کارلەکارترازاوە نامەیەکی بۆ دۆستی راستگۆی خۆی میر مەحموودخانی هەورامی نووسی، داوای لێکرد بە ناوی زیارەتی گۆڕی کاك ئەحمەدی شێخەوە لەگەڵ سوپاکەیدا کە چوار هەزار چەکدار بوو بگاتە سلێمانی) [٢٣] و هەروەها شێخ لەتیف درێژە بە باسەکەی دەداتو دەڵێت: (لەشکری ئینگلیز ویستیان بێتە ناو شاری سلێمانییەوەو ئاگری بزوتنەوەکە خامۆش کەن، بەلام سوپای کورد لە ژێر فەرماندەی میرمەحمودخانی هەورامیدا_ پەلاماری سوپاکەی ئینگلیزیداو لە ماوەیەکی کەمدا لە ناویان بردن، کاتێ ئەم هەواڵە گەیشتە خەڵکیو گوێیان لە دەنگی تەقە بوو بەرەو لای مەحمود خان رۆیشتن بۆ ئەوەی لە شەرەکەدا یارمەتییان بدەن، بەلام پیش ئەوەی بگەنە لایان کۆتاییان بە دوا سەربازی ئینگلیز هینابوو، جگە لە هەندێکیان کە هەلاتن یان دەستگیرکران، کەریم بەگی فەتاح بەگو ئەحمەد بەگی ساحیبقران لەگەڵ ژمارەیەك لە چەکدارانی کورد دوایان کەوتنو ژمارەیەکیان لێکوشتنو هەندێکیشیان بەرەو کەرکوك هەلاتن... ئەوانەیش کە پیاوانی سیاسی ئینگلیز بوون بە دیلگیرانو پاریزگاری باشو رێزی زۆریان لێگیرا) [٢٤].

لەم کاتەدا شێخی ئەمر بروسکەیەکی بۆ (وێلسن) ی حاکمی سیاسی عیراق ناردو تیایدا وتی: (کورد لە وزەیدا نەماوەو ئیتر بە قسەی ئیوە تەفرە ناخوات، بۆ ئازادی دەستدرایە چەکو گیانی هەموو پیاوەکانتان لە دالدەی خۆمدایەو

بۆ ئەوەی خوێن نەڕژێت حەقی خۆمان بدەنێ کە ئازادی کوردەو بەڵێنتان بەجێبهێنن) [٢٥] ودوای ئەم بروسکەیە (نامەو راسپاردەی تایبەتی بۆ هەندێ لە سەرۆك عەشیرەتەکانی ناوچەی سۆرانو بادینان ناردو کرۆکی مەسەلەکەی تێگەیاندنو بانگی شۆڕشی بڵاوکردەوە) [٢٦]

دەربارەی ئەو نامەیەی شێخی ئەمر بۆ خواڵێخۆشبوو (شێخ ئەحمەدی بارزانی) کاك (مەسعود بارزانی) لە کتێبەکەیدا (البارزاني والحركه التحرريه الكرديه) دا دەڵێ: (کە شێخ مەحمودی حەفید لەمایسی ١٩١٩دا دەستی بە شۆڕشەکەی کردو رووبەرووی ئینگلیزەکان بووەوە، شیخ ئەحمەدی بارزانی نامەی نارد بۆ هەندی لە سەرۆك عەشیرەتەکانی ناوچەی بادینان بۆ ئەوەی لایەنی شیخ مەحمود بگرن، خۆیشی هەندێ چەکداری بارزانی بەسەرۆکایەتی مەلا مستەفای بارزانی برای نارد بۆ ئەوەی بەشداری شۆڕشەکەی شیخ مەحمود بکەن، ئەو چەکدارانە لە ناوچەی (دۆلی بیاو) کە بەشیکە لە ناوچەی سورچی یەکان لە رۆژهەڵاتی بارزانداو بە رێگەی خەلیفان_ بارزان_دا تێپەرینو هەندێك لەوێوەو هەندێکی تریش لە ریگای (باڵەك) موە هەردوو تاقم لە رێگادا رووبەرووی هەندی بە کرێگیراوی ئینگلیز بوونە وەو لەو شەرەدا هەندێکیان لێکوژرا، بەڵام بەر لەوەی هیزە کە بگاتە سلێمانی شێخ مەحمود لە دەربەندی بازیاندا بەبریینداری بەدیلگیرابوو،[٢٧]

بەم جۆرە بە ئازادکردنی شاری سلێمانیو نەهێشتنی دەسەڵاتی داگیرکارانی ئینگلیز لە لایەن مەحمود خانی دزلێیەوە زنجیرەی شۆڕشو تێکۆشانی شێخی ئەمرو خانی دزلی لە باشووری کوردستاندا دەستی پێکرد..کەواتە داینەمۆی رزگارکردنی شاری سلێمانی میر مەحمود خانی دزلێ بووەو هەرئەو بوو کە توانی ئەم ئەرکە پیرۆزە مێژوویی یە بە ئەمانەتەوە رابپەرێنێ

سەرچاوەو پەراوێزەکانی بەشی چوارەم:

(١) شێخ مەحمود کوڕی حاجی (شێخ سەعید) ی حەفید کوڕی شێخ محەمەد (بچکۆلە) کوڕی حاجی کاک ئەحمەدی شێخ کوڕی (شێخ محەمەد- ناسراو بە شێخ مارفی نۆدیی بەرزنجی) یە، لەبەرئەوەی شێخ سەعید) ی باوکی نەوەی کاک ئەحمەدە بە نازناوی (حەفید) ناسراوە، دایکیشی (ئامینە خان)ی کچی (شیخ بابا رەسول)ی بەرزنجی‌و کچەزای کاک ئەحمەدی شێخ بووە، بە پێی راسترین مێژوو سالی ١٣٠٢ی کۆچی کە دەکاتە ١٨٨٦ی زایینی لە دایك بووەو رۆژی ١٩\١٠\١٩٥٦لەشاری بەغداد کۆچی دوایی کردووە.

(٢) دەوڵەتی عوسمانی لە ساڵی ٦٩٩ی کۆچی ١٢٩٩ی زایینی لە لایەن عوسمان ناوێکەوە بیاتنراوە، لە سالی ١٩٢٢ کۆماری تورکیا هاتە کایەوە.

(٣) لە گەرمەی جەنگی یەکەمی جیهانی‌داو لە کاتێکدا کە ئیمپریالیستی ئینگلیزی قاچی خستە عیراقەوە، لەژێر سۆزو کاریگەرێتی ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا شێخ مەحمودی حەفیدزادە بە کۆمەڵێ جەنگاوەری کوردەوە کە بریتی‌بوون لە رۆڵەکانی داودەو زەنگەنەو دەلۆو هەمەوەندو جافی دەوروبەری کەلار و هەندی لە شێخانی بەرزنجە بەرەو باشووری عیراق بەرێکەوت بەمەبەستی بەرهەڵستی‌کردنی هێرش‌و پەلاماردانی ئینگلیزەکان، جەنگو بەرەنگاربوونەوە لە بەرەبەیانی رۆژی ١٢\٤\١٩١٥دا لە سێ لاوە دەستی پێکردو دیارە ئەم جەنگەش بۆ پشتیوانی‌کردنی دەوڵەتی عوسمانی بوو، بەڵام ئەم لەشکرە بە شکستی گەڕایەوە دوای ئەوەی کە قوربانی‌یەکی زۆری‌دا. (بۆ درێژەی ئەم باسە مێژوویی‌یە، بڕوانە دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، گۆڤاری رۆشنبیری نوێ، ژ ١٢٥ وەرزی بەهار، ١٩٩٠، ل٣٦، ٣٧

(٤) سیر ئارنۆلد وێلسن Sir Arnold Wilson فەرماندەیەکی سیاسی‌و سەربازی ئینگلیزەکان بوو، لەگەڵ یەکەم پەلاماردانی ئیمپریالیستی ئینگلیزی بۆ خاکی عیراق لە سالی ١٩١٥دا لە ژێر فەرماندەی (پیرسی کۆکس) هاتە عیراق‌و پلەی (تەقیب) ی هەڵگرتبوو. دوای‌ئەوەی (پیرسی کۆکس) حاکمی گشتی مەملەکەتی بەریتانیا لە عیراق‌دا لە (١٥ی ئەیلوولی١٩١٨) دا کرا بە سەفیر لە تاران، وێلسن کرا بە جێگری حوکمدرای گشتی مەملەکەتی بەریتانیا لە عیراق‌دا . دوای شۆرشی ١٩٢٠ی گەلانی عیراق‌و سەرنەکەوتنی وێلسن لە دامرکاندنەوەی شۆرشەکە برایەوە بۆ بەریتانیا. وێلسن یەکێك بوو لە دوژمنە

سەرەکی‌یەکانی شۆڕشی کوردو سەرۆکەکەی، زۆربەی پرۆژەو بۆچوونو داخ لە دڵیتی بەرانبەر بە شیخ مەحمود.

بە روونی لە نووسینو یادداشتەکانی‌دا دیارە، بۆ ئەم مەبەستەیش بڕوانە:

Wilson A.T.Loyalities Mesopotamia 1914- 1917. Personal and historial record, London, 1930

Wilson A.T.M esopotamia 1917-1920, Actash of loyalities, London, 1931

سەیر لەوەدایە (ویڵسن) باسی ئازایەتی‌و راستگۆیی شێخی ئەمریش دەکات.

(٥) سەرچاوە ئارشیفی‌یەکانی بەریتانیا ئەوە دەگەیەنن کە (مێجەر نۆیل) ئەکادیمی‌یەی سەربازی لە ئینگلتەرە تەواو کردووەو لەگەڵ کاروباری سیاسەتی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیادا کاری کردووە

(٦) کەمال رەووف محەمەد، گۆڤاری رامان، ژ٣١، کانوونی دووەمی ١٩٩٩، هەولێر.

ئەحمەد تەقی لە یادداشتەکەی لەم باسە دواوە، بڕوانە: خەباتی کورد لە یادداشتەکانی ئەحمەد تەقی‌دا، رێکخستن‌و ئامادەکردنی بۆ چاپ، جەلال تەقی، بەغداد، چاپخانەی سلمان الاعظمی، ١٩٧٠، ل٢٣.

بەلام ویڵسن لە کتێبەکانی‌دا وشەی (حوکمدار) بەکارناهێنێت‌و سەرچاوەی تری بەریتانیا دەڵێن (شێخ مەحمود تەنیا بەڕێوەبردنی شاری سلێمانی پێ سپێرراوە، لە لایەکی ترەوە W.R. Hay لە یادداشتەکانی‌دا وەك کاربەدەستێکی کۆلۆنیالیزمی بەریتانی لە کوردستان سالانی ١٩١٨-١٩١٩ ئیشارەت بۆ دانانی شیخ مەحمود دەکات بە حوکمدار بۆ ئەمەیش بڕوانە:

Hay W.R .Two years in Kurdistan, Experiences of political officer (1918- 1920, London, 1921)

(٧) کەمال رەئوف محەمەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو

(٨) عەلائەدین سەجادی، شۆڕشەکانی کوردو کوردوکۆماری عێراق، چاپخانەی مەعارف، بەغداد، ١٩٥٩، ل٨٢

(9) Edmonds, Kurds Turks and Arabs, London, Oxford University press, p.11.

(١٠،١١) کەمال رەئوف محەمەد، گۆڤاری رامان، ژ٣١، کانوونی دووەمی ١٩٩٩

لیرەدا پێویستە ئەو راستی‌یە تۆماربکری کە نووسەر کەمال رەئوف محەمەد بۆ یەکەمجار بە بەڵگەوە ئەو راستی‌یەی خستە روو کە رۆژی ١٩١٨\١١\١٧ رۆژی دامەز راندنی یەکەم حکومەتی شێخ مەحمودە، نەك ١٩١٨\١١\١ کە لەمەوبەر باس‌کراوە. بۆ ئەمەیش بروانە: کوردستانی نوێ، ژ ١٤٢٤ رۆژی ١٩٩٧\١٧\١٠

(١٢) خەباتی کورد لە یادداشتەکانی ئەحمەد تەقی‌دا ، رێکخستن‌و ئامادەکردنی بۆ چاپ جەلال تەقی، چاپخانەی سلمان الاعظمی، بەغداد، ١٩٧٠،ل٢٤

(١٣) کەمال رەئوف محەمەد، گۆڤاری رامان، ژ٢١، کانوونی دووەمی ١٩٩٩

(١٤) ئیلی بانستەرسۆنEly Bannister Soone لە رۆژی (١٦) ی ئابی سالی ١٨٨١ لە (کنزکتن Kensigton) ی ئینگلتەرە لە دایك بووە، بەو بۆنەیەوە کە حەزی لە فیربوونی زمان کردووە بە تایبەتی زمانەکانی‌رۆژهەلات، سالی ١٩٠٢ دوای تەواوکردنی خوێندنی بالا چووە بۆ ئێران‌و لە بانکی شاهەنشاهی دامەزراوە، لە دوایی‌دا شارەکانی (یەزدو بوشەهرو شیراز) یش گەراوە، ئینجا بووە بە سەرۆکی بانکی کرماشان‌و سالی ١٩٠٧ وازی‌هێناوە، سالێ ١٩١٦ کراوە بە جێگری کونسولێ بەریتانیا لە دیزفول، لە کاتی جەنگی یەکەمی جیهانی‌دا بەریوەبردنی ناوچەی خانەقین‌و ئەرتەکەی پی سپێرراوە، سالی ١٩١٩ کە ئینگلیز ناوچەی سلیمانی داگیرکرد بووە بە حاکمی سیاسی، لەو سەردەمەدا کە لە ناوچەی سلێمانی‌دا ژیاوە سەرپەرشتی رۆژنامەی (پیشکەوتن) ی کردووەو پێشتریش لە رۆژنامەی (تیگەیشتنی‌راستی) دا بەشداری‌یەکی کارای کردووە. سۆن یەکێك بووە لەو کەسانەی کە بە زوویی فێری زمانی کوردی بووەو بە رەوانی پیێی نووسیوە، مێژوونووسی بە ناوبانگ (ئەمین زەکی بەگ) لە کتێبێ (خلاصەیەکی‌تاریخی کوردو کوردستان-جلدی اول-جزئی دووەم- بەغداد، ١٩٣١، ل٢٩١) لە بارەی (میجەر سۆن) ەوە ئەلیت (میجەرسۆن بە قەدەر کوردیك کوردی دەزانی‌و لە عالمێکی کورد زیاتر شارەزای زمانەکەمان بوو).

سۆن لە سەرەتای کارکردنی‌دا لە ناوچەکانی رۆژهەلات بە ناوی (میرزا غولام شیرازی) یەوە خۆی بە خەڵك ناساندووەو ئەستی بە گەران کردووەو دواتر یادداشتەکانی خۆی نووسیوەتەوەو ئەم راستی‌یانەی وتووە - سەرەرای ئەمانە (سۆن) خاوەنی گەلێ بەرهەمە سەبارەت بە زمانی کوردی‌و ناوچەکە، لە ٢٤ی شوباتی ١٩٢٣ دا کۆچی دوایی کردووە دوای ئەوەی کە ماوەیەکی زۆر بۆ خزمەتی سیاسەتی وڵاتەکەی هەڵسوراوە.

(١٥) بروانە (کوردو کوردستان) نووسینی دەستگایەك لە پسپۆڕانو ئەفسەرانی سیاسی‌ئینگلیز، ئەم کتێبە ساڵی ١٩٢٣ لە فەلەستین بە ئینگلیزی چاپکراوە و لەم ساڵانەی دواییدا لە لایەن (حسین ئەحمەد جاف‌و حسین عوسمان نێرگسە جاری) یەوە کراوە بە کوردی‌و تا ئێستا بە دەستخەتی ماوەتەوەو چاپ نەکراوە.

(١٦) محەمەد رەسوڵ هاوار، شێخ مەحموودی قارەمان‌و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، بە رگی یەکەم، ١٩٩٠، ل٢٩٧، چاپی لەندەن

(١٧) الدكتور كمال مظهر احمد، وثائق و حقائق جديده حول حركات الشيخ محمود، التاخي، العدد ١٤٥٤، (١٩٧٣\١٠\١٨)

(١٨) شێخی نەمری بەرزە قارەمان لە سەرەتای ژیانی سیاسی‌یەوە سەبارەت بە گەیاندنی دەنگی کوردو جوڵانەوە رزگاریخوازەکەی بە گەلانی جیهان سستی نەکردووەو چەندین جار هەوڵی فەرهادانەی داوە، ئەوەتا لە کۆتایی نیسانی ١٩١٢دا ئەحمەد بەرزنجی نوێنەری نارد بۆلای کونسوڵی رووسی لە موسڵ_ کیرسانوف،پاش ماوەیەك لە کانوونی دووەمی ١٩١٢دا هەمان نوێنەری خۆی ناردبوو بۆ لای دیپلۆماسی‌یەکانی رووس لە بەغداد کە یەکێکیان (ئارلۆن) بوو. لە مانگی مارتی ١٩٢٣دا نامەیەکی نارد بۆ کۆمەڵەی گەلان (عصبه الامم) لە ریگەی نوێنەری تایبەتی‌یەوە لە تارانو تیایدا وتویەتی: (ئێمە کە دانیشتوانی کوردستانی‌خوارووین لە جەنگی جیهانی‌یەوە داوامان لە ئینگلیز کردووە کە دان بە مافەکانماندا بنێ، بەڵام هێزەکانی ئینگلیز هەستاون بە خاپوورکردنی وڵاتو ریگە نادەن کە دەنگی نارەزاییمان دەربڕین. دانیشتوانی کوردستان ئیمڕۆ لە ژێر بۆردومانی هێزی سوپادا دەژی‌و دووسەد خێزان ناچاربوون کە شاری سلێمانی جێبهێڵن. ئێمەیش پەنادەبینە بەر دادو مرۆڤایەتی کە دژی ئەم ستەمو ئازاردانە بوەستن). ئەمە جگە لەوەی کە لە رۆژی ١٩٢٣\١١\٣٠ بە هۆی کونسولی سۆڤیەتی لە تەوریز نامەیەکی ئاراستەی سەرۆکی دەوڵەتی شورەوی کردووە، بەڵام ئەم نامەو داواکاری‌یانە زۆربەیان بی وەڵام ماونەتەوە بە تایبەتی ئەو نامەیەی کە بۆ (لینین) نێرراوە.

(بۆ هەندی لە زانیاری‌یەکانی ئەم پەراوێزە بروانە سەرچاوەی پەراوێزی پیشوو).

(١٩) ئەحمەد خواجا چیم دی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی شەفیق، بەغداد ١٩٦٨، ل٣٧

(٢٠) محەمەد رەسوڵ هاوار، شێخ مەحمودی قارەمانو دەوڵەتەکەی خواروی کوردستان، بەرگی یەکەم، ١٩٩٠، لەندەن،ل ٤٤٠، ٤٤١

(٢١) بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە: مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژ١١٣، مارتی ١٩٨٧، ل٧٢

(٢٢) تا ئێستاش لە سەرشاخی بڵندی گۆیژەی شاری سلێمانی شوێنەواری سەنگەرەکەی مەحمود خانی دزڵی ماوەو هەر بەناوی (مەحمود خان) ەوە بە ناوبانگە.

(٢٤،٢٣) یادداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفیدزادە، چاپکردنو پێشەکی شێخ مەحمودی کوڕی شێخ کاوە، چاپی یەکەم، ١٩٩٥، ل٥٢

(٢٥) ئەحمەد خواجا، چیم دی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی شەفیق، ١٩٦٨، ل٣٩

(٢٦) سەبارەت بە نامەکەی شێخی ئەمر بۆ ناوچەی بادینان، شێخ باباعەلی شێخ مەحمود بۆ کاک (محەمەد ڕەسوڵ هاوار) ی گێڕاوەتەوە و دەڵێت: (ئەو نامەیەی کەباوکم بۆ شێخ ئەحمەدی بارزانی ناردبووی بە- فەخری بەگی واصف بەگ- دا دەینێرێو کە فەخری بەگ دەگاتە بارزان شێخ ئەحمەد لەوێ نابێو دوای سێ ڕۆژ نامەکەی دەداتێ.

(٢٧)مسعود البارزاني، البارزاني والحركە التحرريە الكرديە، ١٩٣٢.١٩٣١، كردستان، ١٩٨٦، ص٢٢.

***

بەشی پێنجەم

خانی دزلێو جەنگی مێژوویی دەربەندی بازیان

بەشی پێنجەم

خانی دزڵیو جەنگی مێژوویی دەربەندی بازیان

دوای ئەوەی کە (مەحمودو خانی دزڵی) شاری سلێمانی لەچنگی داگیرکارانی ئینگلیز رزگارکردو سوپاو دەستوپێوەندەکانی دەرپەڕاندو کلیلی سەرفرازی شارەکەی دایە دەست شێخی نەمر، دیارە ئەم رووداوە کوتو پڕە مێژووییە گورزێکی کوشندەبوو ئاراستەی گازرای پشتی داگیرکاران کراو تۆڵە سەندنەوەیەکیش بوو لەرەفتارەکانی –میجەرسۆن– و جارێکی تر سەلماندیان کەنەتەوەی میدیاو کەی ئەخسەر بەئەلهاو خۆشحاڵییەوە بەدوای ئازادیو بەختەوەریدا وێڵەو قوربانی بۆ ئەدات. (هەرچەندە لەبەر نەبوون و برینی هێڵی تەلگراف هەواڵەکانی دوای سێ رۆژ گەیشتنە بەغدا)[1] و کاربەدەستانی ئینگلیزیش بەتەواوی لەمەسەلەی رزگارکردنی شاری سلێمانی گەیشتن. لەم کاتەدا مەلیك مەحمودو دۆستە هاوپەیمانەکانی لەو راستییە گەیشتبوون کەئینگلیزەکان وەك هێزێکی گەورەو وڵاتێکی داگیرکار بەم شکستییە قایل نابن و بەئاسانی دەست لەکوردو ناوچەکە هەڵناگرن و بارگەو

بنەیان ناپێچنەوەو دەیانەوێ بەهەر ڕێگایەك بێ سەر لەنوێ جڵەوی دەسەلاتو زەبروزەنگی خۆیان بگرنەوە دەست.

لەبەر ڕۆشنایی ئەم بۆچوونو بیرکردنەوەیەدا ژمارەیەك لەجەنگاوەرە دلسۆزەکانی کوردو بزوتنەوە شۆڕشگێڕانەکەی بەرەو ڕێگای کەرکوك بەڕێکەوتن بەمەبەستی پاراستنی شاری سلێمانیو بەربەستکردنی هێرشو پەلاماردانی دوژمن، (ئەم جەنگاوەرانە کەمەردەستەو تاقمێکیان لەشوێنێکەوە هاتبوون لەچەند جێگایەکدا خۆیان بەستو ئامادەی جەنگێکی خوێناوی بوون.)[٢]

لەسەرەتادا (یەکەم شەڕی قورس لەنیوان هەردوولادا لەتاسلوجە قەوما، لەم شەرەدا ئینگلیزەکان شکان، بەپێی سەرچاوەکانی خۆیان چوار زرێپۆشو نۆزدە ئوتومبیلی فۆردیان تێکشکێنران. دوای سەرکەوتنی تاسلوجە شۆڕشگێڕانی کورد ترسیان شکاو خۆیان بۆ کەرکوك ئامادەکرد، ئینگلیزەکانیش بۆ تەمبیەی کوردو تۆڵەی تاسلوجە کەوتنە خۆ، هێزێکی زۆریان لەکەرکوك گەلالەکردو بەچەكو تفاقێکی زۆرەوە رەوانەی سلێمانییان کرد، ژەنەراڵ فریزەر کرا بەفەرماندەی ئەو هیزە کەئینگلیزەکان ناویان لێنابوو (هێزی کوردستانی باشوور) شۆڕشگێڕانی کوردیش بەسەرکردایەتی شێخ مەحمود بەرەو کەرکوك کەوتنە ڕێو کەبەهێرشی هیزەکەی ژەنەراڵ فرێزەریان زانی خۆیان لەمدیوی دەربەندی بازیان قایم کرد.

ڕۆژی ١٧ی حوزەیرانی سالی ١٩١٩ هێزەکەی ژەنەراڵ فریزەر لەکەرکوکەوە کەوتە ڕێو لای ئێوارێ گەیشتنە نزیك دەربەندی بازیان، دوای ئەوەی تاریکایی داهات بەپێی نەخشەو پلانێکی سەربازی ورد بەشێکی زۆری ئەو هیزە، بێ ئەوەی ئەودیو هەست بەمدیو بکات بەشاخو گردو تەپۆڵکەکاندا هەڵگەڕان، تۆپە دوورهاوێژەکانیشیان سەنگەری لەبازیان لێدا، بەرەبەیانی

رۆژی داهاتوو ئەو هێزە گەورەیە لەناکاودا کەوتە هێرش‌و لەماوەی چەند دەقیقەیەکدا هەموو شتبرایەوە، شۆرشگێرانی کورد زۆر خراپ شکان، چل‌و هەشت کەسیان لێ شەهید بوو، ژمارەیەکی گەلێك لەوە زۆرتریان لێ بریندار بوو، یا بەیەخسیری کەوتنە دەست ئینگلیزەکانەوە، شێخ مەحمود بۆ خۆی یەکێك بوو لەوانەی بەبریندارى لەژێر تاشەبەردێکی گەورەدا دیل کرا، خەڵکی دوایی ئەو تاشەبەرەیان ناونا(بەردەقارەمان)[٢].

ئێمە لێرەدا نامانەوێ سەربوردیکی سەرتاپاگیری جەنگی خوێناوی (دەربەندی بازیان) بەسەربکەینەوەو بچینە کرۆکی سەرجەم کەلێن‌و بەسەرهات‌و ئەنجامەکانی پێش‌چاو بخەین چونکە پێویستی بەلێدوانێکی فرە هەیە، بەلام هێندە دەلێین کەبەهیچ جۆرێك یەکسانی لەنێوان هێزەکانی ئینگلیزو جەنگاوەرەکانی کورددا نەبووەو نەخوازەلا شارەزایی ئینگلیزەکان‌و دەستکورتی جەنگاوەرانی کورد لەبواری سەربازی‌و پێویستی‌و پلانی جەنگدا. چونکە سوپاکەی ژەنەراڵ فریزەر (*پێکهاتبوو لەتیپی یەکەمی لەشکری پێنج کەبەتیپی سووری رۆژهەلات بەناوبانگ بوو، بەتالیۆنی پیادەی بۆرمایی لەتیپی ٨٥و بەتالیۆنی پیادەی یەکەمی پەنجابی لەتیپی ٨٧و بەتالیۆنی یەکەمی مەهراتی لەتیپی ١١و پەلی یەکەمی بەتالیۆنی ٩٤ی پیادەی پەنگالی‌و پەلی ٢٣٩ی بەتالیۆنی ١١٨ی هیندی مەترەلۆز، تۆپخانەکەیشی پیکهاتبوو لەبەتەرییەی ٢٥ی چیایی هیندی کەبریتی‌بوو لە ٤-٦ تۆپی چیایی کەبەکۆلی ئێستر دەگوێزرانەوەو چەند پارچەیەکی بەتەرییەی -ب-و-ە-ی کەتیبەی ٢٣٦ی تۆپخانەی میکانیکی شاهانە، هێزی ئاسمانی شاهانەیش تەرخان کرابوو بۆ داینکردنی ئەرکی هەواڵزانی‌و پشتگیری ئاسمانی، چەند رەگەزێکیش لەبەشی موخابەرەو ئەندازیاری‌و هەواڵزانی‌و سوارەو زرێپۆش پشتی ئەم هێزەیان ئەگرت‌و کۆمەلە بەرێوەبەرێکی لێهاتووی*

وەك كارمەندانی پزیشكیو ئازووقەو چەك پێدەرو ئاو بۆدابینكردنیشیان بۆ ئامادەكردبوو، هەروەها ستافێكی ئەركانی بەتواناییان بۆ دانابوو، ئەفسەری سیاسی كارامەیان خستبووە پاڵ كەلە سەرەتادا -میجەرسۆن- لەوێبوو پاشان میجەر ئەدمۆنس-ی هاتەجێ)[٤] بەڵام (هێزی شۆرشی كوردیش بەسەرۆكایەتی شێخ مەحمود پێكهاتبوو لەكۆمەڵێ جەنگاوەری عەشایەری بەرزنجەو جافو هەورامانی ئێران تێكەڵ لەگەڵ هێزێكی نیوەمەشق پێكراوی لیویو تفەنگی جۆراوجۆری كۆنو خەنجەر بەدەست كەلە ٣٠٠ كەس تێنەدەپەرینو هەندێكیشیان ئەسپیان لەژێردابوو)[٥] لەلایەكی ترەوە(كەس بەرادەی ئەوان -واتا ئینگلیزەكان- شارەزایی كونو كەلەبەری سەختترینو كەلاترین شوێنی كوردستان نەبوو، ئەوان لەسەدەی شازدەمینەوە كەوتبوونە كۆكردنەوەی زانیاری دەربارەی كوردو وڵاتی كوردان، هەر ئەو میجەرسۆنەی كەلەو رۆژانەدا حاكمی سیاسی سلێمانی بوو سەرەتای سەدەی بیستەم چەند مانگێكی بەناوی بازرگانێكی شیرازییەوە لەناو كوردی سلێمانیو دەوروبەریدا بردبووە سەر بێ ئەوەی كەسێك هەر بزانێ كێیەو كێنییە، بە پێ دەربەندی بازیانی بڕیبوو، ئینگلیزەكان لەو سەردەمەدا بەلایەنی كەمەوە سەدانو سەدان نەخشەی وردی كوردستانیان لەبەردەستدابوو، شوێننەمابوو نەخشەی نەكێشن، هەموو شارو شارۆچكەو گوندو شاخۆ داخو گردو تەپۆڵكەو دارستانو گۆمو رووبارو جۆگەی كوردستانیان بست بە بست پێوابوو، ناوی هەر گوندێك لەگوندەكانی كوردستان لەناو هەركام لەبەڵگەنامە ئینگلیزییەكاندا هاتبێ شوێنە كەی لەسەر نەخشە بەسانتیمو ملیم دەستنیشان كراوە، چ جای دەربەندێكی مێژوویی ناسراوی سەر رێ وەك دەربەندی بازیان كەسەرباری هەر شت ناوچەیەكی زۆر سەخت نییە، پێم وایە بەرزایی لوتكەی هەرەبڵندی لەچوار هەزار پێ تێناپەرێت، لوتكەی سەركەشی

پەرەمەگرون نەبێت زۆر بچەمێتەوە بۆ ئەوەی بتوانێت نەوازشی خۆی عەرزی بەرنەقارەمان بکات)[٦].

ئەو سوپایەی کەبەفەرماندەی سەردلری کورد (شێخ مەحمود) بەرەو تاسلوجەو دەربەندی بازیان و رێگای کەرکوك کشا بریتی بوو لەو تیرەو هۆزانەی کەبەراستی دۆستی نزیکی شێخی نەمربوون و دەستەیەك گەورەپیاوو کوردپەروەریان لەگەڵدابوو کەهەر لەسەرەتاوە لەریزی پێشەوەی دڵسۆزەکانی بوون و خۆیان بەبەشێکی دانەبڕاوی بزوتنەوەکە زانیوەو بەفرۆفێڵی بێگانە سەنگەری نەتەوایەتی یان چۆڵ نەکردووەو ئامادەی قوربانی دان بوون وەك (کەریم بەگی فەتاح بەگی هەمەوەند)[٧] و(سەید محەمەدی جەباری)[٨]و (شێخ عەلی قەلبەزە)[٩]و (شێخ عەبدولقادری گۆپتەپە- گوللەنەبن)[١٠]و شێخ حسێنی شێخ عەبدولقادری کەسنەزان)و چەند دلسۆزیکی تر. بەلام جگە لەم گەورە پیاوانەو چەند تیرەیەکی ئازای کورد (ژمارەیەکی زۆری ئەم سوپایە لەجەنگاوەرەکانی مەحموودخانی دزلی پێك هاتبوو)[١٢] چونکە بەقسەی نوسەرانی کوردو مێژوونووس و گەریدەکانی بیانی و یادداشتە دەستخەتەکانی خوالێخۆشبوو (باباعەلی شیخ مەحمود)و (شێخ رەئوفی شێخ مەحمود)و ناوراپۆرتە نهێنی یەکانی ئەفسەرو لیپرسراوانی ئینگلیز سەرجەم لەوە دراون کە (مەحمود خانی دزلی) لەپێشرەوی ئەو کەسانەدابوو کەبەگیان و دڵ هاوکاری یان کردووەو بۆ ئەم راستی یەش بەیاننامەکانی ئەو سەردەمە کەزۆربەیان لەکۆری جەنگدا دەرچوون باشترین بەڵگەو شایەتی رۆژگارن:

١- بەیاننامەی ژ (٣) کەمێژووی بەسەرەوەنی یەو شێخی نەمر بلاوی کردوەتەوەو تیایدا دەڵێ: (هێزی پیادەی هەورامی بەفەرماندەی عەبدوڵلابەگی دزلی لەبانی مەقان بەرەنگاری هیزی دوژمن بوون و دوژمن پەرێشان کراو ئێمەش یەکێکمان بریندارە.)[١٣]

٢- بەیاننامەی ژ (٤) (دووەم شەوە هەورامی دزلیو دوژمن لەقەرەمەنجیر لەجەنگدان، ئەمڕۆ سوارەی مەنمیو مەمەوەندیش ئاوێتەیان بوون‌و لەدوژمن کوشتار زۆرەو تالان زۆر گیراوە، پێنج لەهەورامیو دوو لەمەنمیو بیست‌و دوو بریندار هاتووەتەوە.

٣- بەیاننامەی ژ (٥٠) رۆژی ١٩١٩/٦/١٨ (بەفەرماندەی ژەنەراڵ فریزەر هێزێکی گەورە لەموسڵەوە گەیشتە کەرکوک، لەکەرکوکیشەوە هێزێک بەفەرماندەی -تۆمسن- گەیشتە چەمچەماڵ، کارچەتوونە، سوپاو هێزی عەشایەر لەسووپەردا ئامادەی جەنگن‌و دوژمن زۆر بەهێمنی دێت[14].

دیارە بەیاننامەی ژ(٥٠) دوابەیاننامەی بارەگای جەنگی شێخی نەمربووە، هەر لەو رۆژەدا سوپاکەی ژەنەراڵ -فریزەر بەیارمەتی فرۆکە جەنگییەکان ئابلۆقەی جەنگاوەرانی کوردیان‌داو شکستی رووی لەسوپاکەی شێخی نەمر کردو خۆیشی لەپاڵ بەردەقارەماندا بریندار دەکرێ‌و دەکەوێتە دەست سوپای دوژمن‌و بەو برینداری‌یە بەرەو بەغدا بەرێ‌دەکرێ‌و لەوێ دەدرێ بەدادگایەکی سەربازی‌و لەرۆژی ١٩١٩/٧/٢٥دا حوکمی خنکاندنی بەسەردا دەدرێ‌و بەڵام دواجار حوکمەکە دەگۆڕن بەحوکمی ئەبەدی‌و رەوانەی هیندستان دەکرێ. سەبارەت بە (مەحمود خانی دزلی)ش یەکسەر دوای ئەو نوشوستی‌یە بەخۆی‌و جەنگاوەرەکانی‌یەوە خۆی دەگەیەنێتەوە چیا سەرکەشەکانی هەورامان بۆ درێژەدان بەخەباتی شۆڕشگێڕانەی‌و نەکوژاندنەوەی ژیلەمۆی ئەو شۆڕشە، ئەوەتا کاربەدەستێکی کۆلۆنیالی بەریتانی لەکوردستان ساڵانی ١٩١٨-١٩٢٠ کەکاپیتان (Hay)ە‌و حاکمی سیاسی ئینگلیز بووە لەهەولێر دەڵێ: (شۆڕشەکەی شێخ مەحمود لەساڵی ١٩١٩دا هەرچەند بەنوشوستی کۆتایی هات بەڵام دەری‌خست کەدەتوانرێ بەربەرەکانی ئەم حوکومەتە تازەیە بکرێ)[15]و دیارە لێرەدا مەبەستی Hayحوکومەتی ئینگلیزە.

سەرچاوەو پەراوێزەکانی بەشی پێنجەم:

Waheed.A. The Kurds and their countries. A history of the-١ kurdistan people. (From earliest times to present) Lahor. 1955- P.159.

٢- زۆربەی جەنگاوەرەکانی شێخی ئەمر بریتیبوون لەدانیشتوانی ئەو گوندانەی کەسەر بەشێخ بوون وەك ناوچەکانی شارباژێرو قەرەداغ و بەرزنجەو قەرەحەسەن و چەمچەماڵ و هۆزەکانی هەمەوەندو جەباریو سمایل عوزەیریو روغزاییو قەرەوەیسیو کانی کەوەییو شێخ بزەینیو عەشایەری غەوارە کەبریتیبوون لە بێسەریو چووچانیو ناوداریو شێخ سمایلیو پەرخیو زۆری تریش.

٣-دکتۆر کمال مەزهەر ئەحمەد، گۆڤاری رەنگین، ژ(١٠٢)، سالی ١٩٩٢.

٤-لیوا روکن محمد ئەجمەدین نەقشبەندی، گۆڤاری رەنگین، ژ (١٠٥) تشرینی یەکەمی ١٩٩٧.

٥-هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٦-دکتۆر کمال مەزهەر، گۆڤاری رەنگین، ژ١٠٢، سالی ١٩٩٢.

٧-کەریم بەگی فەتاح بەگی هەمەوەند، سەردەستەی قارەمانانی شۆڕشی مەلیك مەحمود بووەو لەسەرەتاوە تا کۆتایی ژیانی بەخەمخۆرو دڵسۆز ماوەتەوە. لەشۆڕش و بزوتنەوەکانی شێخی ئەمردا دەورێکی بالای بینیوەو نموونەی شۆرەسوارێکی دلێری راستەقینەی کوردپەروەربووەو داگیرکارانی ئینگلیز بەقەد شێخ مەحمود سڵیان لەم گەورە پیاوە کردووەتەوە، تەنانەت لەدۆکیومەنتی ژ: 22 No.831.c.o:ی رۆژی ١٩٢٢/٦/٢٣ی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیادا ئەوە وتراوە کەپاداشتیکی دەهەزار روپیەی تەرخان کراوە بۆ گرتن یان کوشتنی کەریم بەگی هەمەوەندو رۆژنامەی (پێشکەوتن)ی سەر بەداگیرکارانی ئینگلیز لە ژ١١٣ رۆژی ١٩٢٢/٦/٢٢دا ئەم ئاگاداریەی لەلایەن حاکمی سیاسی ئینگلیزەوە بلاوکردۆتەوە. حاجی میرزا عەبدوللای خەیاتی سەقزی (غەرقی) لەشیعرێکیدا سەبارەت بەو رۆژگارە بەرێزەوە ناوی ئەم قارەمانە دەهێنێ:

بۆ کۆمەڵ و یەك رەنگی حەقەن کەریم بەگ

بێ میسل و نەزیریوو لەجیهاندا کەوەهایە

ئازایەتیو چاونەترسیو دڵسۆزی ئەم پیاوە گەورەیە لەچەندین بابەتی ئەدەبیو بەیتو بالۆرەو شیعری فۆلکلۆری ئەو سەردەمەدا رەنگی داوەتەوە. ئەم رۆڵە نەبەردە لەمانگی

تەمموزی ساڵی ١٩٢٦دا لەلایەن چەند کەسێکەوە شەهید دەکرێو هەواڵی شەهید کردنیشی لەرۆژنامــەی (ژیــان)ی ژ٢٤ی ڕۆژی ١٥ی تــەمموزی ١٩٢٦دا بڵاوکراوەتــەوە کەلــەگوندی (قەرەتاموور) شەهید کراوە، مەزارەکەیشی لەتەنیشت (شێخ رەزای دێلێژە)وەیە.

لێرەدا پێویستە ئەوەیش بڵێین کەهەمەوەند تیرەیەکی ئـازاو دلێری کـوردن و لەشـەڕو شۆڕی نـاوخۆو دەرەوەدا ئـافرەت لەگـەڵیاندا بەشـداری کـردووەو ئـەم تیرەیـە لەبنــەڕەتدا لەدەوروبەری ساڵی ١٧٠٠ی زایینی‌دا لەناوچەی (سنە)وە هاتوون و لەدەوروپشتی بازیان‌دا گیرساونەتەوەو شاعیری ناوداری ئازارەی دەستی داگیرکاران (فەقێ قادری هەمەوەند) سەر بەم تیرەیەیە.

٨-سـەید محەمـەد کـوری سـەید سـەمەدە لەسـالی ١٢٩٧ی کۆچـی‌دا لـەدێی (مـەحمود پەریزاد) کەلەلادێی (قادرکەرەم)دایە لەدایکبووە، لەتەمەنی دەساڵان‌دا چووەتە بەر خوێندن و زمانی عەرەبی و تورکی بەباشی فێربووە، پاش تـەواوکردنی خوێنـدن بـاوکی جڵـەوی هـەموو کاروباریکی هۆزەکەی داوەتە دەست، سـەید محەمـەد لـەناو هۆزی (جەباری)دا مایـەی ڕێـزو خۆشەویستی و سەنگینی‌بووە.

لەسەرەتای شۆڕشی یەکەمی شێخ مەحمودەوە بەخۆیی و بنەماڵەو هۆزەکەیەوە بەشداری کردووە بەچەشنی فەرماندەیەکی بەتواناو دڵسۆزو بەئەمەك دەوری پرشکۆیی بینیوە، ساڵی ١٩٢٢ داگیرکارانی ئینگلیز دوو هەزار ڕوپیەیان بەپاداش داناوە بۆ گرتن یـان کوشتنی ئـەم پیــاوە گەورەیــەی کــورد، بەیاننامەکــەیش بــەئیمزای مــەندوبی ســامی لەرۆژنامــەی (پێشکەوتن)ی ژ ١١٣ی ڕۆژی ٢٢/٦/١٩٢٢دا بڵاوکراوەتەوە.

سـەید محەمەد هەتا کۆچی دوایی کرد لەسـەربڕوای پـیرۆزو نـەگۆڕی خـۆی مایـەوەو دڵسۆزی کـوردو شۆڕشـەکەی و شـێخی نـەمرێوو، ئـەم شۆڕشـگێڕە نەبـەزە سـاڵی ١٣٥٤ی کۆچی کەئەکاتە ١٩٣٥ی زایینی کۆچی دوایی دەکات

٩-شێخ عەلی قەڵبەزە ساڵی ١٨٩٠ی زایینی لەئاوایی (شیوی قازی) سەربە ناوچـەی (قــەرەداغ) لەبنەماڵەیــەکی نیشــتمان‌پەروەرو ئــایینی‌دا چــاوی کردووەتــەوە، ســـەرەتا لەقوتابخانەکەی باوکی‌دا کەقوتابخانەی ئایینی (شێخ عەبدولرەحیم)ی (شیوی قازی) بووە ڕووی لـەخوێندن و نووسـین و بنـەماکانی ئـاین بـیرۆزی ئیسـلام کـردووە، لـەرۆژگارێکدا کەوتووەتە ژیانەوەو پێگەیشتووە کەسـەرەتاو چووزەرەی بیروباوەری کوردایەتی و هەستی نەتەوایـەتی و هـەوڵو خـەباتی شـێخ مـەحمودی حـەفید زادەی بـەرزنجی لەگەشـانەوەو

بڵاوکردنەوەدا بووە، بەم پێیە بیروباوەڕی کوردایەتی‌و بەشداریکردن لەخەباتی نەتەوەکەیدا لەدڵ‌و دەروونیدا قوڵپیداوەو کاتێکیش کەشێخی نەمر لەساڵی ١٩١٩دا لەدەربەندی بازیان بەرانبەر بەداگیرکارانی ئینگلیز وەستا (شێخ عەلی قەڵبەزە) یەکێک بوو لەبەشداربووەکانی، لەدوای بڕانەوەی شەڕەکەیش خۆ بەدەستەوە نادات‌و لەناوچەکانی (قەرەداغ)و (شارەزوور)دا درێژە بەخەبات دەدات، پاش ماوەیەک (مەحمود پاشای جاف) لێبوردنی بۆ وەردەگرێ‌و لەناوچەی شارەزوور نیشتەجێی دەکەن‌و چەند گوندێکیشی دەدەنێ وەک (قەڵبەزە)و (بیسەلمێن)و (دەڤەر)و ماوەیەک لەگەڵ براو خزم‌و کەس‌و کاریدا لەشارەزوور دەمێنێتەوەو دەبێتە جێگەی بڕواو متمانەی (مەحمود پاشای جاف)و خەمخۆری دانیشتوانی ناوچەکە.

لەکاتێکدا هەواڵی گەڕانەوەی شێخی بەرەنگارەمان لەناو جەماوەردا بڵاودەبێتەوەو شێخی نەمر لە (کویت)ەوە بەرەو بەغداو سلێمانی بەرێدەکەوێ (شیخ عەلی قەڵبەزە) یەکێک دەبێ لەو دڵسۆزانەی لەم پێشوازییەدا بەشدار دەبێ‌و بەگەیشتنەوەی سەرلەنوێ دەبێتەوە بەدڵسۆزەکەی جارانی.

دوای کارەساتی شەشی ئەیلولی ١٩٣٠ی شاری سلێمانی بەماوەیەک شێخی بەرەنگارەمان بەمەبەستی تۆڵەسەندنەوەی خوێنی ڕژاوی رۆڵە بێتاوانەکانی کورد بەرەو کەرکوک دەکشێ‌و کۆمەڵێ لە شۆڕشگێڕە بەوەفاکانی لێکۆدەبێتەوەو بەشداری ئەم خەباتی نوێیە دەکەن‌و شێخ عەلی قەڵبەزە یەکێک دەبێ لەو دڵسۆزانەو لەشکرەکە لەگوندی (ئاوباریک)ی بناری (گڵ)ی سەریە (قادرکەرەم) بەرانبەر بەسوپای داگیرکارانی ئینگلیزو خۆفرۆشانی کورد دەبێ‌و دوای جەنگێکی قارەمانانەی خوێناوی شێخ عەلی قەڵبەزە لەئێوارەی ڕۆژی ١٩٣١/٤/٥دا بەهۆی فرۆکەی دوژمنەوە دەپێکرێ‌و خوێنە ئاڵەکەی لەو ڕۆژەدا دەبێتە ڕەمزی خەبات‌و شۆڕش‌و شەهیدی ئاوباریک.

١٠-شیخ عەبدولقادری گۆیتەپە کەبە (گوڵلەنەبڕ) ناسرابوو کوری (شێخ حەمە سالح)ی گۆیتەپەیەو یەکێک بووە لەهاوەڵ‌و دڵسۆزانی شێخ مەحمود، لە (١٨)ی مانگی (ذی‌العقدة)ی ساڵی ١٣٤٦دا کاتێک کەقایمقامی قەرەداغ دەبێ ئینگلیزەکان دەیگرن‌و بۆ ناسریەی دوورئەخەنەوەو دوای دامرکاندنەوەی شۆڕشەکەی شێخ مەحمود دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان. شێخ عەبدولقادر لەساڵی ١٣٥٤ی کۆچی لەئاوایی سەنگاو کۆچی دوایی دەکات.

١١-شێخ حسێنی شێخ عەبدولقادری شێخ کەریمی کەسنەزان لەبەشی سێیەمی ئەم کتێبەدا سەبارەت بەهەوڵو کۆششی دواین.

١٢- لەم بارەیەوە زانای مێژوونووس دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد دەڵێ (جەنگاوەرەکانی مەحمودخانی دزلی بەشێکی زۆری سوپاکەی شێخ مەحمودیان پێك هێنابوو)، بۆ ئەمەیش بڕوانە:

الدكتور كمال مظهر احمد، دور الشعب الكردي في ثورة العشرين، مطبعة الحوادث، بغداد، ١٩٧٨، ص١٤٢.

١٣-عەبدوڵڵابەگی دزلی کورەگەورەی مەحمودخانی دزلییە کەلەگەڵ باوکیدا فەرماندەی دەستەیەك لەشۆڕشگێڕەکانی گرتبووە ئەستۆ، ساڵانێکی زۆر لەزیندانەکانی (رەزاشا)دا بووەو ماوەی (٧) ساڵ لەزیندانی (تاریك)دا ژیانی بەسەر بردووە، ساڵی ١٩٤١ لەشکاندنی بەندیخانەی (قەسری قاجار)دا ئازادکراوە، ساڵی ١٩٨٧ لەئاوایی دزلی کۆچی دوایی کردووەو هەر لەوێ نێژراوەو نەوەکانی لەئاوایی دزلی نیشتەجێن.

١٤-بۆ ئەم سێ بەیاننامەیە بڕوانە: ئەحمەد خواجا، چیم دی، چاپخانەی شەفیق، بەغداد، ١٩٦٨، ل٤٦،٤٧، بەرگی یەکەم.

١٥-ئیلیو ئارهی، سنتان فی کوردستان، ١٩١٨-١٩٢٠، ترجمە فؤاد جمیل، بغداد، ١٩٧٢، الجزء الاول،ص١٩٢.

بەشی شەشەم

ڕۆژە ئاڵۆزەکانی دوای دەربەندی بازیان

بەشی شەشەم

ڕۆژە ئاڵۆزەکانی دوای دەربەندی بازیان

دوای شکست و پەرەوازە بوون و باری ناهەمواری شۆڕشگێڕانی کوردو جەماوەری ناوچەکانی کوردەواری لە ئەنجامی جەنگی نابەرانبەری (دەربەندی بازیان) و بریندارکردن و بەدیلگرتن و ڕەوانەکردنی شێخی نەمر بۆ بەغداد ودادگایی‌کردنی لە ڕۆژی ١٩١٩/٦/٢٥ داو دواتر دەرکردنی فەرمانی خنکاندن بەسەر حوکمداری کوردستاندا لە ڕۆژی ١٩١٩/٧/٢٥ داو گۆڕینی بە دەساڵ بەندی‌و ڕەوانەکردنی بۆ هیندستان. لە لایەکی ترەوە لە ڕۆژی ٢٣ی حوزەیرانی ١٩١٩ دا شاری سلێمانی کەوتەوە ژێر دەسەڵاتی ئینگلیزەکان و (بەرانبەر بە ماڵی حوکمدارو چیای گۆیژە ڕیزە تۆپیان دابەست و سەرگردی قشڵەیان کرد بە بارەگای جەنگی) و ڕۆژی ١٩١٩/٨/١٨ مێجەر (سۆن) هاتەوە سلێمانی و دەسەڵاتی گرتەوە دەست و تا ڕۆژی ١٩٢١/٣/٥ مایەوەو دوای خۆیشی مێجەر (گۆلد سمث) هاتە شوێنی. (مەحمود خانی دزڵی) ش دوای شکستی دەربەندی بازیان بەخۆی‌و جەنگاوەرەکانی‌یەوە باشووری کوردستانی بەجێ‌هێشت و ڕووی‌کردەوە شوێنە سەختەکانی ناوچەی دزڵی‌و هەورامانی تەخت.

دیاره ئینگلیزەکان له رزگارکردنی شاری سلێمانی و رۆژانی دواتردا (خانی دزلّی) یان باش دەناسی و لەوە ئاگاداربوون کە جەنگاوەرەکانی لە شاری سلێمانیدا سوپای ئینگلیزیان له پەلوپۆ خستبوو، بەم جۆرە بە دوژمنێکی سەرسەختی خۆیان دەزانی و دەیانویست بەیدەستی بکەن، بۆیە دەست بەجێ کاربەدەستانی ئینگلیز بە داوایەکی رەسمی فەرمانڕەوایانی ئێرانیان ناچارکرد کە (مەحمود خانی دزلّی و مەحمود خانی کانی‌سانان)[1] بگرن و بەجووتە بدرێنە دەست دەسەلاتدارانی ئینگلیز، کاربەدەستانی ئێرانیش بە فێل داوی پلانێکیان بۆ چنین و هەردووکیان گرتن و نێرران بۆ بەندیخانەی (ئیچ قەلا) له بەغداو لەوێشەوە (مەحمود خانی دزلّی) نێررا بۆ هیندستان تا لەگەل شێخی نەمردا بەند بکرێن و لە کوردستان دووربخرێنەوەو لەو ماوەیەدا دووچاری سزاو ئەشکەنجە هاتن و (مەحمود خانی کانی‌سانان) یش ماوەیەك بە دەست بەسەری له بەغداد هێلرایەوە[2]...

لەو رۆژگارە نەهامەتی و جەنجالەدا کە شێخی نەمری بەردەقارەمان و مەحمود خانی دزلّی خزێنرانە کونجی تاریکی زیندانەوەو دەست بەسەرکردنی مەحمود خانی کانی سانان له بەغداد و کردەوە ناچیزەکانی مێجەر (سۆن) له سلێمانی، ئەم رووداوانە سەرجەم بوونە مایەی خەم و پەژارەو پەلاماردان و نارەزایی‌دەربرین و تەنانەت فرمێسك رشتن، شاعیری بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردو پشتیوانی شێخی نەمر (ئەحمەد بەگی ساحیب قران -حەمدی ١٨٧٨-١٩٣٦/١١/١٢) لەو رۆژانەدا دەنگی کسپەو ناسۆری خۆی و نەتەوەکەی دەربڕی:

شەرتە تا رۆژی قیامەت دەست لە ئەژنۆ بەرنەدەم
سەر لە قوڕنێم بۆ سیادەت بەم دلّەی غەمناکەوە

بــۆ دلــێری حـــەزرەتی مـــەحمود مـــەمدوحی جیـــهان
تاقـە یـەك گـوڵ بـوو بـە فـەرقی پـیری ئەحمـەد کاکـەوە
بۆ (دوو مەحمود خان) ئەمیری سەرحەدی رۆم و عەجـەم
بوونـە ئەسـحابی قورەیش وچوونـە سـلکی چاکـەوە [۳]

لە لایەکی ترەوە روناکبیرو نیشتمانپەروەرەکانی ئەو سەردەمەو تیرەو ئێڵە کوردەکان و توێژەکانی تری کۆمـەڵی کـوردەواری بـە بـێ دەنگـی و خامۆشـی نەمانەوە، جارێ بە ئاژاوەو پەلاماردانی دەستگاکانی ئینگلیز، هەندێ جار بە نارەزایی دەبرین، زۆر جاریش بە نووسین و دەرکردنی بەیاننامەو پێکهێنانی رێکخراوی نهێنی وەك هێزێکی وروژاندن و هەژان و ورياکردنـەوە، تەنانـەت لـە مانگی مارتی ۱۹۲۰ دا کۆمەڵەی فیداکاران ئەم نامەیانە نووسی و ناردیان بۆ مێجەر (سۆن):

(بە زویی دەبی حوکمدارو ئەو دیلانەی تری دەربەندی بازیان کە ئێستە لە -لیچ قەڵا- خشتیان پی دەبرن بی یان هێننەوەو باش بیر لە دوا رۆژی خۆتان بکەنەوەو ئەوی قەومێك بە دیل بزانێت بە دیل دەگیرێت) [٤].

لە ناوچەی هەورامان و دەرو پشتی هەڵەبجەیش ئەوانەی سەر بە مـەحمود خانی دزلی بوون دەستگاو سوپای داگیرکاریان هەراسان کردبـوو، هـەر لـەو رۆژانەدا پەلاماری ماڵی (عادلە خانم) [٥]ی جافیان دا کە سـەر بـە ئینگلیزەکان بوو [٦]، لێپرسراوانی ئینگلیزیش لە تۆڵەی ئەم کارەدا گوندەکانی (بارام ئاوا) و (بەڵخـە) وچـەند گوندێکـی تـری هـەورامانیان بوردومـان کـرد [٧]. لـەو کاتـەدا رۆژنامـەی (پێشکەوتن) ی داردەستی مێجەر (سۆن) هێرشێکی تونـدی بـردە سـەر دانیشـتوانی دزلـی و هـەورامان و چـەندین نـاوو نـاتۆرەی ناشـیرینی پێدالکاندن [٨].

لە ناوچەی -کفری- ش (هۆزی دەلۆو بەشێك لە جافەکان بە سەرکردایەتی برایم خان‌و وەیس بەگ رۆژی ٢٤ی ئاب دوای شەڕێکی کەم -کفری- یان ئازاد کردوو هەموو ئەو هێزانەی دوژمن کە لەوێ بوون بە دیلیان گرتن‌و کاپتن -سالمۆن- یان بردو ئاڵای بەریتانیایان داگرت)[٩] ولەم لایشەوە (ئینگلیزەکان مەترسی ئەوەیان لێ نیشت‌،گری شۆڕش شوێنەکانی تری کوردستان بگرێتەوە، هەر زوو هێزێکی گەورەیان بە سەرکردایەتی ئەفسەری سیاسی کەرکوك - لۆنگریك- ناردە کفری، بەشێك لە زەنگەنەو تاڵەبانی‌یەکان دایانە پاڵ ئەم هێزە.

سەرەتا - لۆنگریك - هەولیدا لە ڕێگەی گفتوگۆوە سەردارانی راپەرینەکەی کفری قایل بکات‌و خۆ بەدەستەوە بدەن، بەلام ئەوە دادی نەدا چونکە شۆڕشگێڕانی ناوچەکە سووربوون لە سەر بەرگری، ئەوساکە هێرشی ئینگلیز دەستی پێکردو شۆڕشگیران ناچاربوون بکشێنەوەناوچە سەختەکانی دەورووبەری شار، کە لەوێوە بە کوشتنی کوڕی سەردارێکی کوردیان زانی لە وەلامدا کاپتن سالمۆن یان کوشت کە تا ئەو کاتە وەك بارمتە گلیان دابۆوە، کوشتنی -سالمۆن- لۆنگریکی تەواو شێتگیر کردو ئەویش لە وەلامدا ١٠ هەزار روپیەو ٥٠٠ تفەنگ سزای خستە سەر دانیشتوانی کفری)[١٠]. و رۆژنامەی (پێشکەوتن) ی ئەو سەردەمە سەبارەت بە چەکێکی رووداوەکان‌و بارودۆخی ناوچەکە زانیاری بلاوکردووەتەوە[١١].

لەم لایشەوە سالی ١٩٢٠ (شێخ فەرەجی بانی‌بنۆك) بە خۆیی‌و خزم‌و کەس‌وکارو لایەنگرانی‌یەوە رێگای سلێمانی‌و هەڵەبجەیان بڕی‌و لەگەل ئینگلیزەکاندا کەوتنە شەڕەوە فرۆکەکانی داگیرکار سەنگەری شۆڕشگێڕەکانیان بوردومانکرد.[١٢]

لە هاوینی ساڵی ١٩٢٠ دا کۆبوونەوەیەک لە گوندی (ژاڵە) ی لای کرپچنە سازکرا، کەریمی فەتاح بەگو سەید محەمەدی جەباریو شێخ مستەفای شێخ قادری گوللە نەبڕو ئاغاکانی زەنگەنە-عەبدولکەریم وادی ئاغا و عەزیزی جاسم ئاغاو رۆستەم ئاغا- تێیدا بەشداربوونو بڕیاریاندا بۆ گەڕانەوەی شێخ مەحموود لە هیندستان دژی ئینگلیزەکان بجەنگن.[١٣]

لە مانگی ئابی ١٩٢١ دا هێزەکانی عەشایەر لە ناوچەی پشدەر پەلاماری سوپای ئینگلیزیان دا لە رانیەو فڕۆکەکانی دوژمن جەنگاوەرانی بوردوومان کرد.[١٤]

لە ناوچەی چەمچەماڵو دەوروبەریدا (مەحمود خدری هەمەوەندو کەریم بەگی فەتاح بەگی هەمەوەندو سابیری کوڕیو سەید محەمەدی جەباری) هەر یەک لە لایەکەوە سوپاو دارو دەستەی داگیرکارانیان پەریشان کردبوو، جگە لە مافەکانی کورد داوای هێنانەوەی شێخی نەمریان دەکرد.[١٥]

لە دەوروبەری سالی ١٩٢١ دا مەحمود خانی دزلی لە بەندیخانەو ئاوارەیی هیندستان ئازادکراو گەڕایەوە هەوارو نیشتمانی خۆی، دیارە بەلای لێپرسراوانی ئینگلیزەوە بە ئازادکردنی ئەم گەورە پیاوە رەنگە ئاژاوەو راپەرینو ئاڵۆزی لە ناوچەکەدا نەمێنێ و گیانی بەرهەڵستکاریو بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانە بنەبڕ ببێ، بەلام بە پێچەوانەوە، چونکە بە گەیشتنەوەی خانی دزلی سەر لەنوێ گڕی قینو کاری شۆڕشگێڕانە لە ناوچەی هەورامانو دەوروپشتی تەشەنەی سەندو زیاتر گەشایەوە، دوژمنی دێرینی کورد (نەدمۆندز)[١٦] لەم بارەیەوە دەڵێ: (سالی ١٩٢٢ کە بە ئیجازە گەڕامەوە کرام بە یاریدەدەری حاکمی سیاسی لە هەڵەبجە، کە ئەمە وەزیفەیەکی ئێجگار بچووک بوو لە چاو ئەوەی پێنج سال لەمەوپێشم، بەلام ئاگادارکرام کە هەڵوێست لە ناوچەی سلیمانیدا تەواو ئاڵۆزەو هەڵەبجەیش پێویستی بە یەکێکی زۆر

شارەزا هەیە، کەچوومە هەڵەبجە عەشایەری هەورامان بە سەرۆکایەتی- مەحمود خانی دزلّی- دژی ئێمە هەستابوون، مەحموود خان لە کاتی خۆیدا لەلایەن حوکومەتی ئێرانەوە تەسلیم بە ئێمە کرابوو، بەڵام ئێمە هەڵەیەکی گەورەمان کرد کە بەرەڵلامان کردو کەڕایەوە شوێنی خۆی چونکە لەوێوە دەستی کرد بە پەیوەندیکردن بە تورکەکانەوە.)[١٧].

بەم جۆرە خانی دزلّی لە جاران فراوانتر پەلی بۆ ناوچەکان هاویشت و گڕی خەباتی بڵێسەی سەندو ئەم شەڕو ئاڵۆزبوونەی ناوچەی سلێمانی بە گشتیو دەوروبەری هەڵەبجەو هەورامان بەتایبەتی لە چەند (دۆکیومێنت)ێکی ئارشیفی وەزارەتیدەرەوەی بەریتانیاو وەزارەتی فڕۆکەوانیو شوێنەکانی تر پارێزراونو ئێمەیش لێرەدا پەنجە بۆ چەکێکی رادەکیشینو تیشکی پێویستیان دەخەینە سەر کە سەرڕێژن لە زانیاریو وردەکارییەکانی ئەو رۆژگارە جەنجاڵەی مێژووی خەباتی کورد.

١- دۆکیومێنتی ژ(H.C.36-C.O.730-19)ی رۆژی ١٩٢٢/١/١٤ لە مەندوبی سامی بەریتانیاوە لە بەغداد بۆ وەزارەتی موستەعمەرات:

(دوا بە دوای تیلیگرافی ژ ٨٤١ی رۆژی ١٩٢١/١٢/٣٠ سوارە چەکدارەکانمان لە رۆژی ١٩٢٢/١/١٣ دا لە نزیکی هەڵەبجە تووشی شکاندنێکی خراپ بوون کە لە ناوچەی خورماڵدا روویداو کە بە داخەوە ئەم هەواڵە ناخۆشەتان دەدەمێ، H.C.O. Fitz gibbon لەگەڵ ٢٠ کەسدا کوژراونو لاشەکانیان دیارنییە، فڕۆکەکانمان ئەو ناوچانە بەجێناهێڵنو دەچنە سلێمانیو بە سەر شارەزووردا دەفرن، هەڵوێست هەتا بڵێی ئاڵۆزو ناخۆشەو هەواڵی شەڕەکەم بە تەواوی پێنەگەیشتووە، بەڵام شکاندنمان لەم شەڕەدا بەهۆی مەحموود خانی دزلّییەوە بووە کە ئاگاداری ئەوەم هەتا ئێستا بە چەند نامەیەک پەیوەندی بە مستەفا کەمال- ەوە کردووە)[١٨].

٢- دۆکیومێنتی ژ C.O.730-14 ی ڕۆژی ١٩٢٢/١/١٥ برگەی ٣٦ی ڕاپۆرتێکی نهێنی‌یەو دەڵێ: (لە سنووری هەورامان دا مەحموود خانی دزڵی لەگەڵ چەند چەکدارێك ڕوویان کردە ناوچەی سروچك-بەرزنجە- و لە ١٩٢١/١٢/٢٧ دا خۆپیشاندانێکی هێزی ئاسمانی کرا بۆ سەر سلێمانی، لە ئەنجامی ئەوەدا ئەوانەی چووبوونە سروچك گەرانەوە سنووری ئەودیو بۆ هەورامان.) (١٩).

٣- دۆکیومێنتی ژC.O.730-19 کە بریتی‌یە لە ڕاپۆرتێك سەبارەت بە ڕووداوەکانی ١٩٢٢/١/١هەروەها ١٩٢٢/٢/١، لە برگەی (٩٤) ی ئەو ڕاپۆرتەدا دەڵێ:

(هەڵوێست لە سلێمانی جێگەی دلنیایی نی‌یەو پڕوپاگەندەی تورك زۆر بەهێزەو لەناو خەڵکدا بڵاو بووەتەوە کە ئینگلیزەکان خەریکن بکشێنە دواوەو ناوچەکە بەجێ بهێڵن، وەکیلی تورکەکان لەناویاندا بڵاوی دەکاتەوە کە سەربەخۆیی کورد لە لایەن ئینگلیزەوە جی‌بەجێ ناکرێو تورکە کەمالی‌یەکان ئامادەن یارمەتی مەحموود خانی دزڵی بدەن، لە ناوچەکانی هەورامانو مەریوان پڕوپاگەندەی تورك کاری زۆر کردووەتە سەر خەڵك و لەلایەن H.B.M کە قونسوڵی بەریتانیایە لە کرماشان هەواڵ گەیشتووە کە پڕوپاگەندەی تورك کاری کردووەتە سەر خەڵكو بۆلشەفیکیش کەمێك ئەو پڕوپاگەندانەیان بە ناو خەڵکدا بڵاوکردووەتەوە..

لە مانگی دیسەمبەری ١٩٢١ بە دواوە خەریکن لە ناوچەی خورماڵ باجو سەرانە کۆدەکەنەوەو هەواڵ وادەگەیەنێت کە (مەحموود خان) خۆی یەکێکە لەوانەی کە سەرپەرشتی باج کۆکردنەوە دەکات، بەڵام ساتێك فڕۆکەکانمان لە ١٩ی دیسەمبەری ١٩٢١ دا بە سەر ئەو ناوچانەدا فڕین هەموو ڕایان کردە ناوچە شاخاوی‌یەکان، مەحموود خانی دزڵی چووەتە (باخە کۆن) کە دوو میل

له هەڵەبجەوە دوورەو لەوێوە نامەی ناردووە بۆ ئەفسەری سیاسی ئیمە لە هەڵەبجە کە دەیەوێ ئیخلاسی خۆی دەرببڕێ بۆ حوکومەتی بەریتانیا،بەلام ئەم نامەیەی لەگەڵ ئەوەی بۆ (سمکۆ) و (مستەفا کەمال)ی ناردووە پێچەوانەی یەکترن، جگە لەوەیش نامەیەکی ناردووە بۆ عەشیرەتەکانی (هەمەوەند) و لەو نامەیەدا گاڵتەی بەوانە کردبوو کە دان بە دەسەلاتی ئینگلیزدا دەنێن و سەری بۆ دادەنەوێنن،

هەروەها لە بڕگەی (٩٥) ی هەمان راپۆرت دا دەڵێ:

(ئەحمەد بەگی ڕیشێن) لە سلێمانی رای‌کرد، ئەم پیاوە دەسەلاتدار نی‌یە، بەلام کچی _عادلە خانم-ی هێناوەو سکرتیری -عادلە خانم- بووە، ئەحمەد بەگ لە کاتی خۆیدا بە دەست بە سەری نێررابوو بۆ سلێمانی چونکە پەیوەندی بە مەحمود خانی دزلێ‌یەوە هەبوو، لە بەر ئەوە لە سلێمانی خرابوە ژێر چاودێری‌یەوە، بەلام لە سلێمانی خۆی دەرباز کردو دەڵێن لە ئاوایی (رۆستەم بەگ) خۆی شاردووەتەوە کە لە پێدەشتی شاخی هەورامان‌دایە، ئینجا بۆ ئەوەی ئەحمەد بەگ نەگاتە لای مەحمود خان ٧٠ سواری لیڤی بە سەرکردایەتی کاپتن (فیتز گیبونfitz Gibbon) لەگەڵ ئەفسەرێکی خەلکی ناوچەکە نێرران بۆ هەڵەبجە، لە ١٩٢٢/١/١١ دا بڕیاردرا بەنهێنی بچنە سەر ئاوایی-رۆستەم بەگ-و لەکاتێکدا کەئەو هێزە لە ١٩٢٢/١/١٢ گەیشتە ئاوایی‌یەکە دەرکەوت کە دوو گوند بەو ناوەوە هەیە کە یەکەمیان گیرا ئەحمەد بەگ لەوەیاندا نەبوو، بەلام هێزی لیڤی زیانێکی زۆری لێکەوت و کاپتن Fitz Gibbon بە گوللەیەك کوژرا لەگەڵ (١١) سەربازی لیڤی و مەیتەرەکەی ئەفسەری سیاسیش کوژرا، مەحموود خانی دزلی کە ئاگاداری ئەو شەڕە بوو یەکێك لە کورەکانی و (٢٥٠) چەکداری لە دزلی‌یەوە گەیاندە ئەو ناوچەیەو هەورامی‌یەکانیش چوونە پاڵ ئەو، بەلام بەهۆی بۆردومانی فڕۆکەوە هێزەکەی

مـەحموود خـان کشـایەوە دواوەو ئەحمـەد بـەگی ریشـێن خـۆی گـەیاندە لای مەحموودخان.[٢٠]

٤-دۆکیومێنتـی ژ C.O.730-19 ی رۆژی ١٩٢٢/٢/٩ بریتی‌یە لە نامەیـەکی مەندوبی سامی بەریتانی لە بەغداد کە بۆ وەزیـری موستەعمەراتی ناردووەو دەڵێ:

(هەڵوێست هـەتا بـی ئـالۆز دەبێ، تاقە رێگەیـەك بۆ چارەسـەرکردن دەسـت بدات ئەوەیە هەوڵبدرێ دۆستایەتی لەگەڵ تورکەکاندا پەیدا بکرێ، هەڵوێست لـە ناوچـە کوردی‌یـەکانی مووسـڵو هـەولێرو سـلێمانی‌دا زۆر ئـاڵۆزەو پـڕ لـە مەترسی‌یە، کشانەوەمان پڕە لە مەترسـی بـە تایبـەتی ئەگـەر دانیشتوان بۆیـان دەرکەوت ئێمە هێزەکانمان دەکێشینەوە، پروپاگەندەی تورکەکان لە ناو کوردە نەتەوەیی‌یەکانی سلێمانی‌دا زۆر بە هێزو کاریگـەرە، مـەحموود خانی دزڵی بە هاندانی تورکەکان لە ناوچەی هەڵەبجەو خورماڵدا لە بزوتنەوەدایەو پەیوەندی لەگەڵ مستەفا کەمالدا هەیەو لەوەیش ترسناکتر ئەوەیە کوردەکان هەوڵی ئەوە دەدەن مافو داخوازی‌یەکانیان لە رێگەی تورکەوە دەستگیر بێت کە نابێ ئەم تەقەللایە پشت گوێ بخرێ.[٢١]

دکتـۆر کـەمال مەزهـەر ئەحمـەد سـاڵی ١٩٨٤ راپۆرتێکـی ئینگلیزەکـانی بڵاوکردەوە کە داویانە بە کۆمەڵەی گەلانو دەربارەی کاروبـاری بـەڕێوەبردنی عیراق لەمانگی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٢٠ تاکوو مانگی مارتی سالی ١٩٢٢، لەو راپۆرتەدا (ناوی شێخ مەحموودو سمایل ئاغای شوکاك-سمکۆ-و مـەحموود خانی دزڵیو ئەورەحمان ئاغای سەرۆکی هۆزی شەرناخی باکووری کوردستانو ژمارەیـەك نـاوداری تـری کـورد هـاتووە، دەربـارەی شێخ مـەحموودو مـەحموود خـانی دزڵـی گـەورەی هـەورامان دەڵێ: لـە ناوچـەی سلێمانی پروپاگەندەیـەکی زۆر دژی‌بەریتانیا کراوە، سالی ١٩١٩ مەحموود خـانی سـەردلری گوندی دزڵی

بەشداری بزووتنەوەکانی شێخ مەحموودی کردو ساڵی ١٩٢٠ لە لایەن حکومەتی ئێرانەوە دیل کراو درایە دەست کاربەدەستانیبەریتانیا، دوای ئەوەی لە هیندستان ماوەیەك بە بەندی مایەوە، لەئەیلولی سالی ١٩٢١ رێگەی درایە بگەڕێتەوە سلێمانی بەو مەرجەی وەك بەڵێنیدا نەچێتەوە دیوی ئێران بەڵام مەحموود خان بەڵێنەکەی شکاندو گەڕایەوە دزلیو لەوێوە نامەی بۆ مستەفا کەمال ناردو داوای چەکی لێ کرد بۆ دەرکردنی ئینگلیز لە ناوچەی سلێمانی، کانوونی یەکەم ژمارەیەك وردە سەرداری هەورامان کە بێگومان پەیوەندییان پێوە هەبوو هاتنە دەشتی هەڵەبجەو کەوتنە کۆکردنەوەی باج،ناوەندی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٢٢ هێزێکی لیفی کەوتە ناو بۆسەیەکەوە ژمارەیەکیان پێکران کە یەکێکیان ئەفسەری بەریتانی کاپتن فیتز گیبوونی فەرماندەی هێزەکە بوو، دوای ئەوە لە بریتی پیادە بە فڕۆکە هێرش کرایە سەر هەڵەبجەو ئەنجامی ئەو هێرشە زۆر سەرکەوتووبوو، مەحموود خان بە ناچاری گەڕایەوە گوندی دزلی، بەڵام پیاوەکانی لە پەلاماردانی دەشتی هەڵەبجە نەکەوتن، مانگی مارت فشاری فڕۆکە مەحموود خانی ناچارکرد پەیوەندی بە کاربەدەستانی ئینگلیزەوە بکات) [٢٢]

ئینگلیزەکان هەستیان کرد کە ناوچەکانی کوردستان بە گشتیو ناوچەی هەورامان بە تایبەتی بەرەو ئالۆزیو پشێوی دەچێو هەر ساتە لە لایەکەوە پەلامار دەدرێن بۆیە (بڕیاریاندا کە پەیمانێکی ئاشتی لەگەڵ مەحموود خانی دزلیدا مۆر بکەنو ئەویش دەستبەجێ جەنگاوەرەکانی لە ناوچەکاندا بکشێنێتەوە، لە مایسی ١٩٢٢دا پەیمانەکە پێکهێنرا، بەڵام هەندێك لە جەنگاوەرەکان نەگەرانەوەو زنجیرەیەك بزوتنەوە لە ناوچەی هەوراماندا روویان داو لە زۆر لاوە کەسانی تریشیان پێوەلکا، بۆ بەربەست کردنی ئەم هێرشو

پەلاماردانــە ئینگلیزەکــان هــێزی ئاسمانیــان بــەکارهێناو ســەنگەری شۆڕشگێڕانیان لە -بانی بنۆك- بۆردوومان کرد)[٢٣]

کەریم بەگی فەتاح بەگی هەمـەوەندیش لـە ڕۆژی ١٨ی حوزەیرانـی سـاڵی ١٩٢٢دا بەونیازەی لە دەوروبەری ئاوایی -مۆرتکەی- ناوچەی بازیاندا لەگەڵ کاپتن -بۆند-ی لێپرسراوی ئەو سەردەمەی چەمچەماڵ کۆببێتەوە[٢٤]، لە کاتی وتوویـژدا کەریم بەگ تسەو هەرەشەکانی -بۆنـد- ی پێقبـوڵ نـاکرێو هـەر لەویدا کاپتن (بۆند) و (ماکانت)ی یاوەری دەکوژێو سەر لەنوێ بـێ ئـارامی دەکەوێتـەوە ناوچەکـەو کۆلۆنێـل Mientی ئەفسـەری هێزی لیڤـی ڕوودەکاتـە (تەینال)و لاشەکان دێنێتەوە، کەریم بەگ ماوەیەك لە ناوچەکانی چەمچەماڵو قەرەداغ و سەنگاودا دەمێنێتەوەو سوپاو هیزی ئاسمانی ئینگلیزەکان هەنگاو بە هەنگاو سۆراخی دەکەن، ڕۆژی ٢٢ی تـەمموزی ١٩٢٢ لە نزیك دوکانـەوە لە ئاوی زێ دەپەڕێتەوەو خۆی دەگەیەنێتە لای (ئۆزدەمیر)[٢٥] لە ڕەواندوزو ڕۆژی ٢٣ی ئابی ئـەو سـاڵە بەشـداری شـەڕی دەربـەندی ڕانیـەی کـردووەو شـێرانە جـەنگاوە. (گۆلـد سمـث) ی حـاکمی سیاسـی ئـەو سـەردەمە لـە ڕۆژنامـەی (پیشکەوتن) دا [٢٦] ئەم هەواڵەی بڵاوکردۆتەوە:

(شەخسێك وەیا چەند شەخسێك ئەگەر خەبەرو ئیطلاع بدەنو ئەو خەبەرو ئیطلاعە ببێ بە سەبەبی تەوقیف و گرتنی کەریم بەگی فەتاح بەگی هەمەوەند لە لایەن حوکومەتەوە دە هەزار ڕوپیە ئەنعامو بەخششی دەدرێتێ، دیسان ئیطلاع بدرێت و ببێ بە سەبەبی گرتنی سەید محەمەدی جەباری بۆ ئەمەیش دوو هەزار ڕوپیە ئەنعامو بەخشش دەدرێت).

ئیمزا

گوڵد سمث

حاکمی سیاسی

جمووجوڵەکانی کەریم بەگی هەمەوەند لە ڕۆژگاری ئاوارەیی شێخی نەمردا کەسایەتی یەکی ناسراوی مێژوویی وەك (وینستۆن چەرچڵ) ی وەزیری موستەعمەراتی ئەو سەردەمەی بەریتانیای مەزنی هێناوەتە قسە:

(لەندەن- ەی تەمموز. میستەر چەرچڵ جوابی ئەو پرسیارەی دایەوە کە لە مەجلیسی عمومی بەریتانیا لێیان کردو وتی: مەعلوماتێکی تری مست نەکەوتووە لە لایەن -کاپتن بۆند-و کاپتن -ماکانت- ەوە کە کەریمی فەتاح بەگی هەمەوەند کوشتوونی، بەڵام لەم ڕووەوە لەگەڵ مەندوبی سامی عیراقدا موخابەرە هەیە، عەسکەری لیڤی کە قوماندانیان زابتانی بەریتانیایە موعاوەنەتی قووەی هەوایی ئەکەن بۆ نازڵکردنی عیقاب بە سەر جورمدارەکاندا)[۲۷]

جگە لەمانەیش لە ڕۆژی ١٩٢٢/٧/٥ دا (سیر پیرسی کۆکس) ی مەندوبی سامی لە بەغداد تیلیگرافیکی ناردووە بۆ ئەستەموڵ و هیندستان و میسرو ئەڵێ:

(ناوچەکانی سلێمانی و کەرکوك لەگەڵ ئەو هەموو هەرەشەو فشارەی کەهێزی لیڤی خستی یە سەر پیاوکوژەکانی کەریمی فەتاح بەگ و تاقمەکەی، ئەو گوندانەی کە یارمەتی یان دابوو هەموو سزادران و هێزی ئاسمانی دەوری خۆی بینی، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا کەریم بەگ پەلاماری هێزێکی بچووکی لیڤی دا لە سەر ڕێگەی کفری-کەرکوك کە لەو شەڕەدا چوار لیڤی کوژراو هیچ دەسەڵاتدارو ئاغایەك لەو ناوچەیەدا نەبووەتە لایەنگری کەریم بەگ، ئەو هێزی تۆپخانەیەی سێك کە لە موسڵەوە نێرراون لە ١٩ی تەمموزدا دەگەنە کەرکوك)[۲۸].

وەك وتمان لە سەرانسەری باشووری کوردستان و دەوروبەریدا بەرهەڵستکاری و ڕازی نەبوون بەرانبەر ئینگلیزی داگیرکارو داواکردنی

هێنانـەوەی شـێخی نـەمر گەیشـتبووە لوتکـە، دۆکیومێنتــی ژC.O.730-23 ی ڕۆژی ١٩٢٢/٧/٦ نامەیـەکی مـەندوبی سـامی (سـیر پێرسـی کۆکـس)ە بـۆ کاربەدەستانی خۆی لە لەندەن و دەڵێ:

(داوای سەربەخۆیی بۆ کورد لە باشووری کوردستان دا لە پەرەسەندن دایەو کە بێگومان سەرکەوتنەکانی سمکۆ لە ئێراندا ئەو هەستەی بەتین تر کردووەو بۆ ئەم مەبەستە داوای بوونی سەرکردەیەکی کورد دەکەن و بە هیچ جۆرێکیش نایانەوێ بخرێنە سەر عیراق)[٢٩]

هەروەها لە برگەی ٤٩٧ی ئەو ڕاپۆرتەدا دەڵێ:

(ئەوانـەی لـە ناوچـەی پشــدەر دژی بابـەکری سـەلیم ئاغـان ئیمزایـان کۆکردووەتەوەو داوای هێنانەوەی شێخ مەحموود دەکەن بۆ کوردستان، جگە لەوانە هەندێ کەسی تریش هەر ئەو داخوازییانەیان هەیە کە بریتین لە شێخ و مریدەکانی ناوچەی سلێمانی)[٣٠]

هەروەها دەڵێ:

(لە ناو خەڵکدا بڵاوبووەتەوە کە لێبوردنێکی تازە بە دەستەوەیە لە دوای ئەم پشێوی و ئاژاوانەی کە ڕوویان داوە، دەنگ وایە شێخ مەحموود دەهێنرێتەوە، مەحموودخانی دزڵی و دەسەڵاتدارانی وێنەو جافەرسان داوای هێنانەوەی شێخ مەحموود دەکەن)[٣١]

هاتنەوەی شێخ مەحموود بۆ کوردستان:

گـەر سـەیری نەخشـەی سیاسـی ئـەو ڕۆژگـارە بکـەین کـە شـێخی نـەمر ماوەیەکی ژیـانی بـە ئـاوارەیی بەسـەر بردووە دەبینـین کـە رستێك ڕووداوی سیاسـی کاریگـەر لـە ناوچەکـەدا هاتونەتـە پێشـەوەو ئینگلیزەکـانیش لــە بەرتیشکی ئـەو گۆڕانکـاری و ڕووداوانـەدا بیریـان لـە چارەسـەرێك کـردەوە تـا بەوهۆیـەوە هـەندێ گرفـت و ئاڵۆزی کـەم بکرێتـەوەو تـا ڕادەیـەکیش پشـوویەك

بدەن، ئێمەیش دەتوانین بە کورتیو بە نووکە قەڵەمێکی درشت هەندێ لەو ڕووداوانە بخەینە بەرچاو کە کەوتوونەتە ماوەی پێش هاتنەوەی شێخی نەمر:-

١-لە ڕۆژی ١٩٢٠/٨/١٠ دا هاوپەیمانەکان توانیان پەیمانی (سیڤەر) بە سەر تورکەکاندا بسەپێنن، ئەو پەیمانەی کە ماددەکانی ٦٢،٦٣،٦٤ی پەیوەندییەکی توندوتۆڵو شەتەکدراویان بە چارەنووسی کوردەوە هەبوو، بەتایبەتی مادەی ٦٤ کە سەبارەت بە پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆیە بۆ کوردەکانی باکووری کوردستانو ڕێدان بە کوردەکانی باشوور کە لە ئایندەدا بچنە ناو ئەم دەوڵەتەوە.

٢-لە مانگی مایسی ١٩٢١دا کۆنگرەی قاهیرە بە چاودێری (چەرچڵ) بەسترا کە ئەو کاتە وەزیری موستەعمەرات بوو، لەگەڵ ئەوەیشدا کە کۆنگرەی قاهیرە لەزۆر بابەتی سەرەکی کۆڵییەوە کە پەیوەندییان بە کوردەوە هەبوو، بەلام گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ لە سیاسەتی ئینگلیزەکاندا دەرنەکەوت بەرانبەر بە کورد، (لەو ڕاپۆرتەدا کە ئینگلیزەکان دەربارەی کاروباری بەڕێوەبردنی عیراق لە مانگی ئۆکتۆبەری ١٩٢٠دا تاکوو ئابی ١٩٢٢)[٣٢] ئامادەیان کردووە باسی کۆنگرەی قاهیرەو سیاسەتی ئینگلیز بەرانبەر بە کورد کراوە؛ هەر لەو ڕاپۆرتەدا لەوەیش دواون کە کوردەکانی باشوور بە تایبەتی ناوچەی سلێمانی بەشدارییان لە دانپیانانی فەیسەڵی یەکەمدا نەکردووەو لە ١٩٢١/١٠/٢٥ یشدا حوکومەتێکی کاتیبەچاودێری ئینگلیز لەعیراق دا دامەزرێنراو (عەبدولرەحمان نەقیب) کرا بە سەرەك وەزیرانو (فەیسەڵ) یش کرا بە پاشای عیراق.

ساڵی ١٩٢١ ئینگلیزەکان لە هەوڵو کۆششێکی بەردەوامدا بوون کە باشووری کوردستان بلکێنن بە حوکمی عەرەبی عیراقەوە، بەلام جەماوەری کورد دەنگی ناڕەزایی دەربڕی.

٣-لە سەرەتای ئاوارەبوونی شێخی نەمرەوە بزووتنەوەو هەژان و نارەزایی سەرانسەری باشووری کوردستانی تەنی بۆوە، لە ناوچەی هەورامان و هەڵەبجە شۆرشگێرانی مەحموود خانی دزڵی هەر رۆژەی لەلایەکەوەزرمەیان لێ هەڵدەستان و بارگەو بنەیان دەکردن بە سووتوو، لە لایەکی ترەوە تورکەکان درێژەیان بە دوژمنایەتی و پروپاگەندەی خۆیان داو ئینگلیزەکانیان بێزار کردبوو، لە ئەنجامی تێکرا ئەم رووداوانەدا ئینگلیزەکان دوای رامان و بیرکردنەوەیەکی قووڵ و هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ناوچەکە بیریان لە هێنانەوەی شێخی نەمر کردەوە بەڵکو ببێتە هۆی کەم کردنەوەی گرفت و ئاڵۆزییەکان، چونکە لەو باوەڕەدابوون کە کەسی تر ناتوانێ جێی پڕبکاتەوە.

(رۆژی ١٩٢٢/١/١٢ لە بەندەری-بۆمبیی هیندستان-ەوە پاپۆڕی-بەنکورە-کەوتەرێ و شێخ مەحموودو شێخ حەمەغەریبی زاوای لەو پاپۆرەدابوون و لە رۆژی ١٩٢٢/١/٢٨ گەیشتە کوێت) [٢٢]

بە گەیشتنی شێخی نەمر بۆ کوێت شادمانی کەوتە سەر لێوی جەماوەری کوردو شاعیرانی کوردپەروەری ئەو سەردەمە هەر یەکەیان چەپکە گوڵی شیعرو نوازشیان بۆ نارد، شێخ ماوەیەک لە کوێت مایەوە کە هەواڵی گەرانەوەی گەیشتە کوردستان، رۆژنامەی- *بانگی کوردستان*- ئەم چەند دێرەی سەبارەت بە هاتنەوەو جۆری پێشوازی بڵاوکردەوە:

(لە وەقتێکدا جەنابی سەعد زەغلول پاشا کە لەسەر مەسئەلەی میللی یەت لە میسر گرتیان و بە حەپسی بردیان لەهالی میسر عومومەن چوون بۆ ئیستیقبالی بە سەرشان و سەر هەڵیان گرت بە ئەو نەوعە ئیحتیرامە داخلی شاربوو، حەزرەتی حوکمداری کوردستان جەنابی شێخ مەحمود ئەفەندی کە لە سەر عەینی مەسئەلە گیراو سێ ساڵ و نیوە حەپسە، ئێستا تەشریفی هێنانەوەی نزدیکە. بزانین میللەتی کورد بە چ نەوعێک ئیستیقبالی ئەکەن؟ و

ئیحتیرامی نەگرن؟ و لەحەق موشار ئیلەیهی بە چ حیس و حورمەتێك خۆیان نیشان ئەدەن)[٣٤]

لە لایەکی ترەوە رۆژنامەی بانگی کوردستان وەك بارانی پەڵە شیعری پێشوازی بە سەردا دەباری:

روو بە قیبـــــلە دەست بە سینە بۆ کویتێن چاوەرێ
کـــوردو گۆران هەر دەڵێن یا رەبی مەحموود بێتەوە[٣٥]

(حەمدی) شاعیری بزووتنەوەی نەتەوایەتی بە گەیشتنی شێخی نەمر بۆ کویت جوانترین تابلۆی شیعری نەخشاندوە:

کـــــــــــەرۆیشتی بە جاری دڵو جەرگ و هەناوم کەوت
کە چویتە (تانە) تانە سەر گلێنەی هەردووچاوم کەوت
نـــــــەڵێن هاتوویتە کوێت، بڵێ قوربانی کوێتی کەم
کـــــە نۆبەت بەر سەری نەحسی شکاوی بێ کڵاوم کەوت(٣٦)

(بیخود) یش لە شیعرێکی ناوازەیدا خۆی دەکات بە قوربانیهەموو عەرەبستانی کویت چونکە تاجی سەری کوردی لێدانیشتووە:

عومرێکـــــە ســــیەە رۆژو پەریشــــانی کوومیتـــــم
ئاشــــفتە وەکــــوو طورەیــــی خوبــــانی کووەیتــــم
عومرێکـــە کـــــەرۆژم بەمەســـــەل وەك شــــەومزەنگە
حەســــرەت زەدەیــــی شــــامی غــــەریبانی کوومیتـــــم
عومرێکـــە لـــە زیندانـــی جنوونــــا کــــە وەکــــوو شــێت
پــــا بـــــەندی غـــــەزالانی ئەســــیرانی کووەیتــــــم
عومرێکـــە لـــە کونجـــی قەفەســـی فیرقـــەتی گوڵـــدا
وەك بولبـــولی دڵ خەســـتە غـــەزەلخوانی کوومیتـــم

عومرێکە لە دووی مەحمەلی لەیلا وەکو مەجنون
خۆم لێرەو دڵ وێڵی بیابانی کوومیتم
عومرێکە لە بۆ کوشتنی دەججالی حەسودان
هەر مونتەزیری عیسایی دەورانی کوومیتم
عومرێکە دەناڵم بە غەمی تۆوە لە کەرکوك
دایم وەکو نەی سینە پڕ ئەفغانی کوومیتم
ئیشم هەموو هەر گریانە وەکوو هەوری بەهاری
بێ سەرفی دەمی غونچەیی خەندانی کوومیتم
پێویستە وەکوو قومری ئاوارە لە گوڵشەن
سەرگەشتەیی دڵ سەروی خەرامانی کوومیتم
پەروانە سیفەت موضطەریبم کوللی شەو ئاخۆ
کەی پرتەوئەدا شەمعی شەبستانی کوومیتم
کەی بێ کە لە ئوفقی عەرەبستانەوە ڕۆژی
هەڵبێ گوڵی خورشیدی درەخشانی کوومیتم
واتێ مەگە دوورم لە تۆ ئەی ساحیبی خاڵەم
هەر هودهودەکەی بەزمی سلێمانی کوومیتم
خەڵکینە لەبەر گەوهەری تاجی سەری کوردە
قوربانی موحیتی عەرەبستانی کوومیتم
هەرچەندە وەکوو بیژەن کە لە زیندانی فیراقم
بیلا بە تەمای ڕۆستەمی داستانی کوومیتم
عاجیز مەبە (بیخود) کە ئیشەڵڵا وەکوو یەعقوب
نزدیکە ویصالی مەهی کەنعانی کوومیتم (٣٧)

حاجی مستەفا پاشای یامولکی بە هەمان سۆزی نیشتمانیو نەتەوەیی‌یەوە سەبارەت بەم ڕووداوە گرنگە وتوویەتی:

هومایی دەوڵەتی نیشتوو بە سەر کوردا بیحەمدیللا
دوعا بۆ بەختی کوردان کەین دەوامی بێ بیعەونیللا
بڵێ ڕۆژێکی ئیستیقلال هەزاران ڕۆژی تر دێنێ
بڵێ ڕۆژێکی ئازادی لە بۆ کوردان جیهان دێنێ
ئەوی کوردی ئەوێ هەڵسێ بەجێ‌بێڵێ سلێمانی
ئەماوە دەوری دوو ڕوویی لە بۆ ئینگلیس و توورانی[٣٨]

شاعیری کورد پەروەر (شیخ ئەحمەدی شیخ غەنی) کە نازناوی (فەوزی)[٣٩]یە بەم بۆنە پیرۆزەوە سۆزی خۆی دەربڕیوە:

شکرو لیللا موژدەبێ وانووری ئیمان هاتەوە
ئەرشەدی ئەولادی حەیدەر شێری یەزدان هاتەوە
هەر وەکو یوسف لە زیندانی ئەسارەت هاتەوە
شاهی میسرە سەد شوکر وا ڕوویە کەنعان هاتەوە
سەف بە سەف زومرەی مەلایك دێن بە ئیستیقبالەوە
بانگ ئەکەن وا مەظهەری ئەلطافو ڕەحمان هاتەوە
عەرضی تەبریکات ئەکەن جنو مەلایك یەك بەیەك
زەمزەمەی خەیرولقدومە شاهی دەوران هاتەوە
شەمشەمە کوێرە لە داخا خۆی لە قورنێ حەقیەتی
شەو ئەما ظولمەت بەسەر چوو مەهی ڕەخشان هاتەوە
خاتەمی حوکمی لە دەس حیلەی‌شەیاتین دەرنەهات
تا جەنابی ئاسەفی مولکی سلێمان هاتەوە

جامی مەی سابێنە گەردش ساقیا تــوو بــی خــودا
مودەتێکــە دڵ حــەزینم جــانی جانــان هاتــەوە
موتریبی خۆش لەهجە کوا دەنگی روبــابو عـودو نـەی
وەقتــی وەصڵــە قــاتیلی عومـری رەقیبــان هاتــەوە
جـەژنی کوردســتانە قوربــان مــەوقیعی قوربانی‌یــە
چۆن بە قوربانی نــەبم وافــەخری کــوردان هاتــەوە[40]

رۆژی ١٩٢٢/٩/٢٩ شێخی نــەمر گەیشــتە بــەغدادو دوای دیدەنــی مــەلیك فەیسەڵو نوێنەری بالای بەریتانیا (سیر پیرس کۆکس) لەرۆژی ١٩٢٢/٩/٣٠ دا گەیشــتەوە شــاری ســلیمانی‌و لــە رۆژی ١٠ی تشــرینی یەکــەمی ئــەو ســالەدا فەرمانی ژ١) ی حوکمداری کوردستان بلاوکرایەوە کە دەڵێت:

(مووەفەقەن هاتوومەتەوە، لە ئیمرۆوە دەستم کرد بە تەدویری پەروانـەی حوکومەتو موحافەزەی مەوجودی‌یەت و ئیستیقلالی‌یەتی کوردستان) [41]

حوکمداری کوردستان

مەحمود

لە رۆژی ١٠تشرینی دووەمی ١٩٢٢ دا بە نــاوی (تەشــکیلاتی حوکومــەتی کوردستان) ەوە کابینەیەکی دامەزراند[42] و لە ناوەراستی هەمان مانگدا ناوی خۆی بە (مەحموود- مەلیکی کوردستان) نیشاندا[43]

بە بۆنەی هاتنەوەی حوکمداری کوردستان لەناوەراستی مانگی تشــرینی یەکەمی ١٩٢٢دا میر مەحموود خانی دزلی بەخۆی‌و خزمو کەس‌وکارو هەندێ لــە جەنگاوەرانی‌یــەوە گەیشــتە ســلیمانی‌و رۆژنامــەی بــانگی کوردســتان ئــەم هەواڵەی بلاوکردووەتەوە:

((جەنابی مەحموود خانی دزلی))

ـمای مەشهورانی هەورامی جەنابی مەحموود خانی دزڵـی لەگـەڵ خۆی عەلی محەمەد خانو محەمـەد رەشید بـەگ کوڕانـی جـان الله بەـ ـ ـولڵابەگی سەرتیپو محەمەد عەلی بەگی حەبیب الله بەگو محەمەد عەلی بەگی سەردار بەگ لەگەڵ قەریبی سەد سوار مەعیـەتیان بۆ شـەرەفیابی زیـارەتی حـەزرەتی حوکمـداری کوردسـتان وارد سـلێمانیو لـە خـانووی عـەبدولرەحمان قەپتانچی کـە بۆیـان ئیحضـار کرابـوو موسـافیر بـوون. بـە خێربین)[44]

بە دروسـت بـونو دامەزراندنیحوکومـەتی دووەمـی شـێخ مـەحموود سـەر لـەنوێ پـلانو دەسیسـەی ئینگلیـز سـەری هەڵدایـەوەو لـە بـیرو‌راو بۆچـوونو هەڵسوکەوتیشێخ زارەترەك بووبوون بە تایبەتی لەو کاتەدا کێشەی موسڵ لە ئارادا بوو، ئێمە لێرەدا نامانەوێ سەر بوردێکی سەرتاپاگیری ئەم مەسەلەیە باس بکەینو وردو درشتی هۆیەکانیبخەینە روو تەنیا ئەوەندە دەڵێین کە (ئەو حکومەتەی شێخ مەحموود لە تشرینی دووەمی سالی ١٩٢٢ دایمەزراند لە بەر گەلێك هۆی ئالۆزی ناوەکیو دەرەکی بۆ ئینگلیز دەستی نەئەدا بۆیە دەبوو نـاوی لـە نەخشـەدا نـەمێنێ)[45] و (رۆژی ١٩٢٣/٢/٢٩ بەیاننامـە بەسـەر سلێمانیدا بڵاوکرایەوەو داوا لە مـەلیکی کوردستان کـرا چۆڵـی بکاتو دوو بۆمباشیان دا بە بازێڕەکەدا)[46] .

دیارە بەم کارەش سەر لەنوێ کێشەو پەیوەندی نێوان حوکومـەتی دووەمـی باشووری کوردستانو داگیرکارانی ئینگلیز گەیشتە ئاستێکی ترسناكو شێخی ئەمر لە شـەوی ٤\٣/١٩٢٣/٣دا بـەناچاری بەخۆیو هێزەکانییـەوە کشـایەوە ناوچەی سورداشو ئەشکەوتیجاسەنەی کردە بنکەو مەڵبەندی سەرکردایەتی خۆی، ئەوەیشی لە یاد نەکرد کە ئەوچاپخانەی (بەلەدیە) ی پێشتر رۆژنامەی (رۆژی کوردسـتان)ی پێچاپ دەکـرا بـەجێی نـەهێڵیو بیگەیەنێتـە هـەواری

تازەی بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەیەکی کوردیو (ئەمەیش بۆ خۆی گەورەترین بەڵگەی بەرزبوونەوەی بایەخی ڕۆژنامەنووسی‌یە لە ژیانی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی ئەو قۆناغەی گەلی کورددا)[47] و لە ڕۆژی ١٩٢٢/٣/٨ دا بەو چاپخانەیە بەیانی ژمارە (١)ی چاپ کردو تیایدا ئینگلیزەکانی بەبێ بەڵێن ناوبردووە، دواتر لەڕۆژی ١٩٢٢/٣/٢٨دا یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی (بانگی حەق) ی بە دوو لاپەرە و قەوارەی ٢١×٢٣ سم لە ئەشکەوتی جاسەنە بڵاوکردەوەو لە ژێر ناونیشانی ڕۆژنامەکە نووسراوە (ناشکێ بەتۆپ‌و بۆمبا سەرفرازە بانگی حەق) و (غەزەتەیەکی ڕەسمی لە قەرارگاهی عمومی ئوردووی کوردستان طبع دەکرێو غایەو ئەمەلی استحصالی حقوقی کوردانە).

ناوەڕۆکی ژ(١) بابەتیکی سیاسی‌یەو بە حەوت خاڵ باس لە ڕووداوەکانی ئەو ماوە مێژوویی‌یە دەکات‌و دەڵێ:

(ئینگلیزەکان سزیان لەگەڵ کوردا کردووەو لە بەڵێنی خۆیان پاشگەز بوونەوە)و ژ(٢)ی ڕۆژنامەکە چاپ نەکراوەو بە مسوەدەیی ماوەتەوە،بەڵام ژ (٣) ی ڕۆژی ١٩٢٢/٤/١٢ چاپکراوەو هەندێ تەعلیماتی تێدایە بۆ قوماندانی مەفرەزەی هەشتەمی پیادەو باس لەوەکراوە کە ئەم تەعلیماتە بۆ هەیئەتی مودافەعەی میللی‌یەو سەرجەم تەعلیماتەکان دە برگەن‌و بەناوی (مەحموود باش قوماندان‌و مەلیکی کوردستان) بڵاوکراوەتەوە[48]

ڕۆژنامەی بانگی حەق کە مەبەستی بنەڕەتی هاندانی جەماوەر بوو دژی کردەوەی ئینگلیزەکان‌و تەنیا سێ ژمارەی لێ بڵاوکراوەیەوەو فڕۆکەکانی ئینگلیز تەنگیان بە شێخ مەحموود هەڵچنی‌و بەناچاری ناوچەی سورداشی چۆڵکردو ڕووی لە (پیران) کرد. دیارە ڕۆژنامەکەیش(باس لەو حەقە ژێرپێنراوە دەکات کە ئینگلیز کردی بە قۆچی قوربانی بەرژەوەندی‌یە تایبەتی‌یەکانی خۆی).[49]

رۆژی ١٩٢٢/٦/١٧ جارێکی تر ئینگلیزەکان سلێمانییان چۆڵکردەوەو شۆرشگێرانی کورد لە پێش هەموویانەوە کەریم بەگی فەتاح بەگی هەمەوەند گەیشتەوە سلێمانیو بەناوی شێخی ئەمرەوە بەرێوەبردنی کاروباری ناوچەکەیگرتە دەستو شێخ دواتر لەرۆژی(١١)ی تەمموزی ئەو ساڵەدا گەرایەوەو لەم رۆژگارەدا رۆژنامەیەکی نویی بەناوی (ئومێدی ئیستیقلال)[50] بلاوکردەوە.

ئەم هاتنەوەیەی شیخی ئەمر زۆری نەخایاندو ئاڵشی پلانی ئینگلیزو لایەنگرانی کەوتەوە گەرو لەکۆتایی حوزەیرانی ١٩٢٤دا سلێمانی بەجێهیشتو سەرلەنوێ شەرو بزوتنەوەو جموجوڵێکی سەرتاسەری باشووری کوردستانی گرتەوەو ئینگلیزەکانیش کوناوکون بەدوای شێخ مەحموودو خانی دزڵیو لایەنگرانیدا دەگەرانو فرۆکەی ئینگلیزی ناوچەکانی دابێژابوو. ئێمەیش لێرەداو بەشێوەیەکی کورت چمکێکی ئەوبزوتنەوەو شەرو بەرەنگاربوونە دەخەینە بەرچاو...

لەهەرجاریکدا کەشیخی ئەمر تەنگی پیهەڵچنرابیو روویکردبێتەوە ناوچەکانی دەرەوەی سلێمانی کەسایەتییە ناسراوەکانی کوردو لایەنگرانی پەلاماری دوژمنیان داوەو هەراسانیان کردوون، بەتایبەتی شۆرشگێری ناوچەی دزڵیو سەرداری هەورامان مەحموود خانیدزڵی هەرساتەی لەسورچیکەوە بارگەوبنەیان کردووە بەسوورتوو، ئەوەتا (ئەدمۆندن)سەبارەت بەورۆژانەی کەشێخی ئەمر دوای حوکمەتی دووەمی سلێمانی چۆڵکردووەو دەڵێت:(رۆژی ٢٣ی نیسانی ١٩٢٣گەشتی دووەمم بوو بۆ گوندی- یالان پێ- لەناوچەی هەورامانو ئەمویست چاوم بەمەحموودخانی دزڵی بکەوێت کەگەورەی بنەماڵەی بارام بەگی بوو، کەلەوکاتەدا لەدەست بەسەریو بەندی گەرابووەوە، بەڵام ئیشتا سەرلەنوێ ئالای شۆرشو بزوتنەوەی

هەڵکردووەتـەوەو ناوچەکـەی شـڵەژاندووە، ئـەم هەڵوێسـتـەی مـەحموودخانی دزلی ئیمـەی ناچارکرد کەفڕۆکەکانمان چەند جارێك گوندەکـانی سەرسنوور بۆردومان بکات و ئەمەیش وای کرد کەداوای رێکەوتن بکات)[٥١].

لـەکاتێکدا کەشـێخ مـەحموود لەتـەمووزی ١٩٢٤دا بەتـەواوی سـلێمانی چۆڵکـردبو لـەرۆژی ١٨ی ئـابی ئـەو سـاڵەدا رۆژنامەیـەکی ژمەـراوی بـەناوی (ژیانەوە)[٥٢] یەکەم ژمارەی لەلایەن ئینگلیزەکانەوە بلاوکرایەوە کەناشیرینترین جوێن و قسەی سووکی بەخۆوەگرتبوو،گەرسەیری هەرپەنجاو شەش ژمارەکەی بکـەین دەبینـین کەبـەکرێگیراوانی ئینگلـیزو دارەدەسـتەکانی لەسـەرلاپەرە چڵکنـەکانی تەراتێنیانـەو بـەناوی وشـەی پیرۆزیشـیعرو ئەدەبـەوە پـلاری رەزاگرانیان گرتووەتـە شێخ و نەتـەوەی کوردو بزووتنەوەی نەتەوایەتی‌یەکـەی‌و دواتریـش بۆماوەیـەك رۆژنامـەی (ژیـان)[٥٣] هـەمان رێچکـەی گـرت بـەلام بەشێوەیەکی تر.

سالی ١٩٢٤لەناوچەی شەمیران-حەمەی سان ئەحمەد- کەسەرکردەی- یەزدان بەخشی- بوو ناوچەکەی ئالۆزکردبوو وەك لایەنگیرێکی شێخی ئەمرو خـانی دزلـی بەرامبـەر بـەئینگلیزەکان وەسـتاو زەبـری کوشـندەی لێـدان و لەئـەنجامدا فڕۆکـەکانی ئینگلـیز ناوچەکـەیان بۆردومـان کـردو(سـێ فڕۆکە ی جەنگی هاتنە سەر شەمێرانی نزیك وارماوە، گوللەی شۆڕشگێرانی ئەوناوچەیە تـەنگی بەنزینی یـەکێکیانی پێکـاو فڕۆکەوانەکـەی ناچاربوو بنیشێتەوە)[٥٤] و لەلایـەکی‌ترەوە شۆڕشـگێڕان بۆماوەیـەك ناوچەکـەیان لەدەسـەلاتی ئینگلـیز جویکردەوە.

بـەم پێیـە دەتوانـین بلێـین کـە(بۆمبـاو گوللـە بـارانی فڕۆکـەو تـۆپ و زرێ پۆشەکانی ئینگلیز رژێمەکـەی شێخ مـەحموودیان رووخـاند، بـەلام ئـەوانیش نەیان توانی دوا رادە بۆ راپەرینەکەی دابنێن کەلەقۆناغی شەری چەتەگەری‌دا

بەتەواوی ئینگلیزو لەوانیش زیاتر دەستەو دایەرەی- مەلیك فەیسەڵ-یان وەرس کردبوو، هەرڕۆژە لەلایەکەوە لێیان راستەدەبوونەوە، ئینگلیزەکان بەوردی ئاگاداری ئەوەیش بوون کەهەست و نەستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لەگەڵ شێخ و دروشمەکانیدایە)[55].

نائومێدیو دەسەوسانی ئینگلیزەکان بەرامبەر بەکوردو شێخی نەمر گەیشتە رادەیەك کەبگەنە ئەوئەنجامەی کەفڕۆکەو تۆپ و بۆردومان دادیان نادات و شاخە سەرکەشەکانی کوردستان بووەتە پەناگەی شێخی نەمر، بۆیە پەنایان بردە بەرپلانیکیتر بەوئومێدەی کەسوودیکی هەبێو لەم رێگەیەوە شتێ دەستگیر بکەن.

دانانی خەلات بۆلەناوبردنی شیخ و دلسۆزەکانی؛

(نوینەری بالأی ئینگلیز لەعیراق-سێر هێنری دۆبس-رۆژی ٢یمایسی ساڵی ١٩٢٥لەشاری کەرکوك و بۆجێبەجێکردنی پلانی لەناوبردنی شێخ مەحموود کۆنگرەیەکی بەرزی سازکرد، بەشدارانی کۆنگرە بریتیبوو لە- هینری دۆبس و سەرەك وەزیران یاسین هاشمیو جیگری سەرکردەی هێزی ئاسمانی بەریتانی لەعیراق-س.تی. دۆدنگ-و جێگری سەرلەشکری بەریتانی لەعیراق و راوێژکاری وەزارەتی بەرگری عیراق- لیفتینانت کۆلۆنیل کامیرۆنو یاریدەدەری راوێژکاری وەزارەتی کاروباری ناوخۆی عیراق و سەرپەرشتکاری کارگێڕی سلێمانیو سەرکردەی کەرت رۆب و سەرپەرشتکاری کارگێڕی کەرکوك و سەرپەرشتکاری پۆلیسی کەرکوك).[56]

(بەشدارانی کۆنگرە بەدووروودرێژی لەوڕێبازە سەربازییەیان کۆڵیەوە کەبەلایانەوە پێویست بوو بۆ دامرکاندنەوەی بزوتنەوەکانی شێخ مەحموود پەیرەوبکرێو خەرجی پێویستیان بۆ دیاریکردو پوختەیان لەپێنج خاڵی سەرەکیدا تۆمارکرد، سەرباری ئەوەیش بریاریاندا ٢٠هەزار رۆپی تەرخان

بکرێ وەك خەڵات بۆ هەرکەسێك شێخ مەحموود بەزیندوویی یابەمردوویی دەستگیر بکات، جگە لە١٠هەزار روپێ بۆ هەریەکێك لەکەریمی فەتاح بەگی هەمەوەندو سابیرو عەبدوڵڵای کورانی کەریمی فەتاح بەگ‌و خەلیفە یۆنس)[٥٧].

(دوای‌گەرانەوەی بۆبەغداد- هێنری دۆبس- یەکسەر بریارەکانی کۆنگرەی لەگەڵ فەرماندەی گشتی هێزی ئاسمانی بەریتانی لەعیراق هەڵسەنگاند، ئەمیش هەمویانی پەسەند کرد تەنیا ئەوخاڵەیان نەبێ کەدەربارەی گواستنەوەی فەوجێکی لیڤی بوو بۆ هەڵەبجە، فەرماندەی گشتی پێ‌ی وابوو ئەولایەنەی بریارەکان پێویستی بەلێکۆڵینەوەی زیاتر هەیە، رۆژی ٥ی مایسی ساڵی١٩٢٥سکرتێری دۆبس نامەیەکی تایبەتی نارد بۆسکرتێری ئەنجومەنی وەزیران کەلەپێنج خاڵی سەرەکیدا دیسان باسی بریارەکانی کۆنگرەی کەرکوك‌و وتوێژی دۆبس لەگەڵ فەرماندەی گشتی هێزی ئاسمانی بەریتانی لەعیراق دەکات)[٥٨].رۆژی هەشتی حوزەیرانی ساڵی ١٩٢٥سکرتێری-هینری دۆبس- بۆردلن نامەیەکی‌تری ناردووە بۆ سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران‌و دەڵێ:(نوێنەری باڵا هینری دۆبس ٢٠هەزار روپێ بۆ کوشتن یان بەدیل گرتنی شێخ مەحموود بەپارەیەکی کەم دەزانێ، بۆیەکا پێشنیاردەکات بکرێتە ٦٠هەزار روپێ، هەروەها لەبریتی ١٠هەزار ٢٠هەزار روپێش بۆ کوشتن یان بەدیل گرتنی کەریمی فتاح بەگی هەمەوەندو سابیر کوری تەرخان بکرێ‌و واز لەخەلیفە یۆنس‌و عەبدوڵڵای کوری کەریمی فەتاح بەگ بهێنرێ، واتا ناویان لەپلانەکەدا بکوژێنرێتەوە)[٥٩]و پێویست بەدانانی خەڵات ناکات.

دیارە ئینگلیزەکان پلانەکەیان بۆنەچووە سەر چونکە (شێخ مەحموود بەشێك بوو لەبزوتنەوەیەکی بەرفراوان کەمۆی مان‌و ژیانی لەبێ مافی گەلێکەوە سەرچاوەی وەردەگرت).[٦٠] دوای بریاری خەڵاتەکان هەندێ کەس چاوەروانی ئەم خەڵاتە چەورەبوون، (مێژوونووسی شارەزا عەبدولرەزاق

حەسەنی لەزاری بابەعەلی کوری شێخ مەحموودەوە باسی ئەوە دەکات چۆن لەوسەردەمەدا لایەنگرانی شێخ ئاشووری‌یەکیان بەدیل گرتووە کەخۆی دانی پێداناوە بۆ کوشتنی شێخ هاتووە.(٦١)

بەم پێیە ئینگلیزەکان بۆبنەبرکردنو فەوتاندنی شێخی نەمرو بزوتنەوەکەی لەسۆراخی بەردەوام دابوونو تەنانەت بەرداوبەرد شوێنی کەوتبوون ئەوەتا (رۆژی ٧ی تەمووزی سالّی ١٩٢٥لەپێنجوینەوە بەبروسکەرەوانەی بەغدادو لەوێشەوە رەوانەی لەندەن کراوەو دەلّێ:

–ئیمرۆ بەیانی شێخ مەحموود بەیاوەری کەریم بەگی فەتاح بەگو سابیر(٦٢) لەتەك سەدو پەنجا کەس لەپیاوەکانی بەخەلّووزەدا تێپەرین کەپێنج میل لەولای رۆژهەلاتی پێنجوینەوە دوورە، شێخ لەتیفو شێخ رەوفی لەگەلّبوو، دوێنێ بەهێڵخان(٦٣) وشیخ بابەعەلی کوری بەهەمان ریگەدا تێپەرین، بەرلەوان ئایشەخانیش(٦٤) رۆژی چواری تەمموز ئەوریگەیەی بریو هەموویان بەرەو هەورامان دەرۆن)(٦٥) جموجولی شۆرشگێرانی کورد گەیشتە ئەورادەیە کەبەئاشکرا بەیاننامە بەسەرناوچەکاندا بلاّوبکەنەوەو بەنامە دەسەلاّتداران بترسێننو تەنانەت (ژمارەیەك لەهۆزەکانی نزیك کانە نەوتەکان باجیان دەدایە شێخ مەحموود نەك بەمیری) (٦٦)بەم پێیە شۆرشگێرانی کورد دەسەلاّتیان بەسەرناوچە گرنگەکاندا بلاّوکردبووەو شیرازەی لەدەست ئینگلیزەکان دەرچووبوو، (سەرپەرشتکاری کەرکوك ئیدمۆندز رۆژی ٢٠ی ئەیلوول سالی ١٩٢٥دەقی ناوەرۆکی ئەو ئاگاداری‌یەی ناردووە بۆ راویژکاری وەزارەتی کاروباری ناوخۆ– کۆرنوالیس–و وینەی داوە بەسکرتێری–هێنری دۆبس–ی نوینەری بالاّ لەبەغدا، سەرەتای ئاگاداری‌یکە بەم جۆرەیە:

–بۆگشت دانیشتوانی قەرەحەسەن ئاگادارتان دەکەم کەمن سابیربەگی‌کوری کەریمی فەتاح بەگم لەلایەن مەلیکی کوردستانەوە نێردراوم، لەومێژەی

کەلەگەلەدایە بریتی‌یە لە ٣٠٠ سوارە، لەهیچ مەترسن، من بۆ کۆکردنەوەی باج هاتووم- لەکۆتایی‌دا دەڵێ: ئەم راگەیاندنەم گوندلو گوند بنێرن تاکەگاتە کەرکوک

ئیمزا

محەمەد سابیر

فەرماندەی بەتالیۆنی کوردستان

لەهەمووی پرماناتر ئەوەیە کەمەجید یەعقوبی نامەیەکی هەڕەشەی تایبەتی لەکەریمی فەتاح بەگی هەمەوەندو سەید محەمەدی جەباری‌یەوە بۆ هاتووە کەتێیدا ئاگاداریان کردووە بێتوشار بەجێ‌نەهێڵێ ئەیکوژن، مەجید یەعقوبی لەتاوا بەخاوو خێزانەوە رۆژی ٢١ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٢٥کەرکوکی بەجێ‌هێشت و بەپەلەپروزکێ گەیشتەوە بەغدا)[٦٧].

دیارە لەبەرچالاکی بەردەوامی کەریم بەگی فەتاح بەگی هەمەوەندو سابیری کوری بوو کەفرۆکەکانی ئینگلیز کوناوکون بەدوایدا ویڵ‌بوون و دەیانویست تۆڵەی بەرودوایان لێبکەنەوە بەلام بێ‌سوود بوو، بۆنموونە (ئەمە دەقی بروسکەیەکی بنکەی هێزی ئاسمانی بەریتانی‌یە لەسلێمانی کەرۆژی ٢٦ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٢٥لەوبارەیەوە داوێتی بەفەرماندەی هێزی ئاسمانی بەریتانی لەبەغداد)[٦٨].

(چالاکی‌یەکی فرۆکەوانی: سەعات پێنج و چل و پێنج دەقیقە بەکاتی ناوخۆ پێنج فرۆکە[٦٩] چوونەسەرخانەقین و ناوچەی روباری تانجەرۆ بۆگەڕان بەدووی کەریمی فەتاح بەگ و سابیردا، هیچ بەدی نەکرا، سەعات حەفدەو نیو بەکاتی ناوخۆ سێ‌فرۆکەی‌تر چوونە سەر -کانی گوڵەو جێشانەو هەزار مێرد-دیسان بۆگەڕان بەدوای کەریمی فەتاح بەگ و سابیردا، لەهەزارمێرد سێ‌ئەسپ بینران دەستریژیان لێکراو یەکێکیان پێوەبوو)[٧٠].

دوای روخـاندنی حکومەتەکـەی شێخی نـەمر هـەندێك لـەهۆزەکانی کـورد لەساحەکەدا کشانەوەو بەڵام ئەم دوورکەوتنەوەیە نەبووە هۆی لاوازی لەشکری شێخ مەحموود بەلکو(بەرەبەرە خۆی گرتـەوەو رۆژ بەرۆژ بزوتنەوەکەی زیاتر پـەرەی دەسـەندو لـەزۆرلاوە چـوون بەدەنگی یـەوە، هەربـەپێی بەڵگەنامـە تایبەتی یەکانی ئینگلیز خۆیان لەیەکێك لەشەرەکانی ئەوڕۆژانەی شێخدا سـەد کەسی ناوچەی سـرۆچك و هەشـتا بەرزنجـەیی و حـەفتا هەمـەوەندی و پـەنجا شارباژێری بەشداریان کردووە)[71].

(لەشـەرێکی تری دا کەلـەحوزەیرانی سـالی ١٩٢٥لـەنزیك کـەنارو رووی داوە شـێخ مـەحموود بـەپێی گێڕانـەوەی بەڵگەنامـە ئینگلیزی یـەکان نزیکـەی ٥٠٠چەکداری لەگەڵ بووە کەبەشێکیان پشدەری و لەژێر فەرماندەی-پیرۆتی حـاجی رەسـول ئاغـا-دابـوون بەشـێکی تریان هەمـەوەندو لـەژێر فـەرماندەی کەریمی فەتاح بـەگ و سابیری کوڕی دا بوو، ٥٠کەسیشیان لەژێرفـەرماندەی-سەید رەئوف و یونسە فەندی-دابوون)[72].

سـالی ١٩٢٦شـێخ مـەحموود ناوچـەی-شـارباژێری- کـردە بنکـەی تایبـەتی خۆی و شـەڕو بەرەنگاربوونـەوە لـەنێوان شۆڕشگێڕانی کـوردو سـوپای ئینگلیزدا هەموو کووچەو پەنایەکی گرتەوە، سابیری کوڕی کەریم بەگی فەتاح بـەگی هەمـەوەند لەگـەڵ سـوارەی هەمـەوەنددا لـە١٩٢٦/٢/٢٨دا لەکەندەکـەوە هێزیکی دوژمنی تاناوشاری سلێمانی راونا، ئەمینی *حەمەی ئیمام* لـەنزیك تـەیناڵ لەمەفرەزەیـەکی نـەقلیاتی داو لـەم بارەیـەوە نامەیـەکی بـۆ مـەلیکی کوردستان نارد؟

بۆ حەزرەتی مەلیك

(مەندێ عەسکەرم بەدیل گرت و دوانیان کورد بوون، بەمەرقەدی کاك ئەحمەد ئەوەندە ئازایانەو دلێرانە شەڕیان دەکرد هەرچەندم کرد نەمتوانی بی‌یان کوژم، پیاوی ئازا نابێ بکوژرێ، بۆیە هەردووکیانم بەرەڵلا کرد)[73]

ئیمزا

ئەمینی حەمەی ئیمامی هەمەوەندی

دۆکیومێنتی ژ C.O.730-15 رۆژی ۱۹۲٦/۷/۲۰

لەبڕگەی ٤٦٣دا دەڵێ:سایبری کوڕی کەریم بەگ بەپەنجا چەکدارەوە هاتووەتە ناوچەی بازیان[74].

دوکیوٚمێنتی ژ C.O.730-95 رۆژی ۱۹۲٦/۸/۱۸دەربارەی شەڕی پێنجوێن لە۱۹۲٦/٦/۱هەتا ۱۹۲٦/۷/۱۱ (لەدۆلەسوور لەگەڵ هەورامی‌یەکاندا شەڕێك رووی‌دا کەزیانی ئێمە کوژاوێك و لەگەڵ برینداربوونی سێ‌لیڤی).

(لە۱۹۲٦/٦/۱۳دا بەتالیۆنی عێراق لەژێر سەرکردایەتی کاپتن Richو بەتالیۆنی لیڤی عێراقی بەسەرکردایەتی ملازم Curtias روویان کردە مولاكMulakو لەوناوەدا بەرەنگاری هەورامی‌یەکان بوونەوە.)

(لە۱۹۲٦/۷/۲٥دا بڕیاردرا خەرمانەکانی (کانی مانگا)و (ناڵپارێز)و (یالانپێ)بەهۆی هێزی ئاسمانی‌یەوە بسوتێنرێن، مەحموودخانی دزڵی کەلەگوندی (ئەحمەد ئاوا)یە بەخۆی‌و ۲۰۰سوارەوە نامەیەکی هەڕەشەی ناردووە بەرانبەر بەسووتاندنی ئەوخەرمانانەو دەڵی تۆڵەیان لێدەکەمەوە)[75]

ئیمزا

Sorel Cameron

Cmmander of Colm

موسل۱۹۲٦/۸/۱۸

دۆکیۆمینتی ژC.O.730-95 رۆژی ١٢/١٠/١٩٢٦سەبارەت بۆردوومان کردنی دێهاتەکانی ناوچەی هەورامان:

(هۆی بۆردوومانیکردنی دێهاتەکانی هەورامان وەکو -کانی گوڵ- و -ئەحمەد ئاوا- و -یالانپێ-بۆئەوە بوو کەسزابدرێن بەرانبەر بەهاوکاریکردنیان لەگەڵ شێخ مەحموود،هەرچەندە دێهاتەکانی هەورامان هەموویان بەشدارییان کردبوو، بەڵام تەنیا ئەوچەند گوندەمان دەستنیشان کردو ئەوانیتر هەرەشەیان لێکراو دەغڵو دانیان سووتێنرا بەڵام زیانی گیانی نەبوو.[٧٦]

دۆکیۆمینتی ژAide Memoire C.O.730-107

رۆژی١٦/١١/١٩٢٦کەباسی خولاسەی بزوتنەوەکان دەکات لەناوچەی هەڵەبجەو پێنجوێندا:

<u>راپۆرتی یەکەم:</u> لەمانگی ئەیلوولی ١٩٢٤دا شێخ مەحموود دەستی کرد بەدوژمنایەتی لەناوچەکانی هەڵەبجەو پینجویندا کەلەوناوانەدا دۆستی بەهێزی هەبوو وەکو مەحموودخانی دزلیو پەلاماری هێزەکانی عیراقیدا، لەکانوونی دووەمی ١٩٢٥دالەمەریوان خۆی حەشاردابوو، یارمەتی باشی لەحاکمی بانە وەردەگرتو خێزانەکەیشی لەگوندی-کەندەسوورە-ی ناوخاکی ئێراندا بوو، لەمانگی شوباتەوە هەتا حوزەیرانی١٩٢٥شێخ مەحموودو تاقمەکەی لەرۆژهەلاتی سلێمانیدا جموجوڵیان هەبوو.

لەمانگی مایسی ١٩٢٥دا هێزی لیڤی سوارمنێردرا بۆ سلێمانیو هەڵەبجەو ئەوناوە زۆرنائارام بوو، بەڵام لەحوزەیرانەوە وردە وردە هەلویست باش بوو، ئەو عەمەلیاتانەی کەکران شێخ مەحوودیان ناچارکرد بچێتە خاکی ئێرانەوە لەناوچەکانی مەریوانو هەورامانیدا هاتو چۆی دەکرد، لەمانگی ئابدا جارێکیتر بەپاڵپشتی کوردە ئێرانییەکان هاتەوە ناوچەی پێنجوین بۆئەوەی رێگا لەوجافانە بگرێ کەلەکوێستانەوە دەگەڕانەوە، بەڵام بەهۆی ئەوهێزی لیڤییەی لەسلێمانییەوە نێرابوو ناچارکرا خۆی بکشێنێتەوە بۆ (باشماخ)و (ولەژێر)یکرد بەبنکەی خۆی. لەشوباتی ١٩٢٦دا شێخ مەحموود لەگەڵ

سەرکردەیەکی ئێرانیدا لە(بانە)کۆبۆوەو بەڵام لەوکۆبوونەیە چی تیداباس کرابوو نەزانراوە.

لەتەموزی١٩٢٦دا شێخ مەحموود هێزیکی گەورەی لەعەشایەری ناوچەی بانەو مەریوانو هەورامان کۆکردەوەو سنوری عیراقی شلەژانو بەرەنگاری کۆچەری‌یەکان دەبووەوەو لەو عەمەلیاتەی هێزی ئاسمانیمان کەوژی شێخ مەحموود کرا فرۆکەیەکمان بەناچاری نیشتەوەو ئەفسەریکی بەریتانیو میکانیکی‌یەکی تیدابوو بەدیل گیرانو نێران بۆ (ولەژێن)و بەهۆی فرۆکەی ئێمەو لەژێر فشاری حوکومەتی ئێرانداشێخ ناچار کرا هێزەکانی لەعیراقدا بکشێنێتەوە بۆ (ولەژێن).

لەمانگی ئەیلوولی ١٩٢٦دا شێخ مەحموود هێزیکی لەکوردی ئیران پێکهێناو بەتایبەتی لە(گەلباخی)و (رەزا)و (تیلەکۆ)و لەناوچەی مەریوان کۆبوونەوەو بەوهێزەی (پێنجوین)ی گرت. هێزیك لەسلێمانی‌یەوە نێررا بەڵام شەرنەکرا بەئومێدی ئەوەی دەست بکەوێ بەگفتوگۆکردن بۆ بەردانی ئەوفرۆکەوانە.

لەمانگی مارتی ١٩٢٤دا مەندوبی سامی نامەیەکی نارد بۆ رەزا شاو داوایشی لەسەرەك وەزیرانی ئیران کرد کە(مەحموود خانی دزلی)بکشێتەوە بۆ ناوخاکی ئیران لەگەڵ حەمەرەشید بەگی وەیسەو سەرکردەکانی تر، هەرچەندە وەڵامی ئیران هاتەوە کەئاگاداری مەحموودخانی دزلی‌و تاقمەکەی کردووە کەبەهیچ جۆریك نابێ یارمەتی شێخ مەحموود بدەن بەڵام ئەوەتەنیا هەرقسەبوو[٧٧].

شێخ مەحموود لەتشرینی یەکەمی سالی ١٩٢٦دا بەنهێنی لەگەڵ ئینگلیزەکاندا کەوتە گفتوگۆ، بۆ ئەم مەبەستە (سەید ئەحمەد بەرزنجی) وەك نوێنەرو دەم راستی خۆی ناردە بەغداد، (لەوراپۆرتەی کەئینگلیزەکان سەبارەت بەرووداوەکانی سالی ١٩٢٧داویانە بەکۆمەڵەی نەتەوەکان-عصبة الامم- باس لەم وتو وێژەکراوەو- سەید ئەحمەد بەرزنجی-یان بەئاژاوەچی باشووری کوردستان ناوبردووە(Stormy petrel)[٧٨] دیارە وەکو دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد دەڵێت(دەبێ نیشتمان پەروەرو پیاوی دڵسۆز لای هەموو

زۆردارو داگیرکارێك هەرناژاوەچیو یاخی گەرو پیاوخراپ بن).[٧٩] شێخی ئەمر لە٢/٧/١٩٢٧داهاتە سلیمانیو لە٤/٧/١٩٢٧داچووە، بەغدادو دوایی گەڕایەوە -پیران-و کردی بەبنکەو شوێنی دانیشتنی، چونکە پیران مەریوانو هەورامانو بانەو جوانرۆو رەوانسەری بەدەورەوەبوون، لەهەمان کاتدا ڕێبازی گەرمیانو کوێستانی عەشیرەتی جاف بوو، رێگەیەکی نزیکی چەپەری سنەیش بووە لەلایەکیترەوە هەمان راپۆرتی سالی ١٩٢٧(ناوی سابیرو عەبدوللای کورانی کەریم بەگی فەتاح بەگی هەمەوەند دەبات، ئەوانیش لەورۆژەدا بەپیشەی باوو باپیرانیان دلێرانە بەرەنگاری داگیرکار هاتبوون، بەڵکو ئەرکاتە وەك راپۆرتەکە دەڵێ:تەنها ئەوان لەکۆری خەباتدا مابوونەوە، ئینگلیزەکان کوناوکون بەفرۆکەو سوارەو سەربازی لیڤی دوایان کەوتبوون)[٨٠].

بزوتنەوەی نوێی شێخ مەحمود:

سالی ١٩٣٠عیراق دەیویست کەپەیمانێکی نوێ لەگەڵ ئینگلیزەکاندا پێك بهێنێو دیارە بۆ ئەمەیش پێویستی بەوە هەبوو وەك سەرەتای کارەکە هەڵبژاردنێك سازبکاتو وەك خۆیان دەیان وت(ئەعضای هەیئەی تەفتیشییە ئینتخاب بکرێ).

هەرلەوکاتەدا لەناو کوردەکاندا بەمەبەستی داواکاری مافەکانی کورد دەستەیەك لەروناکبیرو کەسایەتییە دەرکەوتووەکانی ئەوسەردەمە بەناوی (هەیئەتی وەطەنییە)کەوتنە جموجوولو خەباتێکی هێمنی دوور لەشەڕو کوشتار،بەلام جەماوەری سلیمانی لەرۆژی شەشی ئەیلولی ١٩٣٠دا بارودۆخەکەیان ئالۆز کردو پەلاماری دەستکاکانی حوکومەتیانداو ئەنجامەکەیشی کوشتنو برینداربوونی چەند کەسێك بوو، ئەمانە دەیان ویست کەهەڵبژاردن نەکرێو بەرەنگاری بووەستن بەلام لەرۆژی١٥/٩/١٩٣٠دا حوکومەت کاری خۆی بەجێگەیاندو هەڵبژاردنی پێك هێنا،لەلایەکیترەوە-

هەیئەتی وەطەنی‌یە -ئەم بارەگرژی‌یەی پێ خۆش نەبوو چونکە دەیزانی کەجڵەوی مەسەلەکەیان لەدەست دەچێ. دیارە ئەوپەیمانەی کەلەنێوان عیراق و ئینگلیزەکاندا ئیمزاکراو عیراق چووە ناو کۆمەڵەی نەتەوەکانەوە-عصبة الامم-بەهیچ شێوەیەك توخنی مافەکانی کورد نەکەوتبوو، چونکە کەرۆژی ١٩٣٠/٧/١٨ بەندەکانی بڵاوکرانەوەلەمافە سەرەکی‌یەکانی کورد بێ‌بەری بوو،لەم بارەیەوە شاعیری خوالێخۆشبوو (شێخ سەلام) زۆربەوریایی کۆمەڵەی نەتەوەکانی هەڵسەنگاندووەو هەرئەو توانیوێتی کەبەوجۆرە باسیان بکات و بەکارخانەی فەساد ناویان بەرێت[٨١].

عصبە الامم کۆمەڵی گەورە
بەپێچ و پەنا بەفێڵ و دەورە
بەجۆش و کوڵ بووی بۆ کوردی هەژار
ئەتوت ئەم قەومە ئەکەم رزگار
ئەگەر راست ئەکەی هەڵی سوورێنە
بەس بۆسیاسەت هەڵمان پەرێنە
تەریق نابیتۆ تۆ چیت پێئەکەن
کوتەکی دەستی میستەر هەندرسن[٨٢]
لەعەدالەتا کەی ئەمە دەبێ
یاخو هەرشێوەو ئوسوڵی غەربە
کۆمەڵی درۆ جێگەی مەکروفەن
کوتەکی دەستی مستەر هەندرسن
خۆتۆ وەصی بووی، ئەقوام بوون هەتیو
دەمی کوردت کرد بەتەڵەی تەقیو

لەسـلێمانی جـادەی بەرسـەرا
بـەخوێناوی کـورد ئاورشـێن کـرا
چـۆن عـاجز نـابی لـەم خوێـن رشـتنە
لـەلای تـۆ هەلێـەت حقـوق کوشـتنە
ناترسـی تـەئریخ لەعنـەتت بکـەن
کوتـەکی دەسـتی مسـتەر هەندرسـن
مەنشـەئی فتنـە کۆمـەڵی تـەزویر
وائـەدەی حـەقی -ئـەقوامی صـەغیر-
کارخانـەی فەسـاد کۆمـەڵی میحـەن
کوتـەکی دەسـتی مسـتەر هەندرسـن(٨٤)

لەلایەکی ترەوە چوار رۆژ دوای کارەساتی شەشی ئەیلوول واتا رۆژی ١٠/ی ئەیلوولی ١٩٣٠(جەمیل مەدفەعی) وەزیری ناوخۆی عیراق نامەیەکی بۆ شێخ مەحموود ناردووە کەئەوکاتە لە-پیران- دانیشتبوو:

س٢٢٩٨ رۆژی ١٠ئەیلوولی ١٩٣٠

بۆ جەنابی شێخ مەحموودی بەرزنجی موحتەرەم

(لەپاش رێزو سڵاو.. بێگومان ئاگادارن کەچۆن هەندێ نەشارەزاو سەرچڵ لە٦ی ئەیلوولدا لەناو شاری سلێمانی چی یان کرد بەبۆنەی هەڵبژاردنی- هەیئەتی تەفتیشی-بۆ دەستنیشان کردنی- موئتەخەبی ثانەوی- و چۆن دەست درێژیکرایە سەر هێزی پۆلیس و عەسکەر کەلەئەنجامی ئەوەدا حوکومەت ناچاربوو چەند هەنگاوێك بنێ بەرانبەر بەوئاژاوە چی یانەی کەبوبوونە هۆی ئەوکارەساتەو ئێستە دەست کراوە بەلێکۆڵینەوەو پرسیارکردن لەگەڵ ئەوانەدا.

بیستوومانە هەندێ گێرەشێوێن خەریکی نانەوەی ئاژاوەو پشێوینو خەریکن پروپاگەندەی درۆ بڵاودەکەنەوە بۆئەوەی ئێوەش هان بدەنو دژی حوکومەت هەڵسن کەئەمە لەگەڵ ئەو رێکەوتنو بەڵێنەی ١٦ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٢٧دا ناگونجێو یەک ناکەوێ.ئێمە بروامان بەشارەزاییو دووربینیو ژیری ئێوەهەیە لەم رووەوە بڕواناکەین بەقسەی ئەو جۆرە پیاو خراپانە هیچ جۆرە کردارێك بکەنو لەورێکەوتنە لابدەن کەپەیمانو بەڵێنتان لەسەردابوو. لەبەرئەوە ئەوا بەم نامەیە داواتان لێدەکەین بەبێ دەنگی دابنیشنو ماوە نەدەن هیچ شتێکی وارووبدا کەببێتە هۆی تێکدانی ئاسایشی ناوچەکەو ئەوبەڵێنەی لەورووەوە داوتانە نەیشکێننو وابزانم بەبەجێهێنانی ئەمەدەتوانن پاکیو دڵسۆزی خۆتان بەرانبەر بەحوکومەت دەربخەن)[81].

ئیمزا
جەمیل مەدفەعی
وەزیری ناوخۆ
١٠ئەیلوولی ١٩٣٠

جگەلەم نامەیەی وەزیری ناوخۆ لەرۆژی ١٩٣٠/١٠/٢٠بەیاننامەیەك بەسەرشاری سلیمانیدا بڵاوکرایەوەو بەهەمان شێوە دژی کوردو مافەکانی دەدواو ئامانجی سەرەکی بەیاننامەکە هەرەشەو تۆقاندن بوو.

فروفێڵی ئینگلیزەکانو دەستگاکانی حوکومەتی عیراقو کارەساتی شەشی ئەیلوول بەتەواوی کاری کردە سەرهەستو نەستی شێخ مەحموودو سەرلەنوێ قۆناغێکی تری بزووتنەوەکەی دەست پێکرد، لەلایەکیترەوە دوای رووداني شەشی ئەیلوول ژمارەیەك لەئەفسەرو روناکبیرانی ئەوسەردەمە ریزەکانی حوکومەتیان بەجێهێشتو خۆیان گەیاندە لایشێخ مەحموود، شاعیری خوا لێخۆشبوو(شیخ سەلام) لەم بارەیەوە دەلێ:(ساڵی ١٩٣٠لەسەر هەرای رۆژی رەشی شەشی ئەیلوول لەگەڵ سێ رەفیقما لەبەغدا بۆ ئینتیقام فیرارمان کرد

لەگەڵ رەئیس ئەوەل مەحموود جەودەت، رەئیس حەمید جەودەت. مولازم کامل حەسەن، چوونە پیران لای شێخ مەحموود، پاش چەند رۆژێك رۆیشتینە پشدەر، مەرجوودمان گەیشتە ٤٠٠ سوار، هاتینە شارباژێر، دەست کرابە حەرەکات.)[٨٥] لەگەڵ بەردەوامی فشاری فرۆکەو بوردومان کردنو هەرەشەی ئینگلیزەکان بزوتنەوە کەلەگەشەسەندنو بڵاوبوونەوەدا بوو، شەروبەرەنگاربوونەوە پینجوینو چوارتاو هەلەبجەو هەورامانو شارەزوورو دۆڵی سورداشو دەربەندیخانو قەرەداغو گەلێ شوێنی تری گرتەوە. ئینگلیزەکان خۆیان لەوراپۆرتەی کەسەرکردەی هێزی ئاسمانی لەعیراق دەربارەی راپەرینەکەی ئەوڕۆژگارەی شێخ مەحموود وتویانە (بارودۆخەکە زۆر ئالۆز بوو بەرادەیەکی ترسناك کلپەی سەندبوو، شێخ مەحموود هەموو توانای بۆ بڵاوکردنەوەو پەرەپێدانی دەسەڵاتی خۆی بەکارهێنا، لەراستیشدا چەند بەڵگەیەك لەئارادابوون دەربارەی ئەوەی کۆششەکەی لەپتر لەناوچەیەك بەفیرۆنەچووبوو، دیاردەی زۆرهەبوو وایان دەردەخست کەواخەرێکە بارودۆخەکە بەلای باشیدا بۆنەو بشکێتەوە، مەترسی راستەقینەی خۆی نواند، خەریك بوو شۆرش بڵاوببێتەوەو پەرەبسێنێ بۆ شتێکی ترسناکتر لەوەی بریتیبێ لەچالاکی پەرەوازەی دەستەیەکی بچووکی یاخیبوو لەناوشاخەکانی ئەودیوی سلێمانیدا)[٨٦].

ئاستی راپەرینی نوێی شیخ مەحموود گەیشتە رادەیەك کە(رۆژی ٢٨ی مارتی سالی ١٩٢١-سەعد صالح-ی بەناوبانگ لەناوهۆڵی پەرلەماندا هاواری لێهەڵسێو بلێ:

-بەرلەهەموو شتێکی تردەبێ لەدەست شێخ مەحموود قو تاربین، ئەگەر دەرەقەتی نایەین ئەوا پێویستە سەربەخۆیی بدەینێ، ئەگەر دەرەقەتیشی دێین، ئەوا پێویستە یەکجارەکی لەناوی بەرین، ئەمە مەسەلەی ژیانی وڵاتە، یادەبێ بتوانین شێخ مەحموود لەناوبەرین، یادەبێ ئەومافانەی بێ بدەین کەداوایان دەکات..)[٨٧].

لەشکری شیخ مەحموود گەیشتە ناوچەی گەرمیان و بۆوەشاندنی گورزی توندترو لەرۆژی ٥ی نیسانی ١٩٢١دا شەری بەناوبانگی ئاوباریك قەوماو لەم شەرەدا ئینگلیزەکان و سوپای سوارەو پیادەی میری و فرۆکە جۆراوجۆرەکانی ئینگلیز دریغی‌یان نەکردوو بەردەوام سەنگەری شۆرشگیرەکانیان بوردومان دەکردو دوای شەریکی سەخت لەشکری کورد کشانەوەو لەرۆژی ٢١ی نیسانی ١٩٢١ شیخ مەحموود گەیشتەوە ئیران و شەوی ٢٢لەسەر ٢٣چووە پیران و دووبارەکردی‌یەوە بەبنکەی خۆی.

دیارە ئینگلیزەکان و مەلیك فەیسەل بەباشی لەوە ئاگادار بوون کەدزلی و بانەیی‌یەکانی رۆژهەلاتی کوردستان پشت و پەنای بزوتنەوەکەی شیخی نەمرن بۆیە هەولیان‌دا کەلەگەل (رەزاشا)دا ریك بکەون و بەهەرەدوولا دژی شیخ مەحموودو مەحموود خانی دزلی بجەنگن و تەنانەت مەلیك فەیسەل داوای کۆبوونەوەیەکی کرد لەگەل ئیرانی‌یەکان‌دا دانیشتن و ئەوانیش رازی بوون، بەم جۆرە ئیرانیش کەوتە دژایەتی شیخ مەحموودو ئەم جارەیان ئەی ویست دالدەی بدات، راپۆرتی سالی١٩٢١ی ئینگلیزەکان کەداویانە بەکۆمەلەی نەتەوەکان بەم جۆرە باسی -ئاوباریك دەکات:

(کوردەکان ئازایانە جەنگین، هەرچەندە هیرش فرۆکەو پیادە بەردەوام بوو، بەلام ئەوان تاتاریك داهات بەرگری‌یان کردو ئینجا کشانەوە)[٨٨] و هەروەها (دانەرانی راپۆرتەکە بی‌پیچ و پەنا باسی ئەوەیان نووسیوە کەچۆن فرۆکەکانی ئینگلیز لەماوەی دووهەفتەی داهاتوودا تاقیبی شیخیان کردووەو دەستیان لەهەلنەگرتووە تارۆژی ٢٠ی نیسان کردو یانە بەودیودا)[٨٩].

دوای کۆبوونەوەی مەلیك فەیسەل و حوکومەتی ئیران و هاریکاری ئینگلیزەکان دژی بزوتنەوەی کورد، (رۆژی٥ی مایسی ١٩٢١سەرکردەی هیزی پیادە شەرکەرەکانی میری لەکوردستان زەعیم خەلیل زەکی بەیاوەری ئەفسەری بەریتانی -رۆبرتس- کەراویژکاری بوو بەفرۆکەی تایبەتی خودی مەلیك فەیسەل چوونە مەریوان و لەوی لەگەل سەرهەنگ- مەحموود خانی ئەمین- کۆبوونەوە)[٩٠] و لەوکۆبوونەوەیەدا ئیمزای هاریکاری سەربازی هەردوولا کرا.

(رۆژنامەی-*تایمس*-ی لەندەنی لەم بارەیەوە نووسیویە دەڵێ:

هێزە سەربازی‌یەکانی ئێران لەگوندی پیرانی سەرسنوور کەشێخ مەحموود پەنای بردبووە بەرخۆیان ئامادەکردو رایان گەیاند کەسوورن لەسەر ئەوەی رۆژی چواردەی مایس شێخ لەخاکی ئیران وەدەرنێن، هەمان کات لەم دیو سنوورەوە هێزە چەکدارەکانی عیراقیش خۆیان بۆ هێرشێکی هاوکات ئامادەکرد تاپەلاماری شێخ بدەن ئەگەر هاتوو سنوری بەزاند، رۆژی سیازدەی مایس هەردوو لاخۆیان بۆ هێرشی هاوبەشی رۆژی داهاتوو ئامادە دەکرد)[91].

رۆژی ١٣ی مایسی ١٩٣١شێخ مەحموود بریاری وەستاندنی بزوتنەوەکەی‌داو هەرئەوشەوەیش هاتە ناوخاکی عیراقەوەودوای گفتوگۆ لەگەڵ کاپتن *(ڤیڤیان مۆلت)* کەسیر فرانسیس هەمفریزی نوینەری بالا بەناوی خۆیەوە ناردبوی شێخ خۆی دابەدەستەوە.

راپۆرتی سالی ١٩٣١ی ئینگلیزەکان باس لەوەدەکات کەچۆن ئینگلیزەکان دوای هاتنەوەی شێخ مەحموود لەسەر داوای رەزا شا هێزی تایبەتی‌یان کردووەتە سەر مەحموود خانی دزلی‌و دەست بەرداری نەبوون تارۆژی ٢١ی مایسی١٩٣١بەدیلی گرتویانەو رەوانەی بەغدایان کردووە.[92]

بەم جۆرە کۆتایی بەزنجیرەی شۆرشی شێخ مەحموودی مەلیک هات ئەوشێخەی کەبەدرێژایی ژیانی نمونەی خەبات‌و کۆشش‌و کۆڵنەدان بوو، ئەوشۆرشەی کەچەندین قارەمانی وەك مەحموودخانی دزلی‌و کەریم بەگی هەمەوەندو سابیری کوری‌و سەید محەمەدی جەباری‌و شیخ عەلی قەڵبەزەو زۆری‌تریش رەنجی فەرهادانەیان‌داو بوونە سەرمەشقی ریبازی کوردایەتی‌و کاری شۆرشگێرانە، بۆیەلەبنەتای ئەم بەشەدا بەپێویستی دەزانم کەبیروڕای کاپتن ڤیڤیان تۆمار بکەم کەکاربەدەستیکی بەتواناو ئاگاداربووەو کوردی‌یەکی چاکی زانیوەو بەناوی نوینەری بالاوە لەپێنجوین گفتوگۆی لەگەڵ شێخ مەحموودا کردو بۆ رۆژی دوایی لەگەڵ خۆیدا هێنایەوە سلێمانی‌و لەوێوە بردی

بۆ بەغداد، ڤیڤیان هۆلت دوای دامرکاندنەوەی راپەرینەکەی شێخ مەحمود راپۆرتێکی نهێنی دەربارەی ئەو راپەرینەو گفتوگۆی خۆی لەگەڵ شێخداو گواستنەوەی بۆ سلێمانیو لەوێوە بۆ باشووری ولات داناوە، لەو راپۆرتە بایەخدارەیدا هۆلت نووسیوی‌یە دەڵێت:

(شێخ مەحمود ئازایانە، خاوێنو مەردانە دەجەنگی، دۆڕاندن لە شەڕدا ناوی لە ناو کوردی باشووردا نەزڕاند، دوای ئەوەی لە پێنجوێن خۆی دا بەدەستەوەو بە دەستبەسەری گواستمانەوە، کوردی گوندەکانی دامێنی چیاکان بە لێشاو بە سەریا دەڕژان، بە پەرۆشەوە دەستیان ماچ دەکرد، باسی دڵرەقی دەکەن، بەڵام کێ شایەتە؟ لە ناو لادێی‌یەکاندا شایەتی‌یەکی وانی‌یە، ئەوان لە کاتی بەزینی‌دا پاڵپەستۆیان بوو تا فریاکەون دەستی ماچ کەن، شایەتی‌یەکی وا لە ناو فرکەوانەکانی هێزی ئاسمانی مەلەکیشدا کە دژی جەنگین چنگ ناکەوێ، دوانیان لای شێخ دیل بوون، ئەوانیش هەموویان بە دڵ دەیانویست لەو کاتی شکستی‌یەیدا دڵنەوایی بکەن، کەس لاری لەوە نی‌یە- شێخ طەموحو خاوەن کیبریا بوو-بەڵام هەردوکیان بۆ نەتەوەکەی بوون، نەک تەنیابۆ خۆی. زۆر کەسی تریش وەک ئەو طەموحو خاوەن کیبریا بوونو ئەوەیان پی‌شەرم نەبوو. با نازناوی چەتەو یاخی‌گەری لە ئاستی یاسادا پێ‌ببەخشین، ئەی گاریباڵدیو مستەفا کەمالیش وەک ئەو نەبوون، خۆگەر بیتو هەردوو لایەنی مەسەلەکە بەرچاوبگرین ئەوساکە دروسترین حوکم بە سەریا ئەوەیە کە گەورەترین هەڵەی شێخ بریتی بوو لەوەی سەدەیەک درەنگتر لەوەی دەبوو لە دایک بوو) (٩٣)

سەرەتای ئەم بەشەمان ناونا رۆژە ئاڵۆزەکانی دوای جەنگی دەربەندی بازیان دیارە بە خۆڕایی ئەم ناونیشانەمان بۆ دانەناوە، چونکەئەو ماوەیەی کە دەکەوێتە نێوان شکستی دەربەندی بازیانو کۆتایی ژیانی سیاسی شێخی نەمر سەردەمێکی ئێجگار جەنجاڵەو ئێمەیش تەنیا توانیومانە کە بە نووکە

سەرچاوەو پەراوێزەکانی بەشی شەشەم:

١-مەحموود خانی دزڵیو مەحموود خانی کانیسانان هەردووکیان وەك دوو سەرداری دڵسۆز پشتو پەنای شێخی ئەمر بوون، هەرچەندە (خانی کانیساناں) کەمتر لە بزووتنەوەکانی شێخی ئەمردا بەشداریکردووە، بەلام لە کاتی ئاوارەبوونی خێزانو کەسو کارو لایەنگرانی شێخ مەحموودا هەردووکیان بەوپەڕی جوانمەردییەوە دەستی بالآیان بووە لە پێشوازیو حەوانەوەی ئاوارەکانو گوێیان نەداوەتە چاوسوورکردنەوەی داگیرکارانو هەموو پێویستییەکیان بۆ دابین کردوونو لەلاپەرەکانی دواتردا بەشێکی تایبەتیمان بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کردووە.

٢-کە هەردوو خان بە بەند کراوی بەرەو تاران بەریدەکرێنو لەگەڵیاندا دەکۆڵنەوە، مەحموود خانی کانی ساناں کە مرۆڤێکی خوێندەوارو بە ئاگا بووە دەڵێ:

من هیچم نەکردووەو هەر شتێکم کردبێ لە سەر فەرمانو داوای مەحموود خانی دزڵی کردوومەو کاری ئەوم ڕاپەڕاندووە، (خانی دزڵی) یش دەڵێ: بەڵێ ڕاست دەکات، پاش ماوەیەك خانی کانی سانان ئازاد دەکرێتو خانی دزڵی دەنێررێت بۆ هیندستانو تا ئەیلولی ١٩٢١ بە بەندکراوی دەمێنێتەوە.

٣-دیوانی حەمدی -ئەحمەد بەگی ساحیب قران- چاپخانەی ئەسعەد، بەغداد، ١٩٥٧،ل٤٠، چاپی یەکەم، بە پێشەکی دکتۆر مارف خەزنەدارو سەرپەرشتی نووسەرو ڕۆژنامەنووسی چالاك جەمال خەزنەدار.

٤-ئەحمەد خواجا، چیم دی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی شەفیق، بەغداد، ١٦٨، ل٦٥.

٥-عادلە خانم ساڵی ١٨٥٩ لە دایك بووەو هاوسەری (عوسمان پاشای جاف) بووە، لە دوای کۆچی پاشای هاوسەری ساڵی ١٩٠٩ سەرۆکایەتی عەشیرەتو بنەماڵەی -جاف- دەگرێتە دەست، ساڵی ١٩١٩ لە تەمەنی ٦٠ ساڵیدا داگیرکارانی ئینگلیز مەدالیای (خان بەهادور) یان پێ بەخشی لە پاداشتیئەوەی کە یارمەتییەکی زۆری سوپاو کاربەدەستانی ئینگلیزی داوە دژی قارەمانی کوردستان شێخ مەحموودی حەفیدزادە. ساڵی ١٩٢٤ کۆچی دوایی کردووەو لە گۆرستانی (عەبابەیلی) بە خاك سپێرراوە. (بۆ زیاتر تێگەیشتن سەبارەت بەم هاوکارییە بڕوانە: العشائر الكردیە، ترجمەو علق علیە فۆاد حمەخورشید، مطبعة الحوادث،بغداد، ١٩٧٩،ص ٧٧،٧٨)

٦-الدكتور كمال مظهر احمد، دور الشعب الكردي في ثورة العشرين العراقية، مطبعة الحوادث، بغداد،١٩٧٨، ص١٤٥.

٧-رۆژنامەی پێشکەوتن، ژ٢٤، رۆژی ٧ی ئۆکتۆبەری سالی ١٩٢٠.

٨-سەرچاوەی پێشوو،هەمان ژمارە.

٩-دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، چەند لاپەرەیەك لە مێژووی گەلی کورد، بەشی یەکەم، چاپخانەی الادیب، بەغداد، ١٩٨٤، ل١٦٦.

لەلایەکی ترەوە بۆ تێگەیشتنی زیاتر سەبارەت بە باروودۆخ و سەرهەڵدانی راپەرینەکە بروانە:

مکرم الطالباني، ابرهيم خان ثائر من كردستان، بغداد، ١٩٧١.

١٠-دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٧. دکتۆریش بۆ ئەم مەبەستە سوودی لەم سەرچاوەیە وەرگرتووە:

عبدالرزاق الحسني، الثورة العراقية الكبرى، صيدا- بيروت، ١٩٥٢، ص ١٧٠.

١١-رۆژنامەی (پێشکەوتن) ی ژ (٢٤) ی رۆژی ١٩٢٠/١٠/٧ لەم بارەیەوە دەڵێ:

لە ١٩٢٠/٩/٢٩ دا ئەو ئاواییانەی کە لە قەزای -کفری- دابوون سووتێنران و کویخاکانیان یان گیران یان رایان کردە ناو عەشایەری -عزە-

١٢-مامۆستا عەبدولرەقیب یوسف لە مانگی ئەیلولی ١٩٨٢دا سەردانی ماڵی (شێخ مەحموودی کوری شیخ فەرەجی بانی بنۆك)ی لە سەید سادق کردووەو دەڵێ: (شێخ فەرەج مرۆڤێکی ئازاو بوێرو کوردپەروەر بووە، لە شەری یەکەمی جیهانیدا لە بەرەی پێنجوین و بانەو سەقزدا شەری رووسی کردووە، هێندێك لەو شتانەی کە لە شەری -بنارەسووتە-دا لە رووسەکانی گرتبوو هیشتا لای ئەم بنەماڵەیە ماون و بەرچاومان کەوتن، شێخ فەرەج متمانەپێکراوی شێخ مەحموود بوو، بۆیە بەشێك لە شتە نهێنیەکانی خۆی لای دادەنا،ئەو دەمەی کە شێخ لە هیندستان بوو ئەم لە دێی بانی بنۆك دا بە شاخی -رەنگینە-وە شەرێکی لەگەڵ ئینگلیزەکان دا کردووە، مێژوو نووس ئەحمەد خواجا کە مارەیەك -کاتب-ی شێخی گەورە بووە بۆی گێرامەوە: من لە ماڵی جەمال عیرفان بووم کەشەوێ شێخ فەرەج هات و فیشەکی لێ وەرگرت و چوو شەر لەگەڵ ئینگلیزەکاندا بکات، ئێمە زستانی ئەوساڵە کردو کۆششی ئەوەمان بوو کە بزووتنەوەیەکی چەکدار لە دژی ئینگلیزەکان ساز بکەین، هەم شێخ بگەرێتەوەو هەم ئەو گفت و بەڵێنانەی پێیان دابووین جێبەجێیان بکەن)

مامۆستا ئەحمەد خواجا لە ل ٧٩ی بەرگی یەکەمی کتیبەکەیدا-چیم دی-نموونەی نامەیەکی -شیخ فەرەج- ی بۆ مێجەر (سۆن) هێناوەتەوە. بۆ ئەم سەرچاوەیە بڕوانە : عەبدولرەقیب یوسف، بانگەوازێك بۆ روناکبیرانی کورد، چاپخانەی کامەرانی، سلێمانی ل١١-١٢.

١٣-(بۆ ئەم زانیارییانە بڕوانە: عەبدولرەقیب یوسف، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٤-٤٥.

١٤-رۆژنامەی (پێشکەوتن) ی ژ ٦٩ی ١٩٢١/٨/١٨ سەبارەت بەو شەڕانە دواوە.

١٥-هەر لەم بەشەدا زیاتر لە جموجوولەکانی کەریم بەگی هەمەوەند دەدوێین و بە بەڵگەوە تیشکیان دەخەینە سەر.

١٦-میستەر (ئەدمۆندن) لە ٢٦ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٨٨٩دا لە شاری (ئۆساکە) ی وڵاتی ژاپۆن لە دایك بووە، چونکە لەو کاتەدا باوکی بە ئیش و کاری وڵاتەکەی لە ژاپۆن بووە، ئەدمۆندز لە ژیانیدا چەندین شارو وڵات و کوچەی ئەم دنیایە گەڕاوەو بۆخزمەتی وڵاتەکەی کاری کردووە. ساڵی ١٩١٩ لەگەڵ سوپای بەریتانیادا هاتووەتە سلێمانی، ئەدمۆندز یەکێکە لە دوژمنە دێرینەکانی کوردو بۆ چاکەی وڵاتەکەی خۆی هەوڵێکی زۆری داوە، لەگەڵ ئەوەیشدا لە بواری نووسینی مێژوویی و ئەدەبی و شوێنەواری و زمانەوانی کوردەوە رەنج و کۆششی دیارە، گرنگترین کردەوەی زانستی ئەدمۆندز ئەو دوو بابەتەیە کە بە زمانی ئینگلیزی ساڵی ١٩٢٥ بڵاوی کردووەتەوەو یەکەمیان بریتییە لە بیبلیۆگرافیای رۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکان تا ساڵی ١٩٢٥، دووەمیان بابەتی (دوو شاخی کۆن لە باشووری کوردستان). لە ساڵی ١٩٢٨دا وتارێکی تری بە ناونیشانی (دوو شاخی تەرە کۆن لە باشووری کوردستان) . لە ساڵی ١٩٣١دا وتاری (هەوڵدان بۆ نووسینی کوردی بە لاتینی) بڵاوکردووەتەوە، ساڵی ١٩٣٣ یش بابەتیکی بە ناونیشانی (تێبینی لە بابەت بە کارهێنانی لاتینی لە زمانی کوردیدا) خستە بەرچاو، ئەمە جگە لە کتێبی (کوردو تورك و عەرەب) کە ساڵی ١٩٥٧ لە لەندەن بە چاپی گەیاندو لە گەڵ لایەنەوە پەیوەندی بە مێژووی کوردەوە هەیەو سەرچاوەیەکی دانسقەیە، ساڵانی ١٩٥٨،١٩٥٩ چەند بابەتیکی تری سەبارەت بە کورد خستووەتە بەر چاو. بە هاوکاری زانای کورد مامۆستا تۆفیق وەهبی فەرهەنگی (کوردی-ئینگلیزی) لە ساڵی ١٩٦٦دا خستە کتێبخانەکانەوە.

ئەدمۆندز ساڵی ١٩٤٥ وڵاتی عیراقی بەجێهێشت و گەڕایەوە بەریتانیا، (بۆ زیاتر تیگەیشتن لە میژووی ژیانی ئەدمۆندز بڕوانە: گۆڤاری دەنگی گیتی تازە، ژ٢ بەرگی ٤ مایسی ١٩٤٥ کە لەو ژمارەیەدا وینەیەکی ئەدمۆندز بڵاوکراوەتەوە، هەروەها بڕوانە دکتۆر

مارف خەزنەدار، ڕۆژنامەی هاوکاری، بابەتی تۆفیق وەهبیو ئەدمۆندز، ژ ١١٨٥ ڕۆژی ١٩٩٠/٦/١١.

١٧-ادموندز، كرد وترك وعرب، ترجمه جرجيس فتح‌الله، مطبعة التايمس. بغداد، ١٩٧١، ص ١١٢،١١٣

١٨-محەمەد ڕەسوڵ هاوار، شێخ مەحموودی قارەمانو دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، بەرگی دووەم، چاپی لەندەن،١٩٩١، ل٢٢٠- ٢٢١

١٩-هەمان سەرچاوەو لاپەڕە

٢٠-هەمان سەرچاوە، ل٢٢٢

لە لایەکی ترەوە سەبارەت بە هەڵاتنی ئەحمەد بەگی ڕیشێن کە ساڵی ١٩٢٧ کۆچی دوایی کردووەو یەکێك بووە لە دۆستو لایەنگرە دڵسۆزەکانی مەحموود خانی دزڵی، ڕەفیق حیلمی دەڵێ:

(ئەحمەد بەگی ڕیشێن کە یەکێك لە گەورەکانی جاف بوو، بە هۆی هاندانی کوڕانی – وەسمان پاشای جاف- دوە گیرابوو، لە سلیمانی خرابووە ژێر چاودێری حوکومەتەوە، ئەویش لەو ڕۆژانەدا لە سلێمانی هەڵاتو چووە لای -جەعفەر سولتان- ی خزمی کە ڕەئیسی هەورامان بوو، حوکومەت مەفرەزەیەکی ناردە سەری کە بیگرنو تووشی بوون، بەڵام مەحموود خان باش قەڵاچۆی کردبوون، هەورامانیش چەند جارێك هێزی هەوایی چووە سەریان بەڵام کەڵکی نەبوو، لەم پەلاماردانەدا نزیکەی حەوت یان هەشت کەوتن یان خرانە خوارەوە.)

بۆ ئەمەیش بڕوانە -ڕەفیق حیلمی- یادداشت، بەشی سێیەم، چاپخانەی دار الحرية للطباعة، بەغداد، ١٩٩٢، ل ١٣ (ئەم بەشەیان دکتۆر پاکیزەی کچی بە چاپیگەیاندووە.)

٢١-محەمەد ڕەسوڵ هاوار. هەمان سەرچاوە، ل ٢٦٢، ٢٦٣

٢٢-Report on Iraq administration, October, 920-922,London, 1923, P.123 هەروەها:

دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، گۆڤاری کاروان ژ١٧، شوباتی ١٩٨٤

هەروەها:

دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد، بەشی یەکەم، چاپخانەی الاديب، بەغداد، ١٩٨٤، ل ١١٧، ١١٨

٢٣-البرت نتشاشفيلي، العراق في سنوات الانتداب البريطاني، ترجمه الدكتور، هاشم صالح التكريتي، مطبعة جامعه بغداد، ١٩٨٧،ص٣١٧

٢٤-کاپتن بۆند-bond ئەو ئەفسەرە بوو کە شێخ مەحموودی بردە بەردەم دادگای عورفی بەریتانی لە دوای بریندارکردن و بەدیلگرتنی لە شەڕی دەربەندی بازیانی ڕۆژی ١٨ی حوزەیرانی ساڵی ١٩١٩دا.

٢٥-ئۆزدەمیر پاشا: ئەفسەرێکی گەورەو لێهاتووی تورك و لایەنگری مستەفا کەمال بوو، ئۆزدەمیر نازناوی بوو، ئەگینا خۆی ناوی عەلی شەفیق و بە ڕەگەز میسری بوو، لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٢٢دا کەمالییەکان لەگەڵ هێزێکی سەربازیدا ناردیانە ڕەواندوز، ئۆزدەمیر توانی لە نزیکەوە پەیوەندی لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە سەردارانی کورد دابمەزرێنی، هەزارو یەك گفتی شیرین و درۆی دانی، چالاکییەکانی ئۆزدەمیرو هاریکاری لەگەڵ سەردارانی کورددا بە تایبەتی لەگەڵ شێخ مەحمووددا تەواو ئینگلیزیان بێزار کردبوو، پاش ماوەیەك ئۆزدەمیر ناچاربوو بکشێتەوە، هەرچەندە لە باروودۆخی ئەو ڕۆژگارەدا کەمالییەکان بە پاکی لەگەڵ کورددا بهاتنایە پێشەوە دەیان توانی جێ‌پێی ئینگلیز تەواو شلۆق بکەن. (بۆ ئەم پەراوێزە بڕوانە:

دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی کورد، بە شی یەکەم، چاپخانەی‌الادیب، بەغداد، ١٩٨٤، ل١٢٠)

٢٦-ڕۆژنامەی پێشکەوتن، ژ ١١٢ی ڕۆژی ١٩٢٢/٦/٢٣

هەروەها بۆ ئەم هەواڵی بەخشش و گرتنە بڕوانە: دۆکیومێنتی ژ No. 831-C.O.22 ڕۆژی ١٩٢٢/٦/٢٣

٢٧-پێشکەوتن، ژ١١٧، ڕۆژی ٢٠ی تەمموزی ١٩٢٢، لاپەڕەی یەکەم

٢٨-محەمەد ڕەسوڵ هاوار، شێخ مەحموودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، بەرگی دووەم، چاپی لەندەن، ١٩٩١، ل٢٢٦

٢٩-سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٥

٣٠-هەمان سەرچاوە، ل٢٣٦

٣١-هەمان سەرچاوە، ل٢٣٩

محەمەد ڕەسوڵ هاوار دەڵێ: دەسەڵاتدارانی وێنە ڕەنگە مەبەستی حەمە ڕەشید خانی بانە بێ

.32-Report on Iraq administration, October 1920-1922,London,1923.

٣٣-کتێبی (تاریخ الکویت السیاسی) بەشی یەکەمی، بەرگی پێنجەم، لە دانانی (حسین خلف الشیخ خزعل) کە سالی ١٩٧٠ لە بیروت چاپکراوە. ٥٤ لاپەرەی سەبارەت بە کوردو هاتنەوەی شێخ مەحموودەوەیە بۆ کویت، (هاتنەوەی شیخ مەحموود بەرزنجی بۆ کویت) سەرناوی ئەوە بەشەی کتێبەکەیەو نووسەر بە راستگۆیی سەبارەت بەم هاتنەوەیە گەلێ شتی نادیاری باس کردووە. دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد سالی ١٩٩٠ بە ناونیشانی لە نێوان شیخ مەحموودو ئەمیری کویتدا کورتەیەکی کتێبەکەی باس کردووە، بۆ ئەمەش بروانە:

هاوکاری ژ ١١٨٠ رۆژی ١٩٩٠/٥/٢٤

٣٤-بروانە: بانگی کوردستان، ژ٧،س١، هەینی، ٢٢ی ئەیلولی ١٩٢٢

٣٥-بانگی کوردستان ژ٦، س١، دووشەممە، ١٨ی ئەیلولی ١٩٢٢

٣٦-دیوانی حەمدی- ئەحمەد بەگی ساحیبقران، چاپخانەی ئەسعەد، بەغداد، ١٩٥٧، ل ١٤٧

٣٧-بانگی کوردستان، ژ٦، س١، دووشەممە، ١٨ی ئەیلوولی ١٩٢٢

٣٨-بانگی کوردستان، ژ٧، س١، هەینی، ٢٢ی ئەیلوولی ١٩٢٢

٣٩-فەوزی نازناوی خوالێخۆشبوو (شیخ ئەحمەدی حاجی شیخ غەنی) بەرزنجی‌یە، سالی ١٣١٠ی کۆچی لەسلێمانی لە دایك بووە، ژیانی بە مورچەخۆری بە سەر بردووە، گەلێ لە بەرهەمەکانی لە رۆژنامەو گۆڤارەکانی رۆژگاری شێخی نەمردا بلاوکراونەتەوە، مامی شاعیری ناودار خوالێخۆشبوو (شێخ نووری شیخ سالح) ە رۆژی ٩ی شوباتی سالی ١٩٥٨ لە سلێمانی کۆچی دوایی کردووەو دیوانی شیعرەکانی پەرت و بلاون و چاپ نەکراون

٤٠-بانگی‌کوردستان، ژ٨ س١، هەینی، ٢٩ی ئەیلولی ١٩٢٢

٤١-بۆ فەرمانی ژ(١)ی حوکمداری کوردستان بروانە: رۆژنامەی بانگی کوردستان، ژ١٠ س١، یەك شەممە، ١٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٢

٤٢-بۆ تەشکیلاتی حوکومەتی کوردستان و ناوەکانیان بروانە سەرچاوەی پێشوو هەمان ژمارە

٤٣-بۆ فەرمانەکانی حوکمداری کوردستان بروانە بانگی کوردستان، لە ژ(١٠)و بەرەوژوورتر

٤٤-بانگی کوردستان، ژ١١،هەینی، ٢٠ی تشرینی یەکەمی١٩٢٢

٤٥-دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، گۆڤاری رۆشنبیری نوێ، ژ١٣٥، ئازاری ١٩٩٥

٤٦-کەمال ڕەئوف محەمەد، گۆڤاری ڕامان، ژ٣١، کانوونی دووەمی ١٩٩٩

٤٧-دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی ڕاستیو شوێنی لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد، ١٩٧٨، ل ٨٤

٤٨-لە کاتێکدا هێزەکانی ئینگلیز چوونە ناو ئەشکەوتی جاسەنە (ئەدمۆندز ١٨٨٩/١١/٢٦-١٩٧٩) ی ڕاوێژکارو ئەفسەرو سیاسی بەناوبانگی ئەو سەردەمەیان لەگەڵدا بووە، وەك کەسێکی خوێندەوار دەربەستی مەسەلەی ڕوناکبیریو مێژووی ڕۆژنامەنووسی ناوچەکە هەر سێ ژمارەکەی ئەم ڕۆژنامەیەی دەستگیر دەبێو دەیانپارێزێو ساڵی ١٩٢٥ لێکۆلینەوەیەکی بەبڕشت بە زمانی ئینگلیزی سەبارەت بەم ڕۆژنامەیەو ڕۆژنامەکانی تری سەردەمی شێخی ئەمر بلاو دەکاتەوە.

ئەدمۆندز یەکەم کەسە کە زانیاری دروستی سەبارەت بە ڕۆژنامەی بانگی حەق بلاوکردووەتەوەو تەنانەت یەکەم کەسیشە کە ژ (٢)ی دەستنووسی پاراستبێو لە فەتاندن ڕزگاری کردبێ.

٤٩-دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی ڕاستیو شوێنی لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد، ١٩٧٨، ل ٨٤، ٨٥

٥٠-لە کاتێکدا شێخی ئەمر گەڕایەوە تەنیا یەك ژمارەی بانگی کوردستانی دەرکردبو لە ڕۆژی ١٩٢٢/٩/٢٠ دا یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەیەکی نوێی بە ناوی (ئومێدی ئیستیقلال) هوە کەوتە بەر چاوی خوێندەواران و کۆمەلی نووسەری چاکی وەك حسین ناظم و ڕەفیق حیلمی بەڕێوەیان دەبرد.

٥١-ادموندز، کرد وترك وعرب، ترجمە جرجيس فتح‌الله، مطبعة التايمس، بغداد، ١٩٧٢، ص ١١٢، ١١٣

٥٢-یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی ژیانەوە ڕۆژی (١٨) ی ئابی ١٩٢٤ بلاوکرایەوەو ٥٦ ژمارەی لێدەرچوو.

٥٣-لە ڕۆژی ٢٦ی کانوونی دووەمی ١٩٢٦ دا یەکەم ژمارەی (ژیان) بلاوکرایەوە.

٥٤-دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، ڕۆشنبیری نوێ، گۆڤار، ژ ١٣٦، ساڵی ١٩٩٥

٥٥-دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، ڕۆشنبیری نوێ، گۆڤار، ژ ١٢٥، ئازاری ١٩٩٥

٥٦-دار الکتب والوثائق، الوحدة الوثائقية: البلاط الملكي، التسلسل: 13/1/30 الوثيقة رقم ٢، ص ٦ بيان عن المقررات التي بت فيها المؤتمر المعقود في كركوك في ٢ ايار ١٩٢٥.

سەرچاوەی ئەم بەڵگەنامەیە بابەتێکی مێژوویی دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەدە، بۆ ئەمەیش بڕوانە، ڕۆشنبیری نوێ، گۆڤار، ژ ١٢٥، ئازاری ١٩٩٥

٥٧-هەمان سەرچاوەی پێشوو

٥٨-هەمان سەرچاوەی پێشوو

٥٩-دار الكتب والوثائق، الوحدة الوثائقية، البلاط الملكي، التسلسل 311/2462 الوثيقة رقم ٤٦، ص ٥٨، قرارات مجلس الوزراء/ سري، ترجمة الكتاب المرقم Bo/122 في حزيران ١٩٢٥ المرسل من مستشار فخامة المعتمد السامي بالعراق الى سكرتير مجلس الوزراء.

٦٠-د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، ڕۆشنبیری نوێ، گۆڤار، ژ ١٣٥، ئازاری ١٩٩٥

٦١-عبدالرزاق الحسني، تاريخ العراق السياسي الحديث، الطبعة الثانية، الجزء الثاني، صيدا- لبنان، ١٩٥٧، ص ٢٦٨-٢٦٩

هەروەها :

دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، ڕۆشنبیری نوێ، گۆڤار، ژ ١٢٥، ئازاری ١٩٩٥

٦٢-مەبەست سابیر بەگی کوڕی کەریم بەگی فەتاح بەگی هەمەوەندە

٦٣-مەبەست بەهێ خانی عەتاری هاوسەری شێخ مەحموودو دایکی شێخ ڕەوف و شێخ باباعەلی و حەلاوەخانە.

٦٤-مەبەست ئایشە خانی شێخ مارفی نەقیبی هاوسەری شێخ مەحموودو دایکی شێخ لەتیفە، ئایشە خان خوشکی گەورەی حەپسە خانی نەقیبی بەناوبانگە کە هاوسەری شێخ قادری برا بچووکی شێخ مەحموود بوو.

٦٥-دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، ڕۆشنبیری نوێ، ژ ١٢٥، ئازاری ١٩٩٥.

هەروەها بڕوانە:

Public Record Office, Air, 23/198-part 10,X/M04583, From Penjwin to aviation, No. M/CH/73,7th July, 1925, P. 100

٦٦-دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، ڕۆشنبیری نوێ، گۆڤار، ژ١٢٦، ساڵی ١٩٩٥

٦٧-دکتۆریش ئەم زانیارییانەی لە چەند بەڵگەیەکی ئینگلیزەکانەوە وەرگرتووە.

٦٨-دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، ڕۆشنبیری نوێ، گۆڤار، ژ ١٢٦، ساڵی ١٩٩٥

٦٩-ژمارەی فڕۆکەکان لە بەڵگەنامەکەدا باش دەرنەچووە، لەوانەیە سێ بێ نەک پێنج

٧٠-P.R.O. Air 23/207, part 18,X/m4583,To Aviation and Aeroone, From aeroone Sulaimani, prefix D, Ref. ,P.A/470, Date26,9,1925

٧١-دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، ڕۆشنبیری نوێ، گۆڤار، ژ ١٣٥، ئازاری، ١٩٩٥، هەروەها بڕوانە:

Public Record Office. AIR, 23/195-part 7, X/M/04583, From Special Sulaimani to Aviation Baghdad, No, M/282,5th June, 1925, .P. 55

٧٢-دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، ڕۆشنبیری نوێ، گۆڤار، ژ ١٣٥، ئازاری ١٩٩٥

Ibid,23/198- part 10,X/M/04583,From Special Choartah to Aviation Adm. Sul.,No.M/CH52, 27th June, 1925,P.3.

٧٣-محەمەد ڕەسوڵ هاوار،شێخ مەحموودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، بەرگی دووەم، چاپی لەندەن، ١٩٩١،ل ٥٦٥

٧٤-هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٥٨٠، ٥٨١

٧٥-هەمان سەرچاوە، ل٥٨١، ٥٨٣

٧٦-هەمان سەرچاوە، ل ٥٨٣، ٥٨٤

٧٧-هەمان سەرچاوە، ل ٥٨٤، ٥٨٦

٧٨-(Report His Britanic Majesty's Government to the Council of the League of Nations on the administration of Iraq for the year 1927), London, 1928

٧٩-دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد، بەشی یەکەم، چاپخانەی الادیب، بەغداد، ١٩٨٥، ل١٢٢ (ڕاپۆرتی پەراوێزی پێشوو هەر لەم سەرچاوەیەوە وەرگیراوە.

٨٠-هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٨١-ئەم شیعرەی شێخ سەلام کە بە ناونیشانی (بۆ کۆمەڵی ئەقوام-عصبە الامم) دایناوە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٣١و بۆ یەکەمجار لە ژ٢٣ی ساڵی دووەمی ڕۆژی یەکی تەمموزی ساڵی ١٩٣٣ی گۆڤاری (هاوار) ی سووریادا بڵاوکراوەتەوەو دواتر خراوەتە دیوانەکەیەوە، بۆ ئەمەیش بڕوانە: دیوانی شیخ سەلام، چاپی یەکەم چاپخانەی تەمەدون، بەغداد، ١٩٥٨، ل١-٤ ، بەپێشەکی د.مارف خەزنەدارو سەرپەرشتی نووسەرو ڕۆژنامەنووسی چالاك جەمال خەزنەدار.

٨٢-مەبەست (ئارثر هیندرسن) ە A.Henderson (١٨٦٣-١٩٣٥) کە لە ساڵی (١٩١١) ەوە تاکوو ساڵی ١٩٣٤ سکرتێری پارتی کرێکاران بوو، ساڵی ١٩٢٩ بوو بە وەزیری

دەرەوەو ساڵی ١٩٣١ وازیهێنا، ئەو کاتەی شێخ سەلام شیعرەکەی وتووە، هیندرسن وەزیری دەرەوەی بەریتانیا بوو.

٨٣-ئەو دێرانەی لێرەدا نووسراونەتەوە هەموو شیعرەکە نییە بەڵکو چەند دێڕێکمان لێ هەڵبژاردووە.

٨٤-عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارات العراقية، الجزء الثالث، ص ٧٤

هەروەها بڕوانە:

محەمەد رەسوڵ هاوار. شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خواروی کوردستان، بەرگی دووەم، چاپی لەندەن، ١٩٩١، ل ٧٥٤-٧٥٥

٨٥-بڕوانە دیوانی سەلام، شێخ سەلام لەم دیوانەدا مێژووی ژیانی بە قەڵەمی خۆی نووسیوەتەوە، چاپخانەی تەمەدون، بەغداد، ١٩٥٨، ل١-٤. چاپی یەکەم.

٨٦-P.R.O., C.O.,730,163/88069,part 11,X/M 08533, 1931,Iraq, Shaikh Mahmud,Report.by the Air Officer Commanding Iraq Command on the operations in southern Kurdistan against Shaikh Mahmudfrom October, 1930-May, 1931,P.15

٨٧-الحكومة العراقية، محاضر مجلس النواب، الدورة الانتخابية الثالثة، الجلسة الثامنة والاربعون، المنعقدة صباح يوم السبت المصادف ٢٨ اذار سنة ١٩٣١، بغداد، بلا ، ص٦٧٢

هەروەها بڕوانە:

دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، رۆشنبیری نوێ، گۆڤار، ژ ١٣٦، ساڵی ١٩٩٥. ئەوەی شایانی وتنە کە ئەو زانیاریانەی ئەم پەراوێزە لەو باسەی دکتۆر کەمالەوە وەرگیراوە. لە لایەکی ترەوە دکتۆر کەمال دەڵێ (سەعد سالح نیشتمانپەروەریکی میوەر بوو. تەنیا لە مەسەلەی کورددا توندرەو بوو، ئەوسا کە نوێنەری دیوانیە بوو، شوباتی ساڵی ١٩٤٦ لە دووەم کابینەی تۆفیق سویدیدابوو بە وەزیری کاروباری ناوخۆ.

٨٨-دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، چەند لاپەرەیەك لە مێژووی گەلی کورد، بەشی یەکەم، چاپخانەی الادیب، بەغداد، ١٩٨٥، ل١٢٣

٨٩- هەمان سەرچاوە

٩٠-دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، رۆشنبیری نوێ، گۆڤار، ژ ١٣٦، ساڵی ١٩٩٥

٩١-The Times,London,May 21,1931

هەروەها بڕوانە:

دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، رۆشنبیری نوێ، گۆڤار، ژ١٣٦،سالی ١٩٩٥

٩٢-دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد، بەشی یەکەم، چاپخانەی الادیب، بەغداد، ١٩٨٥، ل ١٢٢

هەروەها بڕوانە راپۆرتەکە:

Report by His Majest'y Government in the United Kingdom of Great Britain and Northern Ireland to the Council of the League of Nations on the administration of Iraq for the Year 1931/ P.P.16-17

٩٣- P.R.O.,C.O.,730 163/88069,X/M 08533,1931,Shaikh Mahmud, part 11, Appenaix A,Biographical, Note on Shaikh Mahud by Captain V.Holt

٩٤-دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، هاوکاری، رۆژنامە، ژ ١١٨٠، رۆژی ٢٤/ ٥/١٩٩٠

* * *

بەشی حەوتەم

خانی دزڵی و کەمالییەکان

و

نامەیەکی مێژوویی شێخ مەحموود

بەشی حەوتەم

خانی دزلی و کەمالیەکان

و

نامەیەکی مێژوویی شێخ مەحموود

جەنگی یەکەمی جیهانی [1] بووە هۆی دروست بوونی بارودۆخێکی گرژو ئاڵۆزو ڕووداوەکانی لەمەودایەکی جەنجاڵو بەیەکاچوودا دەخولانەوە، نەخشەی جیهان بەگشتیو ڕووبەری ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بەتایبەتی ڕوویان کردە گۆڕانو تەمی ڕاپەڕینو جموجوڵیان لێ نیشتبوو، لاوازبونو هەرەس هێنانی دەوڵەتی عوسمانیو دەست بەسەراگرتنی ئینگلیزەکانو دەروشانەوەی ئەستێرەی بەختو ژیانی سیاسی (مستەفا کەمال١٨٨١-١٩٣٨)و دروست بوونی تورکیای نوێو قوت کردنەوەی کێشەی ویلایەتی موسڵو ململانێی توندو پروپاگەندەی (کەمالیەکان)[2]و دەسەڵاتدارانی ئینگلیزو گەشەکردنی مەسەلەی کورد لە کوردستانی گەورەدابرەوشۆرەتی شێخ مەحمودی حەفیدزادەی بەرزنجیو جۆشو خرۆشی کوردانی ناوچەکە، ئەمانە سەرجەم تابلۆی نەخشاوو ئاڵۆزکاوی ئەو ڕۆژگارەنو پێکەوە شەتەك درابوونو هەریەکەیان کاری لەوی تریان دەکردو لێك دانەدەبڕان.

لەسەرەتادا کەمالی یەکان (شۆڕشی ڕزگاری یان دژی حکومەتی سوڵتان و داگیرکاری بێگانە بەرپاکرد، ئەمەیش بارێکی سیاسی نوێی هێنایە کایەوە کەبەجارێك سەرتاپای وڵاتی گرتەوەو کارێکی گەورەشی کردە سەر ژیانی سیاسی میللەتی کوردو هەموو دوا ڕۆژی)[3] وەدەنگ و سەدای ئەم بزوتنەوە نوێیە (بەشێکی زۆری لە میللەتی کورد جوڵاند کە دڵسۆزانە چوونە پاڵپشتی بۆ ئازاد کردنی نیشتمانی هاوبەش لەداگیرکاری بێگانە.)[4]

لەو ڕۆژگارە تایبەتی یەدا کەمالیکانی تورکیا و ئینگلیزەکان لەپێناوی مەیسەر بوونی کاروبارو فراوان بوونی سنووری دەسەڵاتیاندا بەرنامەی پروپاگەندەی داڕێژراویان دەخستە بەر دەست،خۆیان بەدڵسۆزو خەمخۆری کورد دەزانی و سەرزارەکی دەستیان بە داوێنی یەوە گرتبوو، هەریەکەیان لەیانویست بەگفتو بەڵێنی درۆ کوردو مەسەلەکەی بەلای خۆیدا رابکێشێت و گەر بۆ ماوەیەکی کاتیش بێ لەخشتەیان بەرن.

بەواتایەکی ئاشکرا تر دەتوانین بڵێین کە (لەکۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی یەوە تاکو بریاری کۆمەڵەی گەلان لەدیسەمبەری ١٩٢٥ دەربارەی کێشەی ویلایەتی مووسڵ ئینگلیزو کەمالی یەکان هەوڵیان ئەدا کە هەریەکەیان لەلای خۆیەوە خواست و ئاواتەکانی بزاڤی ڕزگاری خوازی گەلی کورد لەباکورو باشوری کوردستاندا بۆ خزمەتی بەرژەوەندیەکانی خۆیان بەکاربهێنن)[5].

سەبارەت بەئامادەکردنی نەخشەو پلانی پروپاگەندەو هەوڵ و کۆششی تورکەکان لەم بوارەدا هەر لەسەرەتای کارەوە (مستەفا کەمال و هاوەڵەکانی زۆر بەئاسانی توانی یان جێ پێی خۆیان لەکوردستاندا بکەنەوە، چەند جارێك بچنە ناو کوردەکان و بەڵکو لەساڵی ١٩١٩شدا چەند کۆبوونەوەیەکی سیاسی گەورەی خۆشیان لەناو ئەواندا بگێرن، ئەوەیش لەخۆیدا بەڵگەی ئەوەبوو کەهێزە دیموکراتی یەکانی کورد لەو باوەڕەدا بوون کەبەسەرکەوتنی کەمالی یەکان

کێشەی نەتەوایەتی ئەوانیش لەسەر ڕێو شوێنێکی ڕاست چارەسەر دەکرێت، ئەوەی زیاتریش پاڵی پێوە نان بۆ ئەم بیرە ئەو هەوڵو تەقەللاو پەیمانە زۆرە بوو کەکەمالیەکان ئەیان دان بۆ نزیک کەوتنەوە لەکورد، بەتایبەتی چونکە ئەشیان زانی ئەوە دەبێتە هۆیەکی یارمەتیدەر بۆ سەندنەوەی کوردستانی خواروش کەیەکسەر لەگەڵ ئینگلیزەکاندا کەوتنە کێشە، هەر لەبەر ئەمەیش بوو زۆر جار ئەو پەیمانانەی دەیان دا بەکورد لەشێوەی بەیاننامەی تایبەتیدا بڵاویان دەکردنەوەو دەشیان ناردنە ناوچەکانی کوردستانی خوارو، لەیەکێك لەو بەیاننامانەدا کە لە -ئارات و چۆڵە مێرگ دا بلاوکراونەتەوەو چەند ژمارەیەکی گەیشتۆتە ڕەواندزیش دەڵێت:

-ئەی هاونیشتمانی یان، حکومەتی کۆماری تورکی بەتەواوەتی سوورە لەسەر ئەوەی هەموو پێویستی یەکی شارستانێتی لە نیشتمانە خۆشەویستەکەمان کوردستانی تورکیادا بڵاو بکاتەوە، ڕێگاوبانەکانتان قیرتاو دەکرێت، دێهات و شارەکانتان بێ قوتابخانە نامێنێتەوە، خێزانەکانتان شادمان و بەختیار دەبن، ئاسایش و یاسا دەبنە هۆی پەرەسەندنی خێرو خێراتی وڵاتەکەتان، ژیان و ماڵو شەرەفی هاونیشتمانی یەکانمان لەژێر پاریزگاری ڕاستەقینەو دڵسۆزانەی یاسای کۆماردایە).(٦)

دیارە ئەم بارو دۆخە هەروا بەسادەیی دروست نەبووەو هۆکاری تایبەتی لە ئارادابووە چونکە (لەگەرمەی سەرەتای شۆڕشی بۆرژوازی تورکدا ژمارەیەکی زۆر لەو سەرۆکانەی لەگەڵ مستەفا کەمالدا ئەو شۆڕشەیان بەرپاکردو هەروەك لەیادداشت و نامە کۆکراوەکانی خۆیدا دەردەکەوێت کورد بوون)(٧) و تەنانەت (کۆمیتەی سەرۆکایەتی کۆنگرەی-ئەرزروم-٢٢ی تەمووز-٦ی ئابی ١٩١٩-کە بەیەکێك لەخاڵە هەرەگرنگەکانی سەرەتای ئەم شۆڕشە دادەنرێت لە ١٨ کەس پێکهاتبوو کەسیانیان کورد بوون)(٨).

نەك هەر ئەوەندەیش بەڵكو (لەشورای نیشتمانی گەورەی توركیادا كەمالی یەكان لەنیسانی سالی ١٩٢٠داو لەشاری ئەنقەرە بەستیان ٧٢ نوێنەری كورد بەشداری كردووە)[٩] و تەنانەت (هەموو ئەندامانی ئەم شورایە زۆر بەگەرمی پێشوازی قسەكانی نوینەری شاری-ئەرزروم-حەسەن عەونی یان كرد كەلەیەكێك لەكۆبوونەوەكانی دا وتی : لەم تریبونەوە -منصە- قسەكردن هی دوو نەتەوەیە كوردو توركو لەم جۆرە قسەیەش چەند جارێك لەلایەن نوێنەری توركەكانەوە لەكاتی كۆنگرەی قوستەنتەنی یەدا بۆ لیكۆڵینەوەی كێشەی موسڵ دووبارە كرایەوە)[١٠].

دیارە گرتنی ئەم رێچكەیەو چنینی فروفیڵو چاوبەستی بەردەوامی توركەكانو هەڵوێستی ژێر بەژێریان سەبارەت بەنەتەوەو ئاینو خەلافەت دەگەڕێتەوە بۆ چەند مەبەستێكی گرنگ وەك پاكتاو كردنو لەناو بردنی ناحەزانو بەكارهێنانی كورد لەم پێناوەداو سەرەرای ئەمەیش (كەمالی یە بەهێزەكانی توركیا دەیان ویست ویلایەتی موسڵ بۆ خۆیان زەوت بكەن، لەناو كوردی باشوردا لەرقی ئینگلیز بەهۆی كورت بینی فەرمان رەوایانی ئەو رۆژگارەی عیراقەوە كەمالی یەكان لایەنگریان كەم نەبوو).[١١]

ئاشكرایە لەبەر رستێك هۆی ئابووریو سیاسی كەمالی یەكان چاویان بریبووە ویلایەتی موسڵو مەبەستیان بوو، مێژوو نووسی ئاگاداری ئینگلیز- ئارنۆلد تۆینی- دەڵێ كە (كەمالی یەكان لەوە زارە ترەك بوو بوون كەبە بەشێك لەكوردی ئیمپراتۆری عوسمانی رووخاویان لەدەست بچێ چونكە لەگەڵ كوردا نیازیان پاك نەبوو.)[١٢] سەرەرای ئەمەیش (كەمالی یەكان تینووی داهاتی چاوەروان كراوی نەوتی ویلایەتی موسڵو خێرو بێری زۆری تری بوون تا وڵاتەكەیان پێ ببوژێننەوە)[١٣] و بەم خواستو ئاواتەوە (بۆ دیاری كردنی چارەنووسی ویلایەتی موسڵ دەنگی كورد بۆ هەردوو داواكاری- ئینگلیزو

کەمالی‌یەکان- زۆر پێویست بوو، کەمالی‌یەکان هەوڵیان دەداچەند دەتوانن هێند کەڵك لەسەر دڵرانی کورد وەربگرن، بەتایبەتی شێخ مەحمود کەئەویش دوای ئەوەی هیوای بەئینگلیز نەما بۆ چێ بەجێ کردنی مەبەستەکانی لاری لە دامەزراندی جۆرە پەیوەندی‌یەك لەگەڵ کەمالی‌یەکاندا نەبوو کە ئەو ساکە لای هەموو نیشتمان پەروەرانی جیهان خۆشەویست بوون، چونکە بەدوژمنی گەورەی ئینگلیز لەسەرجەم رۆژهەڵاتی نزیك و ناوەراستدا دادەنران، جگە لەوە ئەو کوردانەی لەنێوان هەردوو لادا بوون وایان بردبووە مێشکی شێخ مەحمودەوە کە گوایە ئینگلیزەکان ئامادەن دەست لەویلایەتی موسڵ هەڵبگرن و کەمالی‌یەکانیش لاری‌یان لەوە نی‌یە ئۆتۆنۆمی بدەنە کورد دەڵگەنامەیەکی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا باسی چالاکی‌یەکانی ئەحمەد تەقی فەندی دەکات و دەڵێ:

-ئەحمەد تەقی دەوروبەری حەوتی تشرینی سالی ١٩٢٣ لەئەنقەرەوە بەرێگەی ورمێدا گەراوەتەوە سلێمانی و لەوێ رای گەیاندووە کەویلایەتی موسڵ بێ سێ و دوو دەگەرێتەوە دەست تورك و حکومەتی بەریتانیا دەپارێتەوە بۆ ئەوەی تەنها هێڵی شەمەندەفەرو بەشێك لەنەوتی ئەو هەرێمەی پێ بدرێ، بەپێی هەمان بەڵگەنامە ئەحمەد تەقی فەندی وتویەتی کە فەرمانی ئۆتۆنۆمی پێ‌یە بۆ شێخ مەحمود)[١٤].

دیارە ئەم هەموو پڕو پاگەندەو درۆو دەلەسەیەی کەمالی‌یەکان سەرجەم کاریان کردە سەر شێخ مەحمودی حەفید زادەو سمایل خانی سمکۆو مەحمود خانی دزڵی و چەند سەرەك ئێلێکی کوردو هەموویان کەم و زۆر پەیوەندیان لەگەڵ کەمالی‌یەکاندا پەیدا کردو بۆ ئەم مەبەستەیش (نۆزدەمیر)ی[١٥] بەناوبانگ و (رەفیق حیلمی)[١٦] و (ئەحمەد تەقی)[١٧] و (غەفور خانی ناودەشت)[١٨] و (عەبدوڵلا ئاغای-کۆنە مودیر)[١٩] و (سیتۆ)[٢٠] ناوێکی خەڵکی

ئامێدیش دەوری کارایان لەئاسان کردنی پەیوەندیەکاندا هەبووەو لەم بوارەدا جێ دەستیان دیار بووە.[٢١]

بەڵام زۆری نەخایاند کەمالی‌یەکان رووی راستەقینەی خۆیان کەوتە روو، دوای قایم کردنی جێ پێیان لەهەموو گفت‌و پەیمانێکیان پاشگەز بوونەوەو دەستیان بەخوێنی لاوەکانی کورد ئاڵ کردو کەسێکی وەك (زیاگیوك ئالپ کەبەیەکیك لەفەیلەسوفە نەتەوە پەرستە هەرە گەورەکانی تورکیای نوێ دادەنرێت لەو رۆژنامەیەدا کەلەشاری دیار بەکر بەزمانی تورکی دەرئەچوو چەند وتاریکی بڵاوکردەوە دەربارەی ئەوەی گوایە دیار بەکرودانیشتوانی، بگرە دانیشتوانی هەموو شارەکانی کوردستانی باکور تورکن)[٢٢] و بەبێ ئەوەی رەچاوی ئەو راستی‌یە بکات کە (باکوری کوردستان مەڵبەندو لانکەی سەرەتای دروست بوون و گەشەکردنی بیرو باوەری نەتەوایەتی و بنکەی جوڵانەوەی ئازادی هەموو میللەتی‌کوردەو زۆربەی بزوتنەوە ئازادیخوازەکانی کورد لەسەدەی نۆزدەمینەوە لەم بەشەی کوردستانەوە سەری هەڵداوە، دروشمی سەربەخۆی کوردستانی گەورە لەکاتی راپەرینە مەزنەکەی شێخ عوبیدوڵلادا بەرزکرایەوە، جگە لەمانەیش هەر کوردە دلێرەکانی ئەم بەشەی کوردستان بوون کەیەکەم رۆژنامەیان بەزمانی کوردی بڵاوکردەوەو یەکەم رێکخراوی سیاسی‌یان لەمێژووی هەموو کوردستاندا دامەزراند).[٢٣]

ئاشکرایە کەسەرکوت کردنی بێ بەزەیی‌یانەی راپەرینەکەی (شێخ سەعیدی پیران)[٢٤] و پەرەسەندنی زەبرو زەنگ و فشاری کەمالی‌یەکان و رەفتارە ناچیزەکانیان (وتەکانی شاندەی تورکیای بۆ کۆنفرانسی لۆزان بەدرۆخستەوە کەدەیوت: کەمە نەتەوەیی‌یەکان بەچارەنوسی خۆیان لەسایەی رژێمی تورکیادا بەختەوەرن، سەرکوت کردنی بێ بەزەیی‌یانەی راپەرینی ١٩٢٥ تواناى یاری کردن و هەڵخەڵەتاندنی کوردی لەکەمالی‌یەکان سەندەوە، ئیتر لایەنگرانی هاریکاری کردن لەگەڵ کەمالی‌یەکاندا دژی ئینگلیز لەکوردستانی باشووردا دوا

هەناسەی کێشا)[٢٥] و زوربەی سەردارو سەرەك ئێڵەکانی کورد پەیوەندیان بچڕیو لەهاوکاریو نزیك کەوتنەوە پاشگەز بوونەوەو شێخی بەردەقارەمانو مەحمود خانی دزلیو سمایل خانی سمکۆو زۆری تریش هاتنە ریزی نەیارەکانی تورکو ئەوەتا کەسایەتییەکی گەورەی وەك سمایل خانی سمکۆ (کەلەدەورو بەری سالی ١٩١٤وە بۆتە یەکێك لەناوە زۆر ناسراوەکان لای نەزگاو دبلۆماسیێکانی رووسیاو بەریتانیاو ئێرانو تورکیاوەبالیۆزخانەی هەریەك لەو وڵاتانەو هەریەك لە وەزارەتی هەندەرانیان دۆسێیەکی گەورە بۆ سمکۆ خان تەرخان کراوە)[٢٦] و ماوەیەکی زۆر بەگفتی تورکەکان هەڵخەڵەتاو (بەڵام شۆڕشەکەی شێخ سەعیدی پیرانو رەفتاری بێئەندازەو دڕندانەی کەمالیەکان لەگەڵ رابەرانی کوردی باکووردا هەموو ئەو کوردانەی بەخەبەرهێنا کەتورك دەستخەرۆی کردبوون. حوزەیرانی سالی ١٩٢٥ بڕیاری خنکاندنی شیخ سەعیدی پیرانو دکتۆر فوئادو نزیکەی پەنجا نیشتمان پەروەری دلسۆزی تری کوردی باکوور دەرچوو، ئەم هەواڵە بەجارێك ناخی دەروونی هەموو کوردێکی دلسۆزی هەژاند، کوردی بەغداد رۆژی ٢٦ی حوزەیران سالی ١٩٢٥ کۆبوونەوەیەکی گەورەیان لەپارکی مۆد ساز کردو بروسکەی نارەزایی خۆیان دابەکۆمەلەی نەتەوەکانو گشت دەوڵەتە گەورەکان)[٢٧].

وادیارە (ئەم بەسەرهاتە دڵتەزێنانە سمکۆیان بەجارێك شێتگیر کردووە، پاڵیان پێوە نا بەرانبەری تورك بەهەڵویستی خۆیدا بچێتەوە، سمکۆ زوو زوو دەبزوا، زوو بڕیاری دەداو دەستو برد ئەوەی دەکرد کەبەراستی دەزانیو پێی دەکرا، لەو کاتەدا لەناو هەموانەدا دووربینی بابەکر ئاغای پشدەری دێتەوە یاد، یەکسەر نامەیەکی تایبەتی بۆ ئەوو لەرێگەی ئەوەوە ژمارەیەك نامەی تر بۆ رابەرانی کورد بەرەشید جەوەدەت دا دەنێرێت)[٢٨] و لە رەفتارەکانی تورك ئاگاداریان دەکاتەوە.

ئەم نامەیەی سمکۆ کەناردویەتی بۆ (بابەکر ئاغای پشدەری)[29] مێژووی ٢٦ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٢٥ی بەسەرەوەیە (واتا لەو ڕۆژانەدا کەلەدیار بەکر بڕیاری خنکاندنی شیخ سەعیدی پیران و هاوەڵەکانی دەردەچێت، ئینگلیزەکان یەکسەر نامەکەی سمکۆ دەکەنە ئینگلیزی و وینەیەکی لێ دەنێرنە لەندەن و بەغدا، دانەیەك لەو نامەیە بەئینگلیزی لەناو فایلی ژ (١١، ١٦، ٦، ٥) لەئارشیفی وەزارەتی کاروباری ناوخۆی ڕۆژگاری پاشاییدا لەبەغدا هەڵگیراوەو ئەمەیش دەقی وەرگێڕاوی ئەو نامەیەیە کەلەخۆیدا بەڵگەنامەیەکی مێژوویی بایەخداری پڕ لەدەرس و پەندە).[30]

سۆمای

٢٦ی حوزەیرانی ١٩٢٥

بۆ بابکر ئاغا

برای بەڕیزم

پتر لەجارێك باسی دروستی و تێگەیشتنی خۆمم کردووە دەربارەی ئەو سیاسەتەی ئێوە چەند ساڵێکە لەپیناوی بەرژەوەندی و بەرەوپێش چوونی نەتەوەکەماندا پەیڕەوی دەکەن، ڕەفتاری دڵڕەق و درندەی تورك لەگەڵ گەلەکەماندا تایبەت لەم چەند مانگەی ڕابردودا، لەوانەی گەیاندین کەباوەڕمان پێ یان بوو، لەوە دڵنیام لەمەودوا لەسەر ڕیبازی خۆت سوورتر دەبیت و کۆششێکی زۆر بۆ ڕزگار کردنی نەتەوەکەمان دەکەیت، تورکەکان هەمیشە نەیارمان بوون، ئەویش نەك تەنیا لەبەر ئەوەی بڕیاریان داوە نەتەوەکەمان قڕ بکەن، بەڵکو لەبەر ئەوەیش کەبەتەواوەتی دەستبەرداری ئیسلام بوون و تەخت و تاراجی خەلافەتیان هەڵتەکاندووە، نامەی نەسیحەتم بۆ ژمارەیەك لەهاوڕێ هەڵخەڵەتاوەکانمان نووسیوە. ئەوانەی باوەڕیان بە تورکەو تائێستاش هەر خزمەتی دوژمنی باوە کوشتەی ئایین و نەتەوەکەمان دەکەن، ڕەشید جەودەتە ئەفەندی ئەو نامانەتان بۆ دەهێنێت، ئێوەش بۆیانی ڕەوان بکەن، ئەو

نامانە سەرنجیان بۆ ئەو راستییانە راکێشن کەبۆمان شی کردوونەتەوە، لەسەر تۆیش پێویستە لەمەودوا خۆتیانی لێوە نزیک بکەیتەوەو وایان لێ بکەیت لەدیوی ناوەوەی ئەو سیاسەتە تێبگەیەنن کەتۆ پەیرەوی دەکەیت، بەو جۆرەش ئێوەو ئەوان دەتوانن بەرەیەکی گەورەی ئەوتۆ پێك بهێنن کەببێتە پاڵپشتمان بۆ سەندنی تۆڵەی شەهیدەکانمان و ئەوانەی خۆبەخت دەکەن. من تەواو لەگەڵ سیاسەتی تۆدام، چونکە ئەو رێگە دروستەی تێدا وەدی دەکەم کەبۆی هەیە بمانگەیەنێتە رزگاری گەلەکەمان، رەشید جەودەت ئەفەندی بەدوورو درێژی باسی درندەی تورکەکانت بەرانبەر کورد پێ راگەیەنێت، لەگەڵ ریزی زۆرم، هیوای سەرکەوتنت لە قوڵایی دڵەوە بۆ دەخوازم.[٣١]

ئیمزا

سمکۆ

ئەم باوەر پێکردنەی کورد بەمستەفا کەمال ودروست کردنی پەیوەندی تەنیا کوردەکانی نەگرتبووە، (ئارنست هەمەنگوای)[٣٢] لەوتاریکدا بەناوی- چەند نامەیەك لەئەستەنبوڵ داگیرکراوەوە لەسەردەمی جەنگی یەکەمی جیهانی- بۆ رۆژنامەی The Toronto Daily star رۆژی ١٩٢٢/٢/٢٤ دەنووسێ:

(هەتا پێش چەند مانگێك جیهانی ئیسلام مستەفا کەمال ی بەسەلاحەدینی ئەیوبی دووەم دەبینی، ئاواتیان ئەوەبوو کەبەئیسلام شەڕ بکا لە دژی مەسیحی‌یەکان و ببێ بەڕابەرێك لەبەردەم هەموو دەوڵەتانی شەرقی لەجەنگێکی پیرۆزدا لەدژی مەسیحی‌یەکان، بەلام جیهانی شەرقی ئێستا پەیتا پەیتا باوەڕی بەمستەفا کەمال نامێنێ و هەندێك موسلمانان کەخۆم قسەم لەگەڵ کردون دەیان ووت: مستەفا کەمال خیانەتی لەگەڵ کردووین ئێستا کەس باسی جیهاد ناکات[٣٣]

نامەیەکی مێژوویی شێخی نەمر

یەکێك لەسیفەتە درەوشاوەکانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی کورد بەرابەرایەتی شێخ مەحمودی حەفید زادەی بەرزنجی لەوەدا خۆی دەنوێنێت کەلەسەرەتاوە تا بنەتای رۆژانی شۆرش و بزوتنەوەو هەڵسورانی لەبواری شۆرش و سیاسەت و کوردایەتی دا و بەپێی توانا و دەرفەت و هەل و مەرجی رەخساو ویستویەتی کەپەیوەندی یەکانی بەجیهانی دەرەوە پەرە پێ بدات و پاریزگاری نەپچرانی رایەلەکانی بکات و هەوڵەکانی لەچوارچێوەیەکی تەسکی ناوچەییدا نەمێنێتەوەو کۆششەکانی سنوری وڵات ببڕن و دەنگی زوڵالی نەتەوەیەکی چەوساوە بگەیەنێتە ئەو دیو سنورو لەم کارەیشدا دەستەیەك لەسەرۆك ئێل و کەسایەتی یە ناسراوەکانی کورد لەگەڵیدا هاوکار بوون.

رۆژی ۱۳٤۱/۱۰/۹ی کۆچی کە دەکاتە سالی ۱۹۲٤ شێخی نەمر نامەیەکی چری ناوەرۆك دەوڵەمەندی لە سیانزە خاڵدا بۆ کەمالی یەکانی تورکیا ناردووەو زانای مێژوو نووس د.کەمال مەزهەر ئەحمەد بەناونیشانی (نامەیەکی ونی شێخ مەحمود بۆ کەمالی یەکان)[٣٤] سەربوردێکی کورتی نامەکەی بلاوکردۆتەوەو دواتریش دەقی تەواوی نامەکەی بۆ خاوەنی ئەم کتێبە ناردووە، ئێمەیش دوای لێدوان و بەسەر کردنەوەی ناوەرۆکەکەی دەقی نامەکە لەبەشی بەڵگەنامەدا بلاو دەکەینەوە.

د. کەمال سەبارەت بەنامەکە دەڵێ (کەس تائێستا بەو نامەیەی نەزانیوە کەدیارە دەبێ شێخ مەحمود بەتورکی نوسیبێتی و دەقی ئێستا لە ئارشیفە تایبەتی یەکانی تورکیادا هەڵگیرابێت، ئینگلیزەکان رێنەی ئەو نامەیان دەست کەوتووەو یەکسەر کردویانەتە ئینگلیزی و ناردویانەتە وەزارەتی فرۆکەوانی و مستەعمەرات لەلەندەن)[٣٥]

ئەم نامەیە یەکێکە لەبەڵگەنامە مێژوویی یە سود بەخشەکانی رۆژگاری شێخی نەمرو بریتی یە لەسیانزە خاڵی چڕو پڕی سەرەکی و هەریەکەیان بۆ مەبەست و باسێکی گرنگی رووداوەکانی ئەو سەردەمە تەرخان کراوەو گەلێ لایەنی بارو دۆخی سیاسی ئەو رۆژگارە روون دەکاتەوەو تەمو مژی دەرەوێنێتەوەو دەقی ئینگلیزی نامەکەش نزیکەی سێ لاپەرەیە.

(بایەخی ئەو نامەیەی شێخ مەحمود زۆرە، چونکە لەگەرمەی بێنەو بەرەی کێشەی بەناوبانگی موسڵدا نوسراوە‘سەرباری ئەوەی گەلێك زانیاری مێژوویی

بایەخداری تێدایە کەبەشێکیان تیشک دەخەنە سەر لایەنێک لەرێبازو خەباتی ئەو رۆژانەی شێخ مەحمود)[٣٦]

لێرەدا پێویستە پەنجە بۆ ئەو رۆژگارە رابکێشین کەشێخی ئەمر بیری لەم پەیوەندی‌یە کردووەتەوەو لەپیناوی بەرژەوەندی سیاسەتی ئەو سەردەمەدا رووی کردە کەمالی‌یەکان تا بتوانێت لەو پەنجەرەیەوە کەلکێ وەربگرێت. بۆ ئەم مەبەستەیش دەتوانین بلێین کە (مێژووی پەیوەندی نێوان شێخ مەحمودو کەمالی‌یەکان لە ئەیلولی سالی ١٩٢٢ بەدوارە دەست پێ دەکات، واتە لەو رۆژگارەی شێخ پێ‌ی نایەوە ناو خاکی کوردستانەوە دوای ئەوەی لەهیندستان ئازاد کرا، ئینگلیزەکان دەیانویست شێخ کوردستانی باشوریان بۆ دابین بکاتو بەر لەدەست دریژی کەمالی‌یەکان بگرێت، ئەویش بەپێ‌ی لیکدانەوەی خۆی هاتبووە سەر ئەو بروایەی کەبەرژەوەندی کورد لەوەدایە دەست بخاتە ناو دەستی ناحەزانی ئینگلیزەوە، چونکە ئەو مارانگازی دەستی ئینگلیز بوو بۆیەکا دوای ئەوەی سەرەتا ئەوانی تاقی کردەوە رووی کردە شۆرەوی‌و کەمالی‌یەکان‌و رەزا شا کەبەداخەوە هیچ کامێکیان دادیان بۆی نەدا، ئەو راستیەی لەچەند شوێنێکی ئەم نامەیەشدا رەنگی داوەتەوە.

شێخ مەحمود بەرلەوەی بگاتەوە سلێمانی بەماوەیەک بەنهێنی پەیوەندی بەکەمالی‌یەکانەوە کرد، ئەوساکە هەموو شۆرشگیرانی ناوچەکە پەنایان دەبردە بەرئەوان چونکە ناحەزی ئینگلیز بوون، لەوانە رابەرانی شۆرشی بیست، کەواتە ئەو کارەی شیخ مەحمود لەگەڵ رەوتی مێژوودا دەگونجا، ئەم نامەیەش دەچێتە هەمان خانەوە، بەلام بەداخەوە کەمالی‌یەکان دەستی شێخیان بری‌و هیچیان بۆی نەکرد، ئەوان دەیانویست بەچەند نیشان‌و (میدالیک)و ژمارەیەک گفتی درۆ کورد بکەنە داردەستی خۆیان بۆ زەوت کردنی کوردستانی باشور)[٣٧]

لایەنیکی گرنگی ئەم نامەیە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کەئاستی پەیوەندی نێوان کوردو عەجەم ئاشکرا دەکاتو لەو تەنگژەو قۆرتانە دەدویت کەهینراوەتە ڕێی شۆڕشی کوردەوەو (کەئەوانیش بەئاشکرا شێخیان دەستخەڕۆ کردووەو پەلپیان پێگرتووەو کۆسپیان خستۆتە ڕێی، شێخ نامەکەی بەم باسە دەست پێکردوەو لەخاڵی یەکەمیدا نوسیویەتی و دەڵێ:

هەرچەندە لەو نامەیەتاندا کە ژمارەکەی (٢٣٤٨)ە ڕۆژی ١ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٣٤٢ك (١٩٢٤ز) نوسیوتانەو لەڕێگەی فەتاح بەگ[٣٨] نوینەری موسلەوە پێمان گەیشت باسی ئەو کۆششەتان کردووە کە داوتانە بۆ دابین کردنی یاریدەی عەجەمەکان، بەڵام لەو ڕۆژەوەی لە خورماڵ لەگەڵ نوێنەری بەریتانیاندا کۆبوونەوە کاربەدەستانی سەرسنووری ئەوان ئاشکرا کەوتوونەتە دوژمنایەتیمان و هەمەجۆر کۆسپ و تەگەرە دەخەنە ڕێگەمان، باشتریش وایە ئەوان بێ پێچ و پەنا هەستی ناحەزانەی خۆیان بەرانبەرمان دەربڕن، هەرچەندە ئەو هەوڵانەی دەیدەن بۆ قەدەغەکردنی هاتووچۆو پەیوەندییەکانمان هیچیان بۆ ئەوە نەهیشتووەتەوە کە بە ڕوونی هەست بە هەلوێستی دوژمنانەی ڕاستەقینەیان نەکرێ، ئەم باسە بە وردی خرایە بەردەم وەزیری جەنگ عەبدوڵلا خانی تەهماسی لەکاتی ئەو سەردانەیدا کە لەم چەندانەی دواییەدا بۆ ناوچەکە کردی‌و داوای لێ کرا چارەسەری ئەو کێشەیە بکات، کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا کاربەدەستە نەخوێندەوارەکانی سەرسنوور شتێکیان نەکرد بۆ ئەوەی هیچ جۆرە ئامادەییەك نیشان بدەن کە نیازیانە دەست لە بەدفەری خۆیان هەڵبگرن و ڕەفتاریان لەگەڵمان دا بگۆڕن."[٣٩].

سەرەبارەت بە ڕەوشتی ئینگلیزەکان و بیروڕای شێخی ئەمر بەرانبەریان لە هەمان خاڵی یەکەمی نامەکەدا ڕقی ئەستووری خۆی نیشان دەدات و دەڵێ: (لە

رابوردودا بەدریژی باسی هەموو تەماعە نارەواو ساختەکانی حوکمەتی بەریتانی و بیروڕا ژەهراوییەکانم کردووە، من ئەوی هەمەو نیمە.. بە ئەوپەری دڵسۆزییەوە تەرخانم کردووە بۆ خزمەتی جیهانی موسولمانان و هەرگیز ڕێگە بەخۆم نادەم ببمە داردەستی ئەو بیروڕا هەڵخەڵەتێنەرانەی حوکمەتی بەریتانی بڵاویان دەکاتەوە)[40]. و دیسان لە خاڵی شەشەمی نامەکەیدا دوپاتی دەکاتەوە (کە ئەو لەوکەسانە نیە کە بە فرت و فێڵی ئینگلیز هەڵبخەڵەتێ)[41].

سەبارەت بە بیروباوەریشی بەرانبەر بە هەندێ کەسایەتی ناسراوی ئەو ڕۆژگارە لە خاڵی دەیەمی نامەکەدا شیخی نەمر (هیرشیکی توندو تیژ دەکاتە سەر -بابەکر ئاغای پشدەری- و -مستەفا پاشای یامولکی- و هەردووکیان وەك نۆکەری ئینگلیز باس دەکات)[42].

لە خاڵی دوازدەمینی نامەکەیدا دیسان شیخ دێتەوە سەر باسی ئینگلیزو دەڵێ (دڵنیاتان دەکەم ئیستە لە هەرکات زۆرتر بە پەرۆشم بۆ گرتن و دیل کردنی ئینگلیزەکان، دەمەوێ ئەوەیان پێ بکەم کە لە دەربەند پیم کردن)[43] کە لێرەدا وەك دکتۆر کەمال مەزهەر دەڵێت (دیارە مەبەستی گرتنی ئینگلیزەکانە لە سلێمانی لە مانگی مایسی ساڵی ١٩١٩دا، چونکە لە دەربەند شێخ خراپ شکاو بە برینداریو یەخسیری کەوتە دەست ئینگلیزەکان)[44].

مەحمود خانی دزلی‌و ناوەڕۆکی نامەکە:

خالی نۆیەمی نامەکەی شێخی ئەمر تەرخان کراوە بۆ سەرداری ناوچەی دزلی‌و هەورامان (مەحمود خانی دزلی)و تێیدا لەوە دەدوێ کە خانی دزلی دیاری‌و میدالی کەمالی‌یەکانی ڕەت کردووەتەوەو وەری نەگرتووەو ئەوەتا دەڵێ: (زەخیرەم داوەتە هاوڕێی دڵسۆزو بەئەمەکمان خانی دزلی کە پیاوێکی بەهادارە، هەرچەندە چەند جارێك میدالەکەی ڕەتکردەوە، بەلام من دوای گەڕانەوەی ئۆرخان بەگ زۆرم لێی کرد کە قەبوڵی بکات؛ بە ڕاستی مەحموود خان دۆستەو شایانی هەموو جۆرە بایەخ پێدان و چاودێری‌یەکە)[45].

ئەوەی پێویستە بوترێ کە (مەحموود خانی دزلیش سەرەتا بڕوای زۆری بە کەمالی‌یەکان بوو، ئەویش پێی وابوو بە یاریدەی ئەوان دەتوانێ درێژە بە خەباتی خۆی بداتو لەو ڕاپۆرتەیان دا کە ئینگلیزەکان دەربارەی ڕەوتی کاروباری کارگێڕی عیراق لە ساڵانی ١٩٢٠-١٩٢٢ دا داویانەتە -کۆمەڵەی نەتەوەکان- عصبة الامم- بەتایبەتی باسی نامەیەکی مەحموود خانی دزلی‌یان کردووە کە ناردویە بۆ مستەفا کەمال و داوای چەکی لێ کردووە تا بتوانێ ئینگلیز لە سلیمانی وەدەرنێ، کەمالی‌یەکان هیچیان بۆ ئەویش نەکرد بۆیەکا دڵی لێیان ڕەنجابوو، باوەڕی پێیان نەمابوو)[46].

سەرچاوەو پەراوێزەکانی بەشی حەوتەم:

(١)لە هاوینی سالی ١٩١٤دا جەنگی یەکەمی جیهانی لە نێوان دەولەتانی میحوەرو هاوپەیمانان دا هەلگیرسا، لە رۆژی (٢)ی تشرینی هەمان سال دا دەولەتی عوسمانی چووە جەنگەوەو دایە پال دەولەتانی میحوەر. (دەولەتانی ناوەند پێکهاتبوون لە ئەلمانیاو نەمساو ئەوانەی دواتر هاتنە پالیان، بەلام دەولەتانی هاوپەیمان بریتی بوون لە بەریتانیاو فەرەنساو ئەو دەولەتانەی هاتنە ریزیان).

(٢)ئەو جوولانەوە گەورەیەی میللەتی تورك دوای شەری یەکەم بەسەرۆکایەتی مستەفا کەمال بۆ رزگارکردنی ولاتەکەی بەرپای کرد لە رابەری سیاسی‌دا بە جوولانەوەی کەمالی‌و بەشدارەکانی بە کەمالی‌یەکان ناوبرین. (د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، رۆژی کوردستان، ژ٢ تەمموزی ١٩٧١)

(٣)دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، رۆژی کوردستان (گۆڤار)، ژ٢، تەمموزی ١٩٧١، هەروەها (چەند لاپەرەیەك لە مێژووی کورد، چاپخانەی الادیب، بەغداد، ١٩٨٥، ل٧١.

(٤)هەمان سەرچاوە.

(٥)دکتۆر جەبار قادر، رابوون (گۆڤار، ژ ١٧، ١٨، سوید، ١٩٩٦.

(٦)دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، رۆژی کوردستان (گۆڤار)، ژ٢، تەمموزی ١٩٧١، هەروەها (چەند لاپەرەیەك لە مێژووی کورد، چاپخانەی الادیب، بەغداد، ١٩٨٥، ل٧٢ هەروەها

A, M. Hamilton. Road through Kurdistan, Landon. 1937, p.p. 295, 296.

(٧)دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، رۆژی کوردستان (گۆڤار)، ژ٢، تەمموزی ١٩٧١ هەروەها (چەند لاپەرەیەك لە مێژووی کورد، چاپخانەی الادیب، بەغداد، ١٩٨٥، ل٧٢، ٧٣.

(٨)هەمان سەرچاوە.

(٩)هەمان سەرچاوە، ل٧٣.

(١٠)هەمان سەرچاوە.

(۱۱)دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، رۆشنبیری نوێ)گۆڤار)، ژ۱۳٥ ئازاری ۱۹۹٥.

(۱۲)سەرچاوەی پێشوو، هەروەها بروانە:

A. Toynbea, Angora and the British Empire in the East, (The Contemporary Review)> London, June, 1923, p.p. 336-337.

(۱۳)دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو،

هەروەها بروانە:

الدکتور فاضل حسین، مشکلة الموصل، دراسة في الدبلوماسية - العراقية -الانكليزية-التركية و في الراي العام، الطبعة الاولى، بغداد، ۱۹٥۷، ص ۲۷۲، ۳۰۱، ۳۱۱.

(۱٤)دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو،

(۱٥)ئۆزدەمیر ناوی عەلی شەفیقەو بە رەگەز میسری بووەو یەکێك بوو لەو ئەفسەرە دڵسۆزانەی کە لایەنگری مستەفا کەمال بوو، ساڵی ۱۹۲۲ بەهێزێکی سەربازییەوە گەیشتە رەواندوز.

(۱٦)رەفیق حیلمی (۱۸۹۸-٤/۸/۱۹٦۰) نووسەرو خەباتکاری بەناوبانگی کورد. لە یادداشتەکانیدا کە لە سەردەمی خۆیدا شەش بەرگی لێ بڵاوکردووەتەوە زۆر لایەنی ئەم پەیوەندییەی ئاشکرا کردووە.

(۱۷)ئەحمەد تەقی (۱۳۱۰ك-۱۳/۱۱۹٦۰/۱۱ز) خەباتکاری دلسۆزو خەمخۆری کوردو لەم بوارەدا دەوری باڵای بینیوەو بۆ ئەم مەبەستەیش بروانە: خەباتی کورد لەیادداشتەکانی ئەحمەد تەقیدا، رێکخستن و ئامادەکردنی جەلال تەقی، چاپخانەی سلمان الاعظمي، بغداد ۱۹۷۰

(۱۸)غەفور خانی ناو دەشت لە بنەماڵەیەکی ناسراوی ناوچەی رانییەیەو (یەندزە)ی بناری قەندیل گوندی سەرەکییانەو تورکی زانیکی چاك بووە.

(۱۹)دکتۆر کەمال مەزهەر دەڵێ لە بەڵگەنامەکەدا بەو جۆرە ناوی هاتووەو مەبەست عەبدوڵڵا ئاغای کوڕی حاجی تایەر ئاغای کوڕی حاجی بەکر ئاغای گەورەی سەردار هەریزیانی ناوچەی کۆیەیە.

(۲۰)هیچ زانیارییەکمان سەبارەت بەو سیتۆ ناوە لەبەردەستدا نییە.

(٢١)دكتۆر كەمال مەزهەر ئەحمەد، رۆشنبیری نوێ (گۆڤار) ژ ١٣٥، ئازاری ١٩٩٥.

(٢٢)دكتۆر كەمال مەزهەر ئەحمەد، رۆژی كوردستان، ژ٢، تەمموزی ١٩٧١، هەروەها: چەند لاپەرەیەك لە مێژووی كورد، چاپخانەی الادیب، بەغداد، ١٩٨٧، ل٧٦، ٧٧.

(٢٣)هەمان سەرچاوە.

(٢٤)شێخ سەعید كوڕی شێخ مەحموودەو سالی ١٢٨٥ی كۆچی لە دایك بووە، دانیشتووی ئاوایی (كلدان) بووەو دواتر چووەتە (پالۆ) كە یەكێكە لە ئاواییەكانی سەر بە ناحیەی (منشی كورد) لە توركیا كە ئەم ناحیەیە سەر بە ولایەتی (گەنج)ە.

باپیری شیخ سەعید كە (شێخ عەلی) بووە تەریقەتی نەقشبەندی وەرگرتووە، لە شەرع و ئاین دا زانایەكی بالادەست بووە، هەر لە سەردەمی باوكیدا دەستی بەبڵاوكردنەوەی ئاین كردووە. دەستیشی لە شیعردا هەبووەو بە كوردیو فارسی و عەرەبیو توركی شیعری وتوە، دوای كۆچی دوایی باوكی لە سالی ١٣٠٦ی كۆچیدا شێخ سەعید بووە بە جێ نشینی، ئەم سەردارە لە سالی ١٩٢٥دا لەلایەن توركەكانەوە كرا بە دارا.

(٢٥)دكتۆر جەبار قادر، رابوون (گۆڤار) ژ ١٧،١٨، سالی ١٩٩٦، سوید.

(٢٦)دكتۆر كەمال مەزهەر ئەحمەد، رەنگین (گۆڤار ژ١١٨، ١٤ی تشرینی دووەمی ١٩٩٨.

(٢٧)هەمان سەرچاوە.

(٢٩)بابەكر ئاغای كوڕی سەلیم ئاغای كوڕی بابەكر ئاغای كوڕی حەمەد ئاغایەو سالی ١٨٧٠ی زایینی لەدایك بووە. لە رۆژی ١٩٥٨/١/٣ لە ئاوایی گردەسپیان ی سەر بە قەزای پشدەر، كۆچی دوایی كردووەو هەرلەوێ نێژراوە.

بابەكر ئاغاو هەباسی مەحموود ئاغا هەردووكیان سەرۆكی عەشیرەتی میراودەلی بوون و تا كۆچیان كردووە هەر سەرۆك بوون، زۆربەی زۆری ئەم عەشیرەتە لە باشووری كوردستاندایەو كەمێكیشی لە رۆژهەلاتی كوردستاندا نیشتەجێن (بۆ ئەم زانیاریانە بڕوانە: محمود ابراهیم پیمالكی، مجلە گولان العربی، العدد ٤٠، ٢٥ ایلول ١٩٩٥)

(٣٠) دكتۆر كەمال مەزهەر ئەحمەد، رەنگین (گۆڤار، ژ١١٨، ١٤ی تشرینی دووەمی ١٩٩٨.

(٣١)هەمان سەرچاوە.

(٣٢)ئەرنست هەمەنگوای لەسالی ١٨٩٩ لەولاًتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەدایك بووەو یەکێکە لەرۆمان نووسە گەورەکانی جیهان، خاوەنی رۆمانی (الشیخ والبحر) و (الفردوس المفقود)و (البحر والقدر)و (لمن تقرع الاجراس)و زۆری تره، سالًی ١٩٦١ کۆچی دوایی کردووەو سالًی ١٩٥٤ پاداشتی -نۆبل-ی وەرگرتووە.

(٣٣)سەلام ناوخۆش، فەژین (گۆڤار)، ژ١٠، زستانی ١٩٩٨، دهۆك.

(٣٤)دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، رەنگین (گۆڤار)، ژ١٠٧ن ١٤ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٧، بەغداد.

(٣٥)هەمان سەرچاوە.

(٣٦)هەمان سەرچاوە.

(٣٧)هەمان سەرچاوە./ لەلایەکی ترەوە پێویستە ئەوە بزانین کەشێخ مەحمود رۆژی ٣٠/ئەیلولی ١٩٢٢ گەیشتەوە سلێمانی.

(٣٨)فەتاح بەگ ژن برای شیخ مەحموودە، یەکێك بووە لە ئەندامانی ئەو وەفدەی تورکیا کە لەتەك وەفدی کۆمەلەی نەتەوەکان دا هاتە عیراق بۆ توێژینەوەی کێشەی موسل.

(٣٩)رەنگین، ژ ١٠٧، ١٤ی کانونی یەکەمی ١٩٩٥ هەروەها دەقی بەلًگەنامەکە بەزمانی ئینگلیزی.

(٤٠)هەمان سەرچاوەو بەلًگەنامە.

(٤١)هەمان سەرچاوەو بەلًگەنامە.

(٤٢) هەمان سەرچاوەو بەلًگەنامە.

(٤٣) هەمان سەرچاوە .

(٤٤)هەمان سەرچاوە.

(٤٥)هەمان سەرچاوە.

(٤٦)هەمان سەرچاوە / دکتۆریش زانیاری سەبارەت بەپەیوەندیو ناردنی نامە لەلایەن مەحمود خانی دزلًییەوە بۆ مستەفا کەمال لەم سەرچاوەیەوە وەرگرتووە:

((Iraq. Report on Iraq administration October 1920-March 1922)) London,1923. P116

بەشی هەشتەم

خانی دزڵیو سەردار رەشیدی ئەردەڵان

و

لاپەڕەیەکی مەرگەساتی مێژوویی

بەکۆتاییو نەمانی چەرەدووکەڵی جەنگی یەکەمی جیهانیو نوشوستیو خۆبەدەستەوەدانی عوسمانی یەکانو ئیمزا کردنی ئاگر بەستی–مۆدروس– لەتشرینی دووەمی ١٩١٨دا خەباتی رزگاریخوازی ناوچەکە بەگشتیو نەتەوەی کورد بەتایبەتی رووی لەقۆناغێکی نوێ کرد، بارودۆخی کورد وەك مەسەلەیەکی سیاسی خۆی نواندو بیرو باوەری زیندووی نەتەوایەتی کەوتە گەشە کردنو بەخۆداهاتن.

بزوتنەوەو راپەڕینو بانگەوازی رزگاری رووبەری کوردستانی تەنییەوە، دیارە رۆژهەڵاتی کوردستان–یش لەم جموجوڵە تەریك نەبوو، چونکە نەتەوەی کورد لەم بەشە زەوت کراوەیدا لەسەردەمی پێش (قاجاری)[1] یەکانەوە تا رۆژگاری (رەزاشای پەهلەوی)و دواتریش لەگەڵ کاروانی خەباتو ژیاندا

بەڕێگاوە بووە. یەکێك لەو ڕۆلە بەجەرگانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەتائێستا (لێکۆلینەوەی مێژوویی تێروتەسەلی لەبارەوە نەنووسراوە عەباسخانی سەردار ڕەشیدە کەلە نەوەی-ئامانەللاخان-ی دوا والی ئەمارەتی ئەردەڵانە)(۲).

(سەرداررەشید)(۳) شۆڕشگێڕێکی نەبەردو دڵسۆزو لەنەوەی ئەردەلانی یەکان بوو، تەنانەت خۆی بەسەروەسێت و میراتگری ئەوان دەزانی و بەگیان و دڵ بیری لەمێژووی پر لەکارەساتی ئەو ئەمارەتە تێکچووە دەکردەوەو پلان و نەخشەی بۆ زیندوکردنەوەو بنیات نانەوەی دادەناو بەئەلهاوە دەیویست سەرلەنوێ پشکۆی ئاگردانی ئەو ئەمارەتە بگەشێنێتەوەو ناوچەکانی سنەو حەسەناواو ڕەوانسەرو دەوروبەری لەژێر زەبروزەنگی ستەمکاران دەربهێنێ و بانگی سەربەخۆیی و ئازادی بۆ جارێکی تر بەگوێی جەماوەری کورددا بچرپێنێ.

دیارە سەردار ڕەشید وەك کەسێکی قالبووی خەبات و تێکۆشان لەو باوەڕەدابووە کە بۆ ئەم مەبەستە پیرۆزەو خۆسازکردن بۆ بەرەنگار بوونەوەی ستەمکاران پێویستی یەکی ئیجگار زۆری بەهاوکاری و دەستگیرۆیی عەشیرەت و شەخسی یەتە ناودارەکانی دەوروبەر هەیە.

لەسەرەتاوە بەنهێنی و دواتریش بەئاشکرا بەرنامەی کاری بۆ سەرۆك عەشیرەتەکانی دەوروپشتی دیاری کردووەو بەزوویی (ژمارەیەکی زۆری لەسەرۆك عەشیرەتەکانی موکریان و هەورامان و ناوچە کوردی یەکانی تری لەدەوره کۆبووەوە، جگە لەمانەیش پەیوەندی لەگەڵ ڕوسەکان و-سالار الدولە-دا بەتین کرد، زۆری نەخایاند دەسەلاتی گەیشتە کرماشان و سنەو شوێنەکانی تر)(٤)

یەکێك لەو سەرۆك و عەشیرەت و بەدەسەلاتانەی کەلەپێشرەوی ئەو کەسانەدا بووە بەدەنگ ویست و خواستی سەردار ڕەشیدەوە چووەو بەڵێنی هاوکاری پێداوە سەرداری هەورامان مەحمود خانی دزڵی بووە. خانی دزڵی لەمەسەلەکانی خەبات و ژیان و کاروباری نەتەوەیی و ڕێبازی ڕزگاریخوازی دا

لێکدانەوەی تایبەتیو ڕەنگانەی خۆی بووەو بەپێی دەرفەتو ڕەخساندنی باروودۆخی گونجاوو بەدرێژایی مێژووی هەڵسوڕانی لەم بوارەدا دەوری کارای دیوەو بەوچاوەوە ڕووداوەکەی هەڵسەنگاندووە کەبۆ خزمەتی کوردو ڕزگارکردنی خاکە زەوت کراوەکەیەتی، ئەم یاریدەو پشتگیریەی خانی دزڵی چەندین جارو بەشێوەو ڕێچکەی جیاواز ئەنجامی داوەو نموونەی بەرچاو روونیش شۆڕشەکانی شێخی نەمرە لەباشووری کوردستانو سەردار ڕەشیدی ئەردەڵانە لەسنەو حەسەناواو ڕەوانسەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، (عەباسخانی سەردار ڕەشید لە١٣٣٦ی کۆچی-١٩١٧ی ز، دیارە بەگەڵ پێش ئەم مێژووەش هەرخەریك بووە، بەنیازی ئەوەی لەنەوەی ئەردەڵانەکانەو هەقی میراتگری هەیە، لەڕەوانسەرەوە دەستی کرد بەبزوتنەوەو شۆڕش تاتەوە بۆ سەندنەوەی حکومەتی زەوت کراوی ئەردەڵان، لەمێژەوەو بەئاشکرا لەگەڵ سەرۆك عەشیرەتەکانی ئەو ولاتەدا قسەیان کرد بەیەك، ئەوانیش لەبەر ئەوەی کەسەردار ڕەشید لەبنەماڵەیەکی ئەمارەتی کوردییەو خۆیشی پیاوێکی لێهاتووی بەدەسەلاتە، هەموو قسەیان دایە، بەرە بەرە لەوەکیلی جوانڕۆوە، لەحسێنخانی ڕەزاوو جافەرسانی لهۆنو مەحموودخانی کانیساناتو مەحموود خانی دزڵیو حەمەخانی بانەوە، لەولایشەوە سنجەر خانی میاوەرانو حسێن قولیخانی کولیایی، ئەمانە هەموو لەسەر قسەی سەردار ڕەشیدو بۆ یاریدەدانی بەری کەوتن بۆ ولاتی-سنەو حەسەناوا-کەشوێن ئاگردانیئەمارەتی باو باپیری سەردار ڕەشید بوون. لەو مێژووەدا چووە سنەو بەوناوەی کە حکومەتێکی کوردی سەرلەنوێ دروست بکاتەوەو ماوەیەکی باش دەوری گێڕا، ڕووسەکانیش لەژێرەوە قسەیان دایە، بەتایبەتی-ژەنەراڵ قسینکۆو ژەنەراڵ باراتۆف) کە ئەفسەرانی ڕووس بوونو ئەو ولاتەیان لەو دەوری هەرچیو پەرچییەدا داگیرکردبوو، پەیمانیان دایە کەبەهەموو جۆر بۆ دامەزراندنی ئەم حکومەتە درێغی نەکەن، ئەو لەوێوە لەدروست کردنی ئەم کارو فرمانەدابوو،

لەم لایشەوە لەولاتی سلێمانی و شوێن هەواری بابانەکان (شێخ مەحمودی شێخ سەعید)یش خەریکی گێڕانی دەوری کوردایەتی بوو.

عەباسخان لەو سەردەمانەدا کەهێشتا بەناوی حوکمدارییەوە نەهاتبووە سنە هەرجارە لەرەوانسەرەوە دەستدرێژی بۆ کرماشان و دەورو بەری دەکرد. دەنگ و ئاوازی-سالارالدولە-یش لەوکاتانەدا باوێکی باشی هەبوو، ئەویش بۆ سەندنەوەی تەختی ئێران کەگوایە لێی زەوت کرابوو، لەبەرئەوە هەردوکیان شەریکی یەك دەردبوون، سەردار رەشید لەگەڵ ئەویشدا قسەی کردبوو، جالەو دەورانەدا پەلامارێکی مەردانەی کرماشانیداو-محەمەد خانی کرماشانی-کەئەویش کرماشانی داگیرکردبوو گرتی و کوشتی و ولاتی کرماشانی بەتەواوی داگیرکرد.

دیارە لەو سەردەمەدا کە حوکمرانی ولاتی سنەو ئەردەلان بوو، حوکمداری کرماشانیشی هەر دەنگی ئەدایەوە، لەم ماوەیەدا کەلەسنەبوو-عەلی ئەکبەرخانی سنجاوی-کەئەویش پیاوێکی ناودارو بەدەسەلاتی عەشایەری بوو هاتە سنەو فەرمانداری سەردار رەشیدی گرتە دڵ.

سەردار رەشید ماوەیەك بەم جۆرە بەناوی حوکمدارییەوە لەسنەرای بواردوو حوکمی لەو ناوەدا رەوابوو، پاشان وردە وردە شەری ١٩١٤-١٩١٨بەسەرچوو، حکومەتی ئێران تۆزێك بووژایەوە، سەردار رەشید سەیری کرد مانەوەی لەسنەدا وەنەبێ قازانجێکی تیابێ و وای بەباش زانی ئەو شوێنی حوکمرانییەی لەسنەوە بگوێزێتەوە بۆ رەوانسەر[٥]

حکومەتی ئێران لەو سەردەمەدا بەدوو چاوی تیژی سەرنج چاودێری بزوتنەوەو هەڵس و کەوتی سەردار رەشیدی دەکردو دەیویست بەهۆی چنینی پلانێکی سەرکەوتووەوە دەست بەسەر ئەم شۆرشگێڕەدا بگرێ و ئاگری جوولانەوەکەی دابمرکێنێتەوە، بۆیە دەست و برد کەسەردار رەشید سنەی بەجێ هێشت (حکومەتی تاران بەناوی حوکمدارییەوە-عەلی محەمەد خانی

شەریف الدولە-ی ناردە سنە، ئەویش لە ١٣٢٧ی کۆچی داچووە سنەو دەستی بەتوندو تیژی کردو سیاسەتی بەکارهێنا، سەردار رەشیدیش هەرداوای سنەو ولاتی ئەردەلان دەکات و هەر جارە دەیەوێ هێرش بکا بۆ دەرپەراندنی شەریف الدولە لەناو شاردا)[٦].

شەریف الدولە کەسێکی زۆرزان و پیلانگێربوو، دەی زانی بەشەڕو شۆڕ سەردار رەشیدی بۆ لەناو نابرێ، نامەیەکی دۆستانەی بۆ ناردو بانگهێشتی کرد بۆ ولاتی سنەو گوایا ئەو ولاتەی دەخاتە بەردەست و سەردار رەشیدیش بەدەم داواکەیەوە چوو بەلام ئەنجامی چوونەکەی بەوە شکایەوە کەگیراو رەوانەی زیندانی تاران کراو دەست بەجێ شەریف الدولە (دەستی کرد بەرووخاندنی کۆشکی مێژوویی ئامانەللاخان و بەو مەبەستەی کەهیچ شوێنەوارێکی ئەم خێزانە کوردییە لەهەرێمی ئەردەلاندا نەمێنێتەوە)[٧].

لەئەنجامی ئەم پیلانەدا سەردار رەشید ماوەیەك لەزیندانی تاران دەمێنێتەوەو لەکۆتایی سالی ١٣٣٩دا (سەید زیائەدینی تەباتەبایی وەزارەتی ئێرانی گرتە دەست و لەدەوری ئەودا سەردار رەشید بەرەللا بوو، گەرایەوە بۆ ولاتی رەوانسەر) و زۆری نەخایاند سەرلەنوێ لەسالی (١٣٤٠)دا کەوتەوەقسە کردن لەگەڵ عەشایەرەکان بۆ سەندنەوەی ئەمارەتی ئەردەلان و دەستەیەکی باش لەرەوانسەرو جوانرۆیی و سنجاوی پێکەوەناو دیسان ناوو دەنگی بلاوبووەوە)[٨].

لەم کاتەدا (رەزا خانی پەهلەوی) وەزیری جەنگ بوو، سوپایەکی باشی ئامادەکردوو بەفەرماندەیی (ئەمیر ئەحمەدی) پەلاماری جەنگاوەرەکانی سەردار رەشیدی داو لەم شەڕەیشدا زوربەی ئەو سەرۆك عەشیرەتانەی کەلەپێشدا هاوکاریان لەگەڵ سەردار رەشیددا دەکرد بوونە دوژمنی و بەهەموویان شکستی یان بەجولانەوە کەهێناو بەم جۆرە دوای چەند بزوتنەوەیەکی تر سەردار رەشید بۆ دواجار وازی هێناو لەتاران دانیشت و بەشێوەیەکی مەرگەسات

کۆچی دوایی کرد.[٩] ئێمە لەم باسەدا نەمان ویستووە کە سەربوردێکی بەربلاوو سەرتاپاگیڕی شۆڕشەکانی سەردار رەشید باس بکەین و نووکی قەڵەم بخەینە سەر هەموو لایەنەکانی، تەنیا ئەو راستی یە ئەدرکێنین کەئەم زنجیرە شۆڕشە وەك هەموو بزوتنەوەو هەوڵ و تەقەللایەکی تر بەهۆی دڵپاکی سەرکردەکان و فروفێڵی دوژمنان و گزی کردنی دۆستەکانی سەری نەگرت و بڵاوەی پێ کراو مەبەستی سەرەکیشمان لەم سەرەتاو پێشچاوخستنە دەرخستنی دەوری مەحمود خانی دزلێ بوو لەو بزووتنەوەیەدا، بەڵام لێرەدا پێویستە ئەو راستی یەش نەشاررێتەوە کەلەکاتێکدا سەردار رەشید بەفرو فێڵی (عەلی محەمەدخانی شەریف الدولە) لە ١٣٢٧ی کۆچی دا دەگیرێ و رەوانەی تاران دەکرێ و پاش ماوەیەك دەتوانێ بگاتەوە ناوچەکەی خۆی لەم کاتانەدا بەفروفێڵی (ئەمیر ئەحمەدی) کەفەرماندەی سەربازی رەزا خانی پەهلەوی بوو، زوربەی سەرۆك عەشیرەتە کوردەکان پشتیان لە سەردار رەشید کردو پەلاماریان داو نەیان ویست جارێکی تر هاوکاری لەگەڵ بکەن، تەنانەت کە (سەردار رەشید ئەم هەواڵەی وەرگرت بە ٤٠٠ سوارێکەوە پەلاماری هێزی عەشایەرو جافەرسانی داو لەکیوەکانی -شمشێرە-شەڕ هەڵگیرسا، هێزی جافەرسانیش زیاتر لە ٤ هەزارێك دەبوو، لەبەر سەختی شوێنەکەو بەفرو سەرما سەردار رەشید هیچی پێ نەکراوگەڕایەوە بۆ وڵاتی رەوانسەر) (١٠)و دوای چەند شەرو شۆڕێك تەسلیم بەحکومەتی ئیران دەبێ و بەیەکجاری لەئێران دادەنیشێ و یەکێك لەهۆ گرنگەکانی سەرنەکەوتنی دەگەڕێتەوەبۆ گزی کردنی عەشیرەتەکانی دەوروبەری کەبەدرێژایی مێژوو ئەم گزی کردنە لەبیرو باوەری نەتەوەیی و جولانەوەی نیشتمانی دا هەربووەو تائێستاش بەردەوامە.

سەرچاوەو پەراوێزەکانی بەشی هەشتەم:

(١) بنەماڵەی (قاجاری)یەکان ماوەی ١٣٤ساڵ و ٤مانگو چەند رۆژێك حوکمی ئێرانیان کرد. بۆ ئەمەیش بروانە:

الدکتور کمال مظهر احمد، دراسات تاریخ ایران الحدیث والمعاصر، مطبعة ارکان،بغداد، ١٩٨٥، ص ١٠٣

(٢) یاسین خالد سردشتی، مجلة (مەتین) عدد ٨١، تشرین الاول ١٩٩٨، ص ١٠٨.

(٣) عەباسخانی سەردار رەشید کوڕی عەلی خانی کوڕی محەمەد سادق خانی کوڕی ئامەنەڵاخانی والی ئەردەڵانە، لە ١٨٦٦کە غولام شاخانی والی مردو ئەمارەتی ئەردەڵان دوایی هات، (ناسرەدین شا)ی شای ئێران مەیدانی بەچۆڵ زانی (فەرامیرزای معتمد الدوله)ی بەناوی حکومەتی‌یەوە لە (زیلقەعدەی ١٢٨٤)ی کۆچی داناریە سنەو دەوری ئەمارەتی ئەردەڵان بەتەواوی پێچرایەوە، حکومەتەکانی تاران لەشوێن ئاگردانی بنەماڵەی ئەردەڵان دەستیان کرد بە حوکمداری لە وڵاتی سنەو هەسەناوادا. بۆ ئەم کورتە مێژووە بروانە : عەلائەدین سەجادی، شۆڕشەکانی کوردو کوردو کۆماری عیراق، چاپخانەی مەعارف، بەغداد، ١٩٥٩، ل٧١

(٤) الدکتور کمال مظهراحمد، دراسات فی تاریخ ایران الحدیث والمعاصر، مطبعة ارکان، بغداد، ١٩٨٥، ص٢٤٩

(٥) عەلائەدین سەجادی، شۆڕشەکانی کوردو کوردو کۆماری عیراق، چاپخانەی مەعارف، بەغداد، ١٩٥٩، ل٧٣

(٦) سەجادی، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(٧) محمد رۆوف توکلی، جغرافیا وتاریخ بانە، چاپ دوم، ١٣٦٣ش، ل١٩٢.

(٨) سەجادی، هەمان سەرچاوە.

(٩) سەبارەت بەدواڵاپەڕەکانی ژیانی سەردار رەشید باشترین سەرچاوە کەباسی کردبێ نووسەری ئێرانی (عیسی پژمان)ە کەئەفسەرێکی سوپای ئێرانی بووە بەپلەی (عەقید)و پەیوەندیشی لەگەڵ سەردار رەشیددایەیداکردووەو نووسیویەتی (دوای ئەوەی کە سەردار

رەشید چەند ساڵێك لەئاوارەیی و بێ کەسیدا مایەوە، سالی ١٣١٣ی هەتاوی کەدەکاتە ١٩٣٤ی زاینی گەڕایەوە مەڵبەندی خۆی پاش لێبوردنی لەلایەن ڕژێمی ئێرانیەوە، بەڵام حکومەتی ئیران زۆری نەخایاند لەبەڵێنی خۆی پەشێمان بووەوەو سەرلەنوێ گیرایەوەو ماوەی حەوت سالێ تر لەزیندانی (قەسری قەجەر)دا مایەوە. لەڕۆژی ٢٦ی ئەیلولی ١٩٤١داو لەکاتێکدا کە زیندانی ناوبراو شکێنرا سەردار رەشید لەگەڵ هەموو زیندانی و سەرۆك عەشیرەتەکانی تردا کەبەند کرابوون گەڕایەوە شوێن هەواری خۆی، بەڵام جارێکی تر حکومەتی تاران وازی لێ نەهێناو بانگی کردەوە بۆ تاران بمێنێ ئەوەی هیچ شتێکی کردبێ و ئەمجارەیان بەدەست بەسەری و لەژێر چاودێری‌دا مایەوە، سەردار رەشید لەم کاتەدا ژیانێکی ناهەمواری بەسەر ئەبرد، من بەپێی کارو پیشەکەم زور زور ئەمبینی و سەرم لێ ئەداو ئەم حالەتە ناخۆشەی کاری تێ کردمو داوام لەلایەنە لێپرسراوەکان کرد کە سەردار رەشید توانای هیچی نەماوەو لەو ژورەیدا کە لەئوتێلێکی کۆن دایەو دەکەوێتە پشت بەڕێوەبەریتی شارەوانی تاران حاڵەتی پەرێشانەو بابگەڕێتەوە ناوچەکەی خۆی و ئەو چەند ساڵە کەمەی ژیانی لەوێ بەسەربەرێ، یان بەلایەنی کەمەوە شوێنێکی باشتری بدەنێ، هەرچەندە لێپرسراوانی ئیران پێشنیارەکەمیان پەسەند کرد بەڵام سەردار رەشید رازی نەبوو کەبگەڕێتەوەو وتی (تازەبۆ کوێ برۆمەوە کە هەموو شتێکم لەدەستداو خێزانەکەم نەماو سەرو سامانم بەتاڵان رۆی، بەندیم لەتاراندا زۆر لاخۆشترە کەبەم شێوەیە بگەڕێمەوەو ببمەمایەی گاڵتەجاری لەلایەن دوژمنەکانمەوە)..

بەم جۆرە لەژورەکەیدا ماوەی (٥) ساڵی ترمایەوەو دواتر کۆچی دوایی کردو تاماوەیەك کەس بەمردنەکەی نەزانیبو، جەستەی تێك چووبوو بەشێوەیەك کە هیچ کام لەکرێکارانی ئوتێلەکە زاتی ئەوەیان نەبوو کە بیهێننە دەرەوەو بەخاکی بسپێرن، تا ئوتوموبیلێکی ئیسعاف هاتو بردی و لەشوێنێکدا نێژرا کەنازانرێ شوێنەکە کوێیە. (بۆ ئەم زانیاریە نوێیانە سەبارەت بە ژیانی سەردار رەشید بروانە:)

أ-عیسی پژمان، کردهاو کردستان، جلد سوم، سیاسی، پاریس، انتشارات ژن، شهریورماه، ١٣٣١ش، ص ٦٦

ب-یاسین خالد سردشتی، مجله (مەتین)، دهۆك، عدد٨١، سنه، ١٩٩٨، ص١١٥،١١٦

(١٠) عەلائەدین سەجادی، شۆڕشەکانی کوردو کوردو کۆماری عیراق، چاپخانەی مەعارف، بەغداد، ١٩٥٩، ل٧٦

بەشی نۆیەم

پەیوەندیو ناکۆکی نێوان

خانیدزڵیو خانی کانیسانان

بەشی نۆیەم

پەیوەندیی و ناکۆکی نێوان

خانی دزڵی و خانی کانی سانان

مەحمود خانی دزڵی سەرداروگەورەپیاوو نیشتمان پەروەری هەورامانی تەخت بووەو دەسەڵاتی سەرتاپا گێڕی خۆی بەسەر ئەو ناوچانەدا بڵاوکردووەتەوەو دەچێتەوە سەر خێزانی (بارام بەگی).

(مەحمود خانی کانی سانان)(١)یش گەورە پیاوی دەست رۆیشتووی ناوچەی مەریوان و بەیەکێك لەشەخسی یەتە دیارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناسراوەو دەوری چالاك و ڕەزاسووکی خۆی لە ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتی یەکانی ئەو رۆژگارەدا هەبووەو دەچێتەوە سەر تایەفەی حەیدەر بەگی، بەم جۆرە ئەم دوو سەردارە لەگەڵ (جافەر سانی لهۆن)دا خاوەنی تواناو دەسەڵاتی سەردەمی خۆیان بوون. لەگەڵ ئەوەیشدا کە هەردوو خانی دزڵی و کانی سانان دۆستایەتی یان بەتین بووەو زۆر جار بەهاوکاری یەکتر پەلاماری رژێمی ڕەزا شایان داوەو پێکەوە هاوکاری جووڵانەوەو ڕێکخراوە

نیشتمانی‌یەکانی کوردیان کردووەو لەم ڕێگایەشدا قوربانی‌یان داوەو تووشی گرتــن‌و شــەڕو دەردە ســەری بــوون‌و لەناوچــەی ئــازیزی خۆیــان دوور خراونەتــەوە(٢) بــەڵام چونکــە ناوچــەی دەســەڵاتیان نزیکــی یــەك بــوون‌و وەك نەریتێکی بۆ پیزی عەشایەری سەبارەت بەزۆر بوونــی دەسەڵات‌و زەوی‌و زارو بەرچاو تەنگی‌و لەهەمانکاتدا بەفیتی ڕژێمی ئێران هەندێ جار لەنێوانیاندا ناکۆکی‌و پشێوی ڕووی‌داوەو تەنانەت تەشەنەی سەندووەو گەیشتۆتە رادەی بەرانبــەر یــەك وەســتان‌و هەریەکــەیان لەشــکری کۆکردۆتــەوەو پــەلاماری ناوچەکانی یەکتریان‌داوەو ئاڵۆزی‌و دەردی سەریان بـۆ خۆیـان‌و دانیشـتوانی گوندەکان دروست کردووەو دوژمنی راستەقینەی خۆیان لەبیرچۆتەوە کەلەو کاتەدا (ڕەزاشا)و ئیمپریالیزمی ئینگلیزی بووە.

ڕاستە ئەم دوو سەردارە بەجووتە لەسەرەتای بڵێســەی شۆڕشــی یەکــەمی شێخی نەمری بەردەقارەمانەوە وەك دوو پاڵپشتی گیان لەسەردەست بەخۆیان‌و سامان‌و عەشیرەتەکەیانەوە پشتیان گرتوو لەم پێناوەیشدا زیندانی‌و ئەرك‌و ئازاریــان چەشــتووەو بەڵگەنامــەکانی ئەرشــیفی وەزارەتــی‌دەرەوەی بــەریتانیا باشترین شایەتی ئەم ڕاستی‌یەن، جگە لە مانەیش لەکاتی ئاوارەیی‌و شکستی شۆڕشگێرانی کورددا پشت‌و پەنای ئاوارەکانی ئەو شۆڕشە نەتەوەیی‌یە بوون. (٣) بەڵام بەداخەوە ئەم هاوکاری‌و دۆستایەتی‌و تێکەڵاوی‌یە نەبووە تەمۆی بنەبڕکردنی ناکۆکی نێوانیان‌و چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانیان.

دیــارە هەریەکــەیان وەك پابــەندی سیســتمی دەرەبەگایــەتی‌و خێڵایــەتی ویستوویانە بەئەندازەیەکی زیاترو مەودایەکی فراوانتر هێزو دەسەڵاتی خۆیان بچەسپێنن بەتایبەتی لەگوندی (نژمار) کەئەکەوێتە ناوچەی مەریوان‌و لەدوو بەش پێکهاتووەو مەحمودخانی دزڵی بەرێوەی بردووەو لەژێر فەرمانی‌دا بووە.

تەنانـەت شـێخی ئـەمر سـەرەرای سـەرقاڵی و دەربـەدەری و خـەریك بونـی بـەکاروباری سیاسـەت و جـەنگ و شۆڕشـەوە زۆر جـار بەنامـەی تایبـەتی و دانیشتن و گفتوگۆ لەگەڵیاندا هەوڵی داوە کە ئاگری ناحەزانەی نێوانیان بلێسە نەسێنی و ئارامی روو لەناوچـەی هـەردووکیان بکاتـەوە، بـەڵام لەبـەر قوڵـی نـاکۆکی و بـەرژەوەندی تایبـەتی هەوڵـەکانی نەگەیشـتۆتە ئـەنجام. ئـەم مەسـەلەیەش دیاردەیـەکی تایبەتی‌نی‌یەو تـەنیا بـەبالای ئـەم دوو سـەردارەدا براین بەڵکو نەرێتێکی رزیوی کۆن و دەست گرتنە بەداوێنی تیرەگـەرێتی کـە بـەدرێژایی مێـژووی ژیـان و سـەرهەڵدانی کـورد هـەربووەو سەرچاوەکەیشـی دەسـەلاتی تایبـەتی و چاوتی‌بڕینی‌موڵك و زەوی و زارو فراوان کردنی ناوچـەی حوکمداری بووە.

ناکۆکی نێوان ئەم دوو پشتیوانە مەزنەی شۆڕشی کورد کارێکی خراپـی کـردە سـەر رەوتـی خـەبات و بزوتنـەوەی رزگـاری خـوازی ئـەو رۆژگـارە تایبەتی‌یەتی نەتەوەی کورد، چونکە لەکاتێکدا کە فەرمانڕەوایانی ئینگلیزو کاربەدەستانی ئەو سەردەمەی عیراق لەرۆژی ۲۰ی نیسانی ۱۹۲۷دا هێرشێکی بەربلاویان کردە سەر پێنجوین و بەیارمەتی هێزی ئاسمانی ناوچەکەیان گرت کەبنکەو مەڵبەندی سەربازی و حەوانەوەی جەنگاوەرانی شێخی ئەمر بوو. لەم کاتەدا شێخ مەحمود لایەنگرانی کۆکردەوە بەنیازی شەڕو تۆڵە سەندنەوەو دەرپەڕاندنی ئەو سوپا داگیرکارە. بەڵام لەم کارەدا شکستی هێناو نەی توانی بەرنامـەی کـاری بەئـەنجام بگەیـەنێ و لەمۆیـە گرنگـەکانی ئـەم سـەرنەکەوتنە نەگەڕێتەوە بۆ شەڕو شۆڕی نێوان هەردوو خانی دزلی و کانی سانان کەبەدوو پشتیوانی سەرەکی شۆڕشی کورد دادەنران.

ئـەم دوو سـەردارە لـەو کاتـەدا بەرامبـەر یـەکتر وەسـتابوون و لەشـەڕێکی فراوانی خێڵەکی‌دا بوون و نەیان پەرژا دەستی کۆمەك و یارمەتی بۆ شێخی ئەمر

درێژ بکەن و سەرقاڵی ئاژاوەی نێوان خۆیان بوون و هێزەکانی دزڵی و مەریوان بۆ ئەو مەبەستە ناچیزەیە تەرخان کرابوو، سەرەرای ئەمەش رژێمی ئێران بۆ هاندانی ئاژاوەو دروست کردنی گرفتێکی تر بۆ شۆرشی کورد بەسوپایەکی فراوانەوە هەڵی کوتایە سەر ناوچەی مەریوان و دەوروپشتی کە شوێنی حەوانەوەی خێزانی جەنگاوەرەکانی شێخی نەمر بوو کەئەنجامی ئەم رووداوانەش مۆرکردنی نابەدڵی پەیمانی ۱۹۲۷ی بەدواوە بوو کەبەناچاری لەنیوان شێخی نەمرو کاربەدەستانی بەریتانیادا پێك هێنرا، لەسالانی دواتریشدا هەردوو سەردار بەپلان و فرو فێڵی رژێمی ئێران کۆتایی بەژیانیان هێنرا، مەحمود خانی دزڵی بە ژەهر پێدان و خانی کانی‌سانان بەگرتن و زیندانی کردن و کوشتن، ئەوەتا رۆژنامەی (کوهستان)ی ژ۳٤ی رۆژی (۱)ی کانوونی دووەمی ۱۹٤٥ بەناونیشانی (چەند یادگارێکی تاڵ) هەواڵی کۆچی دوایی مەحمود خانی کانی سانان بلاودەکاتەوە کە (لەچەند کیلۆمەتریك لە دووری یەکێ لەنەخۆشخانەکانی سیلداران لە بەرەبەیانی پێنج شەممەی ۱۳۲٤/۱۰/۲۷ی هەتاری‌دا وەکوو قارەمانیکی مەریوان و کەسایەتی‌یەکی کۆمەلایەتی ناوچەکە غەمو پەژارەی خۆی دەردەبرێت و بەئاشکرا رەخنە لەسیاسەتی دەولەت دەگرێت و هێرش دەکاتە سەر مشەخۆرو پیاوانی سەربازی کەلە ماوەی رابردوودا نەیان هێشت کەسانی‌وا بەئازادی لە ناوچەکەی خۆیاندا ژیان بەسەر ببەن و هەوڵ دەدەن شیرازەی کۆمەلایەتی تێك بدەن). [٤]

سەرچاوەو پەراوێزەکانی بەشی نۆیەم:

(١) مەحمود خانی کانیسانانی سەردارو گەورەی مەریوان کەسایەتییەکی خاوەن دەسەڵاتو رۆڵەیەکی دڵسۆزو سەربەرزی رۆژگاری خۆی بووە، لەرووی خوێندەواریو بوارەکانی رۆشنبیرییەوە تا بڵێی ئاگادار بووەو ئەوانەی کەلەنزیکەوە ناسیویانە دەڵێن کە هەموو بەیانی یەک رۆژنامەو چاپەمەنییەکانی ئەو کاتەی بۆ هاتووەو لەباروودۆخی جیهان بێ ئاگانەبووە. نووسەر (نوری عەلی ئەمین) لەوتاریکی بچووکیدا بەناونیشانی دوو سەعات لەتەک مەحمود خانی کانی ساناندا) دەڵێ: مەحمودخان پیاوێکی بالابەرزیلاوازی کاکوڵ زەردبوو. (بۆ ئەم وتارە بڕوانە: گۆڤاری رەنگین، ژ٣٩، بەغداد ١٩٩٢). مەحمود خان ساڵی ١٩٤٥ کۆچی دوایی کردووەو رۆژنامەی (کوردستان) هەواڵەکەی بڵاوکردووەتەوە.

(٢) سەبارەت بەپەیوەندی مەحمودخانی کانیسانان بەکۆمەڵە سیاسییەکانەوە زانای مێژوونووس دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد لەچوار ئەڵقەی زنجیرە وتارێکیدا کەساڵی ١٩٩٦ لەگۆڤاری (رەنگین)دا بەناونیشانی (خێرو بێری راپۆر نوسێکی کورد) باسێکی مێژوویی گرنگو بەهاداری بڵاوکردووەتەوەو سەرومڕ پەیوەندی یان بەشێکی ئەمرو مەحمود خانی کانیسانانو (کۆمەڵەی زەردەشتی)یەوە هەیە، دکتۆر لەئەڵقەی ژ (٢)ی گۆڤاری (رەنگین)ی ژ ٩٠ی ساڵی ١٩٩٦دا دەڵێ: (لەفایلی ژ٣٣/٤١٤ بەشی چوارەم، ئیکس-ئیم٤٥٨٢ی وەزارەتی فڕۆکەوانی بەریتانیادا کەبۆ باسی بەشێک لەبزوتنەوەی نەتەوەیی کورد لەکۆتایی ساڵی ١٩٢٨و سەرەتای ساڵی ١٩٢٩دا تەرخان کراوە، دوونامەی دەستخەتی زۆر گرنگی تێدایەکە-کۆمەڵەی زەردەشتی-یەکێکیان ناردووە بۆ شێخ مەحمود لە پێرانو ئەوی تریانی ناردووە بۆ مەحمودخانی کانیسانان لەمەریوان.

راپۆرت نووسەکەمان کاری راستو خوای لێ رازی بێ بەرلەوەی نامەکان بگەیەنێتە شوێنی مەبەست هەردووکیانی گەیاندۆتە کاربەدەستانی ئینگلیز تاوێنەیان بۆخۆیان لێ بگرنەوە، ئینجا بۆ خۆی لۆژلۆژ بێ پەرواو بێ ترس رۆژی ٣٠ی ئەیلولی ساڵی ١٩٢٨ بەرەو پێرانو مەریوان کەوتۆتە رێ. نامەکەی شێخ مەحمود بەدەستخەتی جەلال سائیب نووسراوە کەبرای مستەفا سائیبی سەرۆکی لقی خۆیبون بوو لەسلێمانی. نامەکەی کۆمەڵەی زەردەشتی بۆ مەحمود خانی کانیسانان لەمەریوان بەزمانی فارسیو دەستخەتی مستەفا سائیب خۆیەتی. نزیکەی دوولاپەرەی قەوارە گەورەیە، دەقی ناوەرۆکەکەیشی ٥٣ دێری پڕ کردۆتەوە. لەسەرو نامەکەوە نوسراوە (ژ٢٤٨٦، رۆژ ی١٠ی ربیع الاخر ١٣٤٧) کەدەکاتە ٢٦ی ئەیلولی ١٩٢٨. لەدامێنی نامەکەشدا نووسراوە: صورەتیکی بۆ سکرتێرو موعتەمەدی عامی جەمعیەتی زەردەشتی لەبەغداد لەسەر ئەمرو تەحریراتی مەرکەزی عمومی ژ٢١٥٧رۆژ ١٧ی سیپتەمبەری ١٩٢٨.

لەنامەکەدا بەگەرمی مەحمود خانی کانی‌سانان هان دەدات بۆئەوەی کۆششی بنوێنێ تاسەرنجی ئیرانی‌یەکان بۆ بزوتنەوەی کورد رابکێشێ. ویڕای ئەوەی خۆیشی وەك کۆمەڵەیەکی سیاسی کورد بەمەحمود خان دەناسێنێ. هەروەها کۆمەڵەی زەردەشتی وێنەیەکی لەنامەکەی خۆی بۆ شێخ مەحمود ناردووە بۆ مەحمودخان و ئەوەیشی پێ‌راگەیاندووە کەپژەری‌یەکان خەریکن خۆیان بۆ راپەرین کۆدەکەنەوە. پاش ماوەیەك راپۆرت نووسەکەمان لەپیران و مەریوانەوە دەگەڕێتەوە بۆ سلێمانی و وەڵامی شێخ مەحمودو مەحمودخانی کانی سانان بۆ کۆمەڵەی زەردەشتی لەگەڵ خۆیدا دێنێتەوە. دیسان بەرلەوەی وەڵامەکان بگەیەنێتەوە شوێنی مەبەست دەیانباتە لای ئینگلیزەکان تاوێنەیان لەسەر بگرنەوە)

هەروەها دکتۆری مێژوو نووس لەئەلقەی ژ(٣)ی گۆڤاری (رەنگین)ی سالی ١٩٩٦دا نووسیویەتی:

(ئەفسەری ئیستخباراتی بەریتانی لەسلێمانی رۆژی ٣٠ی تشرینی یەکەمی سالی ١٩٢٨ دەربارەی وەڵامەکانی شێخ‌رەحمودخان یاداشتیکی بۆ ئیستخباراتی بەریتانی لەبەغدا ناردووە، کەوا پێ‌چونی راپۆر نووسەکەمان بۆ پیران و مەریوان و گەرانەوەی بۆ سلێمانی دەوروبەری مانگێکی خایاندووە، بەیاداشتەکەدا وادیارە مەحمود خانی کانی‌سانان خۆی لەداواکانی رابەرانی کۆمەڵەی زەردەشتی دزیوەتەوە، چونکە لەوەڵامەکەیدا هەرئەوەندەی راگەیاندووە کە نامەکەی وەرگرتووە. رابەرانی کۆمەڵە دەستیان هەڵ نەگرتووە، رۆژی ٢٠ی تشرینی یەکەمی سالی ١٩٢٨ نامەیەکی تریان بۆ ناردووە، لەنامەی دووەمیاندا داوایان لەمەحمودخانی کانی‌سانان کردووە نوێنەری خۆی بنێرێتەلایان بۆ دامەزراندنی پێوەندی بەردەوام لەنێوان هەردولادا، واپێ دەچێ مەحمودخان ئەم نامەیەی خستبێتە پشت گوێ، یا وەڵامەکەی بەرێگەیەکی سەر راستدا ناردبێتەوە، چونکە ئەفسەری ئیستخباراتی بەریتانی لەسلێمانی لەیادداشتەکەی خۆیدا دەڵێ: هیچ وەڵامێکمان دەربارەی ئەو نامەیە پێ نەگەیشتووە.

بەپێی ناوەرۆکی نامەکان و زانیاری‌یە تایبەتی‌یەکانی ناو بەڵگەنامە تایبەتی‌یەکانی ئینگلیز وادەردەکەوێ سەرۆك و مەڵبەندی ناوەندی کۆمەڵەی زەردەشتی لەبەغداد بووبێ و کۆمەڵە دوو لقی بووبێ، یەکێکیان لەسلێمانی کەبەخۆی وتووە-شوعبەی فیدایی-ئەوی تریشیان لەهەولێر).

(٣)بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە:

زیوەر، گەنجینەی مەردان و یادداشتی رۆژانی دەربەدەری، محەمەدی مەلا کەریم ئامادەی کردووەو پێشەکی بۆ نووسیوە، چاپخانەی-الادیب) بەغداد، ١٩٨٥.

(٤)سەبارەت بەرۆژنامەی کۆهستان بڕوانە:

هیمداد حوسێن، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژ٥، ٢٢ی نیسانی ١٩٩٨، هەولێر.

بەشی دەیەم

خانی‌دزلّی و جافەرسانی هەورامان

بەشی دەیەم

خانی‌دزلی و جافەرسانی هەورامان

دانیشتوان و گەورە پیاوانی هەورامانی (تەخت)و (لهۆن) دەچنەوە سەر یەک بنەچەو خانەوادە کەئەویش (بەهمەنی کوڕی ئەسفەندیار)[1]ەو دەبێتە باپیرە گەورەی فەرمان ڕەوایانی هەورامان.

لەسەرەتای ئەم سەدەیەوە(مەحمود خانی دزلی) جڵەوی فەرمانڕەوایی (هەورامانی تەخت)ی بەدەستەوە بووەو بەچەشنی کەسایەتی‌یەکی ناسراوو دەست ڕۆیشتووی نیشتمان پەروەر ناوی دەرکردووە.

لە (هەورامانی لهۆن) [2] یشدا (جافەرسان ١٨٨٥-١٩٤٢)[3] کە (مێژوو نووسەکان بە-جەعفەر سولتان -ناوی دەهێنن گەورەترین سەرۆک ئێڵی هەورامان بوو، هەر لەهەرێمی-هەمەدان-ی کوردستانی ئێران تاکو نزیک شاری -هەڵەبجە-ی کوردستانی عیراق لەژێر دەسەڵاتیدابوو) [4].

بەم رەنگە جافەرسان بەڕاستی سانی ئەو هەرێمە فراوانەبوو، لەسەردەمی میرنشینی و سەڵتەنەتی میران و سانانی کورد، لەهەردوو کوردستانی ئێران و بەشی عوسمانلی دا دەسەلاتێکی سەربەخۆیی یان هەبوو) [*]

ناوی (جافەرسان) لەرۆژ هەلات و باشووری کوردستاندا وەك نمونەیەکی دەسەلات و بەرهەلستکاری و بەگژاچوونەوەی رژێمی ئێران هەردەم لەبەرچاو بووە. ساڵی ١٩١٢ بەرانبەر بەهێزەکانی (ئەحمەد شای قاجار)ی وەستاو جەنگاوەرەکانی ئۆردوی -ئەحمەد شا-یان هەتا دەوروبەری شاری (قەزوین) راوناو ئەم شەرەیش پێ دەوترێ (باغ شا).

دووساڵ دواتریش واتا ساڵی ١٩١٤ جافەرسان هێزەکانی تورکیای عوسمانی لەناوچەی هەورامان دەرپەڕان،

ساڵی ١٩٢٩ لەگەڵ هێزەکانی (رەزا شای پەهلەوی)دا کەوتە جەنگەوەو رژێمی ئێران هێرشێکی فراوانی کردە سەر هەورامان و بەو مەبەستەی کەچەکیان لێ بسەنرێت و بەلام سەرکردەی هەورامان -جافەر سوڵتان-گوێی بەفرمانەکانی حکومەت نەداو نەی هێشت عەشیرەتەکەی چەك فرێ بدەن و بەم هۆیەوە لەناوچەی-روانسەر-لەگەڵ هێزەکانی ئێراندا کەوتە شەرەوە، بەلام لەئەنجامی زەبرو زەنگی سوپای ئێراندا ژمارەیەکی زۆر روویان کردە عیراق و- جافەر سوڵتان-یش تەسلیم بەدەسەلاتدارانی عیراق بوو، عیراقیش هەموو ئەو کەسانەی کەپەنایان بۆ بردبوو تەسلیمی ئیرانی نەکردنەوەو وەك پەنا بەرێکی سیاسی پاراستنی و -جافەر سوڵتان-یش لەشاری رومادی بەدەست بەسەری مایەوە) [٦].

لەلایەکی ترەوە جافەرسان لەرووداوە نیشتمانییەکاندا بێ دەنگ نەبووەو بەشداری کردوە، بۆ نموونە لەکاتێکداو لەکۆتایی مانگی ئابی ١٩٢٠دا موتەصەریفی سلێمانی زانای خوالێخۆشبو (توفیق وەهبی) لەسەر کار لادەبرێت و دەگوێزرێتەوە، جافەرسان لەگەڵ جەماوەری کورددا داوای گەڕانەوەیان کرد.

بروسکە: ١٩٢٠/٨/٢٦

بەغداد، فخامە مندوب السامی

(رئیس الوزراء)

گۆڕینی موتەصەڕیف تۆفیق وەهبی بەگ ئەبێ بەسەبەبی تەئەثوری عمومی کوردان، رجا ئەکەین ئیعادەی بفەرموونەوە

رەئیسی هەورامان

جەعفەر سوڵتان

رۆژنامەی ژیان: ژ٢٥٩

رۆژی ٤ی ئەیلول ١٩٢٠

بروسکە: ١٩٢٠/٨/٢٤

فەخامەتی مەندوبی سامی

صورەتی بۆ فەخامەتی (رئیس الوزراء)

تەبدیلی مەتەصەڕیف مەغایری ئەفکارمان وسەبەبی تەئەثوری عمومی کوردانە، ئیسترحام ئەکەین زوو ئیعادەی بفەرموونەوە:

هەورامان :ئەفراساب بەگی رۆستەم سوڵتان

هەورامان : مصطفی بەگی جەعفەر سوڵتان

هەورامان : محمد ئەمین بەگی مەحموود خانی دزڵی

هەورامان : شێخ محەمەدی شێخ حیسامەدین

رۆژنامەی ژیان: ژ٢٥٩

رۆژی ٤ی ئەیلول ١٩٢٠

گەر سەیری هەندێ لەبەڵگەنامە مێژووییەکان بکەین و چەند لاپەڕەیەکی ئەو راپۆرتانە هەڵبدەینەوە دەبینین کەناوی ئەم دوو سەردارە زۆر جار دەبینرێن، لەراپۆرتی (هەندێ سەرنج سەبارەت بەخێڵەکانی باشووری کوردستان لەنێوان زابی گەورەو دیالەدا کەساڵی ١٩١٩ بەزمانی ئینگلیزی چاپکراوە) [٧] دەربارەی مەحموود خانی دزڵی دەڵێ:

(مەحموود خان لەیاخی بووە کانەو ئەم پیاوە لەدژی ئێمەیەو پاڵپشتی شێخ مەحموودە)[٨] بەڵام سەبارەت بە جافەرسان بەم جۆرە دێتە باس کردن:(جافەرسان هەمیشە ناکۆکی لەگەڵ تورکەکاندا هەبوو، نەبوو بەپاڵپشتی شێخ مەحموود)[٩].

ئێمە لێرەدا ئەم بەڵگەنامەیەمان بەو مەبەستە خستە بەرچاو تابەرروونی پێناسەی سیاسی و هەڵسوکەوت و رێڕەوی هەردووکیان لەو رۆژگارەدا بزانرێت کە تابلۆی رۆژگاریکی جەنجاڵ و هەر کەسەیش سەر بەبەرەیەکی تایبەتی بوو.

ئەم دوو سەردارە بەدەسەڵاتە بەهۆی زەوی و زار و موڵك و بگرە دواکەوتوویی سیستەمی کۆمەڵایەتی و دەرەبەگایەتی و لەلایەکی ترەوە بەهاندان و فیتی رژێمە بەکرێگیراوەکانی ئەو سەردەمە زۆر جار ناکۆکی و پشێوی لەنێوانیاندا رووی داوەو هەندێ جاریش خوێنی ئاڵی یەکتریان رشتووەو دواتر رێك کەوتوونەتەوە بەڵام ناخۆشی و ئاڵۆزی یەکە لەدڵدا هەر ماوە.

(لەیەکێك لەو هێرش و پەلاماردانەدا جەنگاوەرەکانی خانی دزڵی هاتوونەتە دێوی هەورامانی لهۆن و گوندی -هانەگەرمەڵە-یان سووتاندووە کەسەربە جافەرسان بووە، لەم شەرەدا ژمارەیەکی زۆری هەردوولا کوژراون، بۆنمونە لەریزی کوژراوەکاندا -حەمەبەگی برای مەحمودخانی دزڵی-و-مەجید بەگی

بانی شار-ی دەبن کەئەم مەجید بەگە لەئازایەتی و جەربەزەیی‌دا ناسراوبوو بە-گورگەبۆر-و (تەنانەت لەنزیك گوندی -ئەحمەدئاوا-دا جێیەك هەیە پێ‌ی دەڵێن - زیارەتی هەورامی-کە کوژراوەکانی ئەو شەڕە خویناوی‌یە لەوێ‌دا نێژراون)و دوایی ڕێك کەوتوونەتەوە (لەتۆڵەی حەمەبەگی برای مەحموودخان‌دا دووکچی هەورامانی لەوێ دراون بەهەورامانی تەخت، یەکێکیان ئامینە خانی کچی جافەرسانەو دراوە بەعەبدوڵڵاخانی دزڵی‌و ئەوی تریان ئایشەخانی کچی ئەفراسیاب بەگی سەرگەتەو دراوە بەحەمەئەمین بەگی برای مەحموود خان) [11]

دیارە ئەم کارەشیان وەك دەستووری نەریتێکی عەشایەری بەو مەبەستەبووە کەبەم ڕێگایە چارەسەری دوژمنایەتی‌و ناکۆکی‌یەکە بکرێت‌و سەرلەنوێ خزمایەتی‌و دۆستایەتی لەنێوانیان‌دا ببوژێتەوەو خوێن ڕشتن بنەبڕبکرێت.

سەرچاوەو پەراوێزەکانی بەشی دەیەم:

(١) بڕوانە: محەمەد بەهادین ساحیب، پێشالیاری زەردەشتی، چاپخانەی شەفیق، بەغدا، ١٩٦٨ل١٣.

(٢) بەشی زۆری دێهاتەکانی هەورامانی لهۆن دەکەونەباشووری ڕۆژئاوای ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە، بەشێکی کەمیشی سەربە باشوری کوردستانە.

(٣) جافەر سولتان ١٨٨٥-١٩٤٢ کوڕی محەمەد سەعید سوڵتانی کوڕی عوسمان سوڵتانی کوڕی عەلی موراد سوڵتانی کوڕی موئمن خانی کوڕی وەلی بەگی کوڕی عەباس قلیبەگی کوڕی فەتح عەلی سولتانە، سالی ١٨٨٥ لەدایك بووەو سالی ١٩٤٢ لەتەمەنی ١٠٨ سالیدا کۆچی دوایی کردووەو لەگۆرستانی عەشیرەتەکەی لە عەبابەیلێ نێژراوە، جافەر سولتان بیست کوری هەبووەو بەزۆری لەناوایی (نەوسود)دا دەنیشت.

(٤) دکتۆر موکەرەم تالەبانی: وتاری (چمکێك لەمێژووی جافەرسانی هەورامان) گۆڤاری رەنگین ژمارە ٥٧ سالی ١٩٩٣، لەم باسە مێژوویی‌یەدا دکتۆر موکەرەم بەرەردی دەگەرێتەوە بۆ ڕووبەری سالی ١٩٣٣کە جافەرسان لەگەڵ هەندێ لەکوڕو کەس و کاریدا ڕوودەکەنە تەکیەی تالەبانی لەکەرکوك و دەڵێت (جافەرسان پیاوێکی بێ فیزو قسەخۆش و قسەزان بوو، بەپێچەوانەی مەحموود خانی دزلی کە کەم دوو بوو). لەراستیدا ئەم باس و یرەوەرییەی دکتۆر لاپەڕەیەکی بەهادارو یرەوەرییەکی مێژوویی گرنگە.

(٥) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(٦) د.ولید حمدی، الکرد وکردستان في الوثائق البریطانیة، مطابع سجل العربي، ١٩٩٢ص٢٩٧.

(٧) ئەم راپۆرتە لەلایەن نووسەرو جوگرافیازانی ناسراو دکتور فوئاد حەمە خورشیدەوە کراوە بەعەرەبی: بڕوانە: العشائر الکردیة، ترجمة فؤاد حمة خورشید، مطبعة الحوادث، بغداد، ١٩٧٩.

(٨) نفس المصدر،ص ١٦.

(٩) نفس المصدر،ص١٥.

(١٠) ئەم زانیاری‌یانە سەبارەت بەشەری (هانەگەرمەڵە) لەو شریتەوە وەرگیراوە کەمامۆستای مێژوونووس عەبدورەقیب یوسف ڕۆژی ١٩٨٤/٦/٢٦دا چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ شێخ ئەمینی نەقشبەندی‌دا سازکردبوو، بەڵام لەقسەکانی شیخ ئەمین‌دا باسی حەمەبەگی کوری مەحموودخان نەکرابوو، ئەمەیان ئەنوەر بەگی کوڕی مەحموودخان پێی ڕاگەیاندم.

(١١) ئەم زانیاری‌یانەم لەئەنوەر بەگی مەحموودخانی دزلی وەرگرت.

بەشی یانزەیەم

لەنێوان خانی دزلی‌و حەمە رەشیدخانی بانەدا

بەشی پانزەیەم

لەنێوان خانی دزلیو حەمە رەشیدخانی بانەدا

خانی دزلی وەك کەسایەتی یەکی بەدیمەنو خاوەن تاقیکردنەوەی ژیانو قالبووی رووداوەکانی رۆژگار، بەردەوام لەکاروکۆششی دلسۆزانەدا بووە بۆ بەتین کردنی پەیوەندیو برەوپێدانی گیانی برایەتیو دۆستایەتی لەگەڵ سەرۆك هۆزو گەورە پیاوانی سنووری دەسەلاتی، لەرێی ئەم پەیوەندییە توندوتۆلەیشەوە توانیویەتی تارادەو ئاستێکی باش کاروباری ژیانی خۆیو دانیشتوانی سەقام گیر بکاتو بەرانبەر بەهێزی ستەمکاران بووەستێو خۆیو عەشیرەتو جەنگاوەرانی لە شکستو نەهامەتی بپارێزێ.

بەلام وەنەبێ توانیبێتی کە ئەم بەرنامە پیرۆزەی ژیانی لەهەموو کاتێکدا پەیرەو بکاتو هەولو کۆششی بەریکرێ، بۆیە هەندێ جارو بەبێ ویستی خۆی بەرەو رووی شەرو پەلامارو ئاژاوە چووەو لەم کاتانەیشدا شێرانە جەنگاوە.

یەکێك لەو کوردە جەربەزە خاوەن دەسەلاتانەی ئەو رۆژگارە کە لە باشوورو رۆژهەلاتی کوردستاندا دەوری کارای بووەو لە بزووتنەوەکانی کوردو مەسەلە نیشتمانی یەکاندا تێکەلی رووداوەکان بووەو حیسابی تایبەتی بۆ کراوە (حەمە رەشید خانی بانە)[1] بووە.

ئێمە لێرەدا نامانەوێ مێژوویەکی بەرفراوانی سەرەتاو بنەتای ژیانو بەسەرهاتو خەباتو شکستو کۆششی ورد بکەینەوەو لەم بارەیەوە باسێکی پراو پڕو سەرتاپاگیر بخەینە بەرچاو، چونکە ئەم باسە پێویستی بە مەودایەکی بەرین ترو لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونی زیاتری دەوێ، بەڵام هێندە دەڵێین کە لاپەڕەکانی ژیانی سەر ڕێژن لە شەرو بزوتنەوەو ڕاپەڕینو ڕازی نەبوونو بەرەنگاری بوونەوە، لێوان لێون لەخەباتو وەستان بەرانبەر رژێمی داگیرکاری ئێرانو هاوکاری کردنو دەوربینین لە دەوڵەتی جەمهوری کوردستاندا و لەم پێناوەیشدا گرتنو دەربەدەریو ئاوارەییو پەنابەرێتی سیاسی لاپەڕەیەکی تری ژیانی داگیرکردووە.

خانی دزلێو حەمە رەشید خانی بانە دوو هاوکاری یەکتر بوون، لەنێوانیاندا درستایەتیو برایەتیو پشتی یەك گرتن لە ئارادا بووەو پەیوەندی نێوانیان بەتین بووە، تەنانەت لەکاتێکدا کە خانی دزلێ لەگەڵ دراوسێو سەرۆك هۆزەکانی دەوروبەری دەسەڵاتیدا بەرانبەر بەیەك وەستاون زۆر جار حەمە رەشید خان پاڵپشتی خانی دزلێ بووە.

لەکاتێکدا کە حەمە رەشید خان لە سالی ١٩٤٠دا دەسەڵاتیکی خۆجییەتی کوردی لەناوچەکانی بانەو سەردەشتو سەقزدا دروست کردبوو، لەپایزی ئەو سالەدا بۆ جاریکی تر ناکۆکی نێوان خانی دزلێو خانی کانی ساناندا دروست بووەوەو ئەمەیش لە ئەنجامی موڵكو زەویو زاری ناوچەکە بوو، (لەم کاتەدا حەمە رەشید خانی بانە بەهێزیکی ٥٠٠ کەسییەوە بەسەرکردایەتی -حەمە ئەمین خان-ی برای ناردەسەر شاری (مەریوان)و بۆ کۆمەکی خانی دزلێو سەندنەوەی مافە زەوت کراوەکان کە دەکەوتنە ناوچەی هەورامانو سنووری شارستانی مەریوان، سەرئەنجام کۆتایی مانگی تشرینی دووەمی سالی ١٩٤١ شاری مەریوان گیراو هیزەکانی دەوڵەت بەرەو شاری سنەو پاشەکشەیان کردو مەحمود خانی کانی سانان یش بەرەو سنە رۆیشتو شاری (مەریوان)یش لەرووی ئیدارییەوە بەدەسەڵاتەکەی حەمە رەشید خانەوە بەسترایەوە)[٢].

بەماوەیەکی کەم لەدوای ئەم رووداوە رێك (لە ٢٠ی کانوونی یەکەمی ١٩٤١دا رژێمی ئیران بەفرۆکە بوردومانی ناوچەکانی باکورو رۆژئاوای ئێرانی کردو بەیاننامەی لەو ناوچانەدا بڵاوکردەوە و هێزەکانی حەمە رەشید خان ٢٠ میل بەرەو باکوورلەناوچەی سەقز کشانەوە)[٣].

سەرچاوەو پەراوێزەکانی بەشی یانزەیەم:

١-حەمە ڕەشید خان کوڕی قادر خانی کوڕی عەبدوڵڵا بەگی کوڕی بارام بەگی کوڕی سلێمان بەگی بانەیە. سالی ١٨٨٩ی زایینی لەگوندی (شیوی گوێزان) لەدۆلی شلێر لەدایك بووە، سالی ١٩٢٥ بەخۆیو کەسو کاریەوە سوپایەکی چەند هەزار کەسی ئێرانی لەگوندی (وێنە) دەشکێنێت کە تیایدا هۆزەکانی مەنگوڕو دیبوکریو ماسەش هاوکاری سوپای ئێرانیان کردبوو. لەسالانی (١٩٢٦-١٩٣٠) بەهاوکاری هۆزو بەگزادەکانی بانەو سەقز پەلاماری دەسەلاتدارانی ئێرانیان داو لە ئەنجامی ئەم کارانەیش دەولەتی عیراق بۆ ماوەی دوو سال دووری خستەوە بۆ شارەکانی موسلو نامێدی ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ سالەکانی (١٩٣٠-١٩٣٢).

لەسالانی ١٩٤١- ١٩٤٤ توانی شارەکانی بانە، سەقز، سەردەشت، مەریوان، دیواندەرە، ئازاد بکاتو دەسەلاتێکی سەربەخۆیی تیا دابمەزرێنێ. سالانی ١٩٤٤-١٩٤٥ دوورخرایەوە بۆ سلێمانی. سالی ١٩٤٦ بەشداری دەولەتی جەمهوری کوردستانی کردو پلەی ژەنەرالی پێدراو کرا بە فەرماندەی هێزەکانی بۆکانو بریکاری وەزیری جەنگو لە ١٩٤٦/٨/٢ وازی لێ هێنا.

سالانی ١٩٤٦-١٩٥٠ بۆ شاری ڕومادی دوورخرایەوە.

سالانی ١٩٥٠- ١٩٥٨ بۆ شاری کەرکوك دوورخرایەوە.

سالانی ١٩٦١-١٩٧٤ بەشداری شۆڕشی کوردستانی کرد. لە ١٩٧٤/١٢/٤دا لە گوندی دارۆخان کۆچی دوایی کرد (ئەم ژیاننامەیەم لەگەل وینەیەکدا لە کەیوان ئازاد ئەنوەر وەرگرتووە).

٢-ئەم زانیارییانەم لە (کەیوان ئازاد ئەنوەر) وەرگرتووە.

٣-د. ولید حمدی، الکرد وکردستان في الوثائق البريطانية، مطابع سجل العربي، ١٩٩٢ ص٤٠٨.

بەشی دوانزەیەم

دزلّیو مەریوانو ئاوارەکانی شۆڕشی شێخ مەحموود

بەشی دوانزەیەم

دزلّی و مەریوان و ئاوارەکانی شۆڕشی شێخ مەحموود

لە دوای شکست و پەرەوازەبوونی هەردوو حوکمدارییەکەی شێخ مەحموود کە یەکەمیان بە جەنگی دەربەندی بازیان و بریندار بوون و گرتن و حوکمدان و دوورخستنەوەی کۆتایی هات، دووەمیان دوای دەست بەسەری هندستان و دامەزراندنی کابینەیەکی نوێ بە ناوی (تەشکیلاتی حوکومەتی کوردستان) و دواتر چۆڵکردنی شاری سلێمانی و ڕووکردنە ناوچەی سورداش و (ئەشکەوتی جاسەنە) لە شەوی ٣/٤ی مارتی ١٩٢٣دا و جارێکی تر هاتنەوەی شێخی نەمر لە١١ی تەموزی ئەو ساڵەدا و دواجار کشانەوەی لە شاری سلێمانی لە ناوەڕاستی ١٩٢٤دا. لەم هەموو بارودۆخە ناهەموار و پڕمەینەتی یەدا خێزان و کەس و دۆست و لایەنگرانی شێخی نەمر و شۆڕشی کورد بە لێقەوماوی یەوە بەرەو ناوچەکانی دزلّی و مەریوان بەرێ کەوتوون و مەحموودخانی دزلّی و مەحموودخانی کانی سانان بەهانایانەوە چوون وەك دووشەخسی یەتی دڵسۆز لای خۆیان جێیان کردوونەتەوە و دالّدەیان داون و لە مەترسی و نەبوونی و بێ شوێنی دووریان خستونەتەوە .

(زێوەر)[١]ی شاعیر سەبارەت بەکارەساتی دوای جەنگی دەربەندی بازیان کەخۆیشی یەکێك بووە لەئاوارەکانی ئەو شۆڕشە لەیادداشتنامەکەیدا بەوردی لەو ڕۆژانە دواوە کەچۆن بەشپرەزەیی و سەرگەردانی‌یەوە بەشارو ئاوایی‌یەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌دا سوڕاونەتەوەو بەپەرێشانی و ئەلهاوە چاوەڕوانی کۆمەك‌و دەست گیرۆیی پیاوە ناودارو دڵسۆزەکانی ئەو ناوچانە بوون‌و دوای ڕاوێژی هەردوو خانی‌دزڵی و کانی سانان بڕیار دراوە کە ئایشەخانی حەرەمی شێخ مەحموودو[٢] شێخ عەبدوڵلای ئامۆزایی[٣] و سەید ئیبراهیمی برایی[٤] و شێخ لەتیفی‌کوڕی‌و[٥] حسێن ناظم‌و[٦] چەند کەسێکی تر بەرەو ئاوایی دزڵی بەڕێ بکەون‌و ئاوایی‌یەکانی میر مەحموود خانی‌دزڵی ببێتە جێی حەسانەوەیان، بەڵام بەهێ‌خانی حەرەمی شێخ مەحموودو(٧) شێخ ڕەئوف‌و شێخ باباعەلی کوڕانی شێخ‌و کاکەحەمەی ئەمینی عەتاری خاڵیان‌و خوشکێکی شێخ مەحموودو زێوەرو هەندێکی تر لەئاوایی (دەرزیان)ی سەر بەمەحموود خانی‌کانی سانان دەمێننەوەو لەو ماوەیەدا جێی ڕێزو میهرەبانی ئەو دوو سەردارەی کورد بوون.

بەڵام زۆری نەخایاند کەهەردوو خانی دزڵی و کانی سانان لەلایەن کاربەدەستانی ئێرانەوە بەپێی داواکاری و پلانی ئینگلیزەکان بەفێڵ دەگیرێن‌و ڕەوانەی تاران‌و لەوێشەوە بەرەو بەغداد ڕەوانە دەکرێن، دیارەئەم ڕووداوەیش هێندەی تر کێشەی ئاڵۆزو مەینەتی و گرفت بۆ کەس‌و کارو بنەماڵەی شێخی ئەمرو ئاوارەکانی شۆڕشی کوردزیاد دەکات‌و بێ پشتیوان دەمێننەوەو دەبێتەهۆی نائومێدی و پەرەوازە بوونیان‌و هەر ڕۆژەی لەکوچەو پەنایەکدا داڵدەدران.

جگە لەهەردوو خانی دزڵی و کانی سانان خوالێخۆشبوو (سەید عەبدولقادری دۆزەخدەرە ١٨٧٢-١٩٥٧/١٢/٢٢)[٨] و بنەماڵەکەی لەگوندی-دۆزەخدەرە-ی سەربەشاری سەقز یاریدە یەکی باشی ئاوارەکانیان داوەو دوای تێکشاندنەکەی دەربەندی بازیان بەهانایانەوە چوون‌و نەوازشێکی زۆریان لێکراوە.

دوای گەڕانەوەی شێخی ئەمر لەهیندستان و دامەزراندنی حوکومەتێکی نوێ و دواتر گرژی و پشێوی و تێکچوونی کوردەکان لەگەڵ کاربەدەستانی ئینگلیزداو بۆردومان کردنی شاری سلێمانی و چۆڵ کردن و ڕەو کردن بەرەو دزڵی سورداش و ئەشکەوتی جاسەنەو بۆجارێکی تر سەرجەم خێزان و بنەماڵەی شێخ مەحموود ڕوویان کردەوە ئاوایی دزڵی و ناوچەی هەورامانی تەخت بووە پەناگەی ئاوارەکانی شۆڕشی کورد.

سەبارەت بەداڵدەدان و خزمەتگوزاری خانی دزڵی بۆ خێزان و بنەماڵەو ئاوارەکانی شۆڕش لەهەموو بارودۆخێکی شکست و ناهەمواری‌دا شێخ باباعەلی شێخ مەحموود دەڵێ: (دوای ئەوەی باوکم بڕیاری‌دا سلێمانی بەجێ بهێڵێت و ڕووبکاتە ئەشکەوتی جاسەنە بۆ ئەوەی بیانوو نەداتە دەست ئینگلیزەکان بەفڕۆکە ناو شار وێران بکەن، سلێمانی‌یان بەجێ هێشت و هەر تاقمە ڕووی کردە شوێنێك و جارێکی تریش خێزانەکانی شێخان و خزمان و ناسیاو دەست و پێوەند بارمان پێچایەوەو ڕوومان کردە ناوچەی دزڵی هەورامان و لەهاوینە هەواری -هانەسابە- ماینەوە هەتا ئینگلیزەکان جارێکی تر سلێمانی‌یان بەجێ هێشت و ئەوسا گەڕاینەوە)(٩).

-ئەحمەد خواجا-یش لەبارەی مەینەتی ئاوارەکانی شۆڕشی شێخ مەحموود دەڵێ: (شێخی ئەمر فەرمووی: خێزانەکان هەموویان لەپاڕەزان جێ‌یان نەدەبووەوەونێرران بۆ دزڵی و بچۆ جێگەو ڕێگەیان ببینەو دایکیشت دەبینی و ئەم نامەیەش بدەبەدێوەکەو لەئەشکەوتەکە دەری بهێنەو نامەکەیشی بەدەستی خۆی نووسیبوو)؛

برای دڵسۆزم مەحموود خان :

چاوەکانت ماچ ئەکەم، وامەزانە ئاوارەو لێقەوماوین، ئێمە لە ناو کەس و کارماندا دەژین کە ئێوەن. ئەحمەدە فەندیم راسپاردووە کە هەموو گفتوگۆیەکتان لەگەڵدا بکات. چاوی کورەکان ماچ دەکەم، حورمەتم بۆ خوشکی خۆم فاتمە خان پێشکەشە برای شیرینم[10]

مەحموود

١٠ی ئەیلوول ١٩٢٤

دیارە ئەم نامەیەی شێخی ئەمر بۆ سەرداری هەورامان میر مەحمود خانی دزڵی دەگەڕێتەوە بۆئەو ڕۆژانەی کە شێخ مەحموود دوای حکومەتی دووەمی کوردستان سلێمانی بەجێ هێشت و سەرلەنوێ دەست کرایەوە بەشەڕو خۆسازدان و زیادکردنی جموجوڵی سوپاو هێزی هەوایی ئینگلیزەکان،لەلایەکی ترەوە هەندێ لەخێزانەکان لە-گەڵاڵە-ی ماوەتەوە نێران بۆ دزڵی و (٥٠) سوار لەگوندی-حاجی مامەند ی سەربەناحیەی بەرزنجە ڕوویان کردە ئاوایی سەرکان و کاتێ مەحموودخان بەمەی زانی خۆی و جەنگاوەرەکانی هاتبونە سەرکان و خێزانەکانی ڕەوانەی دزڵی کردن.

خوالێ خۆشبوو شێخ باباعەلی شێخ مەحموود دەڵێت:

لەساڵی ١٩٢٦دا کەسەرەتای ئاڵ و گۆڕکردنی نامەی نێوان باوکم و ئینگلیزەکان دەستی پێکرد، باوکم ئەوکاتە مەرجەکانی بەدڵ نەبوو کە ئینگلیزەکان بڕیاریان لەسەردابوو،بەڵام ئەوەی کەباری شۆڕشگێڕانی کوردی

ئالۆزکرد ئەوەبوو لەبەهاردا-ڕەزاخان-هێزێکی سوپای گەورەی ئێرانی کردە سەر مەریوان و گرتی و لەوکاتەدا خێزانە ئاوارەبووەکان لەهەواری (کانی برنج) بوون و لەدوای داگیر کردنی مەریوان ئەو خێزانانە هەموویان ناچاربوون کەڕوویکەنە هەورامان، سوپای عیراق و هێزی لیڤی ئاسوریش ڕوویان کردە چوارتاو لەسەر شاخی-ئەزمڕ-شەڕێکی قورس ڕوویدا لەنێوان ئەوهێزەو هێزی کورددا کەزۆربەیان لەعەشیرەتی -بێسەری-ناوچەی شارباژێڕ بوون و لەو شەڕەدا موفەتیشێکی عەسکەری لەگەڵ سەربازێکی زۆردا کوژران و بریندار بوون، بەڵام شێخ مەحموود لەبەر نەبوونی تفاقی شەڕ وەکو چەک و جبەخانەو ئازووقە ناچاربوو هێزەکەی بکشێنێتەوەو ئینگلیزەکان -ئەمین بەگی قامیش-یان کرد بەقائمقامی چوارتاو-سەید ئەحمەدی حاجی مامەند-یش کرا بەمودیری ناحیەی سروچک و دووبارە مەحموود خانی دزڵی ئەرکی ئاوارەو چەکدارەکانی گرتە ئەستۆی خۆی کەبەناچاری ڕوویان کردبووە ناوچەکەی ئەو)(١١).

لێرەداو لەبەر ڕۆشنایی ئەم بەڵگەو لێدوانەمێژوویییانەدا زیاتر ڕوون دەبێتەوە کە چۆن مەحمود خانی دزڵی وەك خەمخۆرێکی دڵسۆز هەمیشە پشت و پەنای شۆڕشی کورد بووە.

سەرچاوەو پەراوێزەکانی بەشی دوانزەیەم:

(١)خوالێ خۆشبوو -زێوەر- ی شاعیر کەخۆی یەکێك بووە لەئاوەرەبووەکانی شۆڕشی شێخی ئەمر بەدرێژیلەو دەربەدەرییە دواوە کەلەدوای جەنگی دەربەندی بازیان و شکستی شۆڕشەکە تووشی هاتوون و لەم بارەیەوە گەلێ شتی وردی مێژوویی ڕوون کردووەتەوەو بۆ ئەمەیش بڕوانە: گەنجینەی مەردان و یادداشتی ڕۆژانی دەربەدەری، محەمەدی مەلا کەریم ئامادەی کردووەو پێشەکی بۆ نوسیوە، چاپخانەی الادیب، بەغدا، ١٩٨٥.

(٢)مەبەست لەئایشەخانی شێخ مارفی نەقیب و هاوسەری دووەمی شێخی ئەمرەو دایکی شێخ لەتیفە، ئایشەخان خوشکی گەورەی حەپسەخانی نەقیبە کەهاوسەری شێخ قادری حەفید بووە، ئایشەخان پێشتر هاوسەری شێخ ئەحمەدی برای شێخی ئەمربووە.

(٣)مەبەست لە-سەید عەبدوڵلا-ی حاجی سەید حەسەنە کەئامۆزای شێخ مەحموود بووە.

(٤)سەید ئیبراهیم لەباوکەوە برای شێخ مەحموودو لەدایکەوە جیان.

(٥)شێخ لەتیف کوڕە بچوکی شێخ مەحموود بووە، ساڵی ١٩١٧ لەشاری سلێمانی لەدایك بووە، ساڵی ١٩٣١ لەتەمەنی چواردە ساڵیدا بەشداری شەڕی ئاوباریکی کردووە، بەدرێژایی ژیانی شۆڕە سوارێکی نەبەردی ڕێگای خەبات و کوردایەتی بووەو؛ بەوهۆیەوە زنجیرەیەك دەربەدەری و سزاو بەندیخانەی بینیوەو بەگەردن کەشی ماوەتەوە، ساڵی١٩٥٦لەلایەن حوکومەتی پاشایەتییەوە دەگیرێو تاشۆڕشی چواردەی تەمووزی ١٩٥٨ لەبەندیخانەدا دەمێنێتەوە، ڕۆژی هەینی کات ژمێری شەش و نیوی ئێوارەی ڕێکەوتی ١٩٧٢/٥/١٢ لەنەخۆشخانەی (الراهبات)ی بەغدا کۆچی دوایی کردووەو لەمزگەوتی گەورەی سلێمانی بەخاك سپێردراوە، شێخ لەتیف لەبواری شیعرو ئەدەبدا دەستێکی باشی هەبووەو ساڵی ١٩٧٥کۆمەڵێ لەشیعرەکانی بەناوی گوڵی وەریو بەهەوڵ و کۆششی حەلاوەخانی هاوسەری چاپکرا.

(٦)حسێن ناظم کوڕی -عبدالفتاح-ە فەندی کوڕی- وەستا ئەحمەد-ی باش خەیاتە، باپیری بەرگدرووی بابانەکان بووە، ساڵی ١٢٨٠ی ڕۆمی کەئەکاتە ١٨٦٤ی زایینی لەگەڕەکی کۆیژەی شاری سلێمانی لەدایك بووە، لەسەرەتادا بنەماکانی فارسی و تورکی و عەرەبی لەلای (خواجا فەندی) خوێندووەو کەرەستەیەکی باشی ڕۆشنبیری دەست کەوتووە، لەسەردەمی حوکومەتی یەکەمی شێخ مەحموودی حەفید زادەدا ڕاوێژکاری شێخی

ئەمریووەو بووەتە جێی بڕواو متمانەی، دوای جەنگی خوێناوی (دەربەندی‌ی بازیان) لەگەڵ چەند کەسێکی دیارو خزمو بنەماڵەی شێخ مەحموود سلێمانی بەجێ ئەهێڵێو رووەکەنە رۆژهەڵاتی کوردستان‌و دەبنە میوانی سەرداری هەورامان مەحموودخانی دزڵی‌و ماوەیەك لەوێ دەمێننێتەوە.

حسێن ناظم لەژیانی‌دا چەند جارێك کراوە بەبەڕێوەبەری ناحیەی سروچك‌و مەرگەو ماوەت. دوای چۆڵکردنی سلێمانی بۆجاری دووەم حسێن ناظم بەرەو تورکیا دەکەوێتە ڕێو پاش ماوەیەك لەوێ دەکرێ بەقایمقامی شەمزینان‌و ماردین‌و دیاربەکرو باشقەڵا.

ساڵی ١٩٢٥ دەگەڕێتەوە بۆ سلێمانی‌و رۆژنامەی (ژیان)ی ژ٦٤ی ساڵی دووەمی رۆژی ٢٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٥ هەواڵی گەڕانەوەی بڵاوکردووەتەوە.

حسێن ناظم لەریزی پێشەوەی روناکبیرە بەدیمەنەکانی کوردە، ساڵی ١٩٢٣ دەبێتە بەڕێوەبەری نوسین‌و سەرنووسەری رۆژنامەی (ئومێدی ئیستقلال)و چەند بابەتێکی سەبارەت بەنەتەوەی کوردو بارودۆخی ئەوسەردەمەی بەتورکی‌و فارسی بڵاوکردووەتەوە، ساڵی ١٩٢٩ دەبێتە سەرنووسەری رۆژنامەی (ژیان)و تاکۆچی دوایی بەبەڕێوەبردنی رۆژنامەکەوە خەریك دەبێ.

حسێن ناظم سەرەڕای کاری نیشتمانی‌و رۆژنامەنووسی یەکێکە لەمێژوو نوسە پێشڕەوەکانی دەستەی یەکەمی مێژوونووسانی کوردو کۆمەڵێ بەرهەمی مێژوویی دانسقەی وەك (مێژووی بابان)و (مێژووی ماوەت) نووسیوەو بەڵام بەداخەوە زۆری بەرهەمەکانی فەوتاون.

ئەم روناکبیرە لەشەوی٥\٦ی مانگی مایسی ساڵی١٩٣٢دا کۆچی دوایی دەکاتو (پیرەمێرد)ی شاعیریش لەژ٣٢٢ی رۆژی ١٩ی مایسی ١٩٣٢ی رۆژنامەی (ژیان)دا بەنووسینێکی بەسۆزماڵئاوایی لەوهاوڕێ دڵسۆزەی دەکات.

لەنەوەکانیشی مامۆستا (سامی) کوڕی نزیکەی نیوسەدە لەبواری پەروەردەو فێرکردن‌و زانست‌و بەڕێوەبردن‌و کاری دڵسۆزی‌دا بۆ نەتەوەکەی کاراترین دەوری شکۆیی‌و راستگۆیی بینی.

(٧)مەبەست لەبەهێ خانی ئەمینی عەتاری هاوسەری‌یەکەمی شێخ مەحموودو دایکی شێخ رەئوف‌و شێخ باباعەلی‌و حەلاوەخانە.

(٨)خوالێخۆشبوو (سەید عەبدولقادری دۆزەخدەرە-١٨٧٣-١٩٥٧/١٢/٢٣) دانیشتووی ئاوایی-دۆزەخدەرە-ی سەربەشاری- سەقز-ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کوڕی سەید محەمەدی کوڕی سەید ئیسماعیلی دووەمە- ئەم بنەماڵە ئایین ناس و کورد پەروەرە لەرۆژگارو ژیانی باوو باپیریانەوە پەیوەندییەکی ئەپساوو دۆستایەتییەکی توندو تۆڵیان لەگەڵ بنەماڵەی ناسراوی (حاجی کاك ئەحمەدی شێخ ١٧٩٣-١٨٨٧)دا بووەو خۆیان بەبراو هاوکاری یەکتر داناوە، ئەم ئاشنایەتی و نزیك بوونەوەیە لەسەردەمو ژیانی (سەید عەبدولقادر)و سەرداری کورد (شێخ مەحموودی حەفیدزادەی بەرزنجی)دا زیاتر گەشەی کردووەو خۆی هاویشتووەتە قۆناخێکی لەبارترو پێکەوە پەیمانی تێکۆشان و برایەتی یان بەستووەو بەنامەی وەفاو دڵسۆزی یەکتریان بەسەر کردووەتەوەو لەتاڵی و شیرینی دا لەیەکتر دانەبڕاون و تائێستاش کۆمەڵێ لەنامەکانی شێخی نەمر بۆ سەید عەبدولقادر لەلای ئەم بنەماڵەیە پارێزراون و شێخی نەمر لەنامەکانی دا بە (جەننەت دەرە) ناوی بردووە.

(٩)محەمەد رەسول هاوار، شێخ مەحموودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، بەرگی دووەم، چاپی لەندەن، ١٩٩١، ل٥٠-٥١.

(١٠)ئەحمەد خواجا چیم دی، بەرگی دووەم، چاپخانەی کامەرانی، سلێمانی، ١٩٦٩، ل٧٤.

(١١)سەرچاوەی نۆیەم، ل٥٧.

بەشی سیانزەیەم

خانی دزڵێو بەڵگەی ئەدەبی

بەشی سیانزەیەم

خانی دزلیو بەلگەی ئەدەبی

دوای برانەوەی شەری مێژوویی(دەربەندی بازیان) وبریندابوونو بە دیل گرتنی شێخی ئەمری بەردەقارەمانو گرتنەوەی شاری سلێمانی لە لایەن ئینگلیزەکانەوە، دەربەدەربوونی شۆڕشگێڕانو دۆستو خزمو لایەنگرانی شێخی ئەمرو چۆڵکردنی شاری سلێمانیو ڕەوکردن بەرەو مەریوانو دزلیو ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بارودۆخێکی نالەبار باشووری کوردستانی گرتەوە؛ شاعیری بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد (ئەحمەد بەگی ساحێبقەران_ حەمدی ١٨٧٨-١٩٣٦/١١/١٢) کە خۆی یەکێك بووە لە گەورە پیاوو ئاوارەکانی ئەو شۆڕشە، بەم بۆنەیەوە پارچە شیعرێکی زیندووی هۆنیوەتەوەو بەڕێزو کسپەو ئازاری دەروونەوە ناوی (شێخ مەحمودو مەحمود خانی دزلیو مەحمود خانی کانی سانان) دەباتو دەوری بالأیان دەردەخاتو زنجیرەی خەباتیان دەگێڕێتەوە. دواتر ئەم شیعرە ناوازە مێژووییە لە لایەن چەند شاعیرێکی بە سەلیقەوە دەکرێ بە پێنج خشتەکی کە لە هەموویان دیاریتر (شێخ سەلام ١٨٩٢_ ١٩٥٩/٢/٣) ی ئەمرە. جا بەو مەبەستەی کە ئەم بەلگە

ئەدەبی‌یە زیندووە بە ڕوونی ڕووداوەکانو ئاوارەبوونی دانیشتوانی کورد باس دەکات، بەپێویستم زانی کە لەم بەشەدا پێنج خشتەکی‌یەکەی شێخ سەلام بلاو بکەمەوە کە لە سەر شیعرەکەی (حەمدی) دای‌ناوە.

«پێنج خشتەکی شێخ سەلام لە سەر شیعری حەمدی» [1]

دەربەدەربوومو غەریبم من بە دەس ناپاکەوە
وێڵو سەرگەردانو حەیرانم بە سینەی چاکەوە
چاو بە خوێنو لێو بە ئاهو سەر بە تۆزو خاکەوە
وەك هەوا کەوتوومە گێژی گونبەدی ئەفلاکەوە
ڕەبی بی‌بینم وەکوو کیسرا بە سینەی چاکەوە

من بە دەست گەردوونەوە جەرگم هەناوم لەت لەتە
شاهو سوڵتانو وەزیری لا گەداو بێ‌سەتوەتە
بێ‌وەفاو پڕجەفابێ ئیحتیاجی حوجەتە
بۆ کەسێ تا سەر وەفاداری نەبوو بێ‌مروەتە
سەیری ئەسکەندەر ئەکەن ڕۆیی بە مشتێ خاکەوە

تەوقی زەڕینی بە کەردا ئەسپی نەژدی مردووە
تینوویی ئاوی حەیاتە، ژەهری ماری چەشتووە
پێچو ناسازە تەبیعەت قەڕنەها هەروابووە
چاکە دایم هەر لە پێناوی خراپا ڕۆیوە
گەوهەری دەریا بە دایم وا لە ژێر خاشاکەوە[2]

چەند لە ژێر خاکا ڕزانی لاشەیی شاهووەزیر
پیاو بەسەر دارا ئەکا، ناپیاوە سەردارو ئەمیر
بێ غوبارە تیغی دارین، ژەنگ ئەنێتە شیرو تیر
هەر شکستی ئەهلی مەعنای مەتڵەبە دەورانی پیر
ڕەش ئەخاتە سەرسپی، پیسی ئەکاتە پاکەوە

ئەهلی غیرەت قەت بە قەولی ئەم سەگە قانع نەبێ
تەفرەو مەکرو فڕوفێڵی بە گوێ سامع نەبێ
گەر لە دنیادا بمێنم فرسەتیش واقع نەبێ
ئینتیقامی خۆم ئەسێنم جەهل ئەگەر مانع نەبێ
شوعلەیی شاهم ئەنێمە خەرمەنی ئیدراکەوە

راحەتی دنیا سەراپا تا بە ئاخر میحنەتە
سەڵتەنەت ئەمڕۆ ئەگەر مابێ لە کونجی عەزڵەتە
تاجی خوسرەو، جامی جەمشیدی وکووسواڵە لەتە
خەرقەیی شاهو عەسای مووسا لە لام بێ شەوکەتە
فەخری ئێمە وابە کەوڵو پۆستو دار مشاکەوە

تێ بگەن ئێمە ئەسیرین موختەسەر من وا ئەڵێم
دەستت بەسراوە مەڵێ من ناوی خۆم مێجەر ئەنێم
فایدەی چی ناوی حەپسە با لەزمڕ گیرێ نقێم
عیبرەتە ئەربابی غیرەت تێبگەن من چی ئەڵێم
ئەهلی عیصمەت حەپسە سەربەستی بەلای بێباکەوە

ئەی برا بێگانە چاکە سا لە خزەودۆس هەڵێن
تاقە یەك کەسیان ئەشێ بۆ شیری نۆ مەنجەڵ هەوێن
بۆ قرانێ مەنفەعەت (ساحێبقەران) ێ دائەنێن
قەومەکانی رووپیە خۆرم دێنە بەرچاوم ئەڵێن
کەر بە جۆ بەرێ شەمیدە سەگ بە گۆشتی لاکەوە

گەرچی عەدلی ئێستە وایە شێر لە ڕێوی رەم ئەکا
حاجیە ئەسنافە ئیمڕۆ ئیدیعای جەم ئەکا
بۆ نەمانی ئەهلی غیرەت وا سیاسەت زەم ئەکا
تا ئەبێتە موڵکی ئەربابی حەمیەت کەم ئەکا
ئاگری تاجر ئەنێتە خەرمەنی مەلاکەوە

شــێنو واوەیلایــە ئیشــم خــواردنم هـــەر دەردو خـــەم
ئــاهی گــەرمم هەڵنەکێشــم گــڕ لـــە دنیــا بـــەر ئـــەدەم
خوێـن لـە چـاوم هەرئـەبێ بــێ قوڕبـە سـەردا هەرئەکـەم
شەرتـە تـاڕۆژی قیامـەت دەسـت لـە ئـەژنۆ بەرئـەدەم
سەر لـە قوڕ نێـم بـۆ سیادەت بـەم دڵـەی غەمناکـەوە
حەسـرەتو داخو ئەسـەف، سـەد ناڵـەوو ئـاهو فیغـان
بـۆ رەئیسـی شـێخو سـاداتو ئـەمیری کوردەکـان
بـۆ حـەفیدی حـەزرەتی کـاك ئەحمـەدی قوتبـی زەمـان
بۆ دلێری حەزرەتی مـەحموودی مـەمدووحی جیهان
تاقە یەك گوڵ بوو بە فەرقی پیری ئەحمەد کاکەوە
بـۆ دوو شـێرزادانی مـەعصوم موئنسـی دەردو ئەلـەم(٧)
بـێ کـەس و بێیـارو یـاوەر، وێڵـی شـارانی عەجـەم
دوای ئەمانــە مــن بــەدڵ زاری بــەکوڵ دیســان ئەکــەم
بۆ دوو مەحمودخان ئەمیری سەرحەدی رۆمو عەجەم(٩)
بوونـە ئەسـحابی قورەیشو چوونـە سلکی چاکـەوە
فەسـڵی گـوڵ ڕۆیـین ئـەبێ بـۆ خـۆی بزانـێ عـەندەلیب
مـن لەبـەحری بیری تـەئریخا (غـەریق) مـابووم عـەجیب
هـاتفی غـەیبی نیـدای فـەرموو ئـەلا غـەمگین ئـەدیب
ساڵـی تـەئریخی ئەپرسـی (ال کـاك احمـد غریـب)
کەوتــە عالــەم دڵ حــەزینو دیدەیــی نمناکــەوە

١٣٣٨کۆچی

سەرچاوەو پەراویزەکانی بەشی سیانزەیەم:

١-بۆ شیعرەکەی حەمدی، بڕوانە دیوانی حەمدی-ئەحمەد بەگی ساحێبقڕان. چاپخانەی ئەسعەد، بەغداد، ١٩٥٧، ل٣٨،٣٩،٤٠.

بۆ پێنج خشتەکی‌یەکەی سەلام، بڕوانە: دیوانی سەلام، چاپخانەی تەمەدون، بەغداد، ١٩٥٨، ل١٥٤تا١٥٨

ئەوەی شایانی باسەئەم دوو دیوانە هەردووکیان لەژێر چاودێری نووسەرو ڕۆژنامە نووسی چالاك جەمال خەزنەدارو بەدوو پێشەکی بەنرخی دکتۆر مارف خەزنەدار بڵاوکراونەتەوەو کاك (ڕووف مەعروف فتاح)ی خاوەنی کتێبخانەی گەلاوێژی سلێمانی ئەرکی چاپی گرتبووە ئەستۆ.

(٢)خاشان واتە لەو زیخ

(٣)(شێخ سەلامی شاعیر لەپەراوێزی ئەم شیعرەداو لە ل١٥٧ی دیوانە چاپکراوەکەیدا وتویەتی:

دوو شێرزادان مەبەست لەشێخ ڕەووف و شێخ باباعەلی کوڕانی شێخ مەحمودن، چونکە کەباوکیان بە بریندای گیراو لەەربەندەوە نێررا بۆ بەغداو لەوێوە بۆ ئانە ئەم دوو منداڵە لەگەڵ هەندێ کەس و کاریانا فیراریان کرد بۆ ئێران بەڕاستی زۆر ناڕەحەتی‌یان بینی.

(٤)دوو مەحمودخان: مەبەست لە (مەحمودخانی دزڵی) و(مەحمود خانی کانی سانان)ە کەلەسەرەتای بزوتنەوەکانی شێخ مەحمودەوە هەردووکیان دۆست و هاوپەیمانی شێخی ئەمر بوون و لەم ڕێگایەشدا تووشی ئازارو ناڕەحەتی بوون.

بەشی چواردەیەم

ئەو بابەتانەی دەربارەی چاپی یەکەمی ئەم کتێبە نووسراون

بەشی چواردەیەم

ئەو بابەتانەی دەربارەی چاپی یەکەمی ئەم کتێبە نووسراون

هەرچەندە چاپی یەکەمی کتێبی (مەحمود خانی دزلی- شۆڕشگێڕی نیو سەدەی رۆژهەڵاتی کوردستان) لەبەر هەندێ هۆی تایبەتیو تەگەرەی ناچاری بەژمارەیەکی ئێجگار کەم بڵاوکرایەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خوێندەواران بەشێوەیەکی سەرنج راکێش پێشوازییان لێکردو لە رۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکاندا کەمو زۆر دەربارەی کتێبەکە دواون. سەرەڕای ئەمەیش بەنامەی تایبەتیو بابەتی بەباڵابڕین نووسەرەکەی بەسەرکراوەتەوە، ئێمەیش بەو مەبەستەی کە لەتۆماری مێژوودا بییان پارێزین بەپێویستمان زانی کە لە بەشێکی تایبەتی ئەم چاپە نوێیەدا بڵاویان بکەینەوە، دیارە ئەم کارەیش لەسوود بەدەرنییەو ئومێدەوارین کە ئەم چاپەیان زیاتر لەلایەن خوێندەوارانەوە بەسەر بکرێتەوە.

مەحمود خانی دزلی

شۆڕشگێڕی نیوسەدەی ڕۆژهەلاتی کوردستان

ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ

ژ ١٣٩٩

دووشەممە ١٩٩٧/٣/٢١

لەم هەفتەیەدا تازەترین کتێبی مێژوویی بەناوی (مەحمود خانی دزلی-شۆڕشگێڕی نیو سەدەی ڕۆژهەلاتی کوردستان) لە نوسینی مامۆستا (عومەر مەعروف بەرزنجی) کەوتە بەرچاوی خوێنەران. کتێبەکە بریتی‌یە لە پێشەکی‌یەکو یانزە بەشی سەرەکی، نووسەر بۆ ئەم مەبەستە پشتی بەستووە بەگەلێ سەرچاوەی کوردی‌و عەرەبی‌و ئینگلیزی‌و فارسی‌و پرس‌و راو سۆراخ‌و گفتوگۆ، هەروەها ئەم کتێبە بەکۆمەلێ وێنەو نەخشەو بەلگەی مێژوویی پۆشتە کراوەتەوە.

گۆڤاری گەلاوێژی نوێ

ژ١ س ١

مایسی ١٩٩٧

نوسەرانی میللەتانی دەوروبەرمان بە شێوەیەکی زانستی زۆریان لەسەر شۆڕشی کوردستان نوسیووە، نوسینی هەندێکی تریشیان لەراستی لای داوە. تەنانەت نوسەری وایش هەیە لەناو خۆمانا لەژێر سایەی بیری مۆدێرنا موحاکەمەی شۆڕشگێڕەکانمان دەکاو بەئاسانی خەتێکی چەوتیان بەسەرا دێنێت.

شۆڕشگێڕێکی وەکو مەحمود خانی دزلیش یەکێکە لەوانەی چەند جارێك کەوتۆتە بەر رەخنەی نابەجێ‌و دلڕەقانەی چەند نوسەرێکی خۆمان. کەسی وا هەیە هەولی شۆڕشگێڕانەی مەحمود خان دەخاتە خانەی کەف‌و کولی عەشایەری‌یەوەو بەس؛ بەو مەبەستەی دووری بخاتەوە لەهەستی نەتەوەیی‌و شۆڕشگێڕانە.

دیارە ئەو نوسەرانەی وەها جەستەی شۆڕشەکانمان دەخوێننەوە؛ دەکەونە ژێر کاریگەریی سیحراوی هەندێك تیوری مۆدێرنانە لەچەند لایەنێکەوە نامۆن بە رەگی

سەرهەڵدانی شۆڕشەکانمان. ئەم جۆرە خوێندنەوانەش ستەمێکەو دەرهەق بە مێژووی میللەتەکەمان دەکرێت.

کتێبی (مەحمود خانی دزڵی شۆڕشێکی نیو سەدەی رۆژهەڵاتی کوردستان) تازەترین بەرهەمی مامۆستا (عومەر مارف بەرزنجی)ە. هەوڵێکی تازەترە بۆ خوێندنەوەی جموجووڵە شۆڕشگێڕیەکانی مەحمود خانی دزڵی. ئاشکرایە لێرەو لەوێ، لەم کتێبو ئەو گۆڤارا ناوی مەحمود خان هاتووە یا وتاری لەسەر نووسراوە، بەڵام بەم شێوەیە نا کەوا لەکتێبێکی رێکو پێکدا بەرچاومان دەکەوێت.

نووسەر لەم پەراوەدا تیشك دەخاتە سەر هەوڵی شۆڕشگێڕانەی مەحمود خان لەسنووری ناوچەکەی خۆیدا (هەورامان)و پاشان دێتەسەر ئەوەی کە رۆحی شۆڕشگێڕانەی تەنها لەو سنوورە تەسکەدا نەسڕاوەتەوە. بەڵکو پەلی بۆ ئامادەگییەکی تەواو و ئاشکرای لە شەڕەکانی سلێمانیو قەرەداغو دەربەندی بازیانا هەبووە، دۆستێکی شۆڕشگێڕی شێخ مەحمودی نەمر بووە، ئێمە دەبێت بزانین ئەگەر مەحمود خان عەشایەرێکی دوور لە رۆحی شۆڕشگێڕانە بوایە، ئەوا بەتەماحێکی چاك لەسنووری عەشایەری خۆیدا دانەمرکایەوەو هیچ خۆی لەقەرەی شەڕی سلێمانیو لێدانی هێزی ئینگلیز نەئەدا، شایانی باسە نووسەر پشتی بە چەندەها سەرچاوەی فارسیو عەرەبیو کوردیو بەڵگەنامەو وێنەی مێژوویی بەستووە.

گۆڤاری ئێستا
ژ ٤
ساڵی ١٩٩٧

لەم رۆژانەدا کتێبێکی مێژوویی بەم ناونیشانەی سەرەوە لە نووسینی عومەر مەعروف بەرزنجی کەوتە بەردەستی خوێندەوارانی کورد، کتێبەکە لەهەوڵو تەقەللای خەباتو ژیانی جوامێرێکی وەك مەحمود خانی دزڵی دەدوێتو لاپەڕەیەکی بەشەوقی رۆژگارێکی دیاری کراو تۆمار دەکات کە کتێبخانەی کوردی لەم لایەنەوە ئاتاجی لێکۆڵینەوەی بەبڕشتە.

ئەم کتێبە بەقەوارەیەکی مام ناوەندی ١٢٦ لاپەڕەیی‌و بەپیتی کۆمپیوتەر لێدراوەو بەچاپ گەیەنراوە، لەپێشەکی‌یەکو پانزە بەشی سەرەکی پێك هاتووە کە ئەمانەن.

ئاوڕدانەوەیەکی مێژوویی، بەرکوڵی لەژیانی خانی دزڵی، بزووتنەوەکانی خانی دزڵی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، خانی دزڵی‌و سەردار ڕەشیدی ئەردەلان، شێخ مەحمودی حەفید زادەو خانی دزڵی‌و جەنگی مێژوویی دەربەندی بازیان، دوای جەنگی دەربەندی بازیان‌و ڕۆژگارێکی جەنجاڵ، پەیوەندی‌و ناکۆکی هەردوو خانی دزڵی‌و کانی سانان، خانی دزڵی‌و جافەرسانی هەورامان، دزڵی‌و مەریوان‌و ئاوارەکانی شۆڕشی شێخ مەحموود، خانی دزڵی‌و بەڵگەی ئەدەبی.

جگە لەم بەشە سەرەکی‌یانەی کتێبەکەی نووسەر کۆمەڵێ وێنەو نەخشەو بەڵگەی مێژوویی دانسقەو بڵاونەکراوەی بەخۆوە گرتووەو هێندەی تر کتێبەکەی پۆشتە کردووەتەوە، لەلایەکی ترەوە پێویستە ئەوەیش بوترێ کە نووسەر بۆ ئەم بەرهەمەی پەنای وەبەر کۆمەڵێ ڕۆژنامەو چاپەمەنی‌و بەڵگەی دێرین‌و سەرچاوەی کوردی‌و عەرەبی‌و ئینگلیزی‌و فارسی بردووە.

کتێبەکەی مەحمودخانی دزڵی‌و چەند سەرنجێك
نووسینی: عەلی تاهیر بەرزنجی (ڕێناس)
ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی ژ ٢٣٤
ڕۆژی ١٩٩٧/٦/١٦
ژ ٢٣٥ ڕۆژی ١٩٩٧/٦/٢٣

نووسینەوەی ڕووداوە سیاسیەکان ئەرکێکی پیرۆزە دەکەوێتە سەرشانی هەموو ڕۆشنبیران‌و مێژوونووسان. چونکە تۆمارێکە دەچێتە ناو مێژووی گەلەوە. نووسینەوەی هەر ڕووداوێکی مێژوویی لەکاتی خۆیدا واتایەکی بەهێز دەبەخشێ، چونکە کەسانێ هەن بەچاوی خۆیان ڕووداوەکانیان بینیوە یان بەشدارییان تێداکردووە. مێژووی سیاسی بەشێکە لەمێژووی گەل‌و تەواوکەریەتی: مێژووی گەلی کوردیش کەلێنێکی گەورەی تێدایە چونکە مێژووەکەی بەتەواوەتی نەنوسراوە. زۆر ڕووداوی مێژوویی‌و کەسانی لێهاتوو هەبوو. مێژوو فەرامۆشی کردوون. هەندێ

جاریش خۆمان لێیان بەرپرسین. بەڵام ئەوە واتای ئەوە ناگەیەنێ کە خامەی مێژوو نووسەکانمان هیچی نەنووسی بێ. ساغ کردنەوەی رووداوە مێژووییەکان پێویستی بە کۆششو گەڕان بەدوای سەرچاوە دادەبێ. ئینجا بەراوردکردنی سەرچاوەکان بابەتێکی گرنگە بۆ ئەو کەسەی تۆژینەوە دەکات. مێژووش بەحەزی تاکە کەسێك نانووسرێت. کاتێك مێژووی عێراق بنووسرێتو بڵێین مەلیك فەیسەل نۆکەری سۆفیەتی جاران بووە. رەنگە ئەمە بە نووسین بنووسرێت بەڵام سەرچاوەو بەڵگەکان ئەوە ناسەلمێنن. یان بڵێن شێخ مەحموودی نەمر شۆڕشەکەی ئیسلامی بووەو داوای دەوڵەتێکی ئیسلامی کردووە. بەڵام سەرچاوەو بەڵگەکان دژ بە بۆچوونی ئێمە دەبن.

زۆر لە رۆشنبیرانمان چالاکیەکی زۆریان هەیە لەبواری ساخکردنەوەی رووداوە مێژووییەکاندا. نموونەی وەك مامۆستا عومەر مەعروف بەرزنجیو دەیانی تر کە بەرهەمە تازەکانیان گەشبینمان دەکات بە ئایندەی گەلەکمان جێگەی ستایشن.

بەم زوانە بەرهەمێکی نوێی مامۆستا عومەر بەرزنجی کەوتە بەردەی خوێنەران بەناوی (مەحمود خانی دزڵیو شۆڕشگێڕی نێو سەدەی رۆژهەڵاتی کوردستان) من دەست خۆشی زۆر لە مامۆستا دەکەم کە مێژووی کەسانێکی ونبووی گەلەکەمان زیندوو دەکاتەوە. کتێبە کەی بوو بە سەرچاوەیەکی گرنگ. بۆ دەوڵەمەندکردنی کتێبەکەی مامۆستاش هەندێ زانیاری دەخەمە سەر باسەکە بە بەڵگەی دیارەوە.

بەرهەمە تازەکەی مامۆستا عومەر بەرزنجی تایبەتە بە مەحمود خانی دزڵی. بەڵام لەناو کتێبە کەداو لەهەندێ شوێنی پەراوێزەکانیاندا ئامارە بە زۆر رووداوو کەسایەتی ناودار کراوە کە زیاتر مەبەستی منە، لەمێژووی ناوچەی سەنگاوو زۆرجار ئامارە بەدوو (شێخ عەبدولقادر) دەکرێت، زۆرجاریش تێکەڵی یەکتر دەکرێن. ئەمەش سەر لە خوێنەر تێك دەدات، دوو ناوی لەیەك چوو لەناوچەکەدا زۆر جاریش نووسەر تووشی هەڵە دەکات.

د. کەمال مەزهەر لە کتێبەکەیدا (دور الشعب الكردي في الثورة العشرين العراقيه ص١٤٣-١٤٥) دا دەڵێت: (دوو فاکتەری گەورە هەبوون رێژەی بەشداری کوردیان لە شۆڕشی ١٩٢٠دا کەم کردەوە یان بەواتایەکی تر بارودۆخەکەیان ئارام کردەوە. ئەگەر بەراورد بکەین لەگەڵ ناوەڕاستو خوارووی عێراقدا ئەوەش ئەمانە بوون:

١-ئەو گورزە کوشندەی کە ئینگلیز پێش ساڵو نیوێك لە هەڵگیرساندنی شۆڕشی ١٩٢٠ ئاراستەی گەلی کوردی کرد ئەویش دوای شەڕەکەی دەربەندی بازیانی ١٩١٩ بوو.

٢-رۆڵی کۆنەپەرستی کوردو هەندێك سەرۆك عەشیرەتەکان. کە لایەنگری ئینگلیز بوون نەیانهێشت بڵێسەی راپەڕین ناوچەکەیان بگرێتەوە. نموونەش بۆ ئەمانە زۆرە لەناوچەی کەرکووکو هەولێرو سلێمانی.. لێرەدا بەناو ئاماژەیان بۆ ناکەم، بەڵام خوێنەر خۆی دەتوانێ لە کتێبەکەی د. کەمال مەزهەردا بیانبینێ.

ئاماژە کردن بەو دو فاکتەرە سەرەتایەك بوو بۆ چوونە ناو باسەکەی من، زەمینەیەکی باش دەخولقێنێ بۆ تێگەیشتن لەناوەرۆکی باسەکە. حەزنەکەم سەرەتای باسەکە بەوە دەست پێبکەم کە مێژوونووس لە کتێبەکەیدا (دور الشعب في ثورة العشرين العراقية) دا لەلاپەرە ١٤١و ١٤٢ دا دەڵی: (هەتا لە سلێمانیشدا شێوەی خەباتکردن وانەبووە کە دەڵێن بارودۆخەکە ئارام بووە لەهەندێ بەشەکانی دەوروبەری سلێمانیدا چەند ناڕەزاییەکی عەفەوی دژ بە ئینگلیز کراوە. وەك ئەوەی لەسەنگاودا رووی‌دا ئینگلیزی ناچارکرد کاپتن (LEES) لە سلێمانی‌یەوە بنێرێ بۆ ئەوێ پاش ئەوەی کابتن کۆبوونەوەی لەگەڵ شێخ عەبدولقادر کرد بارودۆخەکەی ئارام کردەوە).

لێرەدا ئەم شێخ عەبدولقادرە شێخ عەبدولقادری گۆپتەپەیە کە بەگوللە ئەبڕ ناسراوە. ساڵی ١٩٣٣ ز کۆچی دوایی کردووە. لەهەمان کاتیشدا ئەوەی تریان شێخ عەبدولقادری کوڕی شێخ کەریمی کەسنەزانە ساڵی ١٩٢١ ز لە ئێران کۆچی دوایی‌کردووە. سەرۆکی تەریقەتی قادری بووە لەناوچەکەدا. ئینگلیز زۆر دژی وەستاوە.

بۆ ئەوەی روونکردنەوەکەمان زیاتر پشت بەسەرچاوە ببەستێت باناوڕێك لە رۆژنامەکەی (مێجەرسۆن) (پێشکەوتن) بدەینەوە. چونکە زمانحاڵی حکومەتی ئینگلیز بووە. بزانین دەربارەی ئەوەی د. کەمال مەزهەر ئاماژەی بۆ کردووە. چی نووسیوە. لەژمارە ١٨ی رۆژنامەی پێشکەوتن ساڵی ١٩٢٠ هەر بەڕێنووسە کۆنەکەی خۆی دەینووسینەوە. هاتووە دەڵێت: (شێخ عەبدوقادر افندی گۆپتەپە لەم رۆژانەدا لە سنگاو دەبێ هنی کەسی بدبێ دەست دەکەن بەقسەی هیچو پوچو خریك بونی تێکدانی بیری خلق بۆامە کە هیچ شتێك خراپ روندا نوك لە پاشتردا بدرێتە پاڵ شێخ عەبدولقادر افندی خۆی دەچێتە کرپچنە لگل چن سوارێکدا بۆ اگاداری ابناء هەر او رۆژە خبر گیشتە چەمچماڵ و سلێمانی شێخ عەبدولقادر هاتۆتە کرپچنە.

لە سلێمانیەوە کپیتان لیز صاحب بۆتێگەیشتن‌و پرسیار ام نیشە لگل چن سوارەیەکی عسکر نیرا بو سنگاو وختی کە کاپتن چوە اوێو تیگەیشتو چاری بە شیخ عبدالقادر کوتو زانرا کە شێخ عبدالقادر بەبیر خراپ نەهاتووە بو خدمت نیشاندان هاتووە کپیتان لیز نووسی بو حاکم سلێمانی‌و لپاشدا خوشی هاتوە شار چاوی بە حاکم کوت عفوی بو شیخ عبدالقادر وەرگرت‌و گرایەوە سنگاو، ایش‌و کاری ناحیە سنگاو لەژێر تماشاکردنی شیخ عبدالقادر دەبێت).

ناوچەکە خەریك بووە بەرەو تەقینەوەیەکی گەورە بەرووی ئینگلیزی داگیرکەردا. بەلام بارودۆخەکە هێمن کراوەتەوە بۆ ئینگلیز، کرێچنەیش لەوکاتەدا مەلبەندێکی ئایینی گەورە بووەو بەهۆی فاکتەری ئاینیەوە هەمیشە دژی ئینگلیز بوون. پاڵپشتی شێخ مەحموودی ئەمر بوون. باابزانین ئیدو بۆچوونی ئینگلیز بەرامبەر شێخ عەبدولقادری شێخ کەریمی کەسنەزان کە سەرۆکی تەریقەتی قادری بووە. چی بووە؟

دیسانەوە پەنا دەبینە بەر سەرچاوە بۆ ئەوەی باسەکەمانی پێ دەوڵەمەند بکەین.

ئەدمونز لەکتێبەکەیدا (کرد، ترك، عرب) لەلاپەرە ٣١٨و ٣١٩دا دەڵێت: (کرێچنە مەلبەندی شێخێکی گەورەی بەرزنجی ناسراوبوو کە عبدالقادری دووەمە، شێخ عەبدولکریم باسی سەرگوزشتەی ژیانی بۆکردین؛ (لێرەدا مەبەستی شێخ عبدالکریمی قادرکەرەمە- نووسەر) کە پار لە هەورامان رویداوە کاتێك کە چووە بۆ ئەوێ تەندروستی باش بووە ئەمەو بەیانییەك هەموو کورەکانی کۆکردۆتەوەو وەسیەتی خوێندۆتەوە بۆیان دوایی کڵاوەکەی کردۆتە سەر یەکێکیان بۆ ئەوەی جێنشین بێت دوای ئەوە سەعاتێك نووستووە هەڵساوە دەستنوێژی گرتووە شایەتمانی هێناوەو نوێژی بەیانی لە مزگەوت کردووەو کۆچی دوایی کردووە تا ئێرە شێخ عبدالکریمی قادرکەرەم بۆ ئەدمۆنزی گێڕاوەتەوە ئینجا ئەدمۆنز دەڵێت (بەلام ئەم هەموو پیرۆزیە کە موریدو قەومەکەی باسی لێوە دەکەن لەگەڵ ئەو ناوبانگەیدا ناگونجێت چونکە ئەم شێخە بەتەمەنە زۆر دەسیسەو ئاشوبی لەبن سەردا بوو) (ئەوەی لێرەدا بۆمان روون دەبێتەوە ئەوەیە پێناسەی ئینگلیز بۆ ئەو کەسانەی ملیان نەداوە بۆ سیاسەتەکانی هەمیشە بەخاوەن ئاشوبو فیتنە ناوی بردوون، شێخ عبدالقادری شێخ کریم کەسنەزانیش یەکێك بووە لەوانە. کە بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ سیاسەتی ئینگلیز نەبووە لە ناوچەکەدا پشتگیری لە شۆرشەکەی شێخ مەحموودی

ئەمر کردووە لەدوایی‌دا بەسەرچاوە روونی دەکەینەوە)"با جارێکی تر نیگایەکی رۆژنامەی پێشکەوتن زمانحاڵی (مێجەرسۆن) بکەین تا بزانین دەربارەی ناوچەکە چ دەڵێت: لەژمارە (٢٠)ی پێشکەوتن ساڵی ١٩٢٠دا هاتووە عزت ئەفەندی مدیری سەنگاو ئەم پیاوە لەپاش خیانەت جارێ لە بەغدا حەپس کرا چەند مانگێك لەمەوپێش بەرلا بووە لە دواییدا هاتووە سلێمانی خۆی خستە بەردەم حاکمی سیاسی کە ماموریەتێکی بداتێ بەرسی ئەبێ لەگەڵ ئەمەشدا لەگەڵ حکومەت خیانەتی کردبوو هەر بۆ ئەمە زۆرلێکراو ئەبێ کرا بە مدیر زاب ئەوەندەی پێ نەچوو ئەهالی زاب لەدەستی کەوتنە داد کە بێ عسمەتو خراپی دامەزرانی بوو لکل ژنانی ئەوێ لەبەر ئەم ناپیاوەتیە نێررا بۆ سەنگاو وەختێك کە جەنابی شێخ عبدالقادر ئەفەندی مەبەستی شێخ عبدالقادری کۆیتەپەیە کە ناسراوە بە گوللە ئەبڕ (نووسەر) گەیشتە ئەوێ لەوێ لەپاش چاوپێکەوتنی کەپیتان لیز صاحب لەگەڵ شێخ عبدالقادر ئەفەندی عزت ئەفەندی هنێ قسەی بەجیو فسادی لکل کردبوون بشکو ئیشەکەیان تێك بداو جەنابی شێخ عبدالقادر افندی چونکە گوێی نەدابووە ئەم قسە پروپووچانەو عزت لەکردەوەی خۆی ئەتیجەیەکی نەدیبوو لە ترسا رای کردە ناو زەنگەنە بۆ چوونە کفری لگل بێ ئەدبانی ئەوێ یەك بگریت (مەبەستی شۆڕشگێڕەکانی برایمی خانی دەلۆیە (نووسەر) بەڵام هەر کە چووە خاکی زەنگەنە وە باش باش رووتیان کردو، دیسانەوە گرایەوە رای کردەناو سنگاو بە رووتو قووتی مفلیس تواو شێخ عبدالقادر ئەفەندیش تەعقیبی کرد ئێستا شاریەدەر بووە وەك سوالکەر هیچ رەنگو نیشانەیەکی پێ نەماوە).

لێرەدا نامەوێت زۆر لەسەر ئەمە بدوێم تەنها ئەوەندە ئەبێت دەڵێم زمانی ئەدمۆنز لەگەڵ دۆستو دوژمنانی خۆیدا شێوەیەکی تایبەتی هەیە دەتوانین لەوە زۆر شت تێبگەین. ئەدمۆنز لەکتێبی (کورد.. تورك.. عەرەب) لە لاپەرە (٣٠٤،٣٠٥)دا دەڵێت: ئینگلیز پشتێنەیەکی ئەمنی بە دەوری شێخ مەحمووددا دروست کردبوو بۆ ئەوەی لە دەسەڵاتەکەی کەم بکاتەوە قەزایەکی تازەی دروست کرد لەناحیەی قەرەداغو سەنگاو یەکێك لە بنەماڵەی بەرزنجی بۆ دەست نیشان کرد، ئەویش شێخ عبدالقادرە کە بە عەولی سەنگاو ناسراوە هەروەها لە هەمان کتێبدا لەلاپەرە ٣١٨دا ئەدمۆنز ئاماژە بە قایمقامی قەرەداغ دەکات کە شێخ عبدالقادری کۆیتەپەیە.

بابزانین شێخ عبدالقلدرەکەی تر کێیە؟ رۆڵی چی بووە؟ هاوکاری کردووە لەگەڵ ئینگلیز؟ یان دژی سیاسەتەکانی ئینگلیز بووە لەناوچەکەدا؟

ناوی شێخ عبدالقادره کوڕی شێخ کەریمی کەسنەزانە ماوەیەك لە گوندی کەسنەزانی قەرەداغ بووە دوایی هاتووەتە گوندی کرپچنە لە بناری شاخی سەگرمەیە سەرۆکی تەریقەتی قادری بووە لەناوچەکەدا پاڵپشتێکی گەورەی شێخ مەحموودی نەمر بووە بەهۆی ڕۆڵی ئاینیەکەیەوە هیچ کاتێك هاوکاری لەگەڵ ئینگلیز نەکردووە ئەدمۆنز بەشێوەیەکی خراپ باسی دەکات:

کاتێك لەشکری شێخ مەحموودی نەمر ساڵی ١٩١٩ لەبازیان شکستی هێنا ئینگلیز بەربووە وێزەی ئەوانەی هاوکاری شێخ مەحموودیان کردبوو لە سلێمانی کۆمەڵێك خێزان دەربەدەر بوون بەرەو ناوچە سنوورییەکان ڕۆیشتن ئینگلیز لەشکری بۆ هەموو ناوچەکانی کوردستان ڕەوانە کرد بۆ ئەوەی تۆڵەی خۆی لەو کەسانە بکاتەوە کە پاڵپشتی شێخی نەمر بوون. ئەدمۆنز لە کتێبی (کورد، تورك، عەرەب) لە لاپەڕە ٥٢دا ئاماژە بۆ ئەمە دەکات کەوا ڕەتڵێك لە (١٦)ی حوزەیرانی (١٩١٩)دا توانی بەرزایی خانەقین‌و سیروان هەڵەبجە کۆنترۆڵ بکات. کاپتن لیزی بۆ بگێڕێتەوە هەروەها لە تەموزیشدا ڕەتڵێك توانی ناوچەکانی سورداش‌و شارباژێڕ‌و بەرزنجە‌و پێنجوێن‌و خورماڵ پاکسازی بکات، ڕەتڵێکی تریش توانی ناوچەکانی قەرەداغ‌و سەنگاو پاکسازی بکات لەوکەسانەی کە پاڵپشتی شێخ مەحموودی نەمر بوون توانیان گوند بەگوند بگەڕێن‌و دەست بەسەر چەند پارچە چەکێکدا بگرن‌و لێرەدا شێخ عبدالقادری شێخ کەریمی کەسنەزان بەر ئەو شاڵاوە کەوت ناچار کرپچنەی بەجێ هێشت بەرەو چیای سەگرمە ڕۆیشت ئوردوی ئینگلیز گوندی کرپچنەیان سووتاند شێخ عەبدولقادر خۆی‌و جەماعەتەکەی بەرەو گوندی (خاوێ)ی ناوچەی قەرەداغ بەڕێکەوتن، چەند شەوو ڕۆژ لەچیای سەگرمە خۆیان حەشاردا لەترسی لەشکری ئینگلیز، هەروەك چۆن لەسلێمانی خەڵکێکی زۆر بەرەو سنوورەکانی ئێران ئاوارە بوون، هەر بەو شێوەیەش شێخ عەبدوقادری شێخ کەریمی کە سنەزانیش خۆی‌و خزم‌و کەس‌و کاری‌و کۆمەڵێك لە مورییەکانی بەرەو کوردستانی ئێران ڕۆیشتن‌و لەگوندی (هەزار خانی) نێوان مەریوان‌و سنەدا نیشتەجێ بوون، شێخ هەر لەوێ کۆچی دوایی دەکات‌و تەرمەکەی دەهێننەوە بۆ کرپچنە، (بۆ زیاتر سود وەرگرتن لەو بابەتە بڕوانە وتاری نووسەر عەلی تاهیر بەرزنجی لە پاشکۆی عێراقدا ژمارە (٨٦) لەژێر ناونیشانی (چەند لاپەڕەیەك لەمێژووی گەلەکەمان).

دوای دامەزراندنی حکومەتە کاتیەکەی کوردستان بەسەرۆکایەتی شێخ مەحموودی نەمر ژمارەیەکی زۆربە مەزبەتە لەهەموو ناوچەکانی کوردستان کۆکرایەوەو پێشکەش بە کۆنگرەی ئاشتی جیهانو کۆمەڵەی گەلان کرا بۆ پشتگیری کردنی حکومەتی شێخ مەحموودی نەمر.

شێخ مەحموود یەکەم نامەی بۆ کۆنگرەی ئاشتی جیهان نارد لە پاریس، گەلی کوردیش لە هەموو ناوچەکانی کوردستان پاڵپشتی شێخی نەمر بوون. ئەمەش لە بەرواری (١٩١٩/٢٠) دا بوو. یەکێك لەو کەسایەتیە ناودارانەی کە پاڵپشتی شێخ مەحموود بوو لەم داواکاریەدا شێخ عەبدولقادری شێخ کەریمی کەسنەزانە.

دوای وەفات کردنی شێخ عەبدولقادر، شێخ حوسێنی کوڕی (١٨٨٣-١٩٣٨) جێگەی گرتەوە لە بەڕێوەبردنی تەریقەتی قادری، ئەمیش لەسەر پاڵپشتی کردنی شێخ مەحموودی نەمر بەردەوام بوو، بەڵگەشمان بۆ ئەمە یاداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفیدە لەسەر شۆڕشەکانی شێخ مەحموود کە لە لاپەڕە (٣٧)دا دەڵێت: بروسکەی ژمارە (٥٢٣) لە بەرواری (١٩٢٥/٣/٣٠)دا بۆ مەقامی بەرزی سەرەك وەزیران.

ئێران- تاران - وێنەی بۆ:

ا-باڵوێزخانەی ئەمەریکا.

ب-باڵوێزخانەی تورکیا.

ج-باڵوێزخانەی ئیتالیا.

د-باڵوێزخانەی روسیای سۆڤیەتی.

ه-باڵوێزخانەی دەوڵەتی فەرەنسا.

یەکێ لەوانەی ئەم بروسکەیان مۆرکرد، ئەم ناوەی خوارەوە بوو.

سەرۆکی تەریقەتی قادری هۆزنشینی تەکیەی کرپچنە- سەنگاو، کەرکوك- شێخ عەبدولقادر زادە سەید حوسێن، هەروەها مامۆستای بەڕێز عومەر مەعروف بەرزنجی بۆ یەکەم جار دەستنوسێکی سەرۆکی تەریقەتی قادری، شێخ حوسێنی بڵاوکردەوە، لەکتێبەکەیدا کە ئاراستەی پارێزگاری ئەو سەردەمەی سلێمانی کراوە. داوادەکات مەحموود خانی دزڵی ئازاد بکەن، ئەم دەستنوسەش دەگەڕێتەوە بۆ بەرواری (١٩٣١/٩/٢٠)ز.

شێخ لەتیف لە یاداشتەکانیدا لە لاپەرە (١١١)دا دەڵێت: ئینگلیز لەسەربەخۆیی داندا راستگۆنەبوو، بەڵکو دەیانویست شێخ مەحموود بۆ جێبەجێ کردنی مەبەستەکانی خۆیان بەکاربهێنن، بەڵام مەرامەکەیان سەری نەگرت، شێخی تینوی ئازادیو سەر بە خۆیی بەقسەی ئەوانی نەکرد. ئەمە وای لە ئینگلیزەکان کرد پەنا بەرنە بەر پیاوانو نۆکەرانی خۆیانو ماڵێکی زۆریشیان بەسەردا برژێنن. ژمارەیەکی زۆر چوونە پاڵ ئینگلیز بۆ لێدانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد، پۆستی قایمقامو بەڕێوەبەری ناحیە یان وەرگرت، بە پێچەوانەوە شێخانی کرپچنەو کانی کەوە تا سەر لەگەڵ شێخ مەحموودی ئەمردا بوون، شێخانی کرپچنەش لێرەدا مەبەستی شێخ عەبدولقادرو شێخ حوسێنی کوڕێتی (نووسەر).

دیسانەوە شێخ لەتیف لەیاداشتەکانیدا لە لاپەرە (١٧٧)دا دەڵێت: (کاتێك هاتینە پیران لەناوچەی کوردستانی ئێران، دێیەکی بچکۆلانە هەبوو چەند ماڵێکی جووتیاری هەژاری تێدابوو، لەخانووەکەی خزمە دڵسۆزەکەی شێخ مەحموود، شێخ عەبدولقادری شێخ کەریمی کەسنەزان نیشتەجێ بوون، ئەویش دوای شەڕی دەربەندی بازیان بەرەو ئێران هاتبوو).

ناساندنی کتێب

مەحمود خانی دزڵی... شۆڕشگێڕی نیوسەدە[1]

عبدالقادر دەباغی



.................[2] (مامۆستا عومەر مەعروف بەرزنجی هەنگاوێکی بەکەڵکی هەڵگرتووەو ڕەوشتێکی نوێی هێناوەتە مەیدان، بەژیانەوەو بەسەرکردنەوەی یەکێ لەسەردارە قارەمانە نیشتمانپەرستەکانی کورد واتا (مەحموود خانی دزڵی) خزمەتی بەمێژووی نەتەوە چارەڕەشەکەی کردووە.

ئەو بڕوایەدام کەهەر کوردێکی دڵسۆز بەم ئاوو خاکە بیخوێنێتەوە فرمێسکی خۆزیاو حەسرەت دەڕژێنێ کەبەم گشت فیداکاریو لەخۆبوردوویی‌یەوەو بەم هەموو شەهیدە ئازیزەوە هێشتا عیبرەت ناگرین‌و ئاگری شەڕی براکوژیو خۆکوژی لەراستیدا کوردستان فرۆشی‌و نەتەوەکوژی بەفیتی دوژمنان ئێڵە ئەدەین‌و مێژووی خوێناویو پڕ لەشانازی کورد بەلاپەڕەی ڕەش‌و پڕ شەرمەزاری دەڕەنگێنین.

---

[1] لەکاتێکدا چاپی یەکەمی ئەم کتێبە بڵاوبووەوە دانەیەکم پێشکەش بەبەڕێز عەبدولقادری دەباغی کرد، پاش ماوەیەك ئەم نووسینەی بۆ ناردم کەلەیەکێك لەگۆڤارە کوردی‌یەکاندا بڵاوی‌بکەمەوەو لەنامەیی‌یەکی تایبەتی‌دا ئەم ڕاسپاردەیەی نووسیوەو ناوی (پەیڤین‌و گەلاوێژی‌نوێ)ی بردووەو بەنیازبوو کەبیدەم بەیەکێك لەو گۆڤارانە، بەڵام لەبەر هەر هۆیەك بێ بڵاوکردنەوەی بۆ ڕێنەکەوت‌و منیش لێرەدا بەشانازی‌یەوە بڵاوی‌دەکەمەوەو لام وایە باشترین شوێن بۆ ئەم وتارە چاپی دووەمی کتێبەکەیە کەدەتوانرێ بیروڕاو بۆچوونەکانی مامۆستای تیا بپارێزرێ.

[2] ئەو خاڵانەی بەبۆشایی بەجێ هێڵدراوە چەند وشەیەکن کەمامۆستا دەباغی ستایشی نووسەری کتێبەکەی کردووەو وام بەباش زانی ئەو چەند وشەیە لابەرمو داوای لێبوردن لەمامۆستا دەکەم.

ئەوەی لەو کتێبە بەنرخەدا منی جاڕز کردووە وشەی حەفیدو حەفیدزادەیە، کەبەداخەوە لەبری شوێنی دیکەشدا بەرچاو دەکەوێت.

بەر لەگشت باسێ بەپێویستی نەزانم سەرنجی مامۆستا عومەرو مێژوونووسانی بەڕێز بۆ ئەم ڕاستی‌یە ڕاکێشم کەیەکێ لەموێیە بنەڕەتی‌یەکانی خۆشەویستی لەرادەبەدەری شێخ مەحموودی مەلیك ڕاگەیاندنی مەلیکی خۆی وەك پادشای کوردو هەڵکردنی ئاڵای ئیستقلال و سەربەخۆیی‌و دانانی هەیئەتی وەزیران و...تاد.. بوو نەك ئەوەو نەتیجەی کاك ئەحمەدی شێخ بەهەموو گەورەیی‌یەوە.

لێرەدا جێگەی باس و لێکۆڵینەوە لەکەم و کوڕی‌و ناتەواوی دەزگای حکوومەتی شێخ نی‌یەو بەتێڕوانین لەم ڕاستی‌یە کەکورد حکوومەتی رەسمی نەبووەو قانونی دانەناوە، دیسان جێگەی شانازی‌یە کەمەلیك مەحموودی کورد بەناتەواوترین چەکی سەردەم، گەردنی بەرزو سەرفرازی بۆ گەورەترین‌و پڕشکۆترین ئیمپراتۆری دنیا واتا بەریتانیای مەزن کەتیشکی خۆر هەمیشە لەئالاکەی دەدا، کەچ نەکردو لەبەرانبەریاندا ڕاوەستاوە تەنانەت بەگژیاندا چوو. ئەگەر ئیمپراتۆری بەریتانیاش لەقێڵە ئەزموونکراوەکەی لەمێژینە واتا لەجاشێتی کەڵکی وەرنەگرتباو چەند دەسەلاتدارێکی کورد لەجیاتی گیانبازی لەژێر سێبەری ئاڵای پیرۆزی کوردستان نەبوونایەتە کەواسووری بەرتیپ، ئێستا وەزع جۆرێکی تردەبوو. جا ئیدی هیوادارم ئەم وشە رەق و تەقەی حەفید و حەفیدزادە وەلا بنرێ‌و ناوی پیرۆزی شێخی نەمر هەر بەمەلیك مەحموود بوترێت و بنووسرێت.

سەبارەت بەشەهید (مەحموود خانی دزلی) کەپێویست بوو شەڕو هێرشەکانی شی بکرابا و لەروانگەی عەسکەریشەوە لەسەری بنووسرابا هەر ئەوە دەڵێم کەئەم سەردارە ڕەشیدو قارەمان‌و نیشتمان‌پەرست و مەلیك ویستە ئەوەندە بەوریژدان‌و پاك‌و ساکارو دلاوابووە کەئینسان دەبێ لەناخی دڵەوە خۆشی بوێت.

برای بەڕێز سەید عەلی‌رەحمانی سنەیی دەنووسێت کە: مەحموود خانی کانی سانانی ئەدیب‌و زانا ڕۆژێك لەگەڵ مەحموودخانی دزلی دەچنە گزندی (سەوڵئاوا)، چەند مەلا لەگەڵ خەڵکی دێ بەرەوپیریان دەچن‌و بەخێرهاتنیان دەکەن، مەحموود خانی کانی سانان لەمەلایەك ئەپرسێ‌و ئێژێ: ئەم ئەرزی موکەڕەمەی موفەخەمەی سەرو ئابادە بۆچی لەم یوزرەع‌و لەم یوسمەر مارەتەوە؟ خانی دزلی بەوپەڕی ڕووخۆشی‌یەوە ڕوودەکاتە خانی کانی سانان‌و دەبێژێ: ئەم فلتە فلتە چیشەن، واچە چی ئەکێڵیان. هەر ئەم تاقە نوکتە خۆش‌و سادەیە رادەی پاکی‌و بێ فڕوفێڵی خانی دزلی دەسەلمێنێ.

بەلام سەبارەت بەمەحموودخانی کانی سانان بەڕێز کاك باباعەلی میهرپەروەر فەرمووی کەخانی کانی سانان پیاوێکی زاناو ئەدیب‌و ئەهلی کتێب‌و موتالەعەبووە، لەزەمانی رەزاشادا بەبەرتیل خۆی لەگرتن‌و دوورخستنەوە ڕزگارکردو تەنانەت پلەی

سەرهەنگی نیفتخاریشی وەرگرت، بەڵام لەساڵی ١٣٢٤ بەفیتی ئینگلیز شەڕی لەگەڵ ئەرتەشدا دەست پێکردو بەفێڵ گیراو لەزیندانی قەسەری تاران کوژرا، خانی کانیسانان سەرۆکی تایفەی حەیدەربەگی بووە.

سەبارەت بەمەحموودخانی کانی سانان و کردەوەکانی هیوادارم کەپیرە پیاوانی مەریوانی و ئەوەکانی هیممەت بکەن لەدووتوێی کتێبدا بینووسن، ئەوەندەی کەخۆم ئاگاداریم ئەوەیە کەلەسەردەمی کۆمارە ئازیزەکەی کوردستان ڕۆژێکیان پیاوێك هاتە لام و لەکوتە کاغەزێکدا مامۆستا قانع نووسیبووی کەبەگورجی بچمە لای، پرسیم لەکوێیە؟ گوتی لەمیوانییە، بەپەلە چووم و بیرم لەوە دەکردەوە کەچۆن قانع ئەهاتووەتەماڵەوە؟ کەبەخزمەتی گەیشتم روانیم دوو ئاغای پۆشتەو پەرداخ لەگەڵ مامۆستا قانع گەرمی قسە کردن و چەند نۆکەری راوەستاون، سڵاوم لێکردن و مامۆستا قانع فەرمووی ئەوە (حەمەخانی مەحموودخانی کانی سانان)و ئەمەش (حەمەسدیق خانی سلێمانی خانی جاف)ەو منیشی بەوان ناساندو فەرمووی دەمانەوێ بەگورجی بەخزمەت پێشەوا بگەین، دەبێ ئەختێ بەپەلە بەعەرزی بگەیەنن. لەوەڵامدا عەرزم کردن کەدەچمە خزمەت ئاغای لەشکری رەئیسی دەفتەر بابزانین چی دەفەرموێ، هاتمە خزمەت لەشکری و عەرزم کردو ئەویش چووە خزمەت پێشەواو فەرمووی بابێن، زۆریان پێخۆش بوو، چوونە خزمەتی و من چوومە سەرکاری خۆم. دوای چەند رۆژێ کاك سەید مستەفای سەییدی و پەلێ پێشمەرگە لەسەر شێوی سەقزەوە چوونە مەریوان و ئیدی ئەمزانی چکارێکیان بوو، هەروەها بۆ من جێگەی سەرسوڕمانە کەچۆن لەو سەردەمەدا خانی کانیسانان لەگەڵ دوو شاعیری ناوداری کورد واتا مامۆستا (قانع)و مامۆستا (ناری) کەخەڵکی ناوچەیەکن و زۆریش هاتوچۆیان پێکەوە بووە کەچی لەدیوانی هیچ کامیان غەزەل یا چامە یا پێنجخشتەکییە بەناوی (خانی کانیسانان)ەوە نەوتراوە؟

بەڕێز کاك سەید عەلی رەحمان دەنووسێ: لەساڵی ١٣٢٠ی هەتاوی ١٩٤١ی زایینی کەلەمزگەوت دەمخوێند مامۆستاکانم ئەم شیعرەیان دەخوێندەوەو دەیانگوت هی (مەحموودخانی کانی سانان)ە کەوەختێ لەبەغدا گیراوە یا دەسبەسەر بووە ناردوویەتییەوە، بەڵام نابێ بینوسییەوە دەبێ لەبەری کەی، شیعرەکەش بەفارسییەوە ئەمانەیە:

خدایا واو رفتم، واو رفتم
زسینەی سوی بغداو رفتم
کنون در قلعە بغداو هستم
همیشە بستەو ناشاوهستم
خدایا خك خونم در نهانی
بەاقوام مەریوان در سانی

جز این قصه دیگر ندانم
سلام را به خسرو مهر سانم

شیعرەکان لەباری ئەدەبی‌یەوە گرنگ نین‌و ئەوەی سەرنجی راکێشام وشەی (خطخون) واتا دێڕی خویناوی‌یە کەولبزانم رەمزەو دەبێ ئامارەیەك بێت نهێنی دەنا مەعنایەکی ئەوتۆی نی‌یە. سەبارەت بەشەڕی نێوخۆیی خانی دزڵی‌و خانی کانی سانان‌و جافرسان بەدڵنیایی‌یەوە دەڵێم کەئەو شەڕگەلە خویناوی‌یانە بەفیتی حکومەتی ئێران هەڵگیرساوەو هەرگیز ئاژاوەچی‌یان‌و حاکمی کوردستان نەیان‌ویستووەو نایانەوێ کەنەتەوەی کورد بەگشتی‌و ئەو سێ سەردارە رەشیدە بەتایبەتی پێکەوە تەبابن‌و بەیەکێتی‌و برایەتی بژین‌و ئەو سیاسەتە گڵاوە: دووبەرەکی سازکەو حکوومەت بکە، هەر ئێستاش بەردەوام‌و بەرچاوەو لەم سەردەمەدا کەرۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەشێوەی دەرەبەگایەتی ئیدارە دەکرا، قەومانی ئەو شەڕو کێشانە لەزۆر جێگادا ناناسایی نەبوو، بێ ئاگایی کۆمەڵانی خەڵك‌و نەخوێندەواری‌و... رێگای ئاژاوەنانەوەی ئاسان کردبوو، بەڵام ئەمڕۆ هەر لەم کاولەنیشتمانەدا کارەساتی وا قەوماوەو دەقەومێ کەئینسانی تێگەیشتوو سەری سوڕدەمێنێ کەچۆن بەم گشت زاناو دکتۆرو ئەندازیارو پسپۆڕو گەریدەو فێرکارو.. بۆ دەبێ وەزعی باشووری کوردستان بەم شێوە فرمێسك هێنەربێت؟ رەزاشاو مستەفا کەمال لەچەند کوردێك دەترسان‌و بەبیستنی ناویان دەلەرزان بەتایبەتی رەزاشا لە (سمکۆ)ی شکاك‌و لەمەحموودخانی دزڵی زۆر ترسی لێنیشتبوو، بەریتانیاو دەوڵەتانی ئەورووپایی کەدەیان‌ویست چەندین حکومەتی ناوەندی بەهێز بەچواردەوری یەکێتی سۆڤیەت هەر لەفەنلاندەو تاچین دامەزرێنن (کەداشیان مەزراند) هەموو جۆرە یارمەتی‌یەکی ئەو دیکتاتۆرە تازە پێگەیشتوانەیان دەدا.

رەزاشا بۆ فەوتانی ئەو دوو سەردارە قارەمانە سەرتیپ حەسەنی موقەدەم‌و سەرهەنگ مەحموودخانی ئەمینی هەڵبژارد، سەرتیپ موقەدەم بەزمانی لووس‌و فڕوفێڵ سمایل خانی سمکۆی رازی‌کرد کەوتووێژی لەگەڵدا بکات‌و داخوازەکانی تارانەیەك بەجێ‌بێنێ، ئەوەبوو سمکۆیش کەپەنایەکی نەمابوو رازی‌کرا کەلەشاری شنۆ چاوی بەفەرماندەی هێز بکەوێ بەڵام سەرتیپ موقەدەم بۆسەی داناو لەمەوەڵ دەسرێژدا سمکۆ شەهید کرا..

بەڵام سەرهەنگ ئەمین بەگوێرەی پیلانێکی ژیرانە لەپێشدا خانی کانی سانانی دڵخۆشی داوەو سوڵتانی (سەروان)ی بەشانازی پێ بەخشی‌و بەسەرۆکی ژەندرمەی مەریوانی مەعاشی بۆ بڕی‌یەوەو لەخزمانی خانی دزڵیش چەند کەسێکی هەڵفریواندو ئینجا هێرشی کردە سەر دزڵی‌و لەراستیدا کوردەکان کەشارەزای رێگاوبان بوون شوێن هەڵەمووت‌و دژوارەکانیان لەئەرتەشی ئێرانی گرت.

سەیر لەوەدایە گوزارشتی کەسەرتیپ موقەدەم دەیداتە تاران و ئەو فەتحانە کەلەبەردی مەرمەڕ هەڵکەندراوەو لەمزگەوتی دلر الاحسان بەدیوارەوە چەسپاندیان پڕ درۆبوو، ئەو فەتحانەیان بەهی ئەرتەش لەقەڵەم داو باسی فرۆفێڵی خۆیان نەکرد.

لەگەمەی رۆژگاری دوای دوورخستنەوەی رەزا شا لەئێران و هاتنە سەر تەختی حەمەرەزا شا، حەمەرەشیدخانی بانە شارەکانی سەردەشتی گرت و ئەرتەشی تێکشکاند، بۆ جاری دووەم کەدەوڵەت زانی حەمەرەشیدخان لەگەڵ مەحموودخانی دزڵی و مەحموود خانی کانی سانان و عەشایەری تیلەکۆو گەڵواخی رێك کەوتوون، سەرهەنگ مەحموودخانی ئەمین کەخانە نشین بوو هێنایانەوەو شا دەیکات بەسەرتیپ و داوای لێدەکات چۆن هەورامانی دزڵی گرتووە بەو شێوەیەش سەقز و بانەو سەردەشت رزگاربکات و گشت دەسەڵاتێکی دەداتێ. سەرتیپ ئەمین بەشێ لەتیلەکۆیی و گەڵواخی پەژیوان دەکاتەوەو دەبنە لایەنگری دەوڵەت، بەهێزێکی گەورەی نیزامی و عەشایەری بەرەو سەقز دەکەونە رێگاو لەئێوارەدا دەگاتە گوندی ساحێب و بێحەسانەوە رووەدەکاتە سەقز و شەڕ

دەستپێدەکات، سەرتیپ ئەمین لە رێگای قوڕخ و قەسابخانەوە دێتە پێش و هاوار دەکا من سەرتیپ ئەمینم تەسلیم بن عەفۆتان دەکەن؛ بەڵام عەبدوڵڵاخانی برای سالار بەو تاریکەشەوە بەنیشانەی دەنگییەوە دەسڕێژێکی لێ دەکاو دەکوژرێت و فاتحی دزڵی لەلای قەسابخانەی سەقز گیانی دەرچوو.

خانی کانی سانانیش بەفیتی ئینگلیزەکان کەدەیانویست لەناوچەی مەریوان و هەورامانیش شتێك دروست کەن کەلەوەختی خۆیدا بەرهەڵستی لەبیروباوەڕی کوردایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و دەوڵەتی کوردستان بکات تێك بڕژان، بەڵام بەداخەوە بەهەموو زانایی خۆیەوە پێوەدەبێ و فریو دەخوات و بەقسەی خۆش دەیبەنە تاران و لەوێ لەزیندانی قەسری قاجار دەیکوژن. ئەگەر بەوردی سەرنج بدەینە ئەو رووداوگەلەو تێفکرین دەبینین کەدوژمنانی کورد هەمیشە بەهۆی کوردەوە شۆرشە پیرۆزەکانی خنکاندووەو ئەزیلەی داریوازی لەخۆی نەبێ ناقڵیشێ سەدان ساڵە ئەزموون کراوەو دەکرێتەوەو دەسەڵاتدارەکانیشمان بۆ چارەرەشی ئەژدەها دەگرن بەقەد کێوێك و عیبرەت ناگرن.

لەکۆتاییدا هیوادارم قەڵەم بەدەستانی رووناکبیر بونووسینی بەسەرهات و ژیانی قارەمانە گومناوەکان و ناساندنیان بەنەوەی نوێو نەسلی تازەی کورد ئەرکی نیشتمانی و ویژدانی خۆیان بەجێبێنن.

عەبدولقادری دەباغی
١٩٩٧/٤/٢٧

ئەنجام

دوای خوێندنـەوەو بەسـەرکردنەوەی کرۆکـی سـەرجەم بەشـەکانی ئـەم لێکۆڵینـەوە مێژوویی یـە، دەتوانـین ئـەنجام و کورتـەی تێکـڕای کتێبەکـە لەچوارچێوەی رستێك خاڵی چڕو پڕدا خەست بکەینەوە:

١-کـورد وەك نەتەوەیـەکی دێرینـی خۆرهـەڵات، لەبەرەبـەیانی مێـژووی سەرهەڵدان و چووزەرەی ژیانی کۆمەڵایـەتی و سیاسـی و رەوتـی رۆژگـارەوە هەسـتی بـەئازارێکی قـووڵ و ئاسمـانێکی تـەماوی کـردووەو بەشـێوەیەکی بەردەوام جەستەی شـەکەتی لەڕوباری مەینەتی و چەوسـانەوەدا هەڵکێشـاوە. دیارە ئەمەیش پەیوەستە بەژێردەستەیی نەتەوەکەو چوارمێخـەکردنی خاکـە لـەت و پـەت کراوەکـەی، بەرانبـەر بـەم ژیانـە تـاڵ و گـرژو پـڕ مەینەتیی یـەش رۆڵەکانی هەردەم لەگەڵ کاروانی خەبات و سەرفرازیدا هاوپەیمان بوون و چەند لاپەڕەیەکی مێژووی دێرین و هاوچەرخیان خەڵتانی خوێن کراوە.

٢-مەحمودخانی دزڵـی وەك گـەورە پیـاوو سـەرۆك عەشـیرەتێکی دڵسـۆزو دەسـت رۆیشـتووی کـورد پـەروەر ئـەوەندەی توانیبێتـی و سـاتەکانی رۆژگـار دەرفەتی بۆ رەخساندبێ لەئاست هەستی پیرۆزی نەتەوەیی و مافە ڕەواکـانی کورددا کەمتـەر خـەمی نەکردووەو هەمیشە بەڕاستە رێبـازی خـەبات و بـواری کوردایەتی‌دا بەڕێ کەوتووەو لەباشووری رۆژهەڵاتی کوردستانیش‌دا ماوەی نیو

سەدە کاراترین دەوری پڕشکۆیی و نەبەردێتی گێڕاوەو لەم پێناوەیشدا ئازارو نەهامەتی و ئاوارەیی و زیندانەکانی بینیوەو بەجووتە لەگەڵ شێخی نەمری بەردەقارەماندا ڕەوانەی هیندستان کراوە.

خانی‌دزڵی بۆ مەبەستێکی ڕۆژانەو بەرژەوەندی‌یەکی تایبەتی خۆی لەگەڵ ئەم مەسەلەیەدا گرێ نەداوە. باشترین نموونەی زیندوویش ئەو نامە بەهادارە مێژوویی‌یەی شێخی نەمرە کەساڵی ١٩٢٤ بۆ کەمالی‌یەکانی تورکیای ناردووەو لەو خەڵات و دیاری‌یە گرانبەهایانە دەدوێ کە خانی‌دزڵی وەری نەگرتووەو پشتی تێکردووە، لەلایەکی ترەوە ئەم سەردارە نەبەردە بەدرێژایی مێژووی ژیانی نەی ویستووە درز بخاتە ناو ڕیزەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی و بەقسە ڕەنگاو ڕەنگ و بەڵێنەکانی دوژمن فریو نەدراوەو هەموو هەوڵێکیان لەم بوارەدا شکستی هێناوەو بەڵگەنامەکانی ئەرشیفی بەریتانیا لەم بارەیەوە لێوان لێوو سەر ڕێژن.

٣-تێکڕا شۆڕش و هەوڵ و کۆششەکانی کورد لەسەرەتاوە بەو پەڕی شەوق و گوڕەو هەستێکی بەکوڵەوە سەریان هەڵداوەو جێی خۆزگەو ئاواتی جەماوەر بوون، بەڵام دڕندەیی دوژمن و نەخشە گڵاوەکانی لەلایەکەوەو نەخوێندەواری و هەڵمەتە کاسەیی و گیرفان پڕکردنی جڵەو بەدەستان و پوازی ئابڕوبەرو سوود وەرنەگرتن لەپەندو وانەکانی ڕابوردوو، ئەمە جگە لەخۆخۆری یەکە! کەهەردەم وەك -جینات_ ئەم ئازارە لەنەوەیەکەوە ئەداتە دەست نەوەیەکی ترو نزمی ئاستی بیری کراوەی کوردو نەبوونی عەقڵێکی سیاسی گونجاوو پڕاو پڕی قۆناغەکە، هەموو جارێك ڕایەڵی بزوتنەوەکانی پچڕاندووەو بەشێوەیەکی مەرگەسات کۆتایی‌یان پێ هێنراوەو سەرکردەو داینەمۆی شۆڕشەکان بەرەو سێدارەو ئاوارەیی و زیندانی تاریك بەڕێ خراون.

٤-ئەوەی مایەی رامانو لێکدانەوەی قووڵەو لاپەڕەکانی مێژوو شایەتی بۆ دەدەن بریتی‌یە لەو دیاردەیەی کەبەدرێژایی مێژووی کوردو راپەڕینەکانی، چاوساغو ڕێ نیشاندەرو سەرکردەی بزووتنەوەکان زیاتر سەرۆک هۆزو گەورە پیاوانی خێڵو پیاوانی ئایینیو کەسانی بەدەسەلاتی عەشایەری بوونو تەنیا ئەوان توانیویانە جەماوەریان لەدەور خڕ ببێتەوە، ئەمەش بەرەو ڕووی ئەو ڕاستیەمان دەکاتەوە کەڕوناکبیرانی کورد بەدرێژایی مێژووی تەماوی ئەم نەتەوەیە لەبارێکی شکستیو پرژە بڕاوی‌دا بوون، راستە لە قۆناغە جیاکانی بزوتنەوەی نەتەوەیی‌دا روناکبیران ڕێکخراوو کۆمەڵەی سیاسی‌یان پێکهێناوە بەڵام ئەوانیش لەئەنجامدا بۆ خزمەتو پشتگیری ئەو بزوتنەوانە بوون کەسەرۆک هۆزەکان رابەری‌یان کردووەو هەر ئەوانیش جڵەو بەدەست بوون.

٥-لاپەڕە تۆمار کراوەکانی کورد بەگشتیو بابەتەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە بەتایبەتی سەرڕێژن لەدڵپاکیو خۆش باوەڕیو فریودانو لێکدانەوەی کورتو ناتەواوی رابەرانی بزوتنەوە یەك لەدوای یەکەکانی کورد، کەبەتەنیا وشەیەکی شیرینو گفتێکی درۆو چاوو ڕاوێکی دوژمنان بەئاسانی کەوتوونەتە داوی تەنراوی ناحەزانەوەو لێرەیشدا پێویست بەناوو بەڵگە ناکاتو ڕووداوەکانی ئەم کتێبە خۆیان دێنە قسەو هەموو ڕازێك دەدرکێنن.

٦-گزی کردنو ناپاکیو بوونە داردەست دیاردەیەکی دانەبڕاوی سەرتاپا مێـــژووی نەتەوەیـــە بەهــــەموو قۆناغـــەکانی ڕێکخـــراوو کۆمەڵـــە سیاسی‌وبزوتنەوەکانی کوردەوە لکاون، رەنگە ئەم مەسەلەیە بەئاتاجی لێکۆڵینەوەیەکی بەرفراوانو هەمەلایەنە بێ، لێکۆڵینەوەیەك سەبارەت بەگرێی دەروونی مرۆڤی کورد، کام بزووتنەوەو ڕێکخراوی سیاسی کورد بەدەستی ناموبارەکی کورد زیندە بەچاڵ نەکراوە؟! کام بزووتنەوەی کورد خۆش کردنی نێڵەی ئاگری لەناوبردنو دروست کردنی ناکۆکیو شپرزەیی دەستی خۆی

تێدا نەبووە؟! بەم پێیە دەتوانین بڵێین کەمەسەلەی کوردو ڕێڕەوی ژیانی وەك مەسەلەیەکی سیاسی و پەیوەست بەتەوەیەکی دیل و پەژمردە لەبازنەیەکی داخراودا بێ ئەنجام و نەخشەیەکی تەماوی و تەڵخدا گیری خواردووەو لەباریدانی یە کەدوا ڕۆژی ڕۆشنی خۆی بەدی بکات.

٧-نابێ پلان و ڕەگەز پەرستی وبەکرێگیراوی فەرمانڕەواو بەداخێکی سەختیشەوە (تەنانەت نەتەوەکانی دەوروبەر) مان پشت گوێ بخەین کەنامەردانەو هەمیشە تەونیان بەدارەوە بووە بۆ لەناو بردن و سەرکوت کردنی جوولانەوە نەتەوەیی یەکان.

دیارە پیا چوونەوەی یەك لەدوای یەکی ئەو جوڵانەوانەو هۆی شکست و لەناو چوونیان گەواهی ئەم قسانەن.

ئەوەی شیاوی وتنە ئەم تاقیکردنەوەیەی ئێستاش هەر درێژەپێدانی خەمەکانی ڕابوردووە، بەڵام لەدلرو بارێکی نوێدا، واتە دەرسەکانی مێژوو نەك پشت گوێ خراون بەتەنیا، بەڵکو لای هەندێکیان هەر نامۆشەو دیارە لەو ڕاستی یە بێ ئاگان کەداوەری یەکانی مێژوو هەمیشە ئەم جۆرە کەس و بیرکردنەوانە بەقێزەونی یەوە تۆمار دەکات.

پاشکۆی

وێنەو بەڵگەنامە

ئاوایی دزلی

مەحموود خانی دزلی



نەخشەی هەندێ لە ناوچەکانی مەریوان و دزلی


پیشکوتن

حفتة جاریك دەردەچیت

سال ۲ ژمارە ۱۰۰ [پنجشنبە] ۲٤ رجب ۱۳٤۰ ۲۳ مارچ ۱۹۲۲

وێنەیەکی ڕۆژنامەی (پێشکەوتن)ی سەردەمی میجەر سۆن- کەچەن جارێک سەبارەت بۆردومان کردنی ئاوایی‌یەکانی سەر بەمەحمود خانی دزلی هەواڵی بڵاوکردووەتەوە

مقدم الشيخ محمود البرزنجي

الى الكويت

[illegible]

اصل الاكراد

[illegible]

منطقة كردستان

[illegible]

وێنەی بەشی یەکەمی بەرگی پێنجەمی کتێبی

(مێژووی سیاسی کوێت-تاریخ الکویت السیاسی)

لەنووسینی حسین خلف الشیخ خزعل

کەلەساڵی ١٩٧٠ چاپکراوە باسی هاتنەوەی شێخی نەمر دەکات

جناب محمود خان دزلی

له و قاسای شه‌هیوران هه‌ر راسی جناب محمود خان دزلی له گل آموزاکانی خوی علی محمد خان و محمد رشید بک کوران جان الله بک و عبدالله بک سرتیپ . محمد علی بک حبیب الله بک . محمد علی بک سرباز بک له گل قریب به صد سوار هیتیان بو شرفیابی زیارت حضرت حکمدار کردستان ولره سلیمانی و ره خاتری عبدالرحمن تیلیمه‌ی که بیان احضار کرابو مسافر بون بخیر بین .

ژ ااى رۆژى ۲۰ ى تشرینى یه‌که‌مى ۱۹۲۲اى رۆژنامه‌ى ابانگى کوردستان‌اى رۆژگارى حوکمدارێتى شێخ مه‌حمودى حه‌فید زاده‌ى به‌رزنجى که‌له‌م ژماره‌یه‌دا له‌مه‌حموود خانى دزلى ده‌دوێ

بەڵگەیەکی مێژوویی ساڵی ١٩٣٠ بەزمانی فارسی کەلەسەر بەردی مەرمەڕ لەهەیوانی مزگەوتی جامعەی شاری سنە هەڵکەندراوەو باس لەعێرشەکانی سوپای ڕەزاشا دەکات بۆ سەر ئاواییەکانی مەحموودخانی دزڵی

نامەیەکی دانسقەی مێژوویی لشێخ حسێنی شێخ عەبدولقادری حەفیدی پیری کەسنەزان

لەرۆژی ١٩٣١/٩/٢٠ بۆ موتەسەرِیفی لەو سەردەمەی سلێمانی سەبارەت بە مەحموود خانی دزلی

Tr[illegible]

Babakr Agha.

My Much-Honoured Brother. [illegible]. Dated 26.6.25.

I have on more than one occasion expressed my appreciation of your policy which has, for the last few years, been aiming at the welfare and interest of our race. The ruthless and barbarous treatment of the Turks to our people especially for the past several months, has confirmed the type of people you believed them to be. I am sure that hereafter you will stick more closely to your aims and exert more effort for the freedom of our nation. The Turk's relations with us have for ever been severed, not only because of their decision to exterminate our race but also because of their total denial of all religious beliefs and abolition of the Caliphate. I have therefore written and given the necessary advice to some of our misguided friends who are enslaved in the Turks and are still serving the bitterest enemy of our faith and nationality. Rashid [illegible] Effendi will hand them over to you, and you are requested to forward them to the addressees accompanied by your remarks, which should draw their attention to the facts explained therein. You are to try from now on to draw them nearer to the realisation of the good underlying your policy; and you and they with one accord should help to form a great alliance which will enable us to avenge our martyred brethren and those who are exposed to martyrdom. I fully agree with your policy which is the right path to our complete freedom. Any details regarding the Turkish atrocities against the Kurds will be given you by Rashid [illegible] Effendi. With best respect and heartiest wishes for your success.

(Sgd) Simko.

نامەیەکی مێژوویی سمایل خانی سمکۆ بۆ بابەکر ئاغای پشدەری لە رۆژی ۲٦ی حوزەیرانی ساڵی ۱۹۲٥ سەبارەت بەرەڵتاری دڕندانەی کەمالی یەکان

Translation of copy of a letter reported to have been sent

by Shaikh Mahmud to the Turks.

To:-

The Officer Commanding 8th Division and
Frontier Commissioner.

(I) Although it was mentioned in a letter dated October 1st, 1343, No:2348, which was received through Fattah Beg, the Mosul Deputy, that arrangements had been made to ensure the facilitation and assistance of the Persians, it has happened that since my interview with the representative of the British Government at Khurmal that the frontier officials are plainly opposing us and showing us difficulties, although it would be useful if they apparently showed themselves to be on bad terms with us, but by their preventing our transport, communications etc it shows their actual enmity. Although the matter has been gently explained to Abdullah

نامەیەکی مێژوویی شێخ مەحمودی حەفیدزادە کەلەسالی ١٩٢٤دا بۆ کەمالی‌یەکانی تورکیای ناردووە،

لەخالی نۆیەمی‌نامەکەدا سەبارەت بەجوامێری مەحمود خانی دزلی دەدوێت

Khan Tahmasaibi, the Minister of War, who recently visited this part, and he was asked to improve these affairs, but the ignorant frontier officials have not improved their methods. It is essential to have this neighbour's support to assist, especially as the communication line is in this part. It is very necessary to explain the matter as quickly as possible through the foreign official. All the false intriguing aspirations of the British Government and their poisonous ideas have already been explained. I have been devoting all my prosperities, high degrees, such as my Kingdom, for the sake of the Muslim world, and I have not allowed myself to be an instrument for the intriguing ideas of the British Government, and I never shall be an instrument of theirs. The Kurdish affairs are in the same degree of calamity for both Governments, and as this is the point at which the cruel British Government is aiming, the aims of both Governments should be to unite in the one object. I therefore do not see any difference between the interests of our great Republic and the Persians and therefore I endeavour more for the sake of the Persian Government, as here is more likely for that aim. Further I would request the improvements of those questions that are out of the programme.

(2) The naturalisation forms that were sent were delivers to the persons concerned, but those for my son Latif, Hanh Chaoush Majid Ghafur, the Barber and Sauit Dawlab have not arrived and I request they may be sent soon.

(3) I have the honour to acknowledge receipt of the medals sent for me and my sons, but it is necessary to keep this matter secret in these days, and we are keeping them for the suitable day which should not cause misunderstanding

(4) The question of the connection of the officers and men was explained. These are, as mentioned before, partly actual military officers and partly reserve officers. The title of "Militia" is out of the Army [illegible] Establishment, and they beg to receive numbers of your Division so that they could be allowed, whenever necessary, to join the Army and serve the Republic as ordinary officers, and receive arrears of their pay. It is needless to say more about the good services of these officers, and they should never be made disappointed.

(5) Saiyid Ahmad Effendi has not yet returned. They have promised to return to me the arrears of revenue of my lands. The two articles are awaiting the return of the High Commissioner. According to Saiyid Ahmad's correspondence he is 100% successful.

(6) There is no need to ...
The Regiment is fed on enemy supplies, equipped ...
arms and equipped ~~by~~ for service of our Grand Republic and it is an honest powerful force which shall serve in future as an advance guard of ~~company~~ the Army. It is therefore of more value than those of the Army. This force which is leading life in so much difficulty and need and devoting themselves, should be registered in history by a golden pen in golden pages, they shall be conquerors and restorers of our lovely Mosul. I hope the flag of this regiment shall get a medal. As we have undertaken such an important duty I would again request, as requested before, that I be allowed to have some lands in a neutral part near Constantinople for me and my families to pass our last minutes of

life so that I should pass my life in a happy spot of a Muslim country prosperously. I assure that I have never been deceived by the cruel deceitful intrigues of the British Government, and shall never be deceived, neither shall I ever become an instrument of them.

(7) Although Adil Effendi and Saiyid Ahmed Effendi are of impoisoned ideas but Adil is still a deserter and orders have been issued for his arrest alive or dead. As regards Saiyid Ahmad, it is necessary to get on well with him till the affairs are settled with the British Government, he will receive his deserving punishment when that is finished. There is nobody to be suspected in our assembly.

(8) It is not sufficient to give certificates to tribal leaders to keep them in good connection, there should be at least 200 various medals kept with me until the time comes, just to keep them in strong connection, also any orders I issue for secret funds should be of full credit, and I should receive the necessary authority for that purpose, these things, if approved, could be sent to us via Kirkuk.

(9) I gave the ammunition to our loyal, splendid, valuable friend Mahmud Khan of Dizli, and although he several times refused to accept the medal I made him accept after Orkhan beg left. He is such a friend and deserving of every kindness.

(IO) I have made several applications, secret and open, to prevent the blind Babekr from interference with our affairs, but he appears to have realised the truth and he forming obstacles in our matters and is intriguing to prevent our success. I can say that it is only the Pizhder among the tribes who prevent the Republic's aspirations in this country. They try for Kurdish independence, because they think that if I am defeated and progress is made there will be a ruler appointed among them. It is therefore the first duty to destroy such enemies.
Mustafa Hanrud is under English programme, having several demonstrations with a big Kurdish Committee. He is writing articles as if the Kurdish National question has been settled recently in Berlin and by the League of Nations. For example he has written a verse "I am a Kurd and say that in Kurdish it has come to an end, no more living in a low position, the Kurdish bud is opened." This confirms what I have said above.

(11) I am receiving many congratulatory letters from notables of Sulaimani and many gifts from merchants there. The friends who are distant are very disappointed but it is necessary now for them to remain so.

(12) It is not possible to speak more or less with anybody till the affairs come to an hopeful end. I assure you that I am more anxious to capture and imprison the Englishmen than I was when capturing them at Derbend event and I am anxious to have a life of Turkish spirit in Sulaimani and bind the country to the Republic and prepare necessary grounds fo the future.

·) It is essential, as mentioned before, to leave temporary the goods and ammunition with Hajji Rasul Agha, it will be of no use to have it in and not possible as the money asked for has not arrived yet and the disappointment is increasin

I repeat my loyal sentiments and present my respects.

Sd. MAHMUD,

Commander in Chief,
of
Southern National movements.

October 9th 1343.

مەحموود خانی دزڵی

دانیشتوو : مەحموود خانی دزڵی

بەپێوە لەڕاستەوە : حەمە گردە ، خەڵکی سەرچاوەی زەڵم ،

حەمە سەعید نەسروڵڵا کۆماسی ، حەمە زەمانی کۆماسی

دانیشتوو : مەحموود خانی دزلی

بەپێوە لەڕاستەوە : حەمە عەلی بەگی تفلی / حەمە سەعید نەسروڵڵا کۆماسی

نەجیبەی کچی مەحموودخانی دزلی بەباوەشەوەیە

شێخی عەمری بەردەقارەمان

١٨٨٢ - ١٩٥٦

وێنەیەکی دانسقەی

شێخ مەحموودو سەردار رەشیدی ئەردەڵان

شێخ مەحموود بە بەرگی پاشاییەوە
لەگەڵ سەردار رەشیدی ئەردەڵان

سمایل خانی شوکاک

« سمکۆ »

١٨٧٠-١٩٣٠

سەید محەمەدی جەباری

١٢٩٧/ ک - ١٩٣٥ / ز

جاڵەرسانی هەورامان

حەمە رەشید خانی بانە

١٩٣٢ لامبێدی

لەحمەد بەگی پشێن

شێخ حسێنی شێخ عەبدولقادری شێخ کەریمی کەسنەزان

١٨٨٢-١٩٣٨

لەڕاستەوە: خوالێخۆشبوو حەمەی ئەورەحمان ئاغا، شێخ عەبدولقادری گولله نەبر،

مەلا کاکە حەمە

ئەنوەر بەگی مەحموود خانی دزلی

١٩٢٩ - ١٩٩٨

نووسەرو رۆژنامەنووسی رابەر

حسێن ناظم

١٩٣٢-١٨٦٤



مامۆستا - زێوەر ـــی شاعیر

١٨٧٥ - ١٩٤٨

ئەحمەد بەگی ساحێبقران

« حەمدی »

١٨٧٨ - ١٩٣٦

رەزا خانی مازەندەرانی

١٨٧٨-١٩٤٤

پێرسی کۆکس

حاکمی سیاسی عێراق

ویلسن

وەکیلی حاکمی سیاسی عێراق

مێجەر – سۆن -

ئێدمۆندز

منجمر — نوبل-

ژەنەڕاڵ فرەیزەر

فەرماندەی هێزی باشووری کوردستان

سەرچاوەکان

یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان:

١-ئەحمەد خواجا، چیم دی، چاپخانەی شەفیق، بەغداد، ١٩٦٨، بەرگی یەکەم.

ئەحمەد خواجا، چیم دی، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، ١٩٦٩، بەرگی دووەم.

ئەحمەد خواجا، چیم دی، چاپخانەی راپەرین، سلێمانی، ١٩٧٢، بەرگی سێیەم.

٢-ئەحمەد تەقی، خەباتی کورد لە یادداشتەکانی ئەحمەد تەقیدا، رێکخستنو ئامادەکردنی بۆ چاپ، جەلال تەقی، چاپخانەی سلمان الاعظمی، بەغداد، ١٩٧٠.

٣-جەمال نەبەز (دکتۆر)، کوردستانو شۆڕشەکەی، کوردۆ لە ئەڵمانییەوە کردویەتی بەکوردی، بنکەی چاپەمەنی ئازاد، سوید، ١٩٨٥.

٤- حەمدی، دیوانی ئەحمەد بەگی ساحێبقران، چاپخانەی ئەسعەد، بەغداد، ١٩٥٧.

٥-رەفیق حیلمی، یادداشت، چاپخانەی مەعارف، بەغداد، ١٩٥٦، بەرگی یەکەم، بەشی دووەم.

٦-رەفیق حیلمی، یادداشت، چاپخانەی دار الحریە للطباعة والنشر، بەغداد، ١٩٩٢، بەرگی سێیەم.

٧-زێوەر، گەنجینەی مەردانو یادداشتی رۆژانی نەربەدەری، محەمەدی مەلا کەریم رێکی خستووەو ئامادەی کردووەو پێشەکیو پەراوێزی بۆ نووسیوە، چاپخانەی الادیب، بەغداد، ١٩٨٥.

٨-سەلام، دیوانی شێخ سەلام، چاپخانەی تەمەدون، بەغداد، ١٩٥٨.

٩-عەلائەدین سەجادی، شۆڕشەکانی کوردو کوردو کۆماری عێراق، چاپخانەی مەعارف، بەغداد، ١٩٥٩.

١٠-عەبدولرەقیب یوسف، بانگەوازێك بۆ رووناکبیرانی کورد، چاپخانەی کامەرانی، سلێمانی، ١٩٨٥.

١١-عەبدولقادری کوڕی رۆستەمی بابان، رەوشی کوردان، مێژووی کوردستان، وەرگێڕانی کەریمی حسامی، ناوەندی چاپو رازاندنەوەی مەنسور، هاوینی ١٩٩١.

١٢-کەمال مەزهەر ئەحمەد (دکتۆر)، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی کورد، چاپخانەی الادیب، بەغداد، ١٩٨٥.

١٣-کەمال مەزهەر ئەحمەد (دکتۆر)، مێژوو، چاپخانەی (دار افاق عربیە)، بەغداد، ١٩٨٣.

١٤-کەمال مەزهەر ئەحمەد (دکتۆر)، تێگەیشتنی ڕاستیو شوێنی لەڕۆژنامەنووسی کوردیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٨.
١٥-محەمەد ڕسول هاوار، شێخ مەحمودی قارەمانو دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، چاپی لەندەن، بەرگی یەکەم ١٩٩٠، بەرگی دوەم ١٩٩١.
١٦-نەوشیروان مستەفا ئەمین، کوردستانی عێراق.. سەردەمی قەڵەمو موراجەعات، سلێمانی، ١٩٩٩.

دووەم: ڕۆژنامەو گۆڤارەکان:

١-بانگی کوردستان، (ڕۆژنامە)، ژ٦،س١، دووشەممە، ١٨ی ئەیلولی١٩٢٢.
٢-بانگی کوردستان، (ڕۆژنامە)، ژ٧، س١، هەینی،٢٢ی ئەیلولی ١٩٢٢.
٣-بانگی کوردستان، (ڕۆژنامە)، ژ٨، س١، هەینی،٢٩ی ئەیلولی ١٩٢٢.
٤-بانگی کوردستان، (ڕۆژنامە)، ژ١٠، س١، یەك شەممە، ١٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٢.
٥-بانگی کوردستان، (ڕۆژنامە)، سلێمانی، ژ١١ س١، ٢٠ تشرینی یەکەمی ١٩٢٢.
٦-پێشکەوتن، (ڕۆژنامە)، سلێمانی، ژ٢٤، ٧ی نۆکتۆبەری ١٩٢٠.
٧-پێشکەوتن، (ڕۆژنامە)، سلێمانی، ژ٦٩، ١٩٢١/٨/١٨.
٨-پێشکەوتن، (ڕۆژنامە)، سلێمانی، ژ١١٣، ١٩٢٢/٦/٢٢.
٩-پێشکەوتن، (ڕۆژنامە)، سلێمانی، ژ١١٧، ١٩٢٢/٧/٢٠.
١٠-دەنگی گێتی تازە، (گۆڤار)، بەغداد، ژ٢ بەرگی ٤، مایسی ١٩٤٥.
١١-دەفتەری کوردەواری، (گۆڤار)، سلێمانی، بەرگی یەکەم، ١٩٧٠.
١٢-ڕۆژی کورد، (گۆڤار)، ژ١،س١٩١٢.
١٣-ڕۆژی کوردستان، (ڕۆژنامە)، ژ١١، س١، ٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٢.
١٤-ڕۆژی کوردستان، (گۆڤار)، بەغداد، ژ٤ س٢، حوزەیرانی ١٩٧٣.
١٥-ڕۆشنبیری نوێ، (گۆڤار)، بەغداد، ژ١١٣، مارتی ١٩٨٧.
١٦-ڕۆشنبیری نوێ، (گۆڤار) بەغداد، ژ١٢٣، ئەیلولی ١٩٨٩.
١٧-ڕۆشنبیری نوێ، (گۆڤار)، بەغداد، ژ ١٢٤، کانونی یەکەمی ١٩٨٩.
١٨-ڕۆشنبیری نوێ، (گۆڤار)، بەغداد، ژ١٢٥، بەهاری ١٩٩٠.
١٩-ڕۆشنبیری نوێ، (گۆڤار)، بەغداد، ژ١٣٥، ئازاری ١٩٩٥.

٢٠-رەنگین، (گۆڤار)، بەغداد، ژ٥٣، ساڵی ١٩٩٣

٢١-رەنگین، (گۆڤار)، بەغداد، ژ٥٧، ساڵی ١٩٩٣.

٢٢-رەنگین، (گۆڤار)، بەغداد، ژ١٠٢، ١٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٧.

٢٣-رەنگین، (گۆڤار)، بەغداد، ژ١٠٥، ساڵی ١٩٩٧.

٢٤-رەنگین، (گۆڤار)، بەغداد، ژ١٠٧، ١٤ی کانونی یەکەمی ١٩٩٧.

٢٥-رەنگین، (گۆڤار)، بەغداد، ژ١١٨، ١٤ی تشرینیدووەمی ١٩٩٨.

٢٦-رامان، (گۆڤار)، هەولێر، ژ٣١، کانوونی دووەمی ١٩٩٩.

٢٧-رابون، (گۆڤار)، ژ١٧-١٨، س١٩٩٦، سوید.

٢٨-ژیان، (رۆژنامە)، سلێمانی، ژ٢٤، رۆژی ١٩٢٦/٧/١٥.

٢٩-ژیان، (رۆژنامە)، سلێمانی، ژ٢٥٩، رۆژی ٤ی ئەیلولی ١٩٣٠.

٣٠-سەنتەری برایەتی، (گۆڤار)، هەولێر، ژ٥، نیسانی ١٩٩٨.

٣١-ڤەژین، (گۆڤار)، دهۆك، ژ١٠، زستانی ١٩٩٨.

٣٢-کاروان، (گۆڤار)، هەولێر، ژ١٧، شوباتی ١٩٨٧.

٣٣-کوهستان، (رۆژنامە)، تاران، ژ٤٣، رۆژی ١ی کانونی دووەمی ١٩٤٥.

٣٤-کوردستانی نوێ، (رۆژنامە)، هەولێر، ژ ٥٩٢، رۆژی ١٩٩٤/١/٢٠.

٣٥-مامۆستای کورد، (گۆڤار)، سوید، ژ١٧-١٨، بەهارو هاوینی ١٩٩٣.

٣٦-مەتین، (مجلە)، دهۆك، عدد٨١، سنە ١٩٩٨.

٣٧-هاوکاری، (رۆژنامە)، بەغداد، ژ١١٨٠، رۆژی ١٩٩٠/٥/٢٤.

٣٨-هاوکاری، (رۆژنامە)، بەغداد، ژ١١٨٥، رۆژی ١٩٩٠/٦/١١.

٣٩-التآخی، (جریدة)، بغداد، العدد ١٤٥٤، ١٩٧٢/١/٨.

٤٠-الاتحاد، (جریدة السلیمانیە) العدد ٣٣٥، ١٩٩٩/٩/١٠.

سێیەم: سەرچاوە عەرەبییەکان:

١-ادموندز، کرد وترک وعرب، ترجمة جرجیس فتح الله، مطبعة التایمس، بغداد، ١٩٧١.

٢-البرت نتشاشفیلی، العراق في سنوات الانتداب البریطاني، ترجمة الدکتور هاشم صالح التکریتي، مطبعة جامعة بغداد، ١٩٧٨.

٣-العشائر الكردية، ترجمة وتعليق الدكتور فؤاد حمه خورشيد، مطبعة الحوادث، بغداد، ١٩٧٩.

٤-العراق في الوثائق البريطانية، ١٩٠٥-١٩٣٠، ترجمة وتحرير فؤاد قزانجي، دار المأمون، بغداد، ١٩٨٩.

٥-دبليوارهي، سنتان في كردستان، ١٩١٨-١٩٢٠، ترجمة فؤاد جميل، بغداد، ١٩٧٢، الطبعة الاولى، الجزء الاول.

٦-سندرسن پاشا (مذكرات)، ترجمة وتعليق سليم طه التكريتي، بغداد، ١٩٨٢، الطبعة الثانية.

٧-عبدالرزاق الحسني، تاريخ العراق السياسي الحديث، الطبعة الثانية، الجزء الثاني، صيدا، لبنان، ١٩٥٧.

٨-فاضل حسين، (الدكتور)، مشكلة الموصل، دراسة في الدبلوماسية العراقية الانكليزيه التركية، الطبعةالاولى، بغداد، ١٩٥٧.

٩-كمال مظهر احمد،(الدكتور)، دور الشعب الكردي في ثورة العشرين العراقية، مطبعة الحوادث، بغداد، ١٩٧٨.

١٠-كمال مظهر احمد، (الدكتور)، دراسات في تأريخ ايران الحديث والمعاصر، مطبعة اركان، بغداد، ١٩٨٥.

١١-مكرم الطالباني (الدكتور)، ابراهيم خان ثائر من كردستان،مطبعة اسعد، بغداد، ١٩٧١.

١٢-ميجرسون، رحلة متنكره الى بلاد مابين النهرين وكردستان، ترجمة فؤاد جميل، مطبعة التايمس، بغداد، الجزء الاول، ١٩٧٠، الجزء الثاني، ١٩٧١.

١٣-وليد حمدي، الكرد وكردستان في الوثائق البريطانية، مطابع السجل العربي.

١٩٩٢.چوارەم: سەرچاوە فارسییەكان:

١-حسن ارفع، كردهاويك بررسى تاريخى وسياسى، ١٩٦٦.

٢-سيد على ميرينا، ايل هاو طايفه هاى عشايرى كرد ايران، ناشر مؤسسة اموزشى وانتشاراتى نسل دانش، تهران، ١٢٦٨.

٣-محمد رؤوف توكلى، جغرافياو تأريخ بانه، چاپ دوم، ١٣٦٣ش.

٤-نجفقلی بسیان، از مهاباد خونین تا گرانهای ارس، تهران، ١٩٤٩.

پێنجەم: سەرچاوە ئینگلیزییەکان:

1-Waheed. A. The Kurds and their countries.
A History of the Kurdistan People (from Earliest Times Present) Lahor, 1955.
2-Gavan, Kurdistan Divided Nation of Middle East, London, 1958.

شەشەم: سۆراغو گفتوگۆو بەڵگە:

١-خواڵێخۆشبوو مەعروف ئەحمەد بەرزنجی (باوکی نووسەر)

٢-خواڵێخۆشبوو ئەنوەر بەگی مەحمود خانی دزلی.

٣-نامەیەکی دانسقەی ساڵی ١٩٢٤ی شێخ مەحموودی نەمر بۆ کەمالییەکان کە زانای مێژوونووس دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد لەرۆژی ١٩٩٩/٩/١٠ دا بۆی ناردم.

٤-گفتوگۆیەکی تۆمارکراو لەگەڵ خواڵێخۆشبوو شێخ ئەمینی شێخ عەلائەدینی نەقشبەندی کە لە رۆژی ١٩٨٤/٦/٢٦دا مامۆستا عەبدولرەقیب یوسف لەگەڵیدا سازی کردبوو.

٥-نامەیەکی دەستخەتی مێژوویی ساڵی ١٩٣١ کە لە لایەن مامۆستا (عبدالباسط فاتح دزلانی)یەوە گەیشتە دەستم.

٦-دانیشتنێک لەگەڵ بەڕێز مەلا عارفی مەلاعەبدوڵلای مەریوانی.

عومەر مەعروف بەرزنجی

*نووسەر کوڕی (مەعروف ئەحمەد عەلی بەرزنجی)یە، ساڵی ١٩٤٤ لەئاوایی بەرزنجە لەدایك بووە، ساڵی ١٩٦٥ بووە بەمامۆستاو لەچەندین قوتابخانە وانەی زمانی ئینگلیزی وتووەتەوە، بۆ نموونە:
قەمچوغە، کانی پانکە، ناوەندی ڕۆژهەڵاتی کوڕان، ناوەندی پەیامی کچان، دواناوەندی کوردستانی کچان، دواناوەندی بناری کچان، ناوەندی تووی مەلیکی کچان.

*یەکەم بەرهەمی دەگەڕێتەوە بۆ (٤١) ساڵ بەر لەئێستاولەژمارە (٩٧)ی ڕۆژی ٢٣ی تشرینی دووەمی ساڵی (١٩٥٩)ی ڕۆژنامەی (پێشکەوتن) بڵاوکراوەتەوەو دەربارەی یادی سێیەم ساڵەی کۆچی دوایی شێخ مەحمودی حەفید زادەی بەرزنجی بووە.

*لەساڵانی (١٩٦٠-١٩٦١)، جگە لەبڵاوکردنەوەی بابەتی ئەدەبیو سیاسی، یەکێك بووە لەنووسەرە هەمیشەییەکانی گۆشەی (قوتابیانی کوردستان)ی ڕۆژنامەی (دەنگی کورد)و زنجیرەیەك بابەتی سەبارەت بەخەباتو پێویستی بوونی (یەکێتی قوتابیانی کوردستان) بڵاوکردۆتەوە.

*لەساڵی (١٩٥٩) بەدواوە لەم ڕۆژنامەو گۆڤارانەدا بەرهەمی بەزمانی کوردیو عەرەبی بەزۆری بەرچاودەکەون:

پێشکەوتن، ژین، بروا، دەنگی کورد، ڕۆژی نوێ، هەتاو، هیوای کوردستان، هەولێر، بەیان، ڕۆشنبیری نوێ، پاشکۆی عێراق، برایەتی، نووسەری کورد، ڕۆژی کوردستان، کاژاو، التآخي، العراق.

*لەژیانیدا بەزۆر ناو بەرهەمی بڵاوکردۆتەوە وەك:

ع.تینو، ئارام، عومەر مەعروف بەرزنجی، ع.بەرزنجی

بەرهەمە چاپکراوەکانی نووسەر:

١-لێکۆڵینــەوەو بیبلیۆگرافیــای چـیرۆکی کـوردی، لـەچاپکراوەکانی کـۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٨.

٢-لێکۆڵینــەوەی هونــەری یــان هــەڵبزرکاندن!، لەبڵاوکراوەکانی ئەفتــەی کوردەواری، چاپخانـەی عـەلا، بـەغدا، ١٩٧٨(باسـێکی رەخنەیی‌یـە سـەبارەت بەهەڵەو کەم‌وکورپی‌یەکانی کتێبی چیرۆکی هونەری کوردی (حسێن عارف).

٣-سـەرجەمی بەرهەمـەکانی مـارف بـەرزنجی، ئامـادەکردن‌و سـاغکردنەوەو پێشەکی‌و پەراوێز بۆ نووسین، چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٤.

٤-عوسمان مەعروف بەرزنجی-یاساناس‌و رۆشنبیرو مرۆڤ، سلێمانی، ١٩٩٧ (کۆمـەڵێ بابـەتی جیـاوازە بەبۆنـەی کۆچی دوایـی‌و چلـەی عوسمـان مـەعروف بەرزنجی)یەوە ئامادە کراوە.

بەرهەمە وەرگێڕاوەکانی نووسەر:

١-جوگرافیـای ئـابووری بۆپـۆلی شەشـەمی ئـەدەبی، بـەهاوکاری مامۆسـتایان خەسرەو مستەفا، عەبدولکەریم شێخانی، کەریم زەندو حەمە غەریب، بەغدا، ١٩٨٣.

٢-سەرەتاکانی کۆمـەڵزانی‌و فەلسـەفە بۆ پـۆلی پێنجـەمی ئـەدەبی، بـەهاوکاری د.ئیحسان فوئاد، رەئوف حەسەن‌و فوئاد تاهیر سادق، بەغدا، ١٩٩١.

کەوتە ژێرچاپەوە :

(گۆران‌و ئەدەبی ئینگلیزی)، لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاری فراوانە

سوپاس

سوپاسێکی تایبەتی

لەناخی دڵەوە سوپاسی هەستی پیرۆزو میهرەبانی مامۆستاو زانای مێژوو نووسی کورد دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد دەکەم کەبەمەبەستی پۆشتە کردنەوەی ناوەرۆکی ئەم کتێبە بەڵگەیەکی ئینگلیز دانسقەو دێرینی بۆ ناردم کەبریتی‌یە لەدەقی نامەیەکی مێژوویی ساڵی ١٩٢٤ای شێخی نەمری بەردەقارەمان بۆ کەمالی‌یەکان‌و ئەم نامە بەپێزەیش پەیوەندیەکی توندوتۆڵ‌و راستەوخۆی بەخەبات‌و هەڵوێستی مەحمود خانی دزلی‌یەوە هەیە، بەم بۆنەیەشەوە سوپاس‌و رێزی تایبەتیم بۆ برای ئازیزم کاک دلاوەر عەلی سۆفی کەریمی سەراج کەدوای ماندوو بونێکی زۆر ئەو بەڵگەیەی گەیاندە دەستم.

سوپاس‌و قەدر زانین بۆ

١-کارمەندانی کۆمپیوتەری ئەپڵ لەهەولێر کەدڵسوزانە بایەخیان بەپیت چنینی چاپی یەکەمی کتێبەکە دا، کارمەندانی کۆمپیوتەری شەبەنگ لەسلێمانی کەچاپی دووەمیان بەئەنجام گەیاند.

٢-ئەم برابەرێزانەی کەهەریەکەیان بەجۆرێک ئەرکیان لەسەرشانم کەم کردەوە: حەسەن جاف، ئاراس عبدالقادر مەعروف بەرزنجی، عبدالباسط فاتح دۆلانی، نەجمەدین مستەفا سەعید بەرزنجی، ئاسۆ سەعید، نەبەزی حاجی یەحیا، ئەحمەدی حەمکوڵ، سەردار تاهیر سەید محەمەد جەباری، هونەرمەند هاوڕێ عومەر مەجید

پێڕست

سەرەتایەك بۆ چاپی دووەمی بڕاو کراو	١٠-٧
وتەی بنەماڵە	١٣-١١
بەشی یەکەم / ئاوڕدانەوەیەکی مێژوویی	٢٨-١٧
بەشی دووەم / بەرکوڵێ لە ژیانی مەحمود خانی دزڵی	٤١-٣١
بەشی سێیەم / بزوتنەوەکانی خانی دزڵی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان	٥٢-٤٥
بەشی چوارەم / مەحمود خانی دزڵی ڕشێخی نەمری بەردە قارەمان	٧١-٥٧
بەشی پێنجەم / خانی دزڵی و جەنگی مێژوویی دەربەندی بازیان	٨٤-٧٥
بەشی شەشەم / ڕۆژە ئاڵۆزەکانی دوای دەربەندی بازیان	١٢٧-٨٧
بەشی حەوتەم / خانی دزڵی و کەمالیەکان و نامەیەکی شێخ مەحموود	١٥٨-١٤١

١٦٨-١٦١	**بەشی هەشتەم** / خانی دزلی و سەردار رەشیدی ئەردەلان
١٧٦-١٧١	**بەشی نۆیەم** / پەیوەندی و ناکۆکی نێوان خانی دزلی و خانی کانی سانان
١٨٤-١٧٩	**بەشی دەیەم** / خانی دزلی و جافەرسانی هەورامان
١٨٩-١٨٧	**بەشی یانزەیەم** / لەنێوان خانی دزلی و حەمە ڕەشید خانی بانەدا
٢٠٠-١٩٣	**بەشی دوانزەیەم** / دزلی و مەریوان و ئاوارەکانی شۆڕشی شێخ مەحمود
٢٠٧-٢٠٣	**بەشی سیانزەیەم** / خانی دزلی و بەڵگەی ئەدەبی
٢٢٦-٢١١	**بەشی چواردەیەم** / ئەو بابەتانەی دەربارەی چاپی یەکەمی ئەم کتێبە نووسراون
٢٣٠-٢٢٧	ئەنجام
٢٧٤-٢٣٤	پاشکۆی وێنەو بەڵگەنامە
٢٧٩-٢٧٥	سەرچاوەکان
٢٨١-٢٨٠	بەرهەمەکانی نووسەر
٢٨٢	سوپاسنامە